رەحیم ئەحمەد ئەمین

# بەعەرەبکردن لە هەرێمە کوردنشینەکاندا

847 -637

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی - شیکارییە


## رەحیم ئەحمەد ئەمین


ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە پێداویستیەکانی نامەی ماجستێر لە
مێژووی ئیسلامیدا و پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلیجی زانستە
مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە.
پ. ی. د. حسام الدين علی غالب نەقشبەندی سەرپەرشتی کردووە.


**مەڵبەندی کوردۆلۆجی**

**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**مەڵبەندی کوردۆلۆجی**

- ناوی کتێب: بەعەرەبکردن لە هەرێمە کوردنشینەکاندا
- بابەت: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – شیکارییە
- نوسەر: رەحیم ئەحمەد ئەمین
- پیتچنین: نوسەر
- پیاچوونەوەی زمان: عەبدولکەریم شێخانی
- دیزاین: محەمەد ئەمین حسەین
- بەرگ: رەنج شوکری
- ژمارەی سپاردن: 1488، ساڵی 2008
- چاپخانەی تیشك/چاپی یەکەم، سلێمانی
- سەرپەرشتیاری چاپ: بڕیار فەرەج کاکی
- تیراژ: 1000 دانە
- نرخ: 3000 دینار
- زنجیرە: 17

مەڵبەندی کوردۆلۆجی
ناونیشان: سلێمانی، گردی ئەندازیاران- گەڕەك/105، کۆڵان/25، ژ.خانوو/4، ژ. پۆست/95
تەلەفون: 3193093 – 3193175
kurdology2006@yahoo.com

# پێڕست


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| پوختەی بابەت. | 7 |
| دەروازە | 11 |
| بەندی یەکەم: بەعەرەبکردن لە بوارەکانی زانستی و زماندا | 19 |
| بەشی یەکەم: بەعەرەبکردنی بواری زانستی. | 21 |
| بەشی دووەم: بەعەرەبکردنی زمان لە وڵاتی کورددا. | 43 |
| بەنـــدی دووەم: بەعەرەبکردنی رەگەزی کوردی و ناوی شارو شوێنەکانی وڵاتی کورد.......... | 61 |
| بەشی یەکەم: بەعەرەبکردنی رەگەزی کورد. | 63 |
| بەشی دووەم: بە عەرەبکردنی ناوی شوێن و شارەکانی وڵاتی کورد. | 91 |
| بەندی سێیەم: بەعەرەبکردنی جوگرافی لە هەرێمە کورد نشینەکاندا. | 123 |
| بەشی یەکەم: نشیتەجێبوونی هۆزە عەرەبەکانی پێش ئیسلام لە ناوچەکانی و وڵاتی کورددا و فاکتەرەکانی نیشتەجێبوونیان لە سەردەمی ئیسلامدا......... | 125 |
| بەشی دووەم: نیشتەجێ بوونی هۆزە عەرەبەکان لە هەرێمە کوردنشیینەکان و گرنگترین دەرئەنجامەکانی ................................................ | 133 |
| سەرچاوەکان. | 163 |
| کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | A-C |


---

### لیستی کورتکراوەکان

توفي=ت، الهجري=ه، الميلادي=م، الجزء=ج، المجلد= مجـ، القسم= ق، دون سـنة الطبـع = د. س، دون مكان الطبع = د. م، الصفحة = ص، الـصفحات= ص ص، العـدد=ع، غـير منـشور=غ.م، مـصدر سـابق= م. س، المـصدر نفـسه= م.ن، الهجـري الشمـسي (الخـاص بالمـصادر الفارسـية)= هــ. ش، لاپــەڕە=ل، لاپــەڕە=ل ل، سەرچــاوەی پێـشوو= س. پ، هــەمان سەرچــاوە= هــ.س، ژمــارە=ژ، زاییـنی=ز، کۆچی=ك، مردووە=م، بەرگ=ب.

Page=p, Pages=pp, Volume= Vol., Encyclopedia of Islam= Ency. I

## پێشکەشە

**بە خوێنی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و سەرفرازی کوردستان**

**بەتایبەتی هەردوو شەهیدی فەرماندە**

**(حەمە ڕشید ئەحمەد ئەمین)ی برام...**

**(عزیز حەمە سعید هادی) خوشکەزام...**

# پوختەی بابەت

بابەتی (بەعەرەبکردن لەهەرێمە کوردنشینەکاندا) (16- 232 ک/637 - 847 ز)، بریتییە لە خوێندنەوەیەکی شیکاریی مێژوویی بۆ ئەو گۆڕانکاری و دەرەنجامانەی کە لە ئەنجامی هاتنی لەشکری عەرەبە مسوڵمانەکان و فتوحاتی ئیسلامی بۆ دەڤەرەکانی وڵاتی کورد ئەنجام دراون. بەدرێژایی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتی لەگەڵ دەرکەوتنی هەرجۆرە هێزێکی نوێ، بە تایبەتی ئەگەر ئەو هێزە نوێیە خاوەنی بەرنامەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی جیاوازتر لەوەی پێش خۆی بێت، لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری بە کۆمەڵێك ئاڕاستەی جیاوازدا دروست دەکات،بێگومان لەئەنجامی هاتنی سوپای عەرەبە مسوڵمانەکانیش کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە چەندین بواری جیاوازدا هاتە ئاراوە.

هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەم توێژینەوەوە خوێندنەوەیەکی وردی شیکارییانە بۆ رووداوەکان بکەین، کاریگەرییەکانی فەتحکردن و بوونی ناوچە کوردنشینەکان بە بەشیك لە خەلافەتی ئیسلامی بخەینەڕوو, لەبواری رۆشنبیری و زمان و رەگەزی و ناوی شوێن و شارەکان و گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی دانیشتوانی هەندێك ناوچەی کوردنشین دەستنیشان بکەین وئەو زانیارییانەی کە لە سەرچاوە ئیسلامییە رەسەنەکان و تێبینی و سەرنجی گەڕیدە و جوگرافیاناسەکانەوە هاتوون، بکەین بە بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی راستییە مێژووییەکان، سەرەڕای سوود وەرگرتن لە هەڵهێنجان و بەرهەمی عەقڵیی سەرچاوە نوێیەکان. ئەم بابەتەی کە ئێمە بۆ توێژینەوە هەڵمان بژاردووە هەوڵدانێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە لە مێژووی گەلی کورد لە سەردەمی ئیسلامیدا.

لە توێژینەوەکەماندا پشتمان بەستووە بە رێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوویی لەسەر بنەمای لێکدانەوەی دەرەنجام، ئەویش لە رێگای خوێندنەوەی ئەو سەرچاوە رەسەنانەی کە تایبەتن بە سەردەمی ئیسلامی و هەوڵدانە بۆ شۆڕبوونەوە بە قووڵایی بابەتەکەدا و تا سەرجەم لایەنە شاراوەکانی بابەتەکە بخەینەڕوو. لەکاتی توێژینەوە و شرۆڤەکردنی بابەتەکەدا، کۆمەڵێك کێشەی جیا جیا بوون بە کۆسپ لەبەردەمماندا وەك کەمیی سەرچاوە لە سەرجەم کتێبخانەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان،

نالەباریی بارودۆخی ئاسایشی شارەکانی تری عێراق کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەستمان نەگاتە گەلێك سەرچاوەی بەکەڵك.

سەرجەم توێژینەوەکەمان دابەشدەبێت بەسەر سێ بەندی سەرەکیدا:

## بەندی یەکەم: لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

لە بەشییەکەمدا، باس لەبەعەرەبکردنی بواری زانستی کراوە، لەم بەشەدا هەوڵماندا وە رۆشنایی بخەینە سەر بنیاتنانی شارستانی ئیسلامی، رۆڵی پاشماوە کولتووری و زانستی و شارستانێتییەکانی نەتەوەکانی پێش ئیسلام، لە دارِشتنەوەی شارستانێتی ئیسلامیدا، هەروەها رۆڵی نەتەوە ناعەرەبەکان لەوانەش زاناکانی نەتەوەی کورد لەبەرەوپێش چوونی شارستانێتی ئیسلامیدا بیخەینەڕوو، لەم بەشەدا بەعەرەبکردنی زانستی پێناسە کراوە، گرنگترین هۆکارەکانی دەستنیشانکراوە، پاشان باسی بارودۆخی رۆشنبیری لە قۆناغە جیاوازەکانی سەرەتای ئیسلام و دەوڵەتی ئومەوی وعەبباسیدا کرداوە، لە کۆتاییدا ئاماژەکراوە بە گرنگترین دەرەنجامەکانی بەعەرەبکردنی زانستی.

**لەبەشی دووەمدا**: باسی بەعەرەبکردنی زمانمان کردووە، مەبەستی سەرەکیمان لەم بەشەدا دیاریکردنی کاریگەریی زمانی عەرەبییە لەسەر زمانی نەتەوە فەتحکراوەکان، چونکە زمانی عەرەبی لەو سەردەمەدا و لە چوارچێوەی خەلافەتی ئیسلامیدا، زمانی ئاینیی و ئیداری و سیاسی و رۆشنبیری بوو ، ئەمەش وایکرد لەدوای زمانی خۆرِسکی نەتەوەیی گەلانی تر، ببێتە زمانی سەرەکیی ئەو نەتەوانە.

لەسەرەتادا باسمان لە هۆکارەکانی بەعەرەبکردنی زمان لە وڵاتی کورددا کردووە، دواتر شێوازەکانی بەعەرەبکردنی زمانیمان خستۆتەڕوو کە ئەوانیش بریتین لە هەردوو شێوازی ئاسۆیی و شێوازی ستوونی، پاشان باسی سەپاندنی زمانی عەرەبیمان کردووە بەسەر لایەنی ژیانی ئیداری و دارایی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا بەگشتی، کە لە بەعەرەبکردنی دیوانەکان و سکەلێداندا رەنگی دایەوە، هەروەها ئاماژەمان بە رۆڵی زانستیی نەتەوە ناعەرەبەکان لە پێشخستنی زمانی عەرەبیدا کردووە، بەتایبەتی خستنەڕووی توانا و وزەی بیریی و عەقڵییەکانی زانا و بیرمەندە ناعەرەبەکان، لە خزمەتکردنی زمان و شارستانێتیی ئیسلامیدا، کە لەمرِۆدا عەرەبە نەتەوە پەرستەکان

تەنها بە موڵکی عەرەبی دەزانن و هیچ ئاماژەیەك بە رۆڵی نەتەوە ناعەرەبەكان ناكەن و بەشارستانێتیی عەرەبیی ئیسلامی ناوی دەبەن، لە كۆتایی ئەم بەشەدا ئاماژەمان بە گرنگترین دەرەنجامەكانی بەعەرەبكردنی زمان كردووە.

**لەبەندی دووەمدا/** بابەتەكە تایبەتە بە توێژینەوە لەسەر بەعەرەبكردنی رەگەزی و ناوی شوێن و شارەكانی وڵاتی كورد، كە لە دوو بەشی سەرەكی پێكهاتووە:

**بەشی یەكەم/** تایبەتە بە عەرەبكردنی رەگەزی (16ـ234ك) لە وڵاتی كورددا مەبەستی سەرەكیمان لەم لایەنە دەستنیشانكردنی رەهەندەكانی فتوحاتی ئیسلامی و باڵادەستی رەگەزی فەرمانڕەوایە، واتە رەگەزی عەرەبیی بەسەر نەتەوە و رەگەزەكانی تردا.

لەم بەشەدا سەرەتا بە پێناسەكردنی بەعەرەبكردنی رەگەزیی دەستمان پێكردووە، دواتر هۆكارەكانی بەعەرەبكردنی رەگەزیمان خستۆتەڕوو، هەروەها شێوازەكانی بەعەرەبكردنی رەگەزیمان دەست نیشان كردووە، كە لە سێ شێوازدا خۆیان دەنوێنن، دواتر بەعەرەبكردنی رەگەزیمان لە سەردەمە جیاوازەكاندا شرۆڤەكردووە، كە بە جەنگی جلولاو لە ساڵی 16ك دەستپێدەكات، سەردەمی دەوڵەتی ئومەویمان تاوەكو كۆتایی سەردەمی عەباسیی یەكەم لە ساڵی 232 كۆچیدا دیراسە كردووە.

باس لە هەوڵەكانی مێژونووسە عەرەبەكان بۆ بردنەوەی رەچەڵەكی كورد بۆ سەر بنەڕەتێكی عەرەبی كراوە، ئەگەرچی هەموویان دوورن لە بنەمای عەقڵی و زانستییەوە، هەروەها باسی گرنگترین دەرەجامەكانی بەعەرەبكردنی رەگەزیمان كردووە.

**بەشی دووەم/** ئەم بەشە تایبەتە بە شرۆڤەكردنی ئەو گۆڕانكارییانەی كە لە ناوی شار، شوێن، گوند، شاخ و ناوچە جیاوازەكانی وڵاتی كورددا ئەنجامدراون و لەجیاتی ناوە كوردییەكە ناوێكی عەرەبی لە شوێنیان دانراوە، سەرەتا پێناسەی بەعەرەبكردنی ناوی شار و شوێنەكانی وڵاتی كوردی تێدا كراوە، دواتر هۆكارەكانی بەعەرەبكردنی ناوەكان روون كراوەنەتەوە و شێوازە جۆربەجۆرەكانی ئەم بەعەرەبكردنەش دەست نیشان كراون، لە كۆتایی ئەم بەشەدا ئەو دەرەنجامانەشمان خستۆتەڕوو كە وەكو ئاكامی بەعەرەبكردنی ناوی شار و شوێنەكانی وڵاتی كورد هاتوونەتە ئاراوە.

بەندی سییەم/ ئەم بەندە تایبەتە بە نیشتەجێ بوونی هۆزە عەرەبییەكان لە ناوچە جیاوازەكانی وڵاتی كورددا: مەبەستی سەرەكیمان لەم بابەتە خستنەڕووی ئەو

گۆڕانکارییە دیمۆگرافیەیە کە لە پێکهاتەی دانیشتوانی هەندێك ناوچەی وڵاتی کورددا، لە دەرەنجامی نیشتەجێ بوونی بەرەباب و هۆزە عەرەبییەکان لەم ناوچانە هاتونەتە کایەوە، کەتاوەکو ئێستاش لەسەردەمی ئەمڕۆدا کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەر ماوە.

**لە بەشی یەکەمدا** : کە دابەشکراوەتە سەر سێ باس، لە باسی یەکەمدا مانای ناوی عەرەب و بنەڕەتی رەگەزی ئەم نەتەوەیە شرۆڤەکراوە، لە باسی دووەمدا رۆشنایی خراوەتە سەر نیشتەجێ بوونی هۆزە عەرەبییەکان لە ناوچەکانی وڵاتی کورددا لە پێش ئیسلامدا، لە باسی سێیەمدا گرنگترین ئەو فاکتەرانە روونکراوەتەوە کە بوونەتە هۆی هاندانی نیشتەجێ بوونی بەرەباب و نەتەوە عەرەبەکان لە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتی کورددا لە سەردەمی خەلافەتی ئیسلامیدا.

**لە بەشی دووەمدا** : باسی نیشتەجێ بوونی بەرەباب و هۆزە عەرەبییەکان لە هەرێمە جیاوازەکانی وڵاتی کورددا کراوە، لەوانەش لە هەرێمەکانی جەزیرە و دەڤەرەکانی (ئازەربایجان و ئەڕان و ئەمەنستان) و باشوور و خۆرئاوای هەرێمی چیا، لەگەڵ ناوچە کورد نشینەکانی هەردوو هەرێمی فارس و خوزستان. لە باسی دووەمی ئەم بەشەدا باسی گرنگترین دەرەنجامەکانی نیشتەجێ بوونی بەرەباب و هۆزە عەرەبییەکان کراوە.

# دەروازە

پێش فەتحکردنی ناوچەکانی وڵاتی کورد لەلایەن لەشکری عەرەبە مسوڵمانەکانەوە، کاروباری سەربازی و ئیداری و رۆشنبیری، بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن دوو دەوڵەتی زلهێزی ناوچەکەوە بەرێوەدەبرا، کە ئەوانیش بریتی بوون لە دەوڵەتی ساسانی و بیزەنتی. ئەم دوو دەوڵەتە خاوەنی مێژوویەکی دوور و درێژی پڕ لە ئاژاوە و ململانێ بوون، بەجۆرێك ناوچە کوردنشینەکان بووبوونە گۆرەپانی ململانێی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە و دانیشتوانەکەشی وەکو هێزێکی مرۆیی لە بەرەکانی جەنگدا بەکاردەهێنران.

لەلایەکی تریشەوە ئەم دوو دەوڵەتە خاوەنی پاشخانێکی شارستانێتی فراوان بوون، کە ساڵ لەدوای ساڵ لەگەڵ تێپەربوونی سەردەمە جیاوازەکاندا کەڵەکە کرابوون، دەتوانین بڵێین ئەگەرچی زوڵم و ستەمی رۆژگار و هاوسێبوونی نەتەوەی کورد بۆ کۆمەڵێك نەتەوەی بەهێزی وەك فارس و رۆم، بواری بۆ ئەم گەلە نەڕەخساند، کە بتوانێت دەوڵەتێکی گەورەو فراوان دابمەزرێنێت و سەرجەم ناوچە کوردنیشنەکان بخاتە ژێر سایەی فەرمانڕەوایی خۆیەوە، هەرچەند لێرەو لەوێ وەکو فەرمانڕەوایی ناوچەیی بچووك هەبوون، بەڵام لە سنوورێکی بەرتەسکدا بوون، شارستانێتیەکەی لە پێش ئیسلامدا ئاوێتەی شارستانێتیی دەوڵەتی ساسانی بووە، نەتەوەی کورد کۆڵەکەیەکی سەرەکیی دەوڵەتی ساسانی بووە لەڕووی سەربازییەوە.

کاتێك لەشکری عەرەبە موسوڵمانەکان گەیشتە ناوچەکانی کوردستان، یەك لەدوای یەك هەرێمەکانی جێنشینی وڵاتی کوردی فەتحکرد و ناوچەکانی کوردستان بە شاری مەدینەی پایتەختی دەوڵەتی نوێوە بەستراونەوە. لێرە بەدواوە پرەنسیب و بنەماکانی ئایینی نوێ جێگەی پاشخانی کولتووری و شارستانی و زمان و رۆشنبیریی پێش خۆی گرتەوە. لە ئەنجامدا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا هات، ئایینی زەردەشتی لە بەرامبەر ئایینی نوێدا پاشەکشەی کرد و ئایینی ئیسلام شوێنی گرتەوە. زمانی شارستانی و رۆشنبیری پێش ئیسلام زمانی پەهلەوی بوو، کە تێکەڵەیەکە لە هەردوو زمانی فارسی و کوردی، شکستی خواردو زمانی عەرەبی وەکو زمانی شارستانی و رۆشبیریی سەردەمی ئیسلام جێگەی گرتەوە.

شێوازی دەربڕین و فۆنەتیکی زمانی عەرەبی بووە هۆی بەعەرەبکردنی بەشێك لەناوی ناوچە و شارەکان و داڕشتنەوەی ناوەکانیان بە زمانی عەرەبی، سەرەڕای ئەوەی نوسینەوەی بەرهەمی عەقڵی زاناکانی نەتەوە ناعەرەبەکان لە سەردەمی ئیسلامییدا بە زمانی عەرەبی بووە، هۆی ئەوەی کە سەرجەم تواناکان و وزەی هزری و بیری ئەم نەتەوانە بە ئاڕاستەی خزمەتکردنی شارستانێتیی عەرەبیدا بڕوات، کەلتوور و رۆشنبیریی کوردی لە خەرمانی زانستی پڕ بەپیتی رۆڵەکانی بێبەش بێت، هەر ئەمەش رێگەی بۆ مێژونووسانی گۆشدراو بەبیری نەتەوایەتی عەرەبی خۆشکرد، کە مۆرکی عەرەبایەتی بەسەر ئەم شارستانییەتەدا بسەپێنن. سەرەڕای ئەوە لەگەڵ هاتنی لەشکری عەرەبە مسوڵمانەکاندا، ژمارەیەکی زۆر لە بەرەباب و هۆزەکانی عەرەب لە ناوچەکانی وڵاتی کورددا نیشتەجێ بوون.

یەکەمین سەرەتای پرۆسەی تێکەڵبوونی عەرەبە مسوڵمانەکان و نەتەوەکانی وڵاتە فەتحکراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفە (عمر بن الخطاب)[1]

بێگومان بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام هۆکارێکی یارمەتیدەربوو بۆ بڵاوبوونەوەی زمانی عەرەبی و پەلهاویشتنی ئەم زمانە لە هەرێمە فەتحکراوەکاندا. لە ئاکامدا لە هەر شوێنێك ئایینی ئیسلام بڵاوببووایەتەوە هەر لەو شوێنەدا زمانی عەرەبی جێ پێیی خۆی قایم دەکرد.[2]

لـەدوای جەنگی (جلولاء) کە لە ساڵی (16ك/637ز) روویدا[3] لەشکری عەرەبە مسوڵمانەکان بۆ یەکەم جار پێیان نایە خاکی وڵاتی کوردەوەو پاش سەرکەوتنیان بەسەر سوپای ساسانیدا جێ پێی خۆیان قایمکرد[4].

---

[1] البلاذري: فتوح البلدان، مراجعة و تعليق رضوان محمد رضوان، دار الكتب العلمية، بيروت، 1978م" ص264 " احمد امين: ضحى الاسلام، دار الكتب العلمية، بيروت، (1425هـ – 2004م)، جـ 1/ ص. 13" فرست مرعي اسماعيل، الكرد مصادر ومعالم تاريخهم في صدر الاسلام، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الآداب، جامعة الخرطوم، 1997م، ص116.

[2] نجدت خماش : دراسات في التاريخ الاسلامي، دار الطلاس، (سوريا –1994 م)، ص75 .

[3] البلاذري: م .س، 264 " خليفة بن خياط: تاريخ خليفة بن خياط، تحـ سهيل بن زكار، مطبعة وزارة الثقافة و الارشاد القومي، ( دمشق – 1967م)، جـ1/ص128 .

[4] عەتا قەرەداغی: کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر ئێمە، چاپخانەی وەزرارەتی رۆشنبیری، (سلێمانی–2001ز)، ل82.

## • پێناسەی چەمکی بەعەرەبکردن

مەبەست لەو ئەنجام و شوێنەوارانەیە بۆ نیشتەجێکردنی تاك و كۆمەڵ و هۆزەكانی عەرەب لە خاكی وڵاتی كورددا كە هاتوونەتە كایەوە، دامەزراندنی كۆمەڵگەی نیشتەجێ بوون بۆیان، هەروەها هەوڵدان بۆ گۆڕینی ناوی گوندو شارو ناوچەكانی وڵاتی كورد، لەگەڵ ڕێگە خۆشكردن بۆ پەلهاویشتنی زمانی عەرەبی و چەسپاندنی وەك زمانی نەتەوە و ئاین و دەوڵەت.[1]

شاڵاوەكانی فتوحاتی ئیسلامی، كە لە سەردەمی خەلیفە (عمر)دا ئەنجام دران، لەگەڵ خۆیاندا هۆزە عەرەبەكانیان بەرەو ناوچەكانی جیهانی كۆن گواستەوە.[2] چونكە لەو كاتەدا زیاتر ڕەگەزی عەرەب ئەركی بەڕێوەبردن و كارگێڕی و سەربازییان لەدەست دابوو.[3] هۆزە عەرەبە نیشتەجێبووەكان وەك ئۆردوییەكی سەربازی هەمیشە لە شارەكاندا دادەنران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەڕەشەو مەترسییەك لە لایەن پاشماوەی دەسەلاتە لەناوچووەكانەوە.[4] ئەمەش ڕێگەی خۆشكرد، بۆ ئەوەی ڕوخساری عەرەبایەتی بەسەر زۆربەی هەرێم و شارەكانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامیدا بسەپێت و ڕەگەزە ناعەرەبەكان كە پەیوەست ببوون بە ئایینی ئیسلامەوە بەشێكی سەرەكی دەوڵەتیان پێكدەهێنا كەوتنە ژێر كاریگەریی ڕواڵەتی عەرەبایەتیەوە، ئەو كەسایەتیانەی كە بە ڕەگەز ئەعجەمی بوون و لە بوارە زانستییەكان و كارگێڕی و سەركردایەتی سوپاو ئەدەب و زانست و بوارەكانی تردا پێدەگەیشتن، دەبوایە پێش هەڵكەوتنیان لە ڕووی زمانەوانیەوە ببوونایە بە عەرەب[5] *. ئاشكرایە كە

---

[1] خليل اسماعيل محمد: مؤشرات سياسة التعريب و التهجير في اقليم كردستان العراق، مكتب الفكر و التوعية للاتحاد الوطني الكوردستانى، ( السليمانية –2003 م)، ص9 .

[2] سيد امير علي: مختصر التاريخ العربي و التمدن الاسلامي، نقله الى العربية، رياض رأفت، ( القاهرة 1938م)، ص66.

[3] توفيق سلطان اليوزبكي :دراسات في النظم العربية الاسلامية، ط2، مؤسسة دار الكتب، ( الموصل – 1979م)، ص219.

[4] ابن الاثير: الكامل في التاريخ، تحـ مكتب التراث، مؤسسة التاريخ العربي، (بيروت – 1994 م)، جـ2،/ص149" ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، مؤسسة جمال للطباعة و النشر، ( بيروت – 1979م)، مجـ 2، جـ2/، ص110

[5] محمد عزة دروزة: مختصر تاريخ العرب و الاسلام، المطبعة السلفية، (مصر – 1925م)، جـ 2/ ص40.

* كە دەڵێن ببونایە بەعەرەب مەبەستمان لە گۆڕینی ڕەگەز و نەتەوایەتی نییە، بەڵكو مەبەستمان ئەوەیە كە سەرجەم بەرهەمەكانیان بە زمانی عەرەبی نوسیوە و ئەمەش بۆتە هۆی دەوڵەمەندكردن و پێشكەوتنی شارستانیەتی ڕەگەزی عەرەبی، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین لە ڕێگەی شۆرەتەكانیانەوە گەڕانەوەی خۆیان بۆنەتەوەكانیان پاراستووە وەك " الكردي – الشهرزوري – الهمدانى – الدينوري – الآمدي "

دەست بـــەســـــەراگرتنـــــی ڕەگـــــەزی عەرەبی بـــەسەر ناوچەکانی دەرەوەی نیمچە دورگەی عەرەبیدا، تەنها لە ڕووی سەربازییەوە نەبووە، بەڵکو لە ڕووی مرۆییشەوە ئەنجامدرا، چونکە کۆچکردنێکی مرۆیی گەورەی لێکەوتەوە، ئەگەر سەرنجی پێکهاتەی سوپای عەرەبە مسوڵمانەکان بدەین، زۆر لە هۆزو تیرەی لەخۆگرتبوو کە لەژێر ناوی جیهاددا، بە یەکسانی بەشدارییان دەکرد، تەنانەت جەنگاوەرەکان لە کاتی جەنگدا خێزانەکانیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد. [1]

## • شێوازەکانی سەرهەڵدانی بەعەرەب بوون

بێگومان پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی لە ناوچە کوردنشینەکاندا لەلایەن سوپای عەرەبی ئیسلامییەوە کۆمەڵێك دەرەنجامی جۆراو جۆری لێکەوتەوە، ئەم دەرئەنجامانە هەر یەکەو بە پێی تایبەتمەندی و بواری خۆی، بوون بە ڕەهەند و ڕێگەیان خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی میکانیزمی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکان، لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەو ڕەهەندانە لەچەند شێوازێکدا دەرکەوتن:

**یەکەم/ بڵاوبونەوەی زمانی عەرەبی لە ناوچە فەتحکراوەکاندا بە شێوەیەك کە بوو بە زمانی سیاسی و ڕۆشنبیری ووتووێژ و ئارا گۆڕینەوە**، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زمانی زانایانی ئەو سەردەمە بوو لە سەرجەم بوارەکاندا. [2] ئەوەی تێبینی دەکرێ کە" ابن خلدون " و "حاجی خلیفە" پێ دادەگرن لەسەر ئەوەی ئەو زانایانەی لە ڕەگەزدا ئەعجەمن (ناعەرەب) لە ڕووی بەکارهێنانی زمانی زانستییانەوە عەرەب بوون، چونکە سەرجەم بەرهەمەکانیان بە زمانی عەرەبی بەجێهێشتووە، کە هێندە زۆرن لە ژمارە نایەن. [3]

کۆی ئەم بەرهەمانە ئەگەر نەبووبێت بە بەشێك لە کولتووری عەرەب ئەوا هەنگاوێکی گەورە بووە لە پێناو دەوڵەمەندکردن و بەرز ڕاگرتنی کولتووری ئیسلامیدا، کە سەرجەم بوارەکانی مێژوو و زمان و ئەدەب و زانستی (فیقە) و فەرموودە و

---

[1] البلاذري: م.س، ص ص 276 – 324 – 325 –356 "حسن احمد محمود و آخرون: العالم الاسلامي في العصر العباسي: مطبعة المدى، (القاهرة –1966م)، ص35 .

[2] ناجي معروف :عروبة العلماء المنسوبين الى البلدان الاعجمية، مطبعة الشعب، (بغداد –1974 م)، ص63 .

[3] المقدمة، دارالجيل، بيروت، (د .س)، ص600 مقدمة كتاب كشف الظنون، (اسطنبول– 1941م) ص ص 40– 43

تەفسیری قورئان...هتد. لەخۆگرتووە، کە دەتوانین لە خانەی بەعەرەبکردنی زانستیدا دایبنێین.

**دووەم/ هۆکارێکی تر لە هۆکارەکانی بەعەرەب بوونی کورد لە رووی رەگەزەوە کە لەلایەن کورد خۆیەوە ئەنجام دراوە**، هەندێك هۆزو بەرەبابی کورد بۆ ئەوەی خۆیان لە دەسەلاتی فەرمانڕەوا نزیك بکەنەوە، یاخود رەچەڵەکی خۆیان بەرنەوە سەر بنەماڵەی (آل بیت) کە خاوەن رێزێکی تایبەت بوون لە نێوان مسوڵماناندا، هەستاون و کۆمەلێك چیرۆکی رەگەزیی ئەفسانەییان دروستکردووە.[1] بۆ نموونە المسعودی خۆی دەڵێت:

"فأما نوع من الاكراد و هم الشوهجان ببلاد ما بين الكوفة والبصرة و هي ارض الدينور و همذان فلا تناكر بينهم انهم من ولد ربيعة بن نزار بن معد ".[2] بەپێی ئەم بۆچوونەی المسعودی، کوردەکان خۆیان رەگەزی بنەڕەتیی خۆیان بردۆتەوە بۆ سەر نەتەوەی عەرەب، بەلام لەوانەیە ئەم بۆچوونە تایبەت بێت بە المسعودی خۆی و ئەگەر لەلایەن کوردەکان خۆشیانەوە دروستکرابێ ئەوا شتێکی ئاساییە، چونکە گەرانەوە بۆ رەگەزی عەرەبی لەو سەردەمەدا شتێکی باو بووە.[3]

**سێیەم/ بەپیتیی ناوچە فەتحکراوەکان**: بەپیتیی ناوچەکانی ولاتی شام و عێراق و میسر، هۆکارێکی هاندەر بوو بۆ عەرەبە مسوڵمانەکان تا دەست بەسەر ئەم ناوچانەدا بگرن و سوود لە خێرو فەڕی وەربگرن، لەکاتێکدا ناوچەکانی خۆیان بریتی بوون لە بیابانێکی وشك و بێ ئاو، کە نەیاندەتوانی پێداویستییەکانی بژێوی هۆزە عەرەبەکان دابین بکەن، لەبەرئەوە هەندێ لە هۆزە عەرەبەکان بەتایبەتیش هۆزە هەڵگەراوەکانی باشووری نیمچە دوورگەی عەرەبی دوور نییە مەبەستی سەرەکییان لە مسوڵمان بوون و بەشداری کردن لە فتوحاتی ئیسلامیدا، بەدەستهێنانی (غەنیمە) بووبێت.[4]

---

[1] زبير بلال اسماعيل: الاكراد في كتب البلدانيين و الرحالة المسلميين في العصور الوسطى، مطبعة الثقافة، (اربيل– 1989 م)، ص 20

[2] المسعودي: مروج الذهب ومعادن الجوهر، دار الاندلس، ( بيروت –1981 م)، جـ2/ص101 .

[3] حكيم احمد مام بكر: الكُرد و بلادهم عند البلدانيين و الرحالة المسلمين، ( 232–626 هـ)، أطروحة دكتوراه غير منشورة، مقدمة الى كلية الاداب – جامعة صلاح الدين، (اربيل –2003م)، ص 216 .

[4] الغنیمە: تالانی و دەستکەوتی شەڕە کە چوار شت لەخۆ دەگرێ ئەوانیش بریتین لە: (پیاوە دیلەکان، ژن و منداڵ، زەوی و زار، پارەو پول) پێنچ یەکی ئەم تالانیە بۆ دەوڵەت بوو چوار بەشەکەی تری بۆ جەنگاوەرەکان و کرِینی پێداویستییەکانیان بوو، سەبارەت بە دیلەکان، خەلیفە دەیتوانی ئازادیان بکات، یاخود بیانکوژێ، بەلام ژن و منداڵ

**چوارەم/ نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبەکان لە ناوچە فەتحکراوەکان**: کاتێك سوپای عەرەبی لەشکرکێشی دەکردە سەر ناوچەکانی دەرەوەی نیمچە دوورگەی عەرەبی، ئەو فتوحاتانەی، کە ئەنجامدەدران هەندێکیان دەچوونە ناو ململانێی هۆزایەتییەوە، هەر هۆزیـــێك شـــانازی بـــەوەوە دەکرد کـــە دەستـــی بـــەسەر چەند ناوچەیەکدا گرتووە. [1] بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا خەلافەتی ئیسلامی بیری لە جۆرە ستراتیژێکی نوێ کردەوە، ئەویش بە گواستنەوەی دەیان هۆزی عەرەب بەخۆیان وخێزانەکانیانەوە بۆ ناوچە **فەتحکراوەکان.** [2] لەلایەکی تریشەوە ئەگەر خەلیفە بۆی ئاشکرا ببووایە کە هەرێمێك لە هەرێمەکان دەسەڵاتی لاوازە، هەڵدەستا بە گواستنەوەی ئەو هۆزانەی کە هاوپەیمانی بوون بۆ ئەو هەرێمانە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خەلافەت لەو هەرێمەدا لە رووی سیاسی و ئایینییەوە بەهێز بکات. [3]

**پێنجەم/ بڵاوبونەوەی زمانی عەرەبی**: بێگومـان بڵاوبوونـەوەی ئـایینی ئیـسلام یەکێك بوو لە هۆکارەکانی بەعەرەبکردنی زمان، قورئان بە زمانی عەرەبی دابـەزی، بـۆ تێگەیشتن و راڤـەکردنی ماناکـانی، گـرنگ بـوو لەسـەر کەسـی مـسوڵمان فێـری زمـانی عەرەبی ببێت، سەرەڕای ئەوەی کە فێربوونی زمـانی عەرەبـــــی لـەلای کەســــــانی بوارەکانی کارگێڕی و ئـــــیـــــداری، پێـــــداویستییەکی بنەڕەتی بـوو. [4] لەبەرئـەوە کـــــاتێك ئایینــە ئاسمانییــەکان داهــاتوون، زمــانی ئــایین کــارێکی زۆری لــە زمــانی نەتەوەییەکان کردووە. [5]

---

نابێت بکوژرێن بەتایبەتی ئەگەر لە (اهل کتاب) بوون/ ابن القيم الجوزية: احكام اهل الذمة، تحـ صبحي صالح، مطبعة الجامعة، ( دمشق – 1961م)، ص ص 16–17 " الماوردي: الاحكام السلطانية و الولايات الدينية، المكتبة التوفيقية، القاهرة، (د.س)، ص ص 233 –235 .

(1) جرجي زيدان : تاريخ التمدن الاسلامي، مطبعة دار الهلال، (القاهرة – 1958م)، ج1/ ص22 .

(2) شكري فيصل: المجتمعات الاسلامية في القرن الاول الهجري، مكتبة المثنى، (بغداد –1952م)، ص 27 .

(3) المقريزي: المواعظ و الاعتبار بذكر الخطط و الاثار، دار الكتب، بيروت { د.س }، جـ1/ ص 80.

(4) البلاذري : ( م.س)، ص 324 " نجدت خماش : ( م.س)، ص 80 .

(5) حوســێن محمــد عــەزیز: ســەلیقەی زمــان و گرفتــەکانی زمــانی کــوردی، چــاپخانەی هــەواڵ، ( سلێمانی– 1999ز)، ل 75.

**شەشەم/ لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامیدا،** جۆرە تێکەڵ بوونێك لەنێوان عەرەبە مسوڵمانەکان و دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکاندا روویدا، لە سەرەتادا، لەشێوازی دەست بەسەراگرتنی مرۆڤ (السبایا) دەرکەوت، ئەم دەست بەسەر گیراوانەش بەتایبەتی ئافرەتەکان لەنێو هەموو خێزان وماڵێکی عەرەبە مسوڵمانەکاندا بڵاوببوونەوە، چ لەناوچە فەتحکراوەکاندا، یان گواستنەوەیان بۆ شارەکانی نیمچە دوورەگەی عەرەبی بێت، ئەم ئافرەتانە مسوڵمان بوون، منداڵیان بۆ خاوەنەکانیان خستەوە.[1] ئەم منداڵانە بە دوورەگ (هجین)[2] دەناسران، بۆ نموونە بچوك (ابن الکردیه) [3]. هەروەها یەکێك لە کەنیزەکەکانی (محمد بن مروان) کورد بووە، مەروانی کوڕی لەم کەنیزەکە بوو، کە بووە دوا خەلیفەی ئومەوییەکان.[4]

**حەوتەم/ گۆڕینی ناوی ناوچەو شارەکانی وڵاتی کورد:** عەرەبە مسوڵمانەکان لە سەرەتایی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و دەستپێکردنی شاڵاوەکانی فتوحاتی ئیسلامی و دواتردا، ناوی هەندێ لە ناوچەی نیمچە دوورگەی عەرەبییان گواستەوە بۆ ئەو ناوچانەی، کە تێیدا نیشتەجێ بوون، ئەم ناوانەیان سەپاند بەسەر رێگاوبان و شەقام و گۆڕەپان و گوند و شارەکاندا، ناوی پشت و بەرەباب و هۆزەکانیان لە ناوچە فەتحکراوەکان دا [5]، وەکو شاری "کرج ابو دُلّف" خۆیی و وەچەکانی تێدا نیشتەجێبوون و بەناوی ئەم بەرەبابەوە ناونرا [6].

هەروەها دابەشکردنی هەرێمی جزیرە بەناوی سێ هۆزی عەرەبەوە، وەك هۆزی بەکر (قبیلەالبکر) و هۆزی موزەڕ (قبیلةالمُضّر)و هۆزی رەبیعە

---

[1] مجموعة من الاساتذة الجامعيين: دراسات في المجتمع العربي، مطبعة لجنة البيان العربي، (القاهرة-1961م)، ص 56-57

[2] جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کوردی، چاپخانەی ئازاد، ( سوید -1984ز)، ل 32 .

[3] ئەم جەعفەری بچووکە بە (ابن الکردیه) ناسرابوو، دایکی کوردە کەنیزەکی خەلیفە ( أبو جعفر المنصور) بوو لەلایەن (هارون الرشید)ەوە، بەند کرا، لەئەنجامدادەرمانخواردکرا، بەنەخۆشی سکچوون لەناوچوو/ الطبري: تأريخ الرسل والملوك، دار الفكر، ( بيروت – 1988م)، جـ7/ ص290" نوادر المخطوطات: تحـ هارون عبدالسلام، دار الجيل (بيروت – 1991م)، جـ2/ص222.

[4] السيوطي: تاريخ الخلفاء، تحـ ابراهيم صالح، دار صادر، (بيروت -1997م)، ص 32 " احمد امين: ضحى الاسلام، جـ1/ ص ص 18-19 .

[5] ناجي معروف: م . س، ص63 .

[6] ابو الفداء: تقويم البلدان، تحـ ( رينود- البارون ماك كوكين ديسلان)، مطبعة دار السلطانية، (باريس-1840م)، ص423 .

(قبيلةالربيعة) و ناونانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بە هەوارگەی بەکر (دیار بەکر) و هەوارگەی موزڕ (دیارمُضَّر) و هەوارگەی رەبیعە (دیار ربيعة)[1].

ئەم ناوچانە هەرچەندە عەرەبە مسوڵمانەکان و تەنانەت مێژوونووس و گەڕیدەکانیشیان بەناوی هۆزە عەرەبە نیشتەجێبووەکانی ئەو دەڤەرەوە ناویان لێناون، بەڵام لە بنەڕەتدا ناوچەیەکی کوردنشین بوون لە رابردوو و لە ئێستادا، بەڵکو دەتوانین بڵێین، کە ئەم هەوڵانە دەکەونە چوارچێوەی بەعەرەبکردنی ناوی ناوچە و گوند و شارەکانی وڵاتی کوردەوە.

---

(1) الاصطخري: المسالك و الممالك، تحـ محمد جابر عبدالعال الحسيني، وزارة الثقافة والارشاد القومي، ( الجمهورية العربية المتحدة– 1961م)، ص53 " ابن حوقل: صورة الارض، دارمكتبة الحياة، ( بيروت –1979م)، ص 29 .

# بەندی یەکەم
# بە عەرەبی بوون
# لە بوارەکانی زانستی و زماندا


**بەشی یەکەم**

**بەعەرەبی بوونی بواری زانستی.**

21

**بەشی دووەم**

**بەعەرەبکردنی بواری زمان.**

43

# بەشی یەکەم
# بەعەرەبکردنی بواری زانستی

نەتەوەی کورد سامانێکی بیری وشارستانی مەزنیان لەهەموو بوارێکی فەرهەنگیدا وەك مێژوو و ئەدەب و شیعر و زانستی تەفسیر و زانستی فەرمووده (علوم الحدیپ) خستۆتە سەر فەرهەنگ و رۆشنبیری ئیسلامی بەگشتی و بەتایبەتیش فەرهەنگ و رۆشنبیری نەتەوەی عەرەبی.[1] هەموو ئەو خزمەتانەی کە نەتەوەی کورد پێشکەش کردون، تەنها دەچنە خانەی برایەتی ئاینییەوە.[2] بەڵام هەندێك رەگەزپەرستی عەرەب بە هەڵە ئەم بۆچوونەی کوردیان بەکارهێناوە. بێگومان ئەو هۆکارەشی کە یارمەتی نەتەوەی باڵادەستی داوە ئەوەبوو، کە رۆشنبیرانی سەرجەم نەتەوەکانی تر بەگشتی و کورد بەتایبەتی، بەرهەمەکانیان بەزمانی عەرەبی نوسیوەتەوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەم بەرهەمانە لەنێو کولتووری شارستانی عەرەبیدا ون بن و وەکو بەشێك لەم کەلتوورە بناسرێن.

## باسی یەکەم
## مەبەست لە بەعەرەبکردنی زانستی (وەرگێڕان) (التعریب العلمی)

بریتییە لە پرۆسەی کۆکردنەوە و رێکخستن و لێکدانەوەی بەرهەمی هزری (فکری) و هۆشیاری (عقلی) و زانستیی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی، بەکارهێنانیان بۆ خزمەتکردن و دەوڵەمەندکردنی بزاڤی رۆشنبیری و زانستی نەتەوەی باڵادەست، کە نەتەوەی عەرەبە و بەکارهێنانی وەرگێڕان وەکو ئامرازێکی گونجاو بۆ گواستنەوەی پاشماوەی کولتووری و ئەدەبی و سیاسی و زانستییەکانی نەتەوەکانی تر بۆ نێو شارستانێتیی عەرەبیی ئیسلامی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و زمانی عەرەبی.[3] پێش دەرچوونی عەرەبە موسوڵمانەکان بۆ ناوچەکانی دەرەوەی نیمچە

---

(1) د.شاكر خصباك :کوردو مەسەلەی کورد، بنکەی چاپەمەنی رۆژ، ( ستوکهۆڵم–1997ن)، ل89.

(2) أبراهیم أحمد: الاكراد والعرب، من منشورات مكتب الاعلام للاتحاد الوگنی الكردستانی، ( السلیمانیه–2004)، ص2.

(3) بۆ دارشتنی ئەم پێناسەیە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتوە/ أبراهیم سلمان الكروی واخرون: المرجع في الحضارة العربیة الاسلامیة، منشورات ذات السلاسل، (الكویت–1987م)، ص473"أحمد أمین :ضحی الاسلام، ج1/ص293 " شاكر مصطفی: دراسات فی التأریخ الاسلامی، دار طلاس، ( سوریا–1988 م)، ص ص 134–135.

دوورگەی عەرەبی، کۆمەڵێك رۆشنبیری و شارستانیەتی جیاواز لە ناوچەکەدا هەبوون وەك شارستانیەتی فارسی و هیندی و یۆنانی و رۆمانی، هەروەها کۆمەڵێك ئایینی جیاواز هەبوون وەك یەهودی و مەسیحی و زەردەشتی، سەرجەم ئەم شارستانییەت و ئایینانە خاوەنی تایبەتمەندی و خەسڵەتی رۆشنبیری و ئایینی خۆیان بوون، بەڵام لەبەرئەوەی سیستەمە سیاسیەکە بە خەلیفەو ئاین و زمانەوە عەرەب بوون، ئەمەش رێگەی خۆشکرد بۆ باڵادەستی شارستانییەتی و ئاین و زمانی عەرەبی.

## باسی دووەم
## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بەعەرەبکردنی زانستی:

1. پێویستیان بەو زانستانەیە کە شارەزای نەبوون، بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی وەك نوێژ و رۆژو و حەج کردن، کە پێویستیان بە ژمارەو رۆژمێریی هەیە، لە ئاکامدا عەرەبە موسوڵمانەکان پەنایان بردە بەر وەرگرتن و گواستنەوەی کتێبەکانی بیرکاری و گەردووناسی.[1] هەروەها لایەنی پزیشکی چونکە پزیشکی عەرەبی (الطب العربي) لەسەر بنەمای تاقیکردنەوەی میللی (التجربە الشعبیە) وەستابوو، نەك لەسەر بنەمای تاقیکردنەوەی زانستی، ئەم جۆرە چارەسەرکردنە وەکو پیشە بەشێوازی پشتاو پشت لە پیرەکانیانەوە بۆیان مابووەوە، هەندێ جار سەرکەوتوو دەبوو، هەندێ جاریش بەهەڵە دەچوون، چارەسەرکردنەکەش کاتێکی زۆری دەخایاند.[2]
2. لەئەنجامی شاڵاوەکانی ئیسلام و فتوحات بۆ ناوچەکانی دەرەوەی نیمچە دوورگەی عەرەبی، لەلایەن عەرەبە موسوڵمانەکانەوە جۆرە تێکەڵییەك لەنێوان رەگەزی عەرەبیی و نەتەوانی وڵاتە فەتحکراوەکاندا سەری هەڵدەدا، ئەم نەتەوانە لە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ناوچەکە و لە چاخە جیاوازەکاندا خاوەنی شارستانیەتی خۆیان بوون.[3] لەهەمان کاتدا رەگەزی عەرەب خاوەنی هەندێ زانستی کەم بوون لە رووی بیناسازی و شیعرو

---

[1] عمر فروخ: تأريخ الفكر العربي الى أيام أبن خلدون، المكتبة التجارية للطباعة والنشر، ( بيروت–1962)، ص193.

[2] ابن خلدون: المقدمة، ص546 " حكمت نجيب عبدالرحمن: دراسات في تأريخ العلوم عند العرب، مطبعة الجامعة، (الموصل – 1977م)، ص38.

[3] حكمت نجيب عبدالرحمن: م ن، ص15.

ئەدەب و بواری گەردووونناسی و زیاتر ژیانی کۆچەری (البداوە) بەسەریاندا زاڵ بوو، هەروەها لەبواری زانستە عەقڵییەکاندا، ئەوانەی دەرکەوتن لە رەگەزی عەرەب نەبوون، بەڵکو بوارەکانی زانست و پیشەسازی، تایبەت بوو بەنەتەوە ئەعجەمەکان (ناعەرەب)، رەگەزی عەرەبی رۆڵێکی کەمی لەم بوارەدا بینی، تەنها عەجەمە بەعەرەبکراوەکان نەبێت.[1]

3. پێویستی کەسێتیی هەندێك لە میرەکان بۆ وەرگرتنی زانیاریی پێشینەکان و زانستەکانیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، ئەم هەنگاوەش زیاتر بۆ مەبەستی سوودی شتکاری (مادی) بوو بەپلەی یەکەم، هەرچەندە ئەم هەنگاوە تاکە کەسی سەرەتایی بوو، بەڵام دەورێکی کاریگەری بینی لە داڕشتنی بناغەی بەعەرەبیی بوونی زانستی.[2] بۆ نموونە میر (خالد بن یزید) کوڕەزای (معاویە بن ابی سفیان) ی دامەزرێنەری دەوڵەتی ئومەوی پاش ئەوەی کە نەیتوانی پۆستی خەلافەت بەدەست بهێنێ رووی کردە بواری زانستی، لەسەر داوای ئەو، چەندین کتێب لە بواری پزیشکی و گەردووونناسی و کیمیادا وەرگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی.[3]

4. رۆڵی وەرگێڕەکان لە پرۆسەی بەعەرەبکردنی زانستدا: بێگومان وەرگێڕەکان رۆڵێکی کارایان هەبوو لە بەعەرەبکردنی زانستە پێشینەییەکانی نەتەوەکانی تردا، چونکە وەرگێڕەکان نەك تەنها کتێبەکانیان وەردەگێڕا، بەڵکو کتێب و بابەتە زانستییە جۆر بەجۆرەکانیان دەکرد بە بەشێك لە موڵك و میرات و کولتووری عەرەب، تەنانەت خودی وەرگێڕەکان خۆشیان کەوتنە ژێر کاریگەری سیاسەتی بەعەرەبکردن لەڕووی ڕرشنبیری و شارستانێتییەوە، واتە وەرگێڕەکان ئامرازێك بوون بۆ بەعەرەبکردنی کەلتوور و پاشماوەی زانستی گەلان و گواستنەوەی بۆ نێو شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامی، لەلایەکی تریشەوە خۆشیان بوون بە بەشێك لە پرۆسەی بەعەرەبکردن.[4] لە

---

[1] ابن خلدون: م.س، ص ص453–454، حاجي خليفة: مقدمة كشف الظنون، ص41.

[2] أبن النديم: الفهرست، المكتبة التوفيقية، القاهرة، ( د.ت)، ص ص 482–483 " أبن الطقطقى: الفخري في الاداب السلطانية، جامعة الازهر، ( القاهرة– 1962)، ص ص 87– 88 .

[3] أبن النديم: م.ن، ص 483 .

[4] شاكر مصطفى: م.س، ص ص 139–140.

ئاكامدا دەتوانین بڵێین بەعەرەبکردنی مرۆڤ [1] پێش بەعەرەبکردنی کتێب و زانستەکان سەری هەڵداوە.

5. هۆکاری ئایینزایی: ئەم هۆکارە راستەوخۆ بەستراوەتەوە بە سەرهەڵدانی زانستی ووتوێژەوە (علم الكلام)، [2] بەتایبەتی پاش دەرکەوتنی معتزلەکان [3] و لەدایك بوونی جۆرە تێڕوانینێکی نوێ لە هەناوی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا لەسەر مەسەلەی دروستبوونی قورئان (خلق القرآن)، خودو خەسڵەتی خواو (القدر)، [4] خەلیفەی عەباسی (المأمون) خۆی معتزلە بووە و پشتگیریەکی گەورەی معتزلەکانیشی کردووە، [5] بۆ پشتگیری کردنی بیرو باوەڕەکانیان، معتزلەکان پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی فەلسەفەی یۆنانی و پێیان وابوو باوەڕی ئیسلامی تێکەڵی گەندەڵی و پیسی بووە، پێویستە بە فەلسەفە پاڵفتە بکرێت و خاوێن بکرێتەوە، بۆچوونیان وابوو ئایینی ئیسلام ناخەملێ

(1) کە دەڵێین بوون بەعەرەب مەبەستمان ئەوە نییە کە رەگەز ( نەتەوە)ی خۆیان گۆڕیوە بەڵکو زمانی رۆشنبیری و نوسینیان بریتی بوو لە زمانی عەرەبی و زمانی ئەسڵی خۆیان بەکار نەهێناوەو، بەرهەمی قەڵەم و هزری خۆیان خستۆتە خزمەتی کەلتوور و شارستانییەتی عەرەبەوە.

(2) زانستی وتووێژ ( علم الكلام): بریتییە لە هێنانەوەی بەڵگەی عەقڵی بۆ بەهێزکردن و پاراستنی بیروباوەڕی ئایینی لەڕووی خود ( ذات) و خەسڵەت ( صفات) و پەیامبەران و رۆژی دوایی و چارەنووسی مرۆڤ ( القدر) بۆ بەرپەرچ دانەوەی زیادەڕوان ( المبتدعين) ولادەران ( المنحرفين) لە سەر ئاینزای پێشینەکان ( السلف) وەپەیڕەوکارانی سونە ( أهل السنه)، ئەم رێبازە لەسەر دەستی گرووپی معتزلەکان پەرەی سەند/ ابن خلدون: م.س، ص 507" حاجی خلیفە: م . س، ص40.

(3) المعتزلە: گروپێکی هزری ( الفكری) و هوشیاری ( العقلی) بوون، خاوەن پرۆگرامێکی تایبەت بوون کە لەسەر سێ کۆڵەکە دامەزرابوو: یەکەم/ گومان ( الشك)، دووەم/ تاقی کردنەوە ( التجربە)، سێیەم/ بڕیاردان ( الحكم)، بە ( أصحاب العدل والتوحيد) ناسراو بوون وەهەروەها شۆرەتی ( القدريە) یان درابووە پاڵ بیرو باوەڕەکانیان لەسەر پێنج بنەما بنیات نرابوو 1- التوحيد، 2- العدل، 3-الوعد والوعيد، 4- المنزلة بين المنزلتين، 5- الامر بالمعروف والنهي عن المنكر، ئەم گروپە لە دوو قوتابخانە پێکهاتبوون یەکەم- مدرسە البصرە، دووەم- مدرسە بغداد، دامەزرێنەری ئەم گروپە ( واصل بن عطا)/ البغدادي: الفرق بين الفرق، القاهرة، ﴿ د.ت﴾، ص ص 83-84 " الشهرستاني: الملل والنحل، ( مصر -1317 ه)، ص ص 54-55 " جعفر السبحاني: بحث في الملل والنحل، ط 1، قم، 1412 ه - 1370هـ.ش، جـ 3/ ص ص 147-148" عبدالمنعم الحنفي: موسوعة الفرق والجماعات الآسلامية، ( القاهرة-1922م)، ص ص 589-592.

(4) القدريە: ئەم کۆمەڵە پێیان وایە مرۆڤ دروستکەری کارو کردەوەی خۆیەتی هاوکات نەفی قەزاو قەدەر دەکەن بڕوایان وایە کە مرۆڤ دەستی هەیە لە کاری خراپ یاخود چاکەی خۆیدا/ أبن تيمية: مجموع الفتاوي، تحـ مصطفى عبدالقادر، دار الكتب العلمية، ( بيروت-2000م)، جـ 10/ص 718.

(5) جرجي زيدان: م.س، جـ 3/ ص ص 135-137 " حكمت نجيب: م.س، ص ص 17-18.

(کامڵ نابێت) تا تێکەڵ بە فەلسەفەی یۆنانی نەکرێت.[1] لە ئاکامدا خەلیفە (المأمون) وەرگێڕەکانی هاندا لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە کتێبە یۆنانییەکانی تایبەت بە بواری فەلسەفە وەربگێڕنە سەر زمانی عەرەبی، یەکێك لەو وەرگێڕانەی، کە بۆ ئەم مەبەستە رای سپارد (یوحنا بن البطریق) بوو.[2] ئەمەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە ئەم هەنگاوەی خەلیفە المأمون زیاتر سیاسی بوو وەك لەوەی زانستی بووبێت، چونکە مەبەستی سەرەکی بەهێزکردن و پشتگیری کردنی گرووپی معتزلەکان بوو لە رووی ئاینزاییەوە (مذهب).

## باسی سێیەم

## بارودۆخی کولتووری و رۆشنبیری و بەعەرەبکردنی زانستی لە سەرەتای ئیسلامدا

لەئەنجامی هاتنی لەشکری عەرەبە موسوڵمانەکان و فەتحکردنی هەرێمە کوردنشینەکان، هاوشان لەگەڵ جێگیرکردنی دەسەڵاتیان، کەلتوورەکەشیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، کە هەموو بنەماکانی لەگەڵ کولتووری کورد جیا و نامۆ بوون و زادەی دوو ژینگەی مرۆیی و سروشتی جیاواز بوون.[3]

نەتەوەی عەرەب بەشێوەیەکی گشتی نەتەوەیەکی نەخوێندەوار بوو، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ لایەنی پیشەسازی و زانستدا نەبوو، تەنها بەشێوەیەکی دەگمەن نەبێت.[4] چونکە زیاتر کەوتبوونە ژێر کاریگەری ژیانی کۆچەری و دوور بوون لەبواری بیناسازی و شارستانی، لە کاتێکدا نەتەوەکانی دراوسێ عەجەمەکان (فارسەکان) لە رۆژهەڵات و نەتەوە مەسیحییەکانی سەر کەناری دەریای رۆمی (دەریای ناوەڕاست) لەم لایەنانەوە زۆر پێشکەوتوو بوون.[5]

---

[1] القفطي: تأريخ الحكماء من كتاب اخبار العلماء بأخبار الحكماء، لايبزك، 1903 م، ص 84 " كارل بروكلمان: تأريخ الشعوب الآسلامية، دار العلم للملايين، ( بيروت–1979م)، ص ص 38–40.

[2] أبن جلجل: طبقات الآطباء والحكماء، تح فؤاد السيد، المعهد العلمي، ( القاهرة–1955م)، ص ص 67–68.

[3] شوان عوسمان مستەفا: کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلام کردنی کورد، نامەی ماستەرە پێشکەش بە بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، 2002 ز، ل 234.

[4] محمد الخضرى بط: تأريخ الآمم الاسلامية ( الدولة العباسية)، المطبعة التجارية الكبرى، ( مصر – 1970م)، ص218.

[5] أبن خلدون: م. س، ص 448.

دواكەوتن و نەخوێندەواریی بەشێوەیەکی فراوان تەشەنەی کردبوو، خاوەنی هۆشیاری و رۆشنبیرییەکی ئەوتۆ نەبوون، کەسانێکی وا هەڵنەکەوتبوون کە شایستەی ئەوەبن پێیان بوترێ زانا (العالم)، چونکە ناوچەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی بەزۆری دەوارنشین و کۆچەر بوون، لە کاتێکدا نووسین و زانست وابەستەیە لەگەڵ بیناسازی و شارستانێتیدا.[1] ابن خلدون: ئاماژە دەکات بەوەی کە (خەڵکی حیجاز نووسین لە خەڵکی– الحیرە– وە فێربوون، ئەوانیش لە خەڵکی (الآنبار)ەوە وەریانگرتبوو.[2] (البلاذري) ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کاتێك ئایینی ئیسلام لەنێو هۆزی قورەیشدا سەریهەڵدا، تەنها حەڤدە کەس بەتەواوی نووسینیان دەزانی.[3]

پێشکەوتنی بواری زانستی و رۆشنبیری لە ئەنجامی پێشکەوتنی بواری شارستانی و ئاوەدانییەوە دێتە ئاراوە، لەبەرئەوەی رەگەزی عەرەبی لەم لایەنەوە دوا کەوتوو بوو (دوور بوو) و زانستیش خۆی لەخۆیدا بەرهەمی کۆمەڵگایەکی خاوەن شارستانیە.[4]

ئەو رەگەزەی کە لەم بوارەدا رۆڵی کاریگەری بینی، بریتی بوو لە ئەعجەمەکان (ڕەگەزە ناعەرەبەکان) چونکە ئەوان لە پێش سەرهەڵدانی عەرەبە موسوڵمانەکاندا خاوەنی شارستانییەتێکی بەهێز بوون، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی فارسەکانەوە زیاتر رەخسابوو بۆ وەرگرتنی شارستانییەتی.[5]

لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا بایەخ نەدرا بە بواری زانستی، چونکە لەو کاتەدا دەوڵەتی ئیسلامی تازە دەخەملێ و سەرجەم هێزو تواناکان بۆ فتوحات تەرخان کرابوون، لەئەنجامدا، سەردەمی خەلیفەکانی راشیدین تێپەڕبوو، سەرقاڵی فراوان کردنی دەوڵەتی ئیسلامی و زەمینەسازی بوون بۆ چەسپاندنی ئایینی ئیسلام.[6]

لە سەردەمی خەلیفەکانی راشیدیندا یەکەم هەنگاوی بەعەرەبکردن بریتی بوو لە وەرگێڕانی ((ئینجیل)) کتێبی پیرۆز بۆ سەر زمانی عەرەبی لەسەر داواکاری (عمرو بن سعید بن العاص)[7] لێرەدا هەرچەندە مەبەستەکە لە وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز (الکتاب المقدس) ئاینیی بووە بۆ مەبەستی بەراوردکردنی لەگەڵ قورئاندا، بەڵام دەتوانین

---

(1) احمد امين: فجر الاسلام، دار الكتب العلمية، (بيروت – 2004م) ص 140.

(2) المقدمة، ص264

(3) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە و زانینی ناوی نووسەرەکان بگەڕێرەوە سەر/ فتوح البلدان، ص 457.

(4) أبن خلدون: م، س، ص 601.

(5) حاجی خلیفە: م، س، ص 41.

(6) محمد الخچرى بك: تأريخ الامم الاسلاميه ( الدوله العباسيه)، ص 218.

(7) میرێکی زمان پاراو وتار بێژ بوو/ بۆزانیاریی زیاتر بگەڕێرەوە سەر: المنجد فى اللغه والاعلام، ص ص 477 – 478.

بیخەینە خانەی بەعەرەبکردنی زانستییەوە.[1] هەروەها داڕشتن و ڕێکخستنەوەی ساڵنامەو ڕۆژمێری کۆچیی عەرەبی لەسەر بنەمای ساڵنامەی فارسی کە بە ((ماه روز)[2] ناسراوە.[3] ئەمەش لەئەنجامی پێداویستی ڕۆژانە سەری هەڵدا، کاتێك کە (أبو موسی الاشعری) نامەیەکی لە خەلیفە عومەرەوە پێگەیشت بەرواری مانگی (شعبان)ی لەسەر بوو، ئەویش نامەکەی بۆ ناردەوە و بۆی نووسی بوو، کە مەبەستی خەلیفە کام شەعبانەیە؟ هی ساڵی ڕابردوو یان ساڵی داهاتوو؟ لێرەوە پێداویستی بوونی ڕۆژمێرێکی تایبەت هاتە کایەوە، بۆ ئەم مەبەستە خەلیفە عومەر ڕاوێژی بە (هورمزان) کرد ئەویش ڕۆژمێری (ماه روز)، بۆ ڕوونکردەوە لەو ساتە بەدواوە خەلیفە عومەر فەرمانی دا بەدانانی ساڵوەختی کۆچ کردنی پێغەمبەر بۆ شاری مەدینە بەسەرەتایەك بۆ ساڵنامەی کۆچی، ئەم ساڵنامەیەش لە ساڵی (17ك) دانرا.[4]

## باسی چوارەم
## بەعەرەبکردنی زانستی لە سەردەمی خەلافەتی ئومەویدا

لەسەرەتای دەوڵەتی ئومەویدا هەنگاوەکانی بەعەرەبکردنی زانستی لە چوارچێوەی ئارەزووی تاکەکەسی و هەوڵی تاکلایەنەدا بوو، لەهەندێ بواری تایبەتیدا جێبەجێدەکرا بەبێ بوونی بەرنامەیەکی داڕێژرا و تۆکمە لەسەر بنەمای زانستی.

هەوڵەکانی (خالد بن یزید بن معاویە) (85 ك/ 704 ز) کە بە (حکیم آل مروان) ناسرابوو.[5] دەتوانین لە خانەی بەعەرەبکردنی زانستی دابنێین، کاتێك ئەم میرە بایەخی بەزانستی کیمیا دا و فەرمانی دا کە کۆمەڵێك لە فەیلەسوفە یۆنانییەکانی نیشتەجێی وڵاتی میسر بانگهێشت بکرێن بۆ شام، بۆئەوەی ئەو کتێبانەی لە بوارەکانی زمانی یۆنانی و قبطی نووسراون بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدرێن، کە ئەمەش بەیەکەم وەرگێڕان دەژمێردرێ لە زمانێکی بیانییەوە بۆ زمانی عەرەبی لە ئیسلامدا.[6] ئەم بابەتە بۆ خۆی بۆتە جێگەی مشتومڕی نێوان مێژوونوسان، هەر لەم

---

(1) شاکر مصگفی/دراسات فی تأریخ الاسلامی، ص105، وەری گرتووە لە شابو/الادب السریانی ( بالفرنسیە)، ص82.

(2) ( ماه روز): واتە ئەژمارکردنی مانگ و ساڵەکان، ڕوون کردنەوەی چۆنێتیی بەکارهێنانی بەزمانی فارسی.

(3) البیروني: الاثار الباقیة عن القرون الخالیة، دار الكتب العلمیة، بیروت، ( 1420ه – 2000م)، ص ص 31–32.

(4) أبن مسكویە :تجارب الآمم وتعاقب الهمم، تحـ سید كسروي حسن، دار الكتب العلمیة، بیروت ( 1424ه – 2003م)، جـ2/ ص13" المبرد :الكامل في اللغة والأدب، دار أحیاء التراث العربي، ( بیروت – 2003م) ص 341.

(5) محمد الخضري بك: م.س، (الدولة العباسیة)، ص 218.

(6) أبن الندیم: م.س، ص 333.

روانگەیەوە مێژوونووسی بەناوبانگ (أبن خلدون) پێی وایە خەریکبوونی کەسانێکی وەك (خالد بن یزید بن معاویە) بەزانستی کیمیاوە لەو سەردەمە مێژووییە دواکەوتووەی ژیانی عەرەبدا، شتێکی نەشیاوە و جێی گومانە، چونکە ئەو نەوە عەرەبیەی کە (خالد)ی تێدا ژیاوە زیاتر سروشتی کۆچەری بەسەریدا زاڵ بووە، هەروەها بەگشتی نەوەیەکی دوور بووە لە زانست و شارستانییەتەوە، بەتایبەتی زانستی کیمیاش کە پشت دەبەستێت بە ناسینی سروشتی پێکهاتەی تێکەڵاوەکان، لەلایەکی ترەوە کتێبی نووسەران لە بواری زانستە سروشتییەکان و پزیشکییەوە (الطب) لەو سەردەمەدا وەرنەگێڕدرابوو، أبن خلدون پێی وایە کە لەوانەیە خالد ناوێکی تربێت بەناوی ئەوەوە ناسرابێت.[1] واپێدەچێت کە مەبەستی (أبن خلدون) (خالد بن یزید الرومانی) بێت کە (أبن جلجل) باسی کردووەو لە سەردەمی خۆیدا کەسێکی شارەزا بووە لە بواری پزیشکدا.[2] بەڵام ابن الندیم لە دوو شوێنی جیاوازدا باسی (خالد بن یزید بن معاویە) دەکات، تەنانەت ئاماژە بە کتێبە دانراوەکانیشی دەکات وەك (کتاب الحرارات، کتاب الصحیفة الکبیر، کتاب الصحیفة الصغیر، کتاب وصیته الی أبنه في الصنعة).[3] لەوانەیە بیرو بۆچوونەکەی أبن الندیم راست تربێت لە أبن خلدون چونکە أبن الندیم لە ساڵی (378ك–988م)دا مردووە، بەڵام أبن خلدون لە ساڵی (809ك–1406م) مردووە، واتە چوار سەدە پێش أبن خلدون ژیاوە.

هەروەها هەندێك نووسەری تر وەك الجاحظ دەڵێت:"وکان خالد بن یزید بن معاویة، خطیباً شاعراً، وفصیحاً وجید الرأي کثیر الأدب، وکان أول من ترجمت له کتب النجوم والطب والکیمیاء " ئەمەش پەیوەندیی (خالد بن یزید بن معاویە) بەزانستی کیمیاوە دەسەلمێنێتەوە، ئاماژە دەکات بەوەی کە خالد بۆ یەکەم جار کتێبی لە بوارەکانی ئەستێرەناسی و پزیشکی و کیمیادا وەرگێڕاوە.[4] هەروەها أبو الفرج الاصفهانی دەڵێت: (خالد زۆربەی ژیانی خۆی بۆ زانستی کیمیا تەرخان کردبوو).[5] یەکێك لەو وەرگێڕانەی کە کاری وەرگێڕانی لە بوارەکانی زانستدا بۆ (خالد بن یزید بن معاویە)

---

(1) المقدمة: ص 588.

(2) طبقات الاطباء والحکماء، ص 96.

(3) الفهرست، ص ص 482–483، 333.

(4) الجاحظ: البیان والتبیین، تحـ عبدالسلام محمد هارون، دار الطباعة الحدیثة، ( القاهرة–1975م)، جـ 1/ص 328.

(5) الاغاني، دارالفکر، ( بیروت–1986م)، جـ 17/ص 342.

ئەنجام داوە (إصطفان القديم) بوو.[1] هەروەها (مريانوس الراهب) بەهەمان شێوە هەندێك كتێبی لە بواری فەلسەفە (المنطق) و زانستدا بۆ (خالد) وەرگێڕاوە.[2] زۆربەی ئەو كتێبانەش كە وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی عەرەبی لە زمانی یۆنانی و عیبرییەوە بوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە ئەم زانستە لە دەرەوەی كۆمەڵگەی ئیسلامییەوە سەری هەڵداوە، دواتر بەهۆی وەرگێڕانەوە گواستراوەتە نێو كۆمەڵگەی ئیسلامیەوە.

هەوڵێكی تری بەعەرەبكردنی زانست لە سەردەمی (عمر بن عبدالعزیز) ئەنجام درا، (ماسرجويه) یان (ماسرجيس) كە بە رەگەز سریانی بوو، كتێبی (أهرن بن أعين) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، دواتر كتێبەكە بە وەرگێڕدراوی كەوتە بەر دەستی (عمر بن عبدالعزیز) ئەویش فەرمانی دا لە گەنجینەی كتێبەكان دەربهێنرێت و بخرێتە بەردەست بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینرێت.[3] ماسرجويه دوو كتێبی تری هەیە بەناوی (كتاب قوى الاطعمة ومنافعها ومضارها) هەروەها كتێبێكی تریش بەناوی (كتاب قوى العقاقير ومنافعها و مضارها).[4] لە سەردەمی هشام بن عبدالملك (أبو العلاء سالم بن جبلة) (نامەكانی ئەرستۆتالیس بۆ ئەسكەندەر)ی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی [5]، بەمەش هەنگاوە سەرەتاییەكانی گواستنەوەی كەلتوور و فەلسەفەی یۆنانی بۆ نێو كۆمەڵگەی ئیسلامی دەستی پێكرد [6] هەروەها لە ساڵی *113*ك (جبله بن سالم) كە دەكاتە كوڕی (أبو العلاء سالم بن جبلة) ئەو كتێبانەی كە تایبەت بوون بە مێژووی فارسی لە خەزێنەی پادشاكانی فارسدا وەریگێڕانە سەر زمانی عەرەبی، وەك كتێبی (رستم و أسفنديار)، هەروەها كتێبی (بهرام شوش) [7] و لەماوەی فەرمانڕەوایی نێوان (هشام بن عبدالملك) و (أبو جعفر المنصور) بەناوبانگترین كەسایەتی لەبواری مێژووی

---

[1] أبن النديم :م.س، ص 336.

[2] حكمت نجيب: م.س، ص 16.

[3] أبن أبي أصيبعة: عيون الانباء في طبقات الأطباء، دار الفكر، ( بيروت– 1957م)، ج 2/ ص 104 " أبن جلجل :م.س، ص 61.

[4] أبن النديم: م.س، ص 401 " القفطي م.س، ص325 " أبن أبي أصيبعة :م.ن، ج 2/ ص 172 .

[5] بێگومان ( أبو العلاو سالم بن جبله) لە زمانی فارسییەوە ( نامەكانی ئەرستۆتالیس بۆ ئەسكەندەر)ی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی چونكە لە كاتی سەركەوتنی ئەسكەندەر بەسەر دارای سێیەمدا ئەم نامانە لە یۆنانییەوە وەرگێڕابوونە سەر زمانی فارسی.

[6] أبن النديم: م.س، ص165 " شاكر مصطفى: م.س، ص 110.

[7] أبن النديم: م.ن، ص 412.

ئەدەبی عەرەبیدا دەرکەوت، ئەویش (ابن المقفع)[1] بوو، کە ناوە بنەڕەتییەکەی (روزبة بن دازویە) بوو، ئەم کەسایەتییە ڕۆڵێکی بایەخداری لە بواری وەرگێڕانی کەلتوور و ئەدەبی فارسی بۆ سەر زمانی عەرەبی گێڕاوە و هەشت کتێبی وەرگێڕا، چونکە لە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسیدا سەرکەوتوو و زمان پاراو بوو، لە گرنگترین کتێبە وەرگێڕدراوەکانی بۆ سەر زمانی عەرەبی وەك (خداینامە فی السیر) و (تأریخ ملوك الفرس) و (آین نامة في مراسیم الملك) و (التاج في سیرة آنو شیروان)، (کتاب سیرة مزدك)، (کتاب الیتیمة في الرسائل) کە سەرجەمی ئەم بەرهەمانە لەناوچوون و نەماون.[2] تەنها سێ کتێبی وەرگێڕاوی (أبن المقفع) لەبەردەستدان، کە ئەوانیش کتێبی (کلیلە و دمنە) لەگەڵ هەردوو کتێبی (الادب الکبیر) و (الادب الصغیر).[3]
لەدوای مردنی خەلیفە هیشام، بارودۆخی سیاسی خەلافەت بەرەو لاوازی و ئاڵۆزبوون رۆیشت، بۆیە بایەخی کەمتر بە بواری بەعەرەبکردنی زانستی درا تا هاتنە سەرتەختی عەباسیەکان و گواستنەوەی بنکەی خەلافەت لە دیمەشقەوە بۆ بەغداد.

## باسی پێنجەم
## بەعەرەبکردنی زانست لە سەردەمی خەلافەتی عەباسیدا

هەوڵەکانی بەعەرەبکردنی زانست لەسەرەتای دەوڵەتی عەباسیدا تا رادەیەك سست بوون، چونکە لە سەردەمی أبوالعباسدا دەوڵەتی عباسیی لە قۆناغی بناغە دارِشتندا بوو، یەکەم هەنگاوی بەعەرەبکردنی زانست لە سەردەمی (أبو جعفر المنصور) (137–158ك)/ (754–775م) لەناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیدا لەئەنجامی پێداویستی ئەو سەردەمەی خەلافەت بە تەعریبکردنی زانستە جۆربەجۆرەکان لە زمانی فارسی و هیندی و یۆنانییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی دەستی پێکرد، کاتێك خەلیفە أبو جعفر المنصور نەخۆش بوو، لەبەر دواکەوتوویی پزیشکی عەرەبی، ناچار بوو (جورجیس بن بختشیوع النسطوري) لە شاری جندیسابورەوە بۆ بەغدادی پایەتەختی خەلافەتی عەبباسی، بۆ چارەسەرکردنی خەلیفە بانگهێشت

---

[1] عبدالله بن المقفع: ئەم کەسایەتییە پێش مسوڵمان بوونی ناوی ( أبا عمرو) بوو بەڵام دوای مسوڵمان بوونی ناوی (أبی محمد)ی لێنرا، بەڵام لەبەرئەوە پێیوتراوە مقفع ( گۆج –دەست چەماوە) چونکە حەجاج لە شاری بەصرە بەقورسی لێیداوە، بۆیە دەستی گۆج بووە/ ابن الندیم: م.ن، ص 166.

[2] م.ن، ص ص 166–167.

[3] شاکر مصطفی: م.س، ص 111.

بکەن.[1] لەکاتی مانەوەی لە بەغداد خەلیفە داوای لێکرد زانیارییەکانی لە چوارچێوەی کتێبێکدا تۆماربکات، ئەویش لەسەر داوای خەلیفە أبو جعفر المنصور کتێبی (الکناش)ی دانا.[2] خەلیفە أبو جعفر جگە لە لایەنی پزیشکی، بایەخی بەلایەنی ئەستێرەناسیش داوە، بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانی دا سوود لە پرۆگرامی ئەستێرەناسی هیندی وەربگیرێت، کە لە سێ بەش پێکهاتبوو (مذهب السند هند، مذهب الاجبهر، مذهب الارکند)، لە ساڵی (154ك–770م) لە ڕێگەی گەردووناسی هیندی کانکا (Kankah) توانی کتێبی (السند هانتا) بگەیەنێتە بەغداد و مەزهەبی (السند هیند) بڵاوبکاتەوە.[3] کە دواتر لەسەر فەرمانی خەلیفە ئەم کتێبە لە لایەن (محمد بن أبراهیم الفزاری)یەوە بەناوی (السند هیند الکبیر) وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی.[4] هەروەها لەلایەنی مۆسیقاشەوە کتێبێك بەناوی (بیافر)ی هیندی بوو بە ناوی (ثمار الحکمة) وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی کە بنەڕەتەکانی ئاوازدانان و داڕشتنی گۆرانی لەخۆ دەگرت، هەروەها لە بواری پاکردنەوەی دەروون و ڕەخنەگرتن لە ڕژێمی فەرمانڕەوا و بەکارهێنانی ئاژەڵ وەکو هێمایەك (ڕەمزێك) بۆ ئەم مەبەستە کتێبی (کلیلە و دمنە) لە کولتووری هیندییەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی فارسی، دواتریش لەلایەن (أبن المقفع) وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی، هەروەها گواستنەوەی زانستی ژمێریاری (علم الحساب) لە کۆمەڵگەی هیندییەوە بۆ نێو کۆمەڵگەی ئیسلامی.[5] بۆ نموونە بەکارهێنانی (سفر) سەرەتا لە کۆمەڵگەی هیندییەوە لە شێوەی بازنەیەك خاڵێکی لە ناودا بوو (.) سەری هەڵدا، بەڵام کاتێك کە گواسترایەوە بۆ نێو کۆمەڵگەی ئیسلامی، عەرەبە مسوڵمانەکانی خۆرهەڵات سفرەکەیان بەبێ بازنەکە بەکار دەهێنا، بەپێچەوانەوە عەرەبەکانی خۆرئاوا تەنها بازنەکەیان بەبێ سفرەکەی ناوی بەکارهێنا.[6] ئەوەی جێگەی سەرنجە، لە ناوەڕاستی سەدەی دووەم بەدواوە، بەعەرەبکردنی زانستی بەشێوەیەکی ئاسۆیی پەرەی سەند، بابەتە زانستییە فارسی و هیندییەکان بەهۆی بزاڤی وەرگێڕانەوە گواسترانەوە بۆ نێو شارستانیەتی

---

(1) القفطي: م . س، ص ص 158–159.

(2) أبن النديم: م.س، ص 401 " محمد الخضرى بك: م . س ( الدولة العباسية)، ص 219.

(3) القفطي: م.س، ص 466 " حكمت نجيب: م.س، ص ص 83–84.

(4) أبن النديم: م.س، ص 371 " شاكر مصطفى: م.س، ص 112.

(5) القفطي: م.س، ص467 " أبراهيم سلمان الكروي و آخرون: م . س، ص 317.

(6) ابن خلدون: م . س: ص 533 " أبراهيم سلمان الكروى: م.ن، ص 242.

ئیسلامی، ئەگەرچی فارسەکان دراوسێی عێراق و بەغدای پایتەختی خەلافەتی ئیسلامی بوون، بەڵام پێگەی جوگرافی هیندستان لە ناوەندی خەلافەتی عەبباسیەوە دووربوو، لەگەڵ ئەوەشدا کەلتوور و بابەتە زانستیەکانی هیند تێکەڵ بەزانیاری و زانستی عەرەبی ئیسلامی بوون. دەتوانین بڵێین: ئەگەرچی جۆرە تێکەڵیەکی راستەوخۆ لە نێوان وڵاتی هیند و خەلافەتی عەبباسیدا نەبوو، بەڵام هەندێك پاشماوەی ئەدەبی و مێژوویی و زانستییەکانی هیند پێشتر لەلایەن فارسەکانەوە وەرگێڕرابوونە سەر زمانی فارسی و دواتر لەلایەن وەرگێڕە فارسەکانەوە وەرگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی، هەروەها لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا فتوحاتی ئیسلامی خۆی گەیاندە وڵاتی سند و کۆمەڵێك کۆیلە راپێچی بازاڕەکانی ناو خەلافەت کران، کە دواتر کەسانی وەك البیرونی (440ك/ 1048ز) یان تێدا هەڵکەوت، کە کەسێکی شارەزا بوو لە زمانی هیندی و عەرەبیدا، لەلایەکی تریشەوە هاتنی هەندێك لە زاناکانی هیند بۆ کۆشکی خەلافەتی عەبباسی لە بەغداد.[1] ئەمانە هەموو هۆکاری گرنگ بوون بۆ گواستنەوەی کەلتوور و شوێنەوارە زانستی و ئەدەبییەکانی وڵاتی هیند بۆ ناو شارستانێتی ئیسلامی، بەناوبانگترین زاناکانی هیند کە رۆڵیان بینیوە لە بەعەرەبکردنی زانستدا، بریتین لە (کانکا الهیندي، صنجهیل، شاناق، منکة الهیندی، صالح بن بهلة).[2] هەروەها (برزویە) کە کتێبی (کلیلەو دمنە)ی لە هیندستانەوە هێنایە ئێران لەسەر داوای پادشای دەوڵەتی ساسانی (أنوشروان بن قباذ بن فیروز) وەریگێڕایە سەر زمانی فارسی، دواتر (عبدالله بن المقفع) وەریگێڕایە سەر زمانی عەرەبی.[3]

هەروەها عەرەبەکان هەوڵیان دا سوود لە کەلتوورو رۆشنبیری و شارستانیەتی یۆنان وەربگرن، بەتایبەتی کاتێك گەلانی یۆنانی روویان کردە ئایینی مەسیحی و وازیان لە بت پەرستیی هێناو زانستەکانی پێشینەکانیان بەلاوەنا، ئەم هەنگاوە لە سەردەمی (أبو جعفر المنصور) سەری هەڵدا، کاتێك داوای لەپاشای رۆم کرد سەرچاوەو کتێبی دەربارەی لایەنی زانست و رۆشنبیری بۆ بنێرێ، ئەویش کتێبی (أوقلیدس) و هەندێك کتێبی دەربارەی زانستی سروشتناسی (علم الطبیعیات) بۆ نارد، زانا مسوڵمانەکانیش

---

[1] أبن الندیم: ناوی ( أبن دهن الهیندی) هێناوە کە سەرپەرشتی نەخۆشخانەی البرمکی کردووە هەروەها ناوی ( جودر– نهق– باکهر راحة– صکة–داهر–آنکو–زنکل–آریکل–جبهر–آندی–جباری) بردووە/الفهرست: ص317.

[2] أبن أبي أصیبعة: م.س، ج 3 / ص ص 50–55.

[3] م.ن، ج 2/ ص 341.

سوودیان لێوەرگرت.[1] لە سەردەمی هارون الرشید (170–193ك)/ (786–808ز) هەنگاوەکانی بەعەرەبکردنی زانست بەردەوام بوو، هارون الرشید (یوحنا بن ماسویە).[2] کە کەسایەتییەکی مەسیحی سریانی بوو، سەرجەم ئەو کتێب و دەستنووسانەی کە لە ئەنقەرە و عەمووریە و وڵاتی رۆم وەکو تالآنی جەنگ دەسیان بەسەردا گیرابوو.[3] بۆ ئەم مەبەستەش چەندین نووسەری بەتوانای خستە ژێر دەستی (یوحنا بن ماسویە)، ئەم کەسایەتییە لەبواری بەعەرەبکردنی زانستدا لە سەردەمی خەلیفە (المأمون– المعتصم– الواثق– المتوکل)یش[4] هەر بەردەوام بوو یەکێك لە هەوڵەکانی تری خەلیفە هارون الرشید، دامەزراندنی (خزانە الحکمە) بوو، کە لەلایەن بنەماڵەی (آل نوبخت)ەوە سەرپەرشتی دەکرا، بەتایبەتی (أبو السهل الفضل بن نوبخت) کە خاوەنی کۆمەڵێك بابەتی وەرگێڕدراو بوو لە زمانی فارسییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی.[5]

سەرەڕای رۆڵی بنەماڵەی (بەرمەکییەکان) کە دەستێکی باڵایان هەبوو لەبواری هاندانی پرۆسەی وەرگێڕان و بەعەرەبکردنی زانست و یارمەتیدانی وەرگێڕەکان بە پارەو خواردەمەنی و خۆراك، ئەمەش وایکرد کە پرۆسەی بەعەرەبکردنی زانستی لە سەردەمی (هارون الرشید) بەهێزتر و بە دیسپلینتر بێت، لە بەراوردا لەگەڵ سەردەمی (أبو جعفر المنصور)دا.[6] لە سەردەمی خەلیفە المأمون (198–218ك) – (813–833م).[7] هەوڵدان بۆ بەعەرەبکردنی زانست گەیشتە ئەوپەڕی، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە خەلیفە المأمون هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ بۆ بەدەستهێنانی کتێب و دەستنووس و گەنجینەی زانستیی بیانی، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ئاسیای بچووك، کە بەزمانی یۆنانی بوون، تا بگوازرێنەوە بۆ نێو گەنجینەی زانستی و رۆشنبیریی ئیسلامی، کە بە (بیت الحکمە) ناسرابوو، بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستەش خەلیفە المأمون پارەیەکی زۆری تەرخانکرد.[8] یەکێك لە بەناوبانگترین

---

(1) أبن خلدون: م. س، ص 531

(2) أبن جلجل: م. س، ص 65.

(3) أبن القفطي: م.س، ص 380.

(4) أبن النديم:م.س، ص 400.

(5) م.ن، ص 375.

(6) محمد الخضري بك: م.س، ص219.

(7) السيوطي: م . س، ص ص 362–391.

(8) كارل بروكلمان: م.س، ص ص 202–203.

وەرگێڕەکان (قسطا بن لوقا البعلبکي) بوو، کە لە سەردەمی خەلیفەکانی عەبباسیدا توانی خۆی بگەیەنێتە وڵاتی رۆم و ژمارەیەکی زۆر دەستنووس و کتێبی کۆکردەوە، دواتر پاش گەڕانەوەی بۆ شام لەلایەن خەلافەتی عەباسییەوە بانگهێشتی شاری بەغدا کرا، بۆ ئەوەی لە بواری وەرگێڕاندا لە زمانی یۆنانییەوە بۆ زمانی عەرەبی کاربکات.[1] ئەمەش هەوڵێکی تری بەعەرەبکردنی زانستییە لە کولتووری یۆنانییەوە بۆ زمانی عەرەبی.

سەبارەت بە بەخشینی پارە و یارمەتی لە پێناوی بەعەرەبکردنی زانستەکاندا، (أبن أبی أصیبعە) ئاماژە بەوە دەکات کە خەلیفە المأمون بەرامبەر کێشی کتێبە وەرگێڕدراوەکە ئاڵتونی بەخشیوە.[2] ئەم بۆچوونە ئەگەرچی هەندێك زیادەڕەوی تێدایە، بەڵام ئاماژەیەکە بە هەوڵی راستەقینە و خواستراوی خەلیفەکانی عەبباسی بۆ گواستنەوەی کەلتوور و زانستی گەلانی تر بەتایبەتی فارس و یۆنان و رۆمەکان بۆ نێو شارستانیەتی ئیسلامی. هەروەها نەوەکانی (بنی شاکر) محمد و أحمد و الحسن کە سەرپەرشتی کاروباری وەرگێڕانیان دەکردو مانگانە (500) دیناریان دەبەخشی بە هەریەك لە (حنین بن أسحاق و حبیش أبن الحسن و ثابت بن قرە) بۆ مەبەستی دابینکردنی پێویستی و گواستنەوە.[3] هەندێك بۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بە بایەخدانی خەلیفە المأمون بەلایەنی زانستی، چەند مێژوونوسێك باس لەوە دەکەن، کە خەلیفە المأمون لە خەودا ئەرەستۆتالیسی (أرسطوطالیس) بینیوە، کە خەبەریبۆتەوە پرسیاری لەبارەیەوە کردووە! پێیان وتووە، کە ئەو کەسایەتییە لە وڵاتی رۆم بووە، لەئەنجامدا ئەویش پادشای رۆمی راسپاردووە و داوای زانیاری دەربارەی ئەرەستۆتالیس و زانیاریی پێشینەکانی لێکردووە، پاش رازی بوونی پاشای رۆم، لیژنەیەکی بەرەو وڵاتی رۆم رەوانە کردووە کە پێکهاتبوون لە (الحجاج بن مطر- یوحنابن البطریق- سلمان صاحب بیت الحکمة)، هەندێکی تر دەڵێن (یوحنا بن ماسویە)یەش لەگەڵ ئەم لیژنەیە بوو، لە یەکێك لە کۆشکە دێرینەکانی رۆم لە سەردەمی بت پەرستیدا، پاشماوەیەکی زانستی زۆر جێمابوو، پاش راوێژکردنی پاشای رۆم بە پیاوانی ئایینی، رێگەی پێدان بۆ سوود وەرگرتن لەو کەرەستەو کتێب و پاشماوانە، ژمارەیەکی زۆریان لێگواستەوە بۆ بەغدای پایتەخت، لە دواتردا خەلیفە

---

[1] أبن الندیم: م.س، ص 399 " أبن جلجل: م .س، ص 76 " القفطي: م.س، ص 464.
[2] عیون الانباء في طبقات الاطباء، جـ 2/ص 143.
[3] أبن الندیم :م.س، ص 371 " القفطي :م.س، ص173 " أبن أبي أصبیعة: م.ن، جـ 2/ ص 143.

المأمون (حنين بن اسحاق)ی راسپارد بۆ وەرگێڕانی ئەوکتێبانە، چەند بتوانێت، هەروەها سەپەرشتی کردنی ئەوانی دیکەش کە خەریکی وەرگێڕانی کتێبەکانن.[1]

خەلیفە المأمون سەر بە کۆمەڵەی معتزلی بووە و پشتگیرییەکی تەواوی معتزلەکانی کردوە، بۆ مەبەستی برەودان بەلایەنی مەزهەبی و فکری معتزلەکان، وەرگێڕەکانی هانداوە تا کتێبەکانی تایبەت بە بواری فەلسەفە وەرگێڕن، واتە هۆکارەکە سیاسی و مەزهەبی بووە.[2] لە سەردەمی خەلیفە المعتصم[3] (218–227ك)دا بارودۆخی خەلافەت لە بواری رۆشنبیری و زانستییەوە لاواز بوو، هەروەك ألسیوطي دەڵێت ((وكان عرياناً من العلم)).[4] واتە هیچ بایەخی نەدەدا بەلایەنی زانستی.

لەدوای خەلیفە المعتصم، کوڕەکەی بە ناوی (الواثق بالله) بوو بە خەلیفە (227–232ك) لەم سەردەمەدا، گەورەترین کێشە کە رووبەڕوی کۆمەڵگەی ئیسلامی بووەوە، بریتی بوو لە کێشەی (خلق القرآن)، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە خەڵکی روو بەڕووی تاقیکردنەوە سەبارەت (خلق القرآن) بکرێنەوە، المسعودی دەڵێت: "خەلیفة الواثق بالله کەوتبووە ژێر کاریگەریی دوو کەسایەتی کە ئەوانیش أحمد بن أبي داؤد و محمد بن عبدالملك الزيات" [5] بوون، بەڵام هەندێك جار ئەم وەرگێڕانانە پڕ بە پڕی دەقە بنەڕەتییەکە نەبوون، چونکە ئەم وەرگێڕانانە لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر، یان لە سەدەیەکەوە بۆ سەدەیەکی تر، یان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ئەنجام دەدران. نووسەرێکی گەورەی وەکو (الجاحظ) پێی وایە کە وەرگێڕ هەرگیز ناتوانێت بەشێوەیەکی تەواو بیرۆکەی (فکرە) نووسەرەکە دەربڕێت، متمانەی زانستی خۆی بە راستگۆیی جێبەجێ بکات، وشەکانی بەهەمان واتای خۆی، دەربڕینەکان و لێکدانەوەکان وەکو خۆیان بگوازرێتەوە بۆ زمانی نەتەوەیەکی تر، (الجاحظ) پێی وایە

(1) أبن النديم:م.ن، ص ص 334–335 " القفطي:م.ن، ص30 " أبن أبي أصيبعة:م.ن، ص ص 142–143.

(2) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بگەڕێرەوە بۆ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بەعەرەبکردنی زانست هۆکاریپێنجەم، ل ل 34–35.

(3) بایەخی بەڕەگەزی تورك دەدا، هاوشێوەی ئەوانیش رەفتاری دەکرد، ژمارەی رەگەزی تورك لەسەردەمی ئەودا لە شاری بەغداد زیادی کرد، بۆیە دانیشتوانی بەغداد داوایان لێ کرد بەخۆی و رەگەزی تورکەکانەوە شارەکە بەجێ بهێڵێت، ئەویش ناچار بوو شاری بەغدادی جێ هێشت و لە سامرراو ( سرَّ مَن رآی) پایتەختی خۆی لە ساڵی (220ك) دامەزراند/ أبن قتيبة الدينوري: المعارف، صححه وعلق عليه محمد أسماعيل، دار أحياء التراث العربي، بيروت، (1390ه–1970م)، ص 171.

(4) تأريخ الخلفاء، ص ص 392–399

(5) مروج الذهب ومعادن الجوهر، ج 3/ص ص 477–478 .

که هیچ کاتێك (أبن البطريق، أبو القرة، أبن المقفع) نابنه ئەرستۆتالیس و خالید بن یزید بن معاویەش هەرگیز نابێتە ئەفلاتون (أفلاطون).[1]

## باسی شەشەم
## رۆڵی نەتەوە نا عەرەبەکان لە بنیاتنانی شارستانیەتی ئیسلامیدا

شارستانیەتی ئیسلامی لە رووی رووبەری جوگرافییەوە پانتاییەکی فراوان لەخۆ دەگرێت، هەر لە باشووری خۆرئاوێی ولاَتی (چین)ەوە تا کەنارەکانی سەر زەریای ئەتڵەسی، کەوتۆتە ژێر رکێفی ئەم شارستانیەتەوە، چەندین نەتەوەی جیاواز لەیەکتر، کە پێشتر خاوەنی شارستانی و رۆشنبیریی پێشکەوتوی خۆیان بوون بەخواستی خۆیان بێت یان بەزۆر و بەزەبری شمشێر مسوڵمان بوون و پەیوەست بوون بە ئایینی ئیسلامەوە، یان بەخۆشی خۆیان، ئەوەی لێرەدا گرنگە وەلاَمی ئەم پرسیارانەیە: ئایا ئەم نەتەوانە پاش مسوڵمان بوونیان هیچ رۆڵێکیان لە بوونیادی شارستانیەتی ئیسلامیدا بینی ؟!

ئایا بەشداریی ئەم نەتەوانە لە بوارە زانستیەکان و رۆشنبیری شارستانی ئیسلامی تا چەند بووە؟ ئایا نەتەوەی بالاَدەست (عەرەب) دان دەنێت بە بەشداریی نەتەوە بن دەستکراوەکانی ژێر دەسەلاَتی خەلافەتی ئیسلامیدا یان خۆی بەتاکە جەمسەر و بەتەنها خاوەنی ئەم شارستانێتییە دەزانێت ؟!

أبن خلدون دەڵێت: (ئەگەر ئەعرابیەکان دەست بگرن بەسەر هەر ولاَتیکدا، ئەو ولاَتە دەبێت بە وێرانە، چونکە عەرەب خاوەنی سروشتێکی دڕندانەیە، نەتەوەیەکی دەشتەکی بوون و شارنشین نەبوون، زیاتر بەجەنگ و تالاَنکردنەوە خەریکبوون کەمتر لەوە بایەخ بە زانست و زانیاری دەدەن، ئەگەر بە ولاَتێکدا تێپەڕن دوای سەرکەوتنیان بەسەریدا ئەوا دەستدەکەن بە تێکدانی و سەقفەکەی دەڕوخێنن بۆ ئەوەی رەشماڵەکانیان تێدا هەڵبدەن.[2] دیارە أبن خلدون بەبێ هۆ و لە خۆڕا ئەم تێڕوانینەی بۆ نەتەوەی عەرەب لا گەلاَڵە نەبووە.

ڕەگەزی عەجەم، بەتایبەتی فارسەکان، هەر لە کۆنەوە خاوەنی ئایین و شارستانیەت و کلتووری خۆیان بوون، هەروەها لە زانستەکان بە گشتی و بە زانستە

---

(1) أبن منظور :تهذيب كتاب الحيوان، تحـ: محمد جبر عبدالحميد، دار الجيل، بيروت، ( 1413ه – 1992م)، ص 186.

(2) أبن خلدون: م.س، ص165 " سەلام عبدالله:بزوتنەوەی شعوبیەت لە مێژووی ئیسلامدا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ( سلێمانی–2004ز)، ل 63.

عەقڵییەکان ئاشنا بووبوون، کە هەندێ سەرچاوە لە پێش ئیسلام و لەدوای ئیسلامیش بە کانگای زانست ناویان بردوون.[1] لەم بوارەشدا لە فەرمودەیەکدا هاتووە، کە دەفەرمووێ: (لو كان العلم بالثريا لتناوله رجال من فارس).

واتە: (ئەگەر زانست بچێتە سەر ئەستێرەی سوورەییا ئەوا پیاوانێك لە فارس دەستیان دەیگاتێ).[2]

فارسەکان پیاوی رۆشنبیری زۆریان هەبووە، وەك بنەماڵەی بەرمەکیەکان و (الفضل بن سهل) و (حسن بن سهل) و (ابن المقفع...الخ) کە ئەمانە کاریگەرییان لەسەر هزرو ئەدەبی ئیسلامی هەبوو، بەحوکمی تێکەڵ بوونی رۆشنبیریی فارس بە رۆشنبیریی ئیسلامی.[3] (أبن خلدون) و هەروەها لە دوای ئەویش (حاجی خلیفە) پێ دادەگرن لەسەر ئەوەی هەڵگرانی زانستی فەرمودە (علم الحديث) زۆربەیان لە رووی رەگەزەوە یان لە رووی زمان و ژینگەی پەروەردەییەوە (ئەعجەمن)، هەروەها زانایانی بنەماکانی فیقە (أصول الفقه) زۆربەیان عەجەمن و زانایانی زانستی وتووێژ (علم الكلام) و زۆربەی موفەسیرەکانی قورئان عەرەبین.[4]

## باسی حەوتەم
## گرنگترین دەرەنجامەکانی بەعەرەبکردنی زانست.

سەبارەت بە ماوەی سەرهەڵدان و بەردەوام بوونی بزاڤی بەعەرەبکردنی زانست دەتوانین بڵێین: لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمەوە دەستی پێکردوە تا کۆتایی سەدەی چوارەم بەردەوام بووە.[5] لەماوەی ئەم دوو سەدە و نیوەدا پرۆسەی وەرگێڕان و گواستنەوەی پاشماوە زانستی و شارستانێتییەکانی فارس و هیند و یۆنانییەکان بۆ نێو کەلتوور و شارستانێتیی عەرەبی ئیسلامی، کۆمەڵێك گۆڕانکاری و دەرەنجامی لێکەوتەوە، کە گرنگترینیان بریتیین لە:

---

(1) محمود اسماعيل: تأريخ الحضارة العربية الاسلامية، مكتبة الفلاح، ( الكويت–1990م)، ص 126.

(2) الهيثمي: مجمع الزوائد،، دار الفكر، بيروت، 1992م، ج12/ ص171.

(3) أنور الرفاعي: الآسلام في حضارته ونظمه الادارية والسياسية والادبية والعلمية والاجتماعية والاقتصادية والفنية، مطبعة دار الفكر، ( بيروت–1986م)، ص 526.

(4) المقدمة، ص 601 " مقدمة كشف الظنون، ص 41.

(5) أبراهيم سلمان الكروي: م.س، ص477.

- هەندێك لە نەتەوەكان، بەتايبەت فارس، پێش دەست بەسەراگرتنى عەرەبە مسوڵمانەكان بۆ ناوچەكانى خۆرهەڵات، لەڕووى سياسى و ئيدارى و سەربازييەوە نەتەوەيەكى باڵادەست بوون، لەڕووى شارستانێتى و رۆشنبيرييشەوە زۆر پێشكەوتوو بوون.[1]

كاتێك دەسەڵاتى سياسييان لە دەست دا، هەمان بارودۆخى شارستانێتى و رۆشنبيرى و زانست خۆيان لەناو چوارچێوەى خەلافەتدا پاراست.[2] كاتێك دەوڵەتى عەبباسى دامەزرا، رەگەزى فارسى رۆڵێكى گەورەى تێدابينى، زانا و رۆشنبيرانى فارس توانيان خۆيان فێرى زمانى عەرەبى بكەن، مێژوو وئايين و كولتوورى فارس لە دوو توێى ئەو كتێبانەى كە وەريانگێڕا بخەنە روو، يان لە شيعر و ئەدەبياتى ئەو شاعيرانەى كە بە بنەڕەت فارس بوون، ئەم بير و بۆچوونانە لە چوارچێوەى بزاڤێكى نارێكخراودا خۆى نواند، كە دواتر بە بزاڤى گەلپەرستى (الشعوبيه)[3] ناسران، ئەم بزاڤەش لە بيرۆكەيەكى سياسى و ئەدەبيدا خۆى دەنواند، كە ئايينى كردبوو بە دروشمێك بۆ خۆى و لەنێوان رەگەزە ناعەرەبەكاندا سەرى هەڵدا.[4] چەندين كەسايەتى بەناوبانگ، شاعير و ئەديب و زمانزان، لەنێو ئەم بزاڤەدا هەڵكەوت، كە هەموويان لە بنەڕەتدا لە رەچەڵەكى عەجەم بوون (ناعەرەب بوون) كە هيچ عەرەبێك لەنێو دەوڵەتى خەلافەتدا شانى لە شانيان نەدەدا، وەك (أبن المقفع، أبو العوجاء، أبو العتاهية، بَشّار بن بُرد، حماد عجرد، مطيع بن أياس، يحى بن زياد، على بن خليل... الخ).[5]

---

(1) أبراهيم سلمان الكروي: م.ن، ص ص 17–18.

(2) شاكر مصطفى: م.س، ص 113.

(3) الشعوبيه ( گەل پەرستى): گروپێكن فەزڵى عەرەب نادەن بەسەر عەجەمدا، شعوبى ئەو كەسانەن كە بەسووك سەيرى عەرەب دەكەن، بەتايبەتى ئەو كەسايەتييە مەواليانەى كە لەنێو هۆزە عەرەبيەكاندا هەڵكەوتن كە لەڕەگەزدا عەجەم بوون، هەروەها دەستيان كرد بەزيندوو كردنەوەى زمان و ئەدەبى فارسى و نرخ و بەهاى زمانى عەرەبييان بەچاوێكى كەم تەماشا دەكرد/ الجاحظ: البخلاء، تحـ طه الجابري، مطبعه دار المعارف، ( القاهرة–1958م)، ص 228 " محمد بن أبي بكر عبدالقادر: مختار الصحاح، ( بيروت – 1981م)، ص 338 " ابن المنظور: معجم لسان العرب، تحـ أمين محمد عبدالوهاب، دار أحياء التراث العربي، ( بيروت–1986م) جـ7/ ص 128،

(4) دائرة المعارف الاسلامية: تحرير وترجمة: احمد شنتاوي واخرون، ( القاهرة: 1933)، ( مادة الشعوبية) جـ 13/ ص ص 315 – 316 " الفيروز آبادي: القاموس المحيط، جـ 1/ص 88 " عبدالوهاب الكيالي: موسوعة السياسة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، (بيروت – 1999م)، جـ 3/ ص 483 .

(5) الثعالبي: ثمار القلوب في المضاف والمنسوب، تحـ، محمد أبو الفضل أبراهيم، دار النهضة للطبع والنشر، ( القاهرة – 1965م)، ص 176 " أبن النديم: م.س، ص ص 50 – 90 –118– 120 .

- فراوان بوونی زمانی عەرەبی لە رووی زاراوەی زانستی و وتەو دەربڕینی فەلسەفیەوە.[1]

زمانی عەرەبی بەهۆی وەرگێڕانەوە (بەعەربیکردنی زانست) توانی بچێتە دنیای زانست و فەلسەفەوە و بە دەستەواژەو وشەی زمانە بیانییەکان دەوڵەمەند کرا، لە زمانێکی کۆچەرییەوە (البدوي) گۆڕا بۆ زمانێکی شارستانێتی، چەندین زاراوەو وشە لەناو زمانی عەرەبیدا لە دایك بوون و ئەگەر وشەیەك ماناکەی لە زمانی عەرەبیدا نەبووایە ئەوا هاوواتاکەی لە زمانی بیانیەوە وەردەگیرا، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە بەعەرەبکردنی زانست خزمەتێکی گەورەی بەزمانی عەرەبی کرد، هاوشێوەی بازدانێکی شارستانی لە سەدەی دووەم بەدواوە، بوو بە زمانی نوسین و داڕشتنی کتێب.[2] لە بواری پزیشکیشەوە ناوی هەندێك دەستەواژەی پزیشکی هاتە نێو زمانی عەرەبییەوە، وەك (السوداء) رەشایی، (البلغم) بەڵغەم، (التخمة) تێربوون زیاد لەسنوور، ناوی داودەرمان (الأدوية)، هەروەها ناوی کاریگەری دەرمانەکان وەك (المرطب) شێدارکەر، (الكاوي) داخکەر، (المعرق) ئارەق پێکەر، (الترياق) بێهۆشکەر، لەگەڵ ناوی هەندێك نەخۆشی وەك (النكاف) ملە خڕێ، (الربو) هەناسە توندی، (القولنج) کۆڵنج، (المنخوليا) مەنگۆلی، (الصرع) فێ، (الصداع) سەرئێشە.[3]

هەروەها ناوی هەندێك دەستەواژەی فەلسەفیش هاتە نێو زمانی عەرەبییەوە وەك (الوجود) بوون، (النفی) نەبوون، (الحركه) جووڵە، (العدم) نەبوون، هەروەها هەندێك دەستەواژەی سۆفیگەریی زانستی وتووێژ (علم الكلام) لەنێو زمانی عەرەبیدا سەریان هەڵدا وەك (الهيولى) کەرەستەی سەرەتایی، (القياس) پێوانە و سەرهەڵدانی چەند دەستەواژەیەکی ئەعجەمی وەك (الكون) گەردوون، یان ئەو وشانەی کە لایەنی نەرێ (النفی)یان لەگەڵدایە، وەك (اللانهايه) بێکۆتایی، (اللا أراديه) ناویستخوازی، هەروەها داڕشتنی واتا لە وشە وەك (الكيفيه) چۆنێتی، (الكميه) چەندێتی.[4]

- گەشەکردنی ئەدەبی عەرەبی بەهۆی گواستنەوەی دەربڕین و بیروباوەڕو مانای نوێ لە رێگەی هەوڵەکانی بەعەرەبکردنی زانستییەوە، سەرەڕای هێنانی دەقی شیعری و ئەدەبی وسود وەرگرتن لە پێوانە و زانیاری

---

[1] عمر فروخ: م . س، ص 120 " حكمت نجيب: م . س، ص 28.

[2] الفهرست: م . س، ص ص 250 – 251 .

[3] شاكر مصطفى: م . س، ص 136.

[4] شاكر مصطفى: م . ن، ص 136.

بیانی بۆ چارەسەرکردنی کۆمەڵێك زانستی شەرعی و زمان.[1] بەتایبەت پاش ئەوەی کە ململانێ و راگۆڕینەوە لە گفتوگۆیەکی ئاینی رووتەوە گۆڕاو بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەلسەفی، زاناکان بایەخیان دا بە وەرگێڕان بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانستی و هۆشیاری نەك بۆ پلەو پایەو سەروەت و سامان، ئەمەش وایکرد فەلسەفەی یۆنانی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا رۆشناییەکی نوێ ببەخشێت بەبواری ئەدەبی و زمان وئایینی.[2]

- وەرگێڕەکان ئامرازێکی سەرەکی بوون بۆ هەڵسووڕاندنی پرۆسەی بەعەرەبکردنی زانست و دەوڵەمەندکردن و بەشارستانی کردنی کەلتوور و بوارە زانستییەکانی ژیانی کۆمەڵگەی عەرەبی ئیسلامی، ئەوەی جێگەی سەرنجدانە، ئەم وەرگێڕانە زۆرینەیان لە رەگەزی ناعەرەب بوون و دەبووایە پێش وەرگێڕانی بابەتەکان خۆیان بەباشی فێری زمانی عەرەبی بکردایە، تەنانەت وەرگێڕان بوو بە پیشەیەکی زانستی، بەشێوازی پشتاوپشت لە باوکەوە بۆ کوڕەکانی جێدەما، وەك بنەماڵەکانی (آل بختشیوع، آل حنین، آل بطریق، آل قُرَّة).[3]

أبن الندیم: (47) وەرگێڕ لە زمانی هیندی و هەروەها باسی وەرگێڕێکی کوردیش بەناوی (عیسی بن موسی الکردی) دەکات، کە لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی عەرەبی کاری وەرگێڕانی ئەنجام داوە.[4]

- بەشێوەیەکی گشتی زانستەکان لە جیهانی ئیسلامیدا دابەش دەکرێن بۆ دوو بەش، یەکەمیان: زانستە ئەقڵیەکان، ئەم زانستانە بەرهەمی توێژینەوە و لێکدانەوەی ئەقڵن، بەپێی گەشەسەندنی ئەقڵی مرۆڤ و پێشکەوتنی زانست لەوانەیە گۆڕانکاری بەسەردابێت، دووەم: زانستە نەقڵیەکان: ئەم زانستانە بەرهەمی زادەو هزری کۆمەڵگەی ئیسلامین، راستەوخۆ بەستراونەتەوە بە (قرآن و حدیث) لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێتەوە.[5]

---

[1] عمر فروخ: م . س، ص 120 .
[2] حکمت نجیب: م . س، ص 28 .
[3] أبن الندیم: م . س، ص ص 333 – 334 .
[4] م . ن، ص ص 333 – 334 .
[5] حاجی خلیفة: مقدمة کشف الظنون، ص ص 39 – 40 .

زانستە ئەقڵییەکان زۆرینەیان بەهۆی وەرگێڕانەوە گواسترانەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی، لە یۆنانییەوە کتێبە زانستییەکانی وەك پزیشکی و داودەرمان و مەنتیق و فەلسەفە و گەردووناسی و بیرکاری و ئەندازیاری (الهندسە) و مۆسیقا، وەرگێڕران و لە هیندییشەوە زانستەکانی وەك پزیشکی و ژمێریاری و ئەستێرەناسی وەرگێردرا، لە فارسییەوە زانستەکانی وەك ئەدەب و مێژوو و بەڕێوەبردن و چیرۆك و ڕێوڕەسمی دەربار (مراسیم البلاط) وەرگێڕدران.[1] بەڵام زانستە ئەقڵییەکان بەشی هەرە زۆری بەرهەمی زاناو هەڵکەوتووەکانی ئەعجەمن (ناعەرەب)، هەروەك أبن خلدون بە راشکاوانە دەڵێت:"هەڵگرانی زانست لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا زۆربەیان عەجەمن، تەنها بە دەگمەن نەبێت چونکە ئەگەر یەکێکیان لە رەگەزدا عەرەب بێت ئەوا لە زماندا عەجەمییە، بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر لە زماندا عەرەب بێت ئەوا لە رەگەزدا عەجەمییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە سەرەتادا ژیانی کۆچەریی بەسەر نەتەوەی عەرەبدا زاڵ بووە، هەروەها زۆربەی فەرمانەکانی شەریعەتیان لە سنگیاندا پاراستووە چونکە عەرەب لەو سەردەمەدا شارەزای زانیاری و نووسین نەبوون".[2] هەروەها حاجی خەلیفە بیرو بۆچوونەکانی أبن خلدون راستدەکاتەوە و دەڵێت: " زانست بابەتێکی شارستانییە، عەرەبیش زۆر دوورە لە شارستانییەوە و پاشکەوتی عەجەمن، لەبەرئەوەی عەجەمەکان هەر لە سەردەمی دەوڵەتی فارسەکانەوە خاوەنی شارستانێتێکی پتەوبوون، تەنانەت دانەری رێزمانی عەرەبی (النحو)، (سیبویە) [3] و

[1] أبراهیم سلمان الکروی: م . س، ص 474 .

[2] المقدمە، ص 600.

[3] سیبویە: ناوی تەواوی ( عمرو بن عثمان بن قنبر) لە رەگەزدا فارسە، بەڵام مەوالی سەر بە بنەماڵەی ( بنو حارث بن کعب بن عمرو) بووە، بۆیە پێی وتراوە سیبویە چونکە بە منداڵی بۆنی خۆش بووە وەك بۆنی سێو، لە تەمەنی سی ودوو ساڵیدا لە سەردەمی خەلیفە هارون الرشید هاتۆتە عێراق بە دامەزرێنەری (علم النحو) دادەنرێت/ أبن الندیم: م . س، ص 79 ، یاقوت الحموي: معجم الأدباء، دار المستشرق، ( بیروت – 1924)، ج 16/ ص ص 114 – 117.

(الفارسی) [1] و (الزجاج) [2]، كه هه‌موویان له ره‌گه‌زدا عه‌جه‌م بوون، به‌لاَم به‌تێكه‌ڵ بوونی عه‌ره‌ب فێری زمانی عه‌ره‌بی بوون. [3]

---

[1] الفارسی: ناوی ته‌واوی ( أبو علی بن أحمد بن عبدالغفار النحوي) له ساڵی ( 370ك) مردووه به‌ره‌گه‌ز فارسه خاوه‌نی كۆمه‌ڵێك كتێبه له‌وانه ( كتاب الحجة، كتاب التذكرة، كتاب أبيات الأعراب، كتاب شرح أبيات الأيضاح، كتاب مختصر عوامل الأعراب) هه‌روه‌ها ( كتاب المصلحه)ی له ( ألزجاج) وه‌رگرتووه/ أبن النديم: م . ن، ص 97.

[2] الزجّاج: ناوی ته‌واوی ( أبو أسحاق أبراهيم بن محمد بن السري)ه كه به‌ره‌گه‌ز فارسه یه‌كێكه له هاوه‌ڵه كۆنه‌كانی المبرد، سه‌رپه‌رشتی په‌روه‌رده كردنی منداڵه‌كانی خه‌لیفه ( المعتضد)ی كردووه، یه‌كێك بووه له به‌ناوبانگترین زمانه‌وان و نه‌حویه‌كانی سه‌رده‌می خۆی/ أبن النديم: م . ن، ص 92.

[3] مقدمه كشف الڤنون، ص 41.

## بەشی دووەم

# بەعەرەبکردنی زمان لە وڵاتی کورددا

لەگەڵ گەیشتنی ئایینی ئیسلام بۆ وڵاتی کورد، کاتێك سوپای عەرەبی ئیسلامی لە دەروازەکانی ئەم وڵاتەیان دا، شار لە دوای شار و ناوچە لە دوای ناوچە لەلایەن سوپای عەرەبی ئیسلامییەوە کۆنترۆڵ کران، بە پایتەختی ئیسلامییەوە گرێ دران، سەرەڕای کۆمەڵێك کارەساتی مێژوویی بە ئیسلام بوونی کورد، ژیانی ئابووری و کەلتوری و فیکری و رۆحی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەردا هات. [1]

(أحمد بن أبو بكر النبطي الكلداني) دەڵێت: " لەدەوروبەری سەدەی دەیەمی پێش زاین (ماسی سورات) جۆرە پیتێکی داهێنا، کە دواتر بەناوی خۆیەوە ناو برا، هەتا هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان کورد ئەم نووسینەی بەکار هێناوە". [2] هەر وەك (محمد مەردۆخ) دەڵێت:" لەسەدەی شەشەمی پێش زایندا جۆرە پیتێك داهاتووە پێی وتراوە (پیتی ئوستائی)، تا دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام کورد لە نووسینا بەکاریان هێناوە و پێیان نووسیوە، لەهەمان کاتدا نوسینی ئارامی و لاتینییان بەکارهێناوە، بەڵام لە پاش سەپاندنی دەسەڵاتی ئیسلام لە ناوچەکەدا، وازیان لەم پیتانە هێناوەو بە پیتی کوفی عەرەبی نوسیویانە ". [3]

ئەمەش رێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد، سەرجەم ئەو بەرهەمانەی کە لەلایەن زاناو شارەزایانەوە نووسرانەوە بۆ دواتر بەجێمان، بەزمانی عەرەبی بنووسرێن و باشترین وزەی فیکری و زانستی کولتووری نەتەوەییشمان بۆ خزمەتی فیکر و کەلتوری عەرەبی ئیسلامی تەرخانکرا. [4]

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: بەعەرەبکردن بە دوو ئاراستە ئەنجام دراوە:

---

[1] کەیوان ئازاد ئەنوەر: کورد لە چەند تۆمارێکی مێژوویدا: ( سلێمانی–2005م)، لا 19.

[2] عەتا قەرەداخی: کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر ئێمە، وەزارەتـــی رۆشنبیری، سلێمانی، 2001م، ل70، لە/ أحمد بن أبوبكر الكلداني: شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام، ص 63 وەرگرتووە .

[3] مێژووی کوردو کوردستان، چابخانەی سەرکەوتن، ( بەغداد–1958ز): بەرگی 1/ لا 53.

[4] کەیوان ئازاد ئەنوەر: م . س، لا لا 19 – 20 .

**یەکەم:** ئاراستەی مرۆیی، کە بریتییە لە کۆچ کردنی هۆزە عەرەبەکان لە سنووڕێکی بەرفراواندا بۆ ناوچە فەتحکراوە نوێکان و نیشتەجێبوونیان لە گوند و شارەکان بۆ بەعەرەبکردنی ئەو ناوچانە.

**دووەم:** ئاراستەی رۆشنبیری و کارگێری: کە لە باڵادەستی زمانی عەرەبی لە دیوانەکان (الدواوین)، کارگێریدا (الأدارة) خۆی دەنوێنێت، کە ئەوەش لەئەنجامی پیادەکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن لەلایەن ئومەوییەکانەوە هاتە ئاراوە، هەروەها باڵادەستی زمانی عەرەبی لە بواری رۆشنبیریدا، چونکە بووبووە زمانی رۆشنبیریی ئەو سەردەمە، سەرەڕای ئەوەی کە زمانی سیاسەت و بەڕێوەبردن بوو.[1]

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە سیمای بەعەرەبکردن بەئاشکرا بە دەسەڵاتی عەرەبی ئیسلامییەوە دیارە، ئەمەش لە ئەنجامی دوو هۆدا:

1. لەبەرئەوەی نەتەوەی عەرەب لە هەرەمی دەسەڵاتی خەلافەتی عەرەبی ئیسلامیدا کەوتونەتە پێش کورد و نەتەوەکانی ترەوەو بوونەتە نەتەوەی خاوەن دەسەڵات.
2. هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایینی ئیسلام بەزمانی عەرەبی و بۆ پێغەمبەرێکی عەرەب و لەسەر خاکی عەرەب هاتۆتە خوارەوە، ئەمەش بواری بۆ عەرەبە شۆفێنییەکان خۆش کردووە، کە پەیامی ئیسلام بکەنە بەڵگەی مەزنی و گەورەیی نەتەوەیی خۆیان.[2]

لێرەوە زمانی عەرەبی لە وڵاتە فەتحکراوەکاندا بووە زمانی سیاسەت و رۆشنبیری، هەروەها بووە زمانی زانا و لێکۆڵەرەوەکانیش، سەرجەم بەرهەمەکانیان بەزمانی عەرەبی دەنوسرایەوە، ئەم بارودۆخەش تا کۆتایی هاتنی دەوڵەتی عەبباسی بەردەوام بوو.[3] بەم شێوەیە عەرەبە موسوڵمانەکان ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبییان بەکارهێنا بۆ بەرەو شارستانیی نوێ، مەبەستی سەرەکیشیان لەوە بریتی بوو لە فراوانکردنی زمانی عەرەبی وگەشەپێدانی بۆ ئاستی زمانێکی شارستانی و خواستنی زانستەکانی ئەو سەردەمە لە رێگای زمانی عەرەبییەوە.[4]

---

(1) عبدالعزیز الدوري: الجذور التأريخية للقومية العربية، دار العلم للملايين، بيروت، ( د.ت)، ص18.

(2) عەتا قەرەداخی/ س . پ، لا 63.

(3) ناجي معروف: م . س، ص 79.

(4) شاكر مصطفى :م.س، ص 138.

## باسی یەکەم
## هۆکارەکانی بەعەرەبکردنی زمان

بێگومان باڵا دەستی زمانی عەرەبی و فراوانخوازی لەسەر حسابی زمانەکانی تر هەروا بەبێ هۆ نەهاتۆتە ئاکام، گرنگترین هۆکارە یارمەتیدەرکان بۆ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی بەعەرەبکردنی زمان (التعریب اللغوی) بریتین لە:

1. هۆکاری ئایینی: بڵاوبوونەوەی زمانی عەرەبی دەرەنجامی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام بوو، لەبەرئەوە ئەم ئایینە ڕێ خۆشکەر و هاندەر بوو بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم زمانە. [1] لە هەر شوێنێك ئایینی ئیسلام و بنەماکانی بڵاوبوونایەتەوە، لەهەمان شوێن زمانی عەرەبی بڵاودەبووەوە، سەرکەوتنی زمانی عەرەبی وابەستە بوو بە سەرکەوتنی ئایینی ئیسلامەوە، هەروەها پەیوەست بوو بە قبووڵکردنی زمانی عەرەبی لەلایەن نەتەوە ناعەرەبەکانەوە، بەشێوەیەك زمانی عەرەبی بوو بە پێشەنگی زمانی نەتەوەکانی تر، هەروەها بووە زمانی سەرەکی جیهانی ئیسلامی، بەم شێوەیە سەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی زمانی عەرەبی لە ڕووی شارستانێتی و ڕۆشنبیرییەوە کەمتر نەبوو لەسەرکەوتنی فتوحاتی ئیسلامی لە ڕووی ئایینی و سیاسییەوە. [2]

لە ئایینی ئیسلامدا، زمانی قورئان و هەندێ ستایش و خواپەرستییەکان بەزمانی عەرەبی بوون، بەتایبەتی زمانی عەرەبی کە لە ڕووی فۆنەتیك و گرامەر و ئەلف و بێ و ڕێنووس و شێوەی نووسینەوە زۆر لە زمانی کوردی جیاواز بوو. [3]

2. هۆکاری ئیداری: پێشهاتی ئایینی ئیسلام بۆ هەرێمەکانی دەرەوەی نیمچە دوورگەی عەرەبی، تەنانەت تاوەکو سەردەمی خەلیفەکانی ئومەویش کە زمانی کارگێڕی خەلافەتی ئیسلامی لە هەرێمەکانی خۆرهەڵاتدا بەزمانی فارسی بوو، تا لە سەردەمی (الحجاج بن یوسف الثقفي) لەلایەن (صالح بن عبدالرحمن) مەوالی هۆزی "تمیم"، دیوانەکان لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی. [4] هەروەها وەرگێڕانی دیوانەکان بۆسەر

---

[1] نجدت خماش: م . س، ص 189 " شكري فيصل: م . س، ص 108.

[2] توفیق سلطان الیوزبکي م.س، ص ص 19 – 20.

[3] حوسێن محمد عزیز: س . ث، لا لا 36 – 37.

[4] البلاذري:م.س، ص 298 " محمد الخضري بك: م، س ( الدولة العباسیة)، ص219.

زمانی عەرەبی و لەسکەدانی پارەی عەرەبی لە سەردەمی خەلیفە (عبدالملك بن مروان) (65– 86ك).[1] لەم کاتە بەدواوە زمانی عەرەبی بووە زمانی رەسمی دین و دەوڵەت، کاریگەریی زۆری لەسەر زمانی نەتەوایەتی گەلانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی هەبوو، [2]ئەم هەنگاوەش تەنها لەلایەنی کارگێڕییەوە گرنگ نەبوو بەڵکو بووە هۆی پەرەپێدانی زمانی سەرەکی دین و دەوڵەت لە خەلافەتی ئیسلامیدا.[3] ئەم هەوڵەش راستەخۆ دەچێتە خانەی بەعەرەبکردنی زمان و باڵادەستیی زمانی عەرەبی لە بواری سیاسی و ئیداریدا.

3. هۆکاری کۆمەڵایەتی: یەکێك لە دەرەنجامەکانی فتوحاتی ئیسلامی، بڵاوبوونەوەی زمانی عەرەبی بوو لەسنورێکی بەرفراواندا، لەبەرئەوەی نیمچە دورگەی عەرەبی بووە جێگەی سەردانی ئەعجەمەکان (ناعەرەبەکان) بەتایبەتی بۆ بەجێگەیاندنی کاروباری حەج لە شاری مەککە، لەلایەکی تریشەوە لە ئەنجامی شاڵاوەکانی فتوحاتی ئیسلامی بە هەزارەها کۆیلە بەرەو حیجاز و ناوچەکانی تر پەلکێش کران، بەم شێوەیە رەگەزی عەرەب و ئەعجەمەکان لەماڵەوە و لە بازاڕ و لە مزگەوت و لە بۆنە ئایینییەکان تێکەڵ بوون. [4] هەروەها نیشتەجێکردنی ژمارەیەکی زۆر لە هۆزە عەرەبییەکان لە هەرێمە فەتحکراوەکاندا.[5] بێگومان ئەم هۆزانە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامدا زمانی عەرەبیشیان بڵاودەکردەوە، تاوای لێهات زۆربەی نەتەوە فەتح کراوەکان فێری زمانی عەرەبی بن، تەنانەت پێی بدوێن و پێی بنووسن، زمانی عەرەبی لەپاش زمانی بنەڕەتی (نەتەوەیی) بوو بەزمانێکی گشتی بۆ سەرجەم نەتەوە موسوڵمانەکان. [6]

---

[1] اليعقوبي: تأريخ اليعقوبي: دار الكتب العلمية، بيروت، (1419ه–1999م)، جـ 2/ص 96 " المسعودي: مروج الذهب، جـ 3/ص ص 91–100" أبن الاثير: م.س، جـ 2/ ص 645 " السيوطي: :م.س، ص ص 257 – 258.

[2] شوان مستةفا عوسمان: س .ث، لا 17.

[3] حيدر لشكري: الكرد في المعرفة التأريخية الأســـلامية، دار سثيرز للطباعـــة والنشـــر، (دهوك– 2004م)، ص ص 70– 71.

[4] أحمد أمين: م . س، جـ 2/ ص 193.

[5] البلاذري: م . س، ص 182 " قدامة بن جعفر: كتاب الخراج وصنعة الكتابة، شرح وتعليق محمد حسين الزبيدي، (بغداد–1981م)، ص 315.

[6] حكمت نجيب: م . س، ص 15.

4. هۆكاری زانستی (وەرگێڕان) : نەتەوەی عەرەب نەتەوەیەكی دەشتەكی بوون. دووربوون لە شارستانێتی.[1] بەڵام كاتێك كە ئایینی ئیسلام بڵاوبۆوە و قورئان بەزمانی عەرەبی دابەزی، یەكەمین زانست كە لەلایەن عەرەبەكانەوە بایەخی پێدرا زمانەكەیان بوو. دواتر هەوڵەكان چڕبوونەوە لەبواری بەدەستهێنانی زانستە گەردوونیەكاندا (العلوم الكونیە).[2] هەروەها لەڕێگەی وەرگێڕانەوە زمانی عەرەبی چووە نێو جیهانی زانست و فەلسەفەوە. هەزارەها بڕگەو دەستەواژەی نوێ هاتە ناو ئەم زمانەوە، بەم شێوەیە زمانی عەرەبی لە زمانێكی دەشتەكییەوە بوو بە زمانێكی شارستانێتیی.[3]

## باسی دووەم
## شێوازەكانی بەعەرەبكردنی زمان

دەتوانین بڵێین: بەعەرەبكردنی زمان لەدوو شێوازدا خۆی دەنوێنێت، كە ئەوانیش بریتین لە:

- **بەعەرەبكردنی زمان بەشێوازی ئاسۆیی:**

ئایینی ئیسلام كاریگەرییەكی زۆری هەبوو بۆ تێكەڵ بوونی نەتەوەكان، ئەوانەی دەبوونە موسوڵمان لە نەتەوەكانی تر بۆ تەواو كردنی دینەكەیان، گرنگ بوو، كە بە زمانی عەرەبی قورئان بخوێنن و رەوانی بكەن، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵیان دەدا فێری زمانی عەرەبی ببن و خۆیان بەم زمانە رۆشنبیر بكەن، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی ئەو كەسانە فێری دوو زمان ببن، یەكەم زمانی رەسەنی خۆیان، دووەم زمانی عەرەبی، واتە دەكەوتنە ژێر كاریگەریی رۆشنبیری و زمانی عەرەبییەوە.[4]

فەتحكردنی وڵاتی كورد و جێگیربوون و بڵاوبوونەوەی پەیامی ئیسلام لەم وڵاتەدا و هەوڵدانی بۆ چەسپاندنی بنەماكانی خۆی لە باری یەكەمدا، بووە هۆی جێگیربوونی

[1] أبن خلدون: م . س، ص 396.
[2] أحمد بك عيسى: كتاب التهذيب في أصول التعريب، ( القاهرة – 1923)، ص 102.
[3] شاكر مصطفى: م . س، ص ص 135 – 136
[4] أحمد أمين: ضحى الأسلام: جـ 1/ ص 293.

زمانی عەرەبی و ئەلف و بێکەی و نووسین بەو ئەلف و بێیە، ئەمەش بووە هۆی جێگیر بوونی بنەمای زمانێك لە هەست و ئەقڵی تاکی کورددا. [1]

لەبەر ئەم هۆیەش بوو، کە عەرەبە موسوڵمانەکان لە ئاکامی فتوحاتی ئیسلامیدا لە دوو بواردا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا: یەکەم: ئایین، دووەم: زمانی عەرەبی. [2]

زمانی ئایینی ئیسلام (زمانی عەرەبی) کارێکی زۆری لە زمانە نەتەوەییەکانی تر کردووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کاتێك نەتەوەی خاوەن ئایین چەند وڵاتێکیان فەتحکردووە ئایینی ئیسلامییان تێدا بڵاوبۆتەوە، لەهەمان کاتیشدا هەوڵیان داوە لە رێی زمانی ئایینەوە زمانی عەرەبی لەناو ئەم نەتەوە فەتحکراوانەدا بڵاوبکەنەوە، کە ئەمەش بۆتە هۆی کزبوون و لاوازبوونی زمانە نەتەوەییەکان، بەپێچەوانەوە زمانی ئایینی راژەیەکی زۆری بەزمانی عەرەبی کردووە. [3]

القلقشندی دەڵێت: (وقد أنقادت اللغات كلها للغة العرب، فأقبلت الأمم اليها يتعلمونها). [4] واتە زمانەکان هەموویان بەدوای زمانی عەرەبی کەوتن و روویان لە فێربوونی زمانی عەرەبی کرد.

(أحمد أمين) دەڵێت: (لەدوای سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام و بەرپاکردنی فتوحات، زمانی عەرەبی لە هەرێمە فەتحکراوەکاندا بڵاوبۆوە، خەڵکی ئەم هەرێمانە وردە وردە کەوتنە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی، ژمارەیان زۆر بوو، تاوای لێهات ژمارەی ئەوانەی لە هەرێمەکاندا بەزمانی عەرەبی قسەیان دەکرد، چەندین جار لە ژمارەی بەکارهێنەرانی لە نیمچە دورگەی عەرەبی زیاتر بوون). [5] هەموو ئەم نموونانە گەواهی ئەوە دەدەن، کە ئایینی ئیسلام زمانی عەرەبیی خستۆتە سەر شاباڵی خۆی بەهەرێمەکاندا بڵاوی کردۆتەوەو گەشەی پێداوە، کە ئەمەش لە شێوازی ئاسۆیی بەعەرەبکردنی زمانی عەرەبیدا خۆی دەبینێتەوە.

---

(1) عەتا قەرەداخی: ( س، ث)، لا 85.

(2) على حسن الخربوطلي: القومية العربية من الفجر الى الظهر، دار أحياء الكتب العربية، القاهرة – ﴿ د، ت ﴾، ص 65.

(3) حوسین محمد عزیز: س . ث، لا 75.

(4) صبح الاعشى، ج 1/ ص 148.

(5) ضحى الاسلام، ج 2/ ص 191.

## • بەعەرەبكردنی زمان بەشێوازی ستوونی:

مەبەست لە بەعەرەبكردنی زمان بەشێوازی ستوونی، شۆڕبوونەوەی كاریگەریەكانی ئەم زمانەیە بۆ نێو قووڵایی كۆمەڵگەی كوردی، تەنانەت دەركەوتنی ئەم كاریگەرییە لەسەر تاكی كورد لە هەرێمە كوردنشینەكاندا. بەكارهێنانی زمانی عەرەبی لە بواری رامیاری و كارگێڕی و رۆشنبیریدا، كاتێك عەرەبە موسوڵمانەكان هەرێمە كوردنشینەكانیان فەتحكرد، زمانی ئایینی نوێ لە پەرستن و پاڕانەوە، لە خوێندن و نووسیندا، جێی زمانە نەتەوەییەكەی گرتەوە، تاوای لێهات زمانی كوردی تەنها وەك زمانی ئاخافتن مایەوە.[1] دیارە روانینی مرۆڤی كورد بۆ ئایینی ئیسلام و قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەر بەچاوی پیرۆزەوە رێگا خۆشكەر بوو بۆ جێگیر بوونی ئەلف و بێی عەرەبی و زمانی عەرەبی لە وڵاتی كورددا،[2] بێگومان ئەم بایەخپێدانە بە زمانی عەرەبی بەهۆی دوو هۆكارەوە سەرچاوەی گرتووە: یەكەمیان: خوێندن بەزمانی قورئان بوو، كە زمانی عەرەبییە، دووەمیان: زمانی عەرەبی زمانی یاساو دەستوور و شەریعەتی ئیسلامی بوو، بە واتای ئەوەی كە زمانی عەرەبی زمانی سەرەكی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ئیسلامی بوو.[3] لەلایەكی تریشەوە زمانی عەرەبی پێویستییەكی رۆژانەی چینی فەرمانڕەوا ناوخۆییەكان بوو، كە كاروباری كارگێڕییان لە ئەستۆدا بوو، چونكە عەرەبە موسوڵمانەكان لەسەرەتای فتوحاتی ئیسلامیدا

"مەرزەبان"[4] و "دەهقانە"[5] كانیان لە هەندێ ناوچەدا وەكو خۆی هێشتەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان گەلانی بندەست و چینی فەرمانڕەوا رێكبخەن و كاروباری

---

[1] حوسێن محمد عزیز: س . پ، لا 89.

[2] عەتا قەرەداخی: س . پ، لا 86.

[3] هـ . س، لا 86.

[4] مەرزەبان: ناوێكی بەعەرەب كراوە، لە بنەڕەتدا فارسییە، لەسەردەمی ساسانییەكاندا بەمانای فەرمانڕەوای ناوچە سنووریەكان یاخود فەرمانڕەوای دەوروبەر هاتووە، هەندێ جار بەنازناوی ( شاه)یان ( الملك) بانگ دەكرێت، لەسەر كەژاوەیەكی لە زیو دروستكراو دادەنیشێت/ الجواليقي: المعرب من الكلام الأعجمي على حروف المعجم، القاهرة، ( 1361 ه – 1942م)، ص 317، يحيى الخشاب – الباز العريني: ضبط وتحقيق الألفاظ الاصطلاحية التأريخية الواردة في كتاب مفاتيح العلوم للخوارزمي، مستخرج من المجلة التأريخية المصرية (مجـ 7 سنة 1958)، ص 259 " بۆ زانیاریی زیاتر بگەڕێرەوە سەر هەردوو فەرهەنگی علی أكبر دهخدا: لغت نامه، جـ 2، مؤسسه لغت نامه دهخدا، دانشگاه تهران ( 1377هـ.ش– 1998م) – تهران، جلد 13/ ص 20655 " هەروەها: حسن عميد: فرهنگ عميد (اجلدی)، ( چ 13)، چاپخانەی سپهر، تهران – 1377 هـ.ش/1998 م، ص 1075.

[5] دەهقان: ناوێكی بەعەرەب كراوە، لەبنەڕەتدا لە وشەی ( دهگان)ی فارسی وەرگیراوە، كەبەمانای خاوەن گوند یان خاوەن زەوی و زاری ناوچەیەكی فراوان هاتووە/ الجواليقی: م.س: ص146 " محمد التونجي: المعجم الذهبي :دار العلم للملايين، ( بيروت – 1969م) ص285.

ناوچەکانیان بۆ خەلافەتی عەرەبی ئیسلامی بەڕێوەببەن، بۆ ئەو مەبەستەش پێویست بوو فێری عەرەبی ببن.[1] أبن خلدون دەڵێت: (فلما هجر الدين اللغات الاعجمية وكان لسان القائمين بالدولة الاسلامية عربياً هجرت كلها في جميع ممالكها لأن الناس تبع للسلطان وعلى دينه فصار إستعمال اللسان العربي من شعائر الاسلام وطاعة العرب).[2]
بەپێی ئەم بۆچوونە ئایینی ئیسلام هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ پووکانەوەی زمانە ئەعجەمییەکان، چونکە پەیوەست بوونی نەتەوەکانی تر و ملکەچ کردنیان بۆ بەکارهێنانی زمانی عەرەبی بەشێك بووە لە بنەماکانی ئاینی ئیسلام و گۆێڕایەڵیی چینی فەرمانڕەوا، کە نەتەوەی عەرەبە یەکێك لەدەرەنجامەکانی فتوحاتی ئیسلامی، گواستنەوەی هەزارەها کۆیلەی جەنگ بوو (السبیّ) بۆ ناوچە عەرەبییەکان، بێگومان هەرێمە کوردنشینەکانیش لەم بوارەدا بێبەش نەبوون: "أبو حنيفه الدينوری" دەڵێت (إن المسلمين أصابوا يوم جلولاء غنيمة، لم يغنموا مثلها قط، وسبوا سبياً كثيراً).[3]
دیارە ئەم کۆیلانە (السبی) دەگوێزرانەوە بۆ نێو کۆمەڵگەو شارە عەرەبییەکان و بەسەر خانەوادە عەرەبییەکاندا دابەشدەکران، لەشێوەی خزمەتکار و کەنیزەك، یاخود هەندێ جار لەشێوەی دایکی کوڕاندا (أم الولد) بۆ خۆشگوزەرانی و رابواردن بەکاردەهاتن.[4] بێگومان ئەم تالآنکراوانە خۆیان و وەچەکانیان لەنێو ئەو ژینگە عەرەبییەدا دەتوانەوە، بەتێپەڕبوونی کات فێری زمانی عەرەبی دەبوون و زمانی دایکیان لەبیر دەکرد بەم شێوەیە دەبینین بەکۆتایی هاتنی فتوحاتی ئیسلامی، جەنگی جەستەیی (الحرب البدنیه) کۆتای هات، بەڵام جەنگی نێوان زمانی عەرەبی و زمانەکانی تر بەردەوام بوو.[5] لە دەرەنجامدا زمانی عەرەبی سەرکەوتنی مسۆگەرکرد، هەروەك " أبن خلدون" دەڵێت: (هجرت الامم لغاتهم و السنتهم في جميع الامصار والممالك وصار اللسان العربي لسانهم).[6] ئەگەرچی ئەم وتەیە هەندێك زیادەڕەوی تێدایە، بەڵام خۆی لە خۆیدا ئەوە نیشان دەدات، کە بەعەرەبکردنی زمان بەشێوازێکی ستوونی (عمودی) بە قووڵایی کۆمەڵگە ئەعجەمییەکاندا (ناعەرەب) شۆڕبۆتەوە.

---

[1] نجدت خماش: م . س، ص 90.
[2] المقدمة: ص 20.
[3] الاخبار الطوال، دار أحياء الكتب العربية، (القاهرة – 1962م)، ص 129.
[4] شكرى فيصل:م.س، ص 256" جەمال نەبەز: کورددانی سەرگەردان و براموسوڵمانەکانیان، لا16.
[5] أحمد أمين: فجر الاسلام، ص 99.
[6] المقدمة: ص 420.

## باسی سێ یەم
## هۆکارەکانی بەعەرەبکردنی دیوانەکان و سکەی دراو
## لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا

بێگومان بەعەرەبکردنی دیوانەکان[1] و لە سکەدانی پارە بەزمانی عەرەبی کارێك نەبوو لە خۆڕاو بەبێ بوونی هۆکارو مەبەستی تایبەت ئەنجام درابێ، بەڵکو ئەم هەنگاوە بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو جێبەجێ کرا، کە کۆمەڵێك هۆکاری لە پشتەوە بوون وگرنگترینیان بریتی بوون لە:

1. "الجهشیاری" ئاماژە دەکات بەوەی، کە وەرگێڕانی دیوانەکانی وڵاتی عێراق بۆ زمانی عەرەبی لە ئەنجامی ئەو ململانێیەوە هاتە ئاکام، کە لەنێوان (زادان فروخ) نوسەری فارسی و (صالح بن عبدالرحمن)ی نووسەری عەرەبی سەری هەڵدا.[2]

ئەگەر سەرنجی گفتوگۆی نێوانیان بدەین، کاتێك "صالح بن عبدالرحمن" بە "زادان فروخ" دەڵێت: " أنت سببي الى الامير وأراه قد إستخفني ولا آمن أن يقدمني عليك وأن تسقط".[3] واتە من لە ڕێگەی تۆوە لە ئەمیر نزیك بوومەتەوە، دڵنیانابم ئەگەر من پێش بخات و تۆ کار کەنار بکات. لە وەڵامدا "زادان فروخ" وتی: "لاتظن ذلك فهو الي أحوج مني اليك، لأنه لايجد من يكفيه حسابه غيري".[4] واتە:"وا مەزانە، ئەو پێویستی بە من زیاترە لە تۆ، چونکە تەنها من کاروباری ژمێریاری بۆ جێبەجێ دەکەم".

2. دەوڵەتی ئیسلامی لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا لە بارودۆخێکی کۆچەریدا (البداوة) بوو، بەڵام کاتێك ئەم قۆناغەی بەجێهێشت و لە رووی شارستانێتییەوە گەشەی کرد، خوێندەواری و نووسین لەناو عەرەب و مەوالییەکانیاندا بڵاوبووەوە، نوسەر و ژمێریاری باشیان تێدا هەڵکەوت.[5]

---

(1) دیوان: وشەیەکی بەعەرەب کراوە ( معرب)، بنەڕەتەکەی فارسییە لەوشەی ( دووان) وەرگیراوە کەمەبەست لێی ئەو شوێنەیە کە نووسەران بۆ بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانی دەوڵەت لێی کۆدەبنەوە بۆ چاودێریی کاروبارو دارایی دەوڵەت./الماوردي: الأحكام السلطانية، ص 334 " الجواليقي: المعرب، ص 154" ياقوت الحموي: معجم البلدان، دار صادر، بيروت، 1995م .، جـ2/ ص 546" أبن خلدون: المقدمة، ص 268" القلقشندي:صبح الأعشى، جـ 1/ص89.

(2) كتاب الوزراء والكتاب، ط 1، تحـ عبدالله أسماعيل البيضاوي، مطبعة المشهد الحسيني ( القاهرة–1938)، ص23.

(3) البلاذري: م.س، ص 298.

(4) الماوردي: م . س، ص 350.

(5) أبن خلدون: م . س، ص 269.

لێرە بەدواوە خەلیفە عبدالملك بڕیاری بەعەرەبکردنی دیوانەکان و دراوی دا.[1]

3. ئیرەیی عەرەبە موسوڵمانەکان بەرامبەر بەمەوالییەکان بەتایبەت ئەوانەی، کە کاروباری کارگێڕی و دیوانەکانیان دەبرد بەڕێوە، ئەمەش بارودۆخێکی دەرونیی قورسی لەلای عەرەبە موسڵمانەکان دروستکرد، هەستی نەتەوایەتییان بزوا، ئەم ئیرەیییە هانیدان تاوەکو لە سەردەمی (عبدالملك بن مروان) دا دیوانەکان و دراوەکان تەعریب بکەن.[2]

4. بەعەرەبکردنی دیوانەکان و سکەی دراوەکان لەئەنجامی سیاسەتێکی داڕێژراودا بوو، تا سیمای عەرەبایەتی بەسەر روخساری دەوڵەتدا بچەسپێت، لەم دەروازەیەوە کار بۆ بووژاندنەوەی نەتەوایەتیی عەرەب بکرێت.[3]

5. هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ئەو جیاوازیانەی کە لە سیستەمەکانی دەوڵەتدا هەبوون، چونکە دەوڵەتەکە لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتەکەدا فەرمانڕەواکەی لە رەگەزی عەرەبی بوو، لەکاتێکدا بوارە دارایی و کارگێڕیی و رۆشنبیرییەکان بەزمانی نەتەوەکانی تر بەڕێوەدەچوو، ئەمەش دوو بۆچوونی دژبەیەکی هێنابووە ئاراوە، بۆ بنەبڕکردنی ئەم مەترسییە خەلیفە (عبدالملك) دەستی کرد بەعەرەبکردنی دیوانەکان و لێدانی سکە بە زمانی عەرەبی، ئەم هەنگاوەش بوو بە سەرەتایەك بۆ چەسپاندن و بڵاوبوونەوە و باڵادەستیی زمانی عەرەبی، تەنانەت بوو بەزمانی سەرجەم بوارەکانی رۆشنبیری.[4]

---

[1] أبن الأثير: م . س، جـ 3/ ص 113 " السيوطي: م . س، ص 256.

[2] قصي الحسين: من معالم الحضارة العربية الأسلامية، مؤسسة الجامعية للدراسات والنشر،(بيروت–1993م)، ص 165.

[3] الخربوطلي: م . س، ص 91.

[4] صالح أحمد العلي: دراسات في الادراة في العهود الإسلامية، مطبعة المجمع العلمي العراقي، ( 141 هـ/1989م)، ص 122.

- **بەعەرەبکردنی دیوانەکان و باڵادەست بوونی زمانی عەرەبی لە بواری کارگێڕی لە دەوڵەتی ئومەویدا.**

یەکێك لە گرنگترین هەنگاوەکانی دەوڵەتی ئومەوی گۆڕینی زمانی دیوانەکان لە هەریەك لە وڵاتی عێراق لە فارسییەوە، لە وڵاتی شام لە ڕۆمییەوە و لە وڵاتی میسریش لە قبطییەوە بۆ زمانی عەرەبی.[1]

بەعەرەبکردنی دیوانەکان لە سەردەمی خەلیفە (عبدالملك بن مروان) (65–86ك) دەستی پێکرد.[2] کاتێك (الحجاج بن یوسف الثقفي) بووە فەرمانڕەوای عێراق، دیوانی خەراج لە وڵاتی خاکی ڕەش (أرض السواد) و عێراقدا لە نووسەرەکانی (زادان فروخ) بەناوی (صالح بن عبدالرحمن) کە باوکی (صالح) لە تاڵانکراوەکانی (سبی) سجستان بوو، دیوانی خەراج لەعێراق وەرگێڕا.[3] ئەویش بەهاوکاری (الحجاج بن یوسف) والیی عێراق لە ساڵی (78ك).[4] (البلاذري) و (أبن الندیم) و (الماوردی) ئاماژە دەکەن کە فارسەکان بڕی سەد هەزار درهەمیان بەخشی بە (صالح بن عبدالرحمن) بۆ ئەوەی پەشیمان ببێتەوە، بەڵام ڕازی نەبوو، لە ئاکامدا سەرجەم دیوانەکانی عێراق لە فارسییەوە وەرگێڕرایە سەر زمانی عەرەبی.[5]

ئەم هەنگاوەش گورزێکی گەورەبوو بۆ زمانی فارسی و بەپێچەوانەشەوە بەهەنگاوێکی گەورە بۆ زمانی عەرەبیی باڵادەست لەڕووی کارگێڕییەوە دادەنرێت. یەکێك لە کەسایەتییە فارسەکان بەناوی (مردان شاه بن زادان فروخ) سەرزەنشتی (صالح بن عبدالرحمن) دەکات، پێی دەڵێت (قطع الله أصلك من الدنيا كما قطعت أصل الفارسية).[6] واتە خوا بنەڕەتت لە دنیادا ببڕێتەوە، وەك چۆن تۆ بنەڕەتی زمانی فارسیت بڕیەوە. لە هەنگاوی دووەمیدا خەلیفە (عبدالملك بن مروان) لە ساڵی (81ك) دەستیکرد بەعەرەبکردنی دیوانەکانی وڵاتی شام، کە بەزمانی ڕۆمی تۆماردەکران.[7] بۆ ئەم مەبەستەش خەلیفە: (أبو ثابت سليمان بن سعد)ی ڕاسپارد، ئەویش مۆڵەتی لە خەلیفە وەرگرت بۆ ماوەی یەك ساڵ خەراجی (الاردن) ببات بەڕێوە، کە سەرجەم

---

[1] علي حسن الخربوطلي: م . س، ص 91.

[2] الماوردي: م . س، ص 350 " ياقوت الحموي: م.س، : ج 2/ ص 546 "قصي الحسين: م . س، ص 165.

[3] البلاذري: م . س، ص 298 " الجهشياري: م . س، ص 23 " الماوردي: م . ن، ص 350.

[4] الجهشياري: م . ن، ص 23.

[5] فتوح البلدان،ص 298"الفهرست،ص 334 " الاحكام السلطانية،ص 350 "علي حسن الخربوطلي: م. س، ص 92.

[6] البلاذري: م، ن، ص 298 " أبن النديم: م.ن، ص 334" الماوردي: م . ن، ص ص 350–351.

[7] البلاذري: م . ن، ص 198" الماوردي: م . ن، ص 350.

داهاتەکەی"سەدو هەشتا هەزار"دینار بوو، دوای کۆتایی هاتنی ساڵەکە کارەکەی بەسەرکەتوویی ئەنجام دا بەبێ ئەوەی داهاتی خەراج کورت بهێنێ. [1] کاتێك خەلیفە (عبدالملك) کارەکەی نیشانی نووسەرەکەی خۆی (سرجون بن المنصور) دا، کە مەسیحی بوو، بۆئەوەی هەڵیبسەنگێنێ، غەم و پەژارە دایگرت، لەکاتی چوونە دەرەوەیدا چاوی بەکۆمەڵێك لە نووسەرانی رۆم کەوت، پێی وتن: (أطلبوا المعيشة من غير هذه الصناعة فقد قطعها الله عنكم). [2] واتە دەست لەم پیشەیە هەڵگرن خوا نانی ئێوەی لەم پیشەیەدا بڕی.

هەروەها دیوانەکانی وڵاتی میصر (میسر) لە سەردەمی خەلیفە (الوليد بن عبدالملك) (86– 96ك) روبەڕووی عەرەبکردن بوونەوە، ئەمەش لە ساڵی (87ك). [3] بێگومان زمانی دیوانەکان پێش وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی بەزمانی (قبطي) بوو. [4]

بەم شێوەیە دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی توانی بناغەی رایەڵێکی رۆشنبیری بەهێز دابمەزرێنێ، هاوکات ئەو جیاوازییانە نەهێڵێت، کە لە سیستەمی هەرێمەکاندا هەبووە، دەوڵەت بەتەواوی روخساری عەرەبایەتی لە رووی کارگێڕی و زمانەوە بەسەردا چەسپا، لە رێگەی بەعەرەبکردنی دیوانەکانەوە، سەدان دەستەواژەی بێگانە رژایە نێو زمانی عەرەبییەوە و بوو بەسەرەتایەك بۆ سوود وەرگرتن لە شارستانێتیی گەلانی تر. [5]

- **بەعەرەبکردنی سکەی دراو لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا.**

دووەمین هەنگاوی خەلیفە (عبدالملك بن مروان) لەدوای بەعەرەبکردنی دیوانەکان بریتی بوو لە بەعەرەبکردنی دراو، بێگومان ئەم هەنگاوەش بۆ ئەوەبوو، کە سیمای عەرەبایەتی بەسەر سەرجەم بوارەکانی دەوڵەتدا بچەسپێت. [6] لەپێش هاتنی ئایینی ئیسلام و لەسەرەتای دەوڵەتی ئیسلامیدا تاوەکو سەردەمی (عبدالملك بن مروان)،

---

(1) أبن النديم: م . س، ص 334 " أبن خلدون: م . س، ص ص 269 – 270.

(2) البلاذري: م.س، ص 198" أبن النديم: م.ن، ص 334 " الماوردي: م. س، ص 350 " أبن خلدون: م.ن، ص 270.

(3) المقريزي: المواعظ والأعتبار بذكر الخطط والأثار ( المعروف بخطط المقريزية)، دار الكتب العلمية، بيروت، {د، ت }، جـ 1/ ص 148.

(4) الخربوطلي: م . س، ص ص 90–91 " قصى الحسين: م . س، ص ص 164–165.

(5) عبدالعزيز الدوري: الجذور التأريخية للقومية العربية، ص ص 21–22.

(6) علي حسن الخربوطلي: م . س، ص 92.

مامەڵە بە دیناری رۆمی و درهەمی کیسرایی دەکرا. [1] (عبدالملك بن مروان) یەکەمین خەلیفە بوو، کە سکەی لێدا. [2] * فەرمانی دا بە (الحجاج بن یوسف)ی والیی عێراق کە ئەم کارە جێبەجێ بکات، لە ساڵی 74ك، هەندێك سەرچاوە جەخت لەسەر بۆچوونەکەی (المدائنی) دەکەنەوە، کە دەڵێت: لە کۆتایی ساڵی 75ك (الحجاج) سکەی لێدا، لە ساڵی 76ك فەرمانی دا لە سەرجەم ناوچەکاندا سکە لێبدرێت. [3]

لەسەر روویەکی نووسی (قل هو الله أحد) لەسەر رووەکەی تری نووسی (لا اله الا الله)، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم دراوە قورئانی لەسەربوو لە لایەن زانایان و (الفقهاء)وە رەتکرایەوە بە (المکروهة) ناسرا، چونکە لەلایەن پیاو و ئافرەتی بێ دەستنوێژەوە مامەڵەی پێ دەکرا. [4]

هەندێك لە مێژوونووسان پێیان وایە هۆی سکەلێدان لەلایەن (عبدالملك)ەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناکۆکییەی کە لە نێوان ئەم خەلیفەیەو مەلیکی رۆمدا سەری هەڵدا، کاتێك خەلیفە (عبدالملك) لەو نامانەی، کە بۆ مەلیکی رۆمی دەنارد، لەسەرەتادا ئایەتی (قل هو الله أحد) و ناوی پێغەمبەر و بەروارەکەشی تێدا دەنووسی، ئەمەش بووە جێگەی بێزاری مەلیکی رۆم، لە وەڵامدا " داوای لە خەلیفە (عبدالملك) کرد واز لەم کارە بهێنێ ئەگینا لە دینارەکانی رۆمدا سووکایەتی بەپێغەمبەر دەکات". [5] خەلیفە عبدالملك ئەم وەڵامەی زۆر پێناخۆش بوو، لە دوای راوێژکردن بە (خالد بن یزید بن معاویە) بڕیاری دا دراوێکی نوێ بەزمانی عەرەبی لێبدات، دوای ئەوەش مامەڵەی بە درهەمی کیسرایی و دیناری رۆمی قەدەغەکرد. [6]

---

[1] البلاذري: م . س، ص ص 452–453 " الماوردي: م . س، ص 272 " أبن خلدون: م . س، ص288.

[2] الطبري: م. س، جـ 7/ ص ص 233–234 " أبن الأثير: الكامل في التأريخ، جـ 3/ ص ص 113–114 " السيوطي: تأريخ الخلفاء: ص 256.

* لەپێش خەلیفە ( عبدالملك)دا چەندین هەوڵدرا بۆ لەسکەدانی پارە بەڵام لە سنوورێکی تەسکدا بوون و هەندێکیشیان سەرکەوتوو نەبووە/ أبن الاثير: م . س، جـ 3/ ص 113 – پەراوێزی ( 2).

[3] البلاذري: م . س، ص 453 " الماوردي: م . س، ص272 " أبن خلدون: م . س، ص 288.

[4] البلاذري: م . ن، ص 454 " أبن الأثير: م . س، جـ 3/ ص 113 " الماوردي: م . ن، ص 273.

[5] أبن الأثير: م. ن، جـ 3/ ص 113، رزق الله منقريوس الصدفي: تأريخ دول الاسلام، مطبعة الهلال: ( مصر–1907م) جـ1/ ص 63.

[6] المقريزي: كتاب إغاثة الامة بكشف الغمة، مطبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر، ( القاهرة–1940م)، ص 53" السيوطي: م . س، ص 257.

- **رۆڵــی زانــستی نەتــەوە ناعەرەبــەکان (ئەعجەمییــەکان) لــە پێشکەوتنی زماندا لە سەردەمی عەبباسیەکاندا**

لەگەڵ دەست پێکردنی خەلافەتی عەبباسیدا دەرگای زانستەکان بە رووی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا والآکران، نەتەوە ئەعجەمییەکان (ناعەرەبەکان) کە دەستەی سەرەکی بوون بۆ هەڵسووڕاندنی ئەم بوارە و گواستنەوەی زانستەکان و زەمینەسازی بۆ پتەوکردن و چەسپاندنی شارستانێتی ئیسلامی.

أبن خلدون دەڵێت: (ولم يقم بحفظ العلم وتدوينه إلا الاعاجم). [1]

عەرەبە موسوڵمانەکان کە دواتر وەکو خاوەنی شارستانێتیی ئیسلامی ناسران، لە سەرەتای سەرهەڵدانیاندا بەشێوازی دەشتەکی دەرکەوتن و لە سەردەمی خەلافەتی عەباسیدا تەنها بەکاروباری بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە خەریکبوون، زۆر بایەخیان بەلایەنی زانستی نەدا، چونکە زانست بابەتێکی شارستانێتییە و عەرەبە موسوڵمانەکانیش لەم لایەنەوە دواکەوتوو بوون، (حاجی خلیفە) دەڵێت: "وأما العرب الذين أدركوا هذه الحضارة وخرجوا إليها عن البداوه فشغلتهم الرياسة في الدولة العباسية...... وإستقر العلم كله صناعة فاختصت بالعجم وتركها العرب فلم يحملها إلا المعربون من العجم". [2] الخربوطلي پێی وایە ناوبردنی شارستانێتی ئیسلامی بەشارستانێتیی عەرەبی هەڵەیەکی گەورەیە، باشتروایە بە"شارستانێتی نەتەوە موسوڵمانەکان" گوزارشتی لێ بکرێت.

چونکە هەموو نەتەوەکان بە بەشێك لە شارستانێتی و رۆشنبیریی خۆیان بەشداریان لە دامەزراندنی شارستانێتیی ئیسلامیدا کردووە. [3]

بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامان و سەرنجە ئەم نەتەوە ناعەرەبانە لەبەر زاڵ بوونی رواڵەتی عەرەبایەتی بەسەر شارستانێتیی ئیسلامیدا نەیانتوانیوە زمانی ئەسڵی خۆیان بەکاربهێنن و بەزمانی عەرەبی بەرهەمەکانیان نوسیوەتەوە. [4] سەرەڕای ئەو بەرهەمە زۆرانەی کە نەتەوە ئەعجەمییەکان، بەتایبەتیش نەتەوەی کورد خستییە خزمەتی شارستانێتیی ئیسلامییەوە، سەبارەت بەفێربوونی زمانی عەرەبی، دەیانگووت ئەم

---

(1) المقدمة: ص 601.

(2) كشف الظنون، ص 41.

(3) القومية العربية من الفجر الى الظهر، ص 66.

(4) أحمد أمين: ضحى الأسلام، جـ 2/ ص 10.

ئەعجەمییانە لەبەرئەوە فێری زمانی عەرەبی دەبن تاوەکو ئاییینی ئیسلام لە ریشەوە هەڵوەشێننەوە.[1]

ئەوەبوو فارسەکان قورئانی پیرۆزیان بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێڕا، بەم کارەیان گەورەترین سوودیان لە ئاییینی ئیسلام وەرگرت، لەلایەك وەکو چەکێك بەکاریان هێنا بۆ پاراستنی خۆیان و نیشتمانەکەیان، لەلایەکی تریشەوە توانییان زمانەکەیان بپارێزن، بەڵام نەتەوەی کورد جگە لەوەی کە نەیتوانی قەوارەی نەتەوەی خۆی پێکبهێنێ، بەڵکو پشتیشی لە زمانە نەتەوەییەکەی خۆی کرد بەپێچەوانەی نەتەوەی فارسەوە.[2]

لەلایەکی ترەوە کاریگەریی بەعەرەبکردنی زمان بووە هۆی دابڕانی ژمارەیەکی زۆر لە زاناو بیرمەندەکانی نەتەوەی کورد لە کۆمەڵگەی کوردی و دروستکردنی بەربەستێك لە نێوانیاندا، بەتایبەتی پاش ئەوەی ئەم کەسایەتیە هەڵکەوتووانە لە پایتەختەکانی دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا بازاڕێکی بە برِشتیان بۆ بەرهەمەکانیان دەستکەوت، بەناچاری کۆچیان کرد بۆ ئەم شارە ناسراوانە، لەوێدا دەژیان، تەنانەت زۆربەشیان لەوێ مردن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەرهەمەکانیان بە زمانی عەرەبی بنووسرێن و ببێت بە بەشێك لە کولتووری عەرەبی ئیسلامی.[3]

چونکە پێناسەی بەعەرەببوون لەلای هەندێك عەرەب بریتییە لە: " كل من يعيش في بلادنا، ويتكلم لغتنا، وقد نشأ على ثقافتنا، ويعتز بأمجادنا فهو منا ".[4] واتە ((هەرکەسێك لە وڵاتی عەرەبدا بژی، بەزمانی عەرەبی بدوێ (یان بنووسێت)، بە رۆشنبیری عەرەبی پەروەردە کرابێت، شانازی بە رابردووی عەرەبەوە بکات، ئەوا ئەو کەسە عەرەبە)).

- **گرنگترین دەرەنجامەکانی بەعەرەبکردنی زمان لە وڵاتی کورددا**

بەعەرەبکردنی زمان و باڵادەست بوونی زمانی عەرەبی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کۆمەڵێك دەرەنجامی لێکەوتەوە، کە گرنگترینیان بریتییە لە:

---

(1) محمد بديع شريف: الصراع بين الموالي والعرب، دار الكتاب العربي، القاهرة – 1954م، ص 33.

(2) حوسێن محمد عزیز: س . پ، لا 100.

(3) محسين محمد حسين: نناشد صلاح الدين أم نحاسب أنفسنا، دار آراس للطباعة والنشر، ( أربيل–2002)، ص6.

(4)Bernard Lewis: The Arabs in history, (London), 1951, p.13.

1. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی فارسی پەهلەوی لە نووسینی نامەو دیوانەکان و لایەنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری لە عێراقدا لە سەردەمی خەلیفە (عبدالملك بن مروان)، ئەم زمانە لە بنەڕەتدا لە ئەنجامی تێکەڵکردنی هەردوو زمانی فارسی و کوردی پێکهاتبوو.[1] (أبن النديم) دەڵێت: "فأما الفهلوية فمنسوب الى فهلة أسم يقع على خمسة بلدان وهي أصفهان والري وهمدان وماه نهاوند، وأذربيجان".[2] بەپێی ئەم بۆچوونە هەندێك ئەو ناوچانەی کە زمانی پەهلەوییان تێدا بەکارهاتووە کوردنشین بوون.

2. نەتەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە لە زووەوە مسوڵمان بووە، ئەم نەتەوەیە گەلێك زاناو کەسایەتیی شارەزای تێدا هەڵکەوتوە لەسەر لایەنەکانی: (فیقە، تەفسیر، (علم الكلام)، زانستی فەرموودە) بەزمانی عەرەبی نووسیویانە نەك بەزمانی خۆرسکی خۆیان، لەبەرئەوە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر لایەنی زمان و رۆشنبیری و شارستانێتی نەتەوەی کورد بەجێ نەهێشتووە.[3] بە پێچەوانەوە نەتەوەی فارس هەموو هەوڵێکی خۆیان بۆ خزمەتکردنی زمانی فارسی و ئەدەب و رێزمانی نەتەوەکەیان تەرخانکرد، تەنانەت (ئەلف و بێ)ی زمانی عەرەبییان واگونجاندووە کە خزمەتی زمانی فارسییان پێکردووە.[4]

من لێرەدا ئەو بۆچوونەی (د.محسن محمد حسین) دووپات دەکەمەوە، کە دەڵێت ((نەتەوەی کورد بوو بە پردێك بۆ ئەوەی ئایینی ئیسلام بەسەریدا تێپەڕبێت تا ئەم ئایینە مەبەستەکانی جێبەجێ بکات، بەڵام نەتەوەکانی تر ئایینی ئیسلامیان وەك پردێك بەکارهێنا بۆ ئەوەی مەبەستەکانیان جێبەجێ بکەن.[5]

---

[1] جەمال نەبەز: س . پ، لا 17.

کە دەڵێین زمانی کوردی و فارسی تێکەڵ بوون مەبەستمان ئەوە نییە کە زمانی کوردی بگەڕێتەوە سەر زمانی فارسی بەڵکو وەك مینۆرسکی دەڵێت ( زمانێکی سەربەخۆیەو خاوەنی فۆنەتیك و تایبەتمەندی خۆیەتی وکتێبی ئاڤێستا کە کتێبی پێغەمبەر زەردەشتە بەم زمانە نووسراوە کرد/ تأريخ، زبان، فرهنگ/ ولاديمير مينورسكى، ترجمة محمد رؤوف يوسفي، نژاد، نشر سهيل، ( تهران–1378ه .ش)، لا لا 63 – 64.

[2] الفهرست، ص 23.

[3] حوسێن محمد عزيز: س، پ، لا 89 " محسن محمد حسين: س، پ، لا 7.

[4] جەمال نەبەز: س . پ، لا 27.

[5] نناشد صلاح الدين أم نحاسب أنفسنا، ص 9.

3. یەکێك لە گرنگترین دەرەنجامەکانی بەعەرەبکردنی زمان "بڵاوبونەوەی هەڵە لە خوێندنەوەدا" "إفشاء اللحن".[1] دیارە هەموو میلەتێك زمانی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو زمانانەش لەڕووی فۆنەتیك (زانستی دەنگ) و ڕێزمان و کەم و زۆری وشەکان لێکجیاوازە، بۆ نموونە ئەگەر بەراوردی زمانی کوردی بکەین لەگەڵ زمانی عەرەبیدا، ژمارەی پیتەکانی زمانی کوردی "36" پیتە، هەندێك پیت لە زمانی عەرەبیدا هەن وەك: ((ث، ذ، ص، ض، ط، ظ)) بەڵام لە زمانی کوردیدا نین، بەپێچەوانەوە هەندێك پیتیش وەك (پ، چ، ر، ژ، ڤ، گ) لە زمانی کوردیدا هەیە، بەڵام لەزمانی عەرەبیدا نین.[2]

سەرەڕای ئەوەی کە زمانی عەرەبی لە 28 پیت پێکهاتووە، شێوازی دەربڕینی پیتەکانی لە قوڕگەوە بەپچڕ پچڕ بێت یاخود بەچۆنێتی جووڵاندنی زمان یان لێوە فۆنەتیکی دەنگەکان دەگۆڕێن.[3] کاتێك فتوحاتی ئیسلامی گەیشتە ناوچەکانی دەرەوەی نیمچە دوورگەی عەرەبی و عەرەبە موسوڵمانەکان تێکەڵی نەتەوە ئەعجەمییەکان بوون، ئەم تێکەڵبوونە بووە هۆی تێکچوونی "زمانی مضری" کە زمانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر بوو، ئەمەش زاناکانی بواری زمان، وەك "الخليل بن أحمد الفراهيدي" دواتریش "سيبويه"ی هاندا –کە هەردووکیان بە ڕەگەز عەجەمن، بەڵام لە ژینگەیەکی عەرەبیدا پەروەردەبوون– تا بناغەی زانستێکی نوێ دابڕێژن کە بە (علم النحو) ناسرا.[4] مەبەست لە داهێنانی ئەم زانستە دروست بەکارهێنانی زمانی عەرەبی بوو لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، چونکە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لەلایەن نەتەوە ناعەرەبەکانەوە ببووە هۆی تێکدانی فۆنەتیك و سەروبۆری وشەکان (الحركات الأعرابية) هەر ئەمەش وای لە خەلیفە (عبدالملك بن مروان) کرد کە لە وتە بەناوبانگەکەیدا بڵێت: " اللحن في الكلام أقبح من التفتيق في الثوب، والجدري في الوجه) واتە هەڵە لە قسەکردندا هاوشێوەی پینەی جل و بەرگ یان ئاوڵەی دەموچاو وایە.[5]

---

[1] شکری فیصل: م . س، ص ص 266 – 270.
[2] حوسێن محمد عزيز: س، پ، لا 436.
[3] أحمد بگ عيسى: م . س، ص 106.
[4] أبن خلدون: م . س، ص 604.
[5] الجــاحــظ: م. س، ج2/ 216 " أبن عبد ربة: م. س، ج 2/ ص 290.

4. یەکێك لە گرنگترین دەرەنجامەکانی بەعەرەبکردنی زمان، دەوڵەمەند بوونی زمانی عەرەبی بوو بە سەدان و هەزاران وشەی بیانی بەتایبەتی نەتەوە ئەعجەمییەکان کە کوردیش بەشێك بوو لەو نەتەوانە، ئەم وشانە پێشتر هیچ بوونێکیان لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا نەبوو، بەڵام بەهۆی قورئان و تێکەڵ بوونی عەرەبە بە مسوڵمانەکان بە کۆمەڵگەکانی تر ئەم وشانە پاش بەعەرەبکردنیان هاتنە نێو زمانی عەرەبیەوە. [1] آنستاس ماري الكرملي دەڵێت: ((إن هذه الحروف وأصولها أعجمية، إلا أنها سقطت الي العرب، فأعربتها بألسنتها وحولتها عن الفاظ المعجم الى الفاظها فصارت عربية، ثم نزل القرآن وقد إختلطت هذه الحروف بكلام العرب فمن قال إنها عربية فهو صادق، ومن قال عجمية فهو صادق)) واتە مەبەستی (الكرملي) ئەوەیە کە دەگونجێت ئەم وشانە لە هەردوو خانەی (عەرەبی) یان (أعجمي) دابنێین. [2] کەواتە فتوحاتی ئیسلامی و تێکەڵ بوونی عەرەب بە نەتەوە ناعەرەبەکان ڕێگەیان بۆ ئەم بوارە خۆش کرد.

هەندێ جار ئەم وشانە کۆمەڵێك پیت یان دەنگی جیاوازی تێدابووە کە لە زمانی عەرەبیدا نەبوون، بۆیە ناچار بوون بۆ بەعەرەبکردنیان گۆڕانکاری لە وشەکەدا بکەن کە ئەمەش پێی دەوترێت " المعرب من الاسماء والالفاظ". [3]

الجواليقی و بەدوای ئەویشدا السيوطي دەڵێن: ((إن هذه الحروف بغير لسان العرب في الاصل، ثم لفظت به العرب بالسنتها، فعربته، فصار عربياً بتعريبها أياه، فهي عربية في هذه الحال، أعجمية الأصل)) واتە مەبەستی هەردوو مێژوو نووس ئەوەیە ئەگەر چی ئەم وشانە لەکاتی ئێستادا عەرەبی بن بەڵام لە بنەڕەتدا ئەعجەمین. [4]

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بگەڕێرەوە سەر الثعالبي: فقه اللغة و سر العربية، مطبعة الاستقامة، ( لقاهرة – 1959)، ص ص 450 – 455" القلقشدي: صبح الاعشى، جـ 1/ ص ص 158 – 159" السيوطي: المزهر في علوم اللغة وأنواعها، دار أحياء الكتب العربية، القاهرة، ﴿ د، ت ﴾، جـ 2/ ص 103.

[2] نشوء اللغة العربية ونموها وإكتمالها، المطبعة العصرية، ( القاهرة – 1983)، ص ص 35–36.

[3] حيدر لشكري: م . س، ص 67.

[4] المعرب من الكلام الاعجمي على حروف المعجم: ص 5 "المزهر في علوم اللغة وأنواعها، جـ 1/ ص 268.

# بەنـــــــــدی دووەم

## بەعەرەبکردنی رەگەزی کورد و ناوی شارو شوێنەکانی وڵاتی کورد


**بەشی یەکەم :**

**بەعەرەبکردنی رەگەزی کورد.**

63

**بەشی دووەم :**

**بەعەرەبکردنی ناوی شـــــوێن و شـــــارەکانی وڵاتی کورد**

91

## بەشی یەکەم :

## بەعەرەبکردنی رەگەزی کورد.

یەکێك لە گرنگترین دەرەنجامەکانی فتوحاتی ئیسلامی کە بەهۆی دەست بەسەراگرتنی عەرەبە موسڵمانەکان بۆ ناوچەکانی دەرەوەی نیمچە دورگەی عەرەبی هاتە ئاراوە کۆمەڵێك گۆڕانگاری کۆمەلایەتی و ئەتنۆگرافی [1] بوو، بەهۆی دەست بەسەراگرتنی ئافرەت و پیاو و منداڵ و هەرزەکار (السبی) لەکاتی جەنگەکاندا، یاخود مارەکردنی ئەو ئافرەتانەی، کە پەیڕەوی ئایینە ئاسمانییەکان بوون (الزواج بالکتابیات)، هەروەها کۆچکردنی هەزارەها مەوالی [2] بۆ شارە عەرەبنشینەکان و کارکردنیان لە بوارەکانی پیشەوەری و دەست رەنگینیدا. [3]

ئەم دیاردانە هەموویان ڕێگەیان خۆشکرد بۆ تێکەڵبوونی خوێنی عەرەبە موسوڵمانەکان و دانیشتوانی ناوچە فەتحکراوەکاندا، کە دواتر بە دیاردەی بەعەرەبکردنی رەگەزیی ناسرا. [4] ئەگەر ناوچەیەك بەشەڕ دەستی بەسەردا بگیرایە، وەکو موڵکی عەرەبە موسڵمانەکان دەخەڵمێنرا. لە جەنگێکدا هەزاران کەس دەستبەسەر دەکران، دواتر دەکرانە پشك و بەسەر جەنگاوەرە موسوڵمانەکاندا دابەشدەکران، جاری وا هەبووە سوارەیەك لە یەك جەنگدا سەد پیاو و سەد ئافرەتی بەردەکەوت ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی بە درێژایی جەنگەکان هەزاران دەستیان بەسەرا بگیرێ لەلای تاکە کەسێك کۆببێتەوە. [5] سەبارەت بە حوکمی کۆیلەکراو لە ئیسلامدا، ئیمامی شافعی دەڵێت: بە چوار شێواز مامەڵە لەگەڵ پیاوی دیلدا دەکرێت.

1. کوشتنیان.
2. بە کۆیلەکردنیان.

---

[1] بریتییە لە پێکهاتەی دانیشتوان لە رووی نەتەوایەتیەوە .

[2] مەوالی: لە زمانی عەرەبیدا بەگەلێك واتا هاتووە: " المولی " گەورە، الحلیف (هاوپەیمان، یاخود ئەو کەسەیە کەلەسەر دەستییەکێکی تر مسولْمان دەبێت دەبێتە هاوپەیمانی، بەلاَم: و لهوزن " دەڵێت: مەوالی بریتین لە: دیلەکانی جەنگ کە لە بنەڕەتدا ناعەرەبن، ئەمانە جزیە و خەراجیان نەدەدا، ناویان لەدیوانی شەڕکەراندا تۆمار نەدەکرا، نەمانگانەی دیاریکراویان هەبوو، هەرچەندە شان بەشانی خاوەنەکانیان دەجەنگان/ ابن اسحاق: السیرة النبویة، تحقیق و تعلیق أحمد فرید المزیدي، دار الکتب العلمیة، بیروت 1424هـ/ 2004، ج1/ ص 323، ولهوزن: الدولة العربیة و سقوطها، ترجمة: یوسف العش، (دمشق –1956م)، ص174 " محمد بدیع شریف الصراع بین العرب و الموالي، دار الکتاب العربي، (القاهرة– 1954م)، ص11 .

[3] شکري فیصل: : م . س، ص 180 .

[4] مجموعة من الاساتذة بجامعة القاهرة: م . س، ص ص 57–58 .

[5] ابن الاثیر: م . س، جـ4/ص 147 .

3. گۆڕینەوەیان بەرامبەر بە پارە یاخود دیلەکانی لای دوژمن.

4. ئازادکردنیان بێ بەرامبەر، بەڵام ئەگەر هاتوو موسوڵمان بوون ئەوا فەرمانی یەکەم لادەچێت و بە سێ فەرمانەکەی تر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.[1]

سەبارەت بە حوکمی ئافرەتی دەست بەسەرکراو ئەگەر یەهودی یان مەسیحی بووایە، ئەوا دەکرایە کارەکەر، تەنانەت خاوەنەکەشی دەیتوانی لەگەڵیدا جوت ببێ، بەڵام ئەگەر ئافرەتەکە زەردەشتی (المجوسیە) بووایە بۆ خاوەنەکەی ڕەوا بوو زۆری لێبکات بۆ ئەوەی موسوڵمان ببێت تا بواری بۆ بڕەخسێ لەگەڵیدا جوت ببێت، ئەگەر موسوڵمان نەبووایە تەنها وەکو کارەکەر بەکاردەهات، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی فوقەها جووت بوون لەگەڵ ئافرەتی زەردەشتی بە ناڕەوا دەزانن.[2]

بەم شێوەیە عەرەبە موسوڵمانەکان دەیانتوانی بە ئارەزووی خۆیان چەند کەنیزەیەکی ناعەرەب لەماڵەکانیدا کۆبکەنەوە، تەنانەت بیانخوازن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێیان نەدەوتن هاوسەر (خێزان) بەڵکو بە (السُّریە)[3] ناویان دەبرن، منداڵەکانیان بە (هجین)[4] دووڕەگ بانگ دەکردن، لەم بارەیەوە شاعیری عەرەب (الریاشی) دەڵێت:

إن اولاد السراري كثروا يا ربَّ فينا
ربِ ادخلني بلاداً لاأرى فيها هجينا.[5]

واتە/ منداڵی کەنیزەکەکان، خوایە زۆربوون لەنێوماندا، خوایە بمخەرە وڵاتێکەوە کە دوو ڕەگی تێدا نەبینم.[6] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە عەرەبەکان وەکو دیاردەیەك هەریەکەیان چەند ژنێکی ناعەرەبی بەناو و شێوازی جیاواز زەوت کردووە.[7]

---

(1) الماوردي: م . س، ص 122 .

(2) ابو يوسف يعقوب بن ابراهيم: كتاب الخراج، المطبعة السلفية، بيروت، ( 1396هـ/ 1976م), ص76

(3) السُّریە: بەئافرەتی کۆیلە دەوترێت کە لەماڵی خاوەنەکانیاندا جێگیر دەبن و خزمەت دەکەن (السُّرية جمع سراري، الامة التي تقام في بيت صاحبها)/ المنجد في اللغة و الاعلام .دار المشرق، (بيروت –2002م) ص328

(4) هجین (دوو ڕەگ): واتە ئەومنداڵانەی کە لە دوو ڕەگەزی جیاواز لەدایکبوون، ڕەگەزێکیان عەرەبە کە باوکیەتی و سوك تریان کە دایکیەتی ناعەرەبە (فارس، ڕۆم، تورك، کورد)ە، ئەم منداڵانە لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا بە چاوی ڕەگەزەکەی تەماشا دەکران .

(5) احمد امين، ضحى الاسلام، ج1/ ص30 .

(6) جمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی، ل22 " کورددانی سەرگەردان و برا مسوڵمانەکانیان، ل16 .

(7) إبن قيم الجوزية: اخبار النساء، تحـ نزار رضا، منشورات دار الحياة، (بيروت – 1978)، ص13–20 .

## باسی یەکەم:
## چەمکی بەعەرەبکردنی رەگەزی (التعريب الجنسي)

بریتیە لەو گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ئەنجامی پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی لە ناوچەکانی دەرەوەی نیمچە دوورگەی عەرەبی هاتە ئاراوە، لە ئەنجامی دەست بەسەراگرتنی ئافرەت و منداڵ و گواستنەوەیان بۆ شارە نوێیەکانی کوفە و بەصرە یان شارەکانی نیمچە دورگەی عەرەب، لەلایەکی تریشەوە مارەکردنی ئەو ئافرەتانەی کە لەسەر پەیڕەویی کتێبە ئاسمانییەکان (اهل الکتاب) بوون، بێگومان ئەمانە هەموویان نەوەیان بۆ خاوەنەکانیان دەخستەوە، منداڵەکانیشیان دەبوونە عەرەب، لەلایەکی ترەوە کۆچکردنی هەزارەها مەوالی بۆ شارە عەرەبنشینەکان و توانەوەیان لە نێو بۆتەی رەگەزی عەرەبیدا، هەروەها هەوڵدانی مێژوونووسە عەرەبەکان بۆ گێرانەوەی بنەرەتی رەگەزی کورد بۆ سەر رەگەزی عەرەب و سڕینەوەی بنەما نەتەوایەتییەکانی [1].

## باسی دووەم
## هۆکارەکانی

دەتوانین بڵێین: بەعەرەبەکردنی رەگەزیی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەکو دەرەنجامێکی هاتنی هێرشەکانی فتوحات بۆ ناوچە کورد نشینەکان سەریهەلدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین هۆکاری راستەوخۆ لە پشت سەرهەڵدانی ئەم گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییەوە بوون:

1. **پرۆسەی فتوحاتی ناوچە کورد نشینەکان هەندێ جار هاوشێوەی جۆرێك لە جۆرەکانی دەستبەسەراگرتن خۆی دەنواند،** چونکە زۆربەی شەڕەکانی نێوان هەر دوو سوپای عەرەبە موسوڵمانەکان و ئیمپراتۆریەتی ساسانی لەسەر گۆڕەپانی ناوچە کوردنشینەکان روویدا، لەلایەکی ترەوە

---

[1] بۆ داڕشتنی ئەم پێناسەیە سوودم لەم سەرچاوانەوەرگرتووە: المسعودي: ( م.س)، جـ 2/ ص101 " شكري فيصل: م. س، ص111 " مجموعة من الاساتذة الجامعيين: م. س، ص ص56–57 .

زۆربەی پێکهاتەی سوپای ساسانی خەڵکی هەرێمە کوردنشینەکان بوون.[1]
لە شەڕی جلولاو لە ساڵی(16ك)[2]، هەروەها شەڕی نەهاوەند لە(19ك)[3]

2. **دەست بەسەراگرتنی پیاو وئافرەت و منداڵ**، زەوتکردنی سەروەت و سامانی هۆزێکی بچووك و لاواز لە لایەن هۆزێکی گەورە وبەهێزەوە بەشێك بوو لەکەلتوری دەشتەکی عەرەب لەپێش ئیسلامدا، تەنانەت بازاری تایبەت هەبووبۆکڕین وفرۆشتنیان.[4] کاتێك سنووری جوگرافی و سیاسیی ئایینی ئیسلام فراوان بوو، بەهەر شێوەیەك بێت توانرا ئەم کەلتورە بخزێنرێتە ناو فقهی ئیسلامییەوە.

3– **هۆکارێکی تر لە هۆکارەکانی بەعەرەب کردنی کورد لە رووی رەگەزەوە لەلایەن خودی خۆی کوردەوە ئەنجام دراوە**، هەندێك بنەماڵەو بەرەباب و هۆز لەبەر نەخەملێنی هەستی نەتەوایەتییان لەبەر بەرژوەندی تایبەت و خۆنزیکردنەوە لە دەسەلاتی فەرمانڕەوا، یاخود بۆ خۆنزیککردنەوە لە بنەماڵەی (آل البیت) کە رێزێکی تایبەتییان هەیە لەنێو موسوڵماناندا، کۆمەڵێك چیرۆکی رەگەزیی ئەفسانەییان دروست کردنەوەو، رەگەزی خۆیان بردۆتەوە سەر نەتەوەیی عەرەب [5] ئەوەتا نوسەرێکی وەکو (المسعودی) بەعەرەب کردنی بنەڕەتی کورد دەگێڕێتەوە بۆ کورد خۆیان بەتایبەتی پیاوەبەتەمەنەکانی هۆزی شوهیجان کە لەناوچەکانی دینەوەر و هەمەدان نیشتەجێبوون، دەگەڕێنەوە بۆنەوەی (ربیعة بن نزار بن معد).[6] بەڵام (د.مستەفا جەواد) پێی وایە گەڕانەوەی رەگەزی کورد بۆ سەر نەتەوەی عەرەب شتێکی نەخواستراوە لەلای خەڵکانی لێکۆڵەر و وردبین و پێ دادەگرێ لەسەر ئەوەی پەیوەندیی نێوان نەتەوەی کوردو عەرەب تەنها لە سۆنگەی برایەتی ئاینییەوەیە.[7]

---

[1] کوردەکان لە ناوچەکانی– زموم الأکراد– وەك (جیلویە – دیوان – لاریجان – کاریان – بازنجان) رەگەزی چالاك و بەهێزی سوپای فارسی بوون، لە کاتی فتوحاتی ئیسلامیدا لە ولاتی فارس رووبەرووی زیانی گەورە بووەوە/ الاصطخري: صور الاقالیم، تعلیق و اضافة مولر، طبع حجریة، {د. م}، 1839م، ص ص 59–60 " ابن البلخي: فارسنامة، برعایة ( لیسترنج – نیکسون)، مطبعة دار الفنون، ( کمبرج – 1922 م)، ص 240 .

[2] البلاذري :م. س، ص 264 " الطبري:م، س، جـ 5/ ص214 .

[3] البلاذري: م . ن، ص300 .

[4] احمد امین: فجر الاسلام،، ص 92 .

[5] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بگەڕێرەوە بۆ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بەعەرەبکردن خاڵی دووهەم.

[6] المسعودی: م . س، جـ 2/ ص ص 100–101 .

[7] هۆزی لە بیرکراوی گاوان و گاوانییە بەناوبانگەکان، وەرگێڕانی هەژاری موکریانی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، (بەغداد –1973م)، ل 16 .

**4- باڵادەستبوونی نەتەوەی عەرەب لە ئەنجامی هێرشەکانی فتوحاتی ئیسلامیدا.**
لە (سەدەی یەکەمی کۆچیدا بەرامبەر حەوتەمی زاینی).[1] ئەوەتا یاقوت الحموی دەڵێت:"زۆربـــــەی دانیشـــتوانە کوردەکـــــانی شـــــاری هەولێر بوون بە عەرەب"[2] ئەمەش ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ باڵادەستی رەگـــەزی عەرەبی و پـــــــرۆسەی بەعەرەبکردنی رەگەزیی لە وڵاتی کورددا شان بەشانی فتوحاتی ئیسلامی.

**5- بەعەرەبکردنی نەژادی کورد لە مێژوودا:**

مێژوو یەکێکە لەبنەما نەتەوایەتییەکان، کاتێك مێژووی راستەقینەی نەتەوەیەك لە رووی بنەڕەت و رەگەزەوە دەگەڕێنرێتەوە بۆ سەر رەگەزی باڵادەست کە نەتەوەی عەرەبە، بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئەم هەوڵە دەچێتە ناو چوارچێوەی بەعەرەبکردنی رەگەزییەوە.[3] سەرباری نەبوونی جیاوازیی نەژاد و زمان و رەنگ لە گەوهەری ئیسلامدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە مێژوونووسانی عەرەب هەوڵیانداوە رەگەزی کورد بەرنەوە سەر عەرەب و سیما نەتەوییەکانی بسڕنەوە، بۆ نموونە (المسعودی) جارێك دەیانباتەوە سەر نەوەی (ربیعە بن نزار بن معد) جارێکی تریش دەیانباتەوە سەر (مضَّر بن نزار بن معد)[4].

## باسی سێیەم
## شێوازەکانی

بەعەرەبکردنی رەگەزیی لە سێ شێوازدا خۆی دەبینێتەوە:

- **دەست بەسەرا گرتنی پیاو وئافرەت ومنداڵ (السبی):** ئەو جەنگانەی کە لەسەر گۆرەپانی وڵاتی عێراق روویاندا، هیچ یەکێکیان بێبەش نەبوون لە دەست بەسەرا گرتنی پیاو و ئافرەت و منداڵ و زۆربەی ئەم دەست بەسەرا گیراوانە گواستراونەتەوە بۆ شارە عەرەبییەکان.[5] لەلای خاوەنەکانیان دەمانەوە تا منداڵێکیان بۆ خاوەنەکانیان دەخستەوە دواتر بە

---

[1] جزا توفیق طالب: الوزن الجیوبولتیکي لأقلیم کوردستان العراق، ص 144 .
[2] یاقوت الحموی: م . س، جـ1/ص138 .
[3] عەتا قەرداغی: م . س، ل 77 .
[4] مروج الذهب و معادن الجوهر، جـ 2/ ص101 .
[5] شکري فیصل: م. س، ص110 .

دایکی کوڕان (ام الولد) ناویان دەبردن، لەکاتێکدا خاوەنەکەی پێش منداڵ بوونی دەیتوانی بیفرۆشێتەوە. [1]

لەسەرەتادا عەرەبە موسوڵمانەکان بەچاوی ڕێزەوە سەیری ئافرەتە کۆیلە کراوەکانیان نەدەکرد و بە شایستەی ئەوەیان نەدەزانین کە بیانکەنە هاوسەری خۆیان، بەڵام کاتێك کە (قاسم بن محمد بن ابي بكر – وسالم بن عبدالله بن عمر بن الخطاب – و علي بن حسين بن علي بن ابي طالب)یان بینی، کە هەرسێکیان دایکیان (ام الولد)ە، واتە ئافرەتی دەست بەسەراگیراوە، هەڵوێستیان گۆڕی و ئارەزوویان بۆ ئافرەتی دەست بەسەرا گیراو زیادی کرد. [2]

- **مارەکردنی ئـــەو ئافرەتانەی کـــە پەیڕەوی ئایـینە ئـــاسمانیەکان بوون (الزواج بالكتابيات):** یەکێك لەو گۆرانکارییە کۆمەلایەتیانەی کە هاوشان لەگەڵ فتوحاتی ئیسلامیدا هاتە ئاراوە مارەکردنی ئەو ئافرەتانە بوو، کە لەسەر ئایینە ئاسمانیەکان بوون، بەتایبەتی مەسیحییەکان و یەهودییەکان. هەروەها ئایینی ئیسلامیش ڕێگەی بە عەرەبە موسوڵمانەکان داوە، کە ئەم ئافرەتانە مارەبکەن، چونکە عەرەبەکان لەکاتی بەشداربوونیان لەجەنگەندا زۆربەیان خێزانەکانیان لە نیمچە دورگەی عەرەبی بەجێدەهێشت، لە ئەنجامدا ناچار دەبوون ئەو ئافرەتانە مارە بکەن کە پەیڕەوی ئایینە ئاسمانییەکانیان دەکرد. [3]

ئەوەتا (الطبري) لەسەر زاری (مسلم) مەوالی (حذيفة) دەگێڕێتەوە"تزوج المهاجرون و الانصار في أهل السّواد يعني في أهل الكتابيين"واتە کۆچکەرەکان و پشتیوانەکان ژنیان لە دانیشتوانی رەشەخاك (اهل السواد) خواست، ئەوانەی کە پەیڕەوی کتێبە ئاسمانیەکانیان دەکرد"، [4] لـە دەقێکی تــردا (الطـبري) لەسەر زاری هاوەڵەکانەوە (الصحابه) دەڵێت:" شَهَدْنا القادسية مع سعد فتزوجنا نساء أهل الكتاب و نحن لانجد كبير مسلمات فلما قفلنا فمنا من طلق و منا من أمسك"واتە عەرەبە موسوڵمانەکان کە لەگەڵ (سعد بن ابی وقاص) بەشداریان لەشەڕی (القادسیە)دا کرد لەبەر کەمیی

---

[1] صبحي صالح: النظم الاسلامية، دار العلم للملايين، ( بيروت – 1992 م)، ص 471 .

[2] الثعالبـي: لطائف المعارف، تحـ ابراهيم الابياري و حسن كامل الصيرفي، دار أحياء الكتب العربية، ( القاهرة–1960م)، ص124.

[3] شكري فيصل: م .س، ص111 .

[4] تاريخ الرسل و الملوك، جـ4/ ص178 .

ژمارەی ئافرەتی عەرەب، ئەو ئافرەتانەیان مارەکرد کە لەسەر پەیڕەوی (اهل کتاب) بوون دواتر هەندێکیان تەڵاقیـان دان، بـــــەڵام هەندێکی تریان وەکو خێزانی خۆیان هێشتنیانەوە" [1]

هەرچەندە ئەم جۆرە کردارە لە لایەن خەلیفە عومەرەوە رەتکراوەتەوە بەتایبەتی کاتێك فەرمانڕەوایی ناوچەی (المدائن) دەخاتە ژێـــــرفـــــەرماندەی (حژیفە)، بەڵام دواتر دەبیستێت کە ئافرەتێکی خەڵکی ئەم شارەی خواستوە، نامەیەکی بۆ دەنووسێ:"بلغني أنك تزوجت أمراة من أهل المدائن من أهل الكتاب، فطلقها، فكتب اليه: لا افعل حتى تخبرني احلال أم حرام و ما أردت بذلك ؟ فكتب اليه لا بل حلال و لكن في نساء الاعاجم خلابة فأن اقبلتم عليهن غلبنكم على نسائكـــم، فـــقال الآن، فطلَّقها" [2] داوای لێدەکات کە دەستبەرداری بێت، بەڵام (حذیفة) لە وەڵامدا بۆ خەلیفە عومەر دەنووسێت: ئەم کارە ناکەم تاوەکو پێمنەڵێیت حەرامــــە، یان حـــەلاڵە؟ لە وەڵامدا خەلیفە عومەر بۆی دەنووسێت بەڵێ، حەلاڵە، بەڵام ئافرەتـــــی عـــەجـــــەم دڵگـــــیرن، ئەگەر خوویان بدەنـــێ ئەوا ئافرەتەکانی خۆتانتان لەبەرچاو دەکەوێـــــت، لــــە ئەنجامدا (حذیفة) خێزانەکەی تـــــەڵاق دەدات. بێگومـــــان ئـــــەو ئافرەتانە وەچەیان بۆ خاوەنەکانیان دەخستەوە لەگەڵ مێردەکانیان دەگوازرانەوە بۆ شوێنی بنەڕەتی نیشتەجێبوونی هاوسەرەکانیان، لە عێراقدا بێت، یان لە شارەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبیدا، ئەم دوو شوێنەش سروشتی نەتەوایەتی عەرەب بەسەریدا زاڵبوو، کە ئەمەش دەبووە هـــۆی ســـڕینـــــەوەی سیمای نەتەوایەتی ئـــــەو ئـــــافرەتانە. [3] ئەم پرۆسەی هاوسەرگیرییە ئەگەرچی لەلایەك دەبووە مایەی کەمکردنەوەی رەگەزە ناعەرەبەکان و توانەوەیان لە نێو کۆمەڵگەی عەرەبیدا، بەڵام لەلایەکی ترەوە دەبووە مایەی زۆربوونی وەچە بۆ عەرەبە موسوڵمانەکان، تەنانەت ئەم کارە گەیشتە ئەو ئاستەی کە چوار عەرەبی موسوڵمان لە شاری بەصرە لە ژیانی خۆیاندا بەچاوی خۆیان سەد کەس لە نەوەکانی خۆیان

---

[1] م.ن، ج4/ ص178

[2] م. ن، جـ 4/ ص178 .

[3] شكري فيصل: م.س، ص ص 111 – 112 .

ببینن.[1] وەك (خلیفة بن بو السعدي، وانس بن مالك الانصاري، ابوبكر موالی رسول الله، عبدالرحمن بن عمیر.) [2]

- **گواستنەوەی مەوالیەکان بۆ شار و مەڵبەندە عەرەبنشینەکان:**

یەکێك لە گرنگترین دەرەنجامەکانی ئەو جەنگە گەورانەی کە عەرەبە موسوڵمانەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی فارس و ڕۆمەکاندا بەرپایانکرد، پەیدابوونی ژمارەیەکی زۆر دیل بوو لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، ئەم دیلانەش دەوڵەت پێنج یەکی وەك دەستکەوت دەبرد بۆ خۆی، چوار بەشەکەی دیکەیشی بەسەر جەنگاوەرە موسوڵمانەکاندا دابەشدەکرد، ئەم دیلانە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بەناوی مەوالی، نازناوی ئەو هۆزانەیان هەڵگرت کە پەیوەست بوون پێیانەوە.[3]

## بەعەرەبکردنی ڕەگەزیی لە قۆناغە جیاوازەکاندا

(16-234ك/ 637-845ز)

## باسی چوارەم
## بەعەرەبکردنی ڕەگەزیی
## لەسەرەتای ئیسلام وخەلافەتی راشدیندا

(16-41 ك/ 637-661 ز).

لە پێش سەرهەڵدانی ئیسلامدا بە کویلەکردنی مرۆڤ و زەوتکردنی بنەما مرۆییەکان شتێکی باوبوو لەناو عەرەبدا، هۆزەکان لە نێوان خۆیاندا دەجەنگان و یەکتریان تاڵاندەکرد، پیاوەکان ژێر دەستە دەکران، ئافرەتەکانیش راپێچی بازاڕەکان دەکران بۆ فرۆشتن.[4] بۆ نموونە: وشەی (السبی)ی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ ناوی (سبا بن یشحب بن یعرب بن قحطان) کە خۆی لە بنەڕەتدا ناوی (عامر) بوو، یەکەم کەس بوو لە

---

[1] ابن حبیب: المحبر، تحـ ایلیزة لیختن، منشورات المكتب التجاري، بیروت، {د. س }، ص189 .

[2] الثعالبـــــي: م . س، ص 14 .

[3] احمد امین: فجر الاسلام، ص ص 89–90 .

[4] ابن عبد ربة: م.س، ج 3، ص377 .

مێژووی عەرەبدا دەستیدایە تالانکردنی مرۆڤ (السبی) لە دەرەنجامدا ناوی (سبا)ی بەسەردا برا، [1] نموونەی تریش: (زید بن حارثة)"مەوالی"ی پێغەمبەر بوو خۆی لە هۆزی (قچاعە) بوو بەڵام دایکی لەهۆزی (گی) بوو، کاتێك کە زەیدودایکی چووبونەمیوانی خزمەکانیان لە (بنی معن) لەلایـــــەن سوارەکانی (بنــوالقــــــین بــــن جـسر) تـــــالآنـــــکرابوون، رەوانەی بازاڕی (عکاظ) کران.[2] لەلایەن (حکیـــــم بــــــن حزام) بە (400) درهەم کڕدرابوو، بۆ (خدیجە بنت خویلد)ی خێزانی پێغەمبەر، ئەویش کردیە دیاری بۆ پێغەمبەر، دواتر پێغەمبەریش ئازادی کرد. [3]

بەکۆیلەکردن لەپێش ئیسلامدا تەنها تایبەت نەبوو بە رەگەزی عەرەبی بەڵکو نەتەوەکانی تریشی دەگرتەوە، وەك (بیلال) کەحەبەشی بوو، و (سلمان) کەفارسی بوو، و (صُهیب) کە رۆمی بوو[4]. بەڵام لە سەردەمی ئیسلامدا کاتێك بە دیل کراوەکانی (بنی مصگلق) کەسەر بە (بنی خزاعە)ی عەرەبی بوون، دوای بەدیل گرتنیان، کرانە کۆیلە و بەسەر موسوڵمانانـدا دابەشکران.[5] یەکـــــــــەم دەسکەوت (الغنیمە) لە ئیسلامدا بەسەرکردایەتی (عبدالله بن جحش) روویدا و ئەرکی دابەشکردنی لەلایەن پێغەمبەرەوە ئەنجام درا، بەشێوەی چواربەشی بۆ جەنگاوەرەکان و یەك بەشی بۆ دەوڵەت.[6] هاوشان لەگەڵ بەردەوام بوونی فتوحاتی ئیسلامیدا، لە دوای جەنگەکان بەسەر عەرەبی موسوڵمان دابەشدەکران بۆ نمونە: المسعودی ئاماژە دەکات کە"الزبیر بن العّوام"خاوەن هەزار پیاو و هەزار ئافرەتی کۆیلە بوو. [7]

بەتایبەتی ئافرەتە دەست بەسەرداگیراوەکان کە لەلایەن عەرەبـــە موسوڵمانەکانەوە کرابوون بە خێزان (سُّریە)، هێندە نەوەیان خستبووەوە کۆڵانەکانی شاری (المدینە)یان پڕ کردبوو، کاتێك خەلیفە عومەر بە کۆلانەکانی شاری مەدینەدا دەگەڕا ئەو هەموو منداڵانەی دەبینی کە لە ئافرەتە دەست بەسەراگیراوەکانی جەنگی

---

[1] ابن الجوزی :تلقیح فهوم اهل الاپر فی عیون التاریخ و السیر، شرکه دار الارقم بن ابی الارقم، بیروت– 1997م، ص339.

[2] عكاظ: یەکێك بوو لە بازارە گەورەکانی عەرەب، ساڵانە لەمانگی (ذي العقدة) لەناوچەی (نجد) بەئامادەبوونی گەورەکانی قورەیش و عەرەب ئەنجام دەدرا، بێجگە لە بازرگانی، بازاڕی وتار و شیعریش بوو، هاوشێوەی کۆنگرەیەکی گەورە بوو/ الیعقوبي: تاریخ الیعقوبي، دار الکتب العلمیة، ( بیروت – 1999م)، ص231.

[3] ابن حجر العسقلاني: الاصابة في تمییز الصحابة، دار الجیل، (بیروت– 1992 م)، مجـــ 2/ ص598

[4] احمد امین: فجر الاسلام، ص 93 .

[5] ابن هشام: السیرة النبویة، دار الفکر، بیروت، { د.س }، جـ3/ص307 " الیعقوبي: م.س، جـ2/ ص35 .

[6] المقریزي: امتاع الاسماء بما للرسول من انباء و الاموال و الحفدة و المتاع، (القاهرة –1941م)، ص58.

[7] مروج الذهب و معادن الجوهر، جـــ 2/ ص332 –333 .

(جلولاء) لەدایك بوون، دەیووت: (اللّهم اني أعوذبِكَ من اولاد سَبايا الجلوليات).[1] واتە خوایە پەنادەگرم بە تۆ لەو منداڵانەی کە لە ئافرەتە تاڵانکراوەکانی جەنگی جەلەولا کەوتونەتەوە. ئێمە دەتوانین سێ سەرنج بخەینە روو:

ئەو بیروبۆچوونانە سەر هەڵئەدات، کە لە زۆر کاتدا لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا بەچاوی سووك سەیری منداڵی ئافرەتی دەست بەسەر گیراویان کردووە.

1. بوونی دەقێکی مێژوویی لەم شیوەیە ئاماژەیەکی روون و ئاشکرایە بۆئەنجامدانی بەعەرەبکردنی رەگەزیی لە وڵاتی کورددا.

2. دەتوانین لە دیدێکی ترەوە سەیری بکەین، ئەویش هەڵوێستی مرۆییانەی خەلیفە عومەرە، کە وەکو سروشتی خودی خۆی بە کۆیلەکردنی مرۆڤی رەتکردۆتەوە، ئەوەتا (اليعقوبی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە یەکەمین کاری خەلیفە عومەر بریتی بووە لە رەتکردنەوەی تاڵانکراوەکانی جەنگەکانی هەڵگەراوەکان (حروب الردە) بۆ خاوەنەکانیان، ئەمەش بۆ ئەو مەبەستە بوو کە تاڵانکردنی پیاو و ئافرەت و منداڵ نەبێتە عادەتێکی هەمیشەیی لای عەرەب.[2]

خەلیفە (علي بن ابي طالب) (35-41ك/655-661ز) هەوڵی چەسپاندنی یەکسانی داوە لە دەوڵەتدا،[3] کاتێکیش هەندێك لە عەرەبەکان چوونە لای و پێیان وت"کە دانبنێت بە چاکەی عەرەبدا بەسەر مەوالی و عەجەمدا، ئەو سەروەت و سامانەی کە هەیە بیدات بەعەرەبەکان و مەوالییەکان بێبەش بکات "بەڵام خەلیفە علی بەمە رازی نەبوو، لە وەڵامدا پێیوتن " دەتانەوێت لە رێگای ستەمکارییەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنن"[4] لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەدا ئەو چینە بەرژەوندخوازەی کە بە مەبەستی سوودی تاکەکەسی و دنیایی، خۆیان لە خەلیفە (علی) نزیك کردبووەوە لێی دوورکەوتنەوە، لە ئەنجامدا تەرازووی ململانێی نێوان خەلیفە علی و معاویە بەلای معاویەدا قورستربوو.

---

[1] ابو حنيفة الدينوري: الاخبار الطوال، دارأحياء الكتب العربية، (القاهرة – 1960م)، ص 129.

[2] اليعقوبي: م.س، جـ2/ ص95 .

[3] ابن سلام: م.س، ص274 .

[4] ابن ابي الحديد: شرح نهج البلاغة، مكتبة الحياة للطباعة و النشر، ( بيروت – 1979م)، ص 183" احمد امين: ضحى الاسلام، جـ1/ ص127 .

## باسی پێنجەم

### بەعەرەبکردنی رەگـــــــەزیی لە سەردەمی دەوڵەتـــــی ئومەوییدا

(41-132ك/ 661-749ز)

دەوڵەتی ئومەوی ماوەی (90) ساڵ حوکمڕانی کرد، رەگەزی عەرەبی لەو ماوەیەدا کۆڵکەو سەرخەرو خاوەنی دەسەڵاتی رەها بوو لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا. [1] ئومەوییەکان ئەوندە دەمـــــــارگیر وپەیوەست بوون بەڕەگەز ونەتەوەی عەرەبەوە کەبەپلەییەکەم سیاسەتەکەیان لەسەرئومەوێتی (بنوأمية) خۆیان بەستبوو، پاشان لەسەر قورەیشچێتی (هۆزی القریش) بەپلەی دووەم، لەدواتر لەسەر عەرەبچێتی بەپلەی سێیەم. [2] لە سەردەمی خەلیفەکانی راشیدیندا پشت بە دین دەبەسترا، بەڵام معاویە پشتی بە دەمارگیری و رەگەزایەتی وشمشێردەبەست. لێرە بەدواوە ناوەرۆکی خلافەت تێکچوو تەنها ناوەکەی مایەوە، هەموودەسەڵاتەکان بوونە پادشایەتی، خەلیفەش بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی جۆرەهۆکاری زۆرداری وحەزو ئارەزووی خۆی بەکاردەهێنا، ئەم دەسەڵاتەش وەك دەسەڵاتی عەجەمەکانی رۆژهەڵاتی لێهات. [3] الیعقوبی پێی وایە کە معاویە مەلیك بووە نەك خەلیفە، لە زمانی (سعید بن المُسیب) دەگێڕێتەوە کە معاویە خۆی وتویەتی"أنا اول الملوك". [4]

لێرە بەدواوە معاویە لە خەلافەتی ئیسلامدا بەیەکەم پاشا تەماشادەکرێت. [5] پاوەنکردنی دەسەڵات لەناو چوارچێوەی ئومەوییدا کاتێك سەری هەڵـــــدا کـــــە مەسەلەی پشتـــــاو پشـــــت (الوراثة) هاتەکایەوەو پیادەکرا، چونکە معاویە خـــۆی لـــە ژیانــــدابـــوو (یـــزیـــد)ی کـــوڕی وەکو خەلیفە لەدوای خۆی دەستنیشان کرد، دانانی (یزید) لەسەر پێشنیاری (المغیرە بن شـــعبە) هاتە ئاراوە. [6] ئەمە لە کاتێکدا، کە هـــەرچوار خەلیفەکەی دوای پێغەمبـــەر، کە بە(خلفاءالراشدین) ناسرابوون، هیــــچ

---

[1] علی حسن ابراهیم: التاریخ الاسلامي العام، مطبعة السنة المحمدیة، (القاهرة – 1972م)، ص329 .

[2] نوري جعفر: الصراع بین الامویین ومبادیء الاسلام، مطبعة دار المعلم، ( القاهرة –1987م)، ص 113 .

[3] ابن خلدون: م.س، ص ص 139 – 359 .

[4] تاریخ الیعقوبي: جـ2/ ص162.

[5] ابن تیمیة: رسالة فضل اهل البیت و حقوقهم، دار القبلة للثقافة الاسلامیة، (جدة – 1984م)، ص 29 .

[6] ابن خلدون: تاریخ ابن خلدون، جـ3/ ص 5 " علي ابراهیم حسن، م.س، ص262 .

یەکێـــــکیـــــان لەپـــــاش خۆیـــــان وەچـــــەکانیان فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتیان وەرنەگــرت.[1]

لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویێت: (انما المؤمنون اخوة).[2] تەنانەت جیاوازی لەنێوان عەرەب و عەجەمێکدا نییە تەنها بە خواپەرستی نەبێت "لا فضل العربـــي علـى أعجمـــي الا بالتقوى". [3]

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئومەوییەکاندا دەسەڵاتی ناوەندیی باڵا لەژێر فەرمانی تاکە کەسێکدا بوو، ئەویش خەلیفە بوو، هەموو فەرمانەکان لەلایەن ئەوەوە دەردەچوون، بەناوی ئەویشەوە جێبەجێ دەکران، تەنانەت سەرجەم خەلیفەکان لە بنەرەتدا دەگەڕانەوە سەر هۆزی قورەیش.[4]

لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا بایەخێکی زۆر دەدرا بە رەچـــەڵەکپـــارێزی و بەچاوی رقەوە سەیری ئەو کەسانەیان دەکرد کە دایك و باوکیان عەرەب نەبوون، ئەگەر ئەو کەسە باوکی عەرەب نەبووایە ئەوا پێیان دەوت بنیات (المزرع) بەڵام ئەگەر دایکی عەرەب نەبووایە پێیان دەوت دوورەگ (الهجين)، کە نزیکەکانیان بەچاوی کۆیلە تەماشادەکرد، تا منداڵێکیان دەخستەوە، وەچـــەی کەنیزەکەکـــــانیـــــان بە شایســــتەی جێنشینی خەلافەت دانەدەنا، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دژایەتی کردنی عەرەب بەرامبەر بە نەتەوە ئەعجەمەکان. [5]

بنەماڵەی ئومەوییەکان بەردەوام بوون لە دژایەتی کردنی وەچەی کەنیزەکەکان (بنو الاماء) تا کۆتایهاتنی دەوڵەتەکەیان بواریان پێ نەدەدان کە ببنە خەلیفە، دەیانوت " بە کەڵکی حوکمڕانی عەرەب نایەن". [6] هەر لەبەر ئەمە بوو کاتێك (زيد بن علي بن الحسين) لە سەردەمی (هشام بن عبدالملك)دا، داوای خەلافەتی دەکرد، لە وەڵامدا خەلیفە (هشام) پێیووت: " انت الذي تنازعك نفسك في الخلافة و انت ابن أمة" [7] واتە تۆ دڵت بەخەلافەتەوەیە و حەزت بەخەلافەتەو دایکت کەنیزەك بووە. لە وەڵامدا (زید بن علی) پێیوت:" فقد كان اسماعيل بن ابراهيم ابن أمة، واسحاق بن حرّة، فأخرج الله من صلب

---

[1] ستانلي لين بول: طبقات سلاطين الاسلام، تحـ على البصري، دارمنشورات البصري، (بغداد– 1986م)، ص10.

[2] سورة الحجرات :الآية –10 .

[3] ابن عبد ربه: م. ن، جـ 3/ ص 369 .

[4] صالح احمد العلي: دراسات في الادارة في العهود الاسلامية، مطبعة مجمع العلمي العراقي، ( بغداد–1989م)، ص 121.

[5] جرجي زيدان: م.س، جـ4/ ص 71 .

[6] جرجي زيدان: م.ن، جـ4/ ص 71 .

[7] الجاحظ: م.س، جـ1/ص310 .

اسماعيل خير ولد آدم محمد" [1] واتە هەرچەندە ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم، لە نەوەی کەنیزەك بوو، ئیسحاق لەوەچەی ئافرەتی سەربەست بوو، بەڵام خودا لەپشتی ئیسماعیل چاکترین مرۆڤی خستەوە ئەویش محمد"ە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو هەوڵەکانی بنەماڵە ئومەوییەکان چوونەتە چوارچێوەی قۆرغکردنی خەلافەت لە نێو بازنەی فەرمانڕەوایی رەگەزی عەرەبیدا بە پلەییەکەم، دواتریش بنەماڵەی ئومەوییەکان بە پلەی دووەم، لە نێو بنەماڵەی ئومەویشدا ئەو کەسانە شایستەن بە وەرگرتنی خەلافەت، کە دایك و باوکیان عەرەبن.

## باسی شەشەم
## بەعەرەبکردنی رەگەزی لە سەردەمی عەباسییەکەمدا.

دەوڵەتی عەباسی بەپێی بەرنامەیەکی داڕێـــژراو بۆمـــاوەی چارەکە سەدەیەك لە کۆتاییەکانی دەولەتی ئومەویدا لەسەر شانی رەگەزی ئەعجەمەکان توانی دەسەلات بەدەست بهێنێت.[2] هەڵگـــری ئـــاڵای بـــانـــگەوازی عەباسیەکان (ابومسلـــم الخراساني) بوو، کە بەشێوەیەکی نهێنی هەتا ساڵی(129ك) لە بانگەوازکردن بەردەوام بوو، لەم ساڵە بە دەواوە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە ناوچەکانی خوراسان شۆرشەکەی ئاشکرا کرد، لەدژی دەسەڵاتی ئومەوییەکان.[3] ئەوەتا (محمد بن علی بن عبدالله بن العباس) بانگخوازان ئاڕاستە دەکات و دەڵێت: " اما الكوفة و سوادها فشيعة علي، واما البصرة فعثمانية تدين بالكفّ و اما الجزيرة فحرورية مارقة، واعراب كأعلاج و مسلمون في أخلاق النصارى، و اما اهل الشام، فلايعرفون غير معاوية و طاعة بن أمية، عداوة راسخة و جهل متراكم، و اما مكة و المدينة فقد غلب عليهم ابو بكر و عمر، و لكن عليكم بخُراسان فإن هناك العدد الكثير و الجلد ظاهر و هناك صدورسليمة وقلوب فارغة لم تتقاسمُهاالاهواء و لم يتوزعها البغل و لم يقدح فيها الفساد، و هم جند لهم ابدان و اجسامٌ و مناكب و كواهل و هامات و شوارب و اصوات هائلة و لغات فخمة تخرج من افواه منكرة" [4]. واتە کوفە وڵاتی رەشە خاك لایەنگری (علي بن ابي طالب)ن، خەڵکی

---

[1] الجاحظ: م . ن، جـ 1/ ص 310 .

[2] عمادعلي عبدالسميع : الموالي ودورهم في الدعوة الى الله، (بيروت – 2004 م)، ص 16 .

[3] ابن كثير: البداية و النهاية، دار الكتب العلمية، بيروت –2001 ( م)، جـ 10/ص 70 .

[4] المقدسي: احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم، مطبعة بريل ( ليدن – 1871 م)، ص ص 293 –294

بەصرە سەربە (عثمان)ن و حەز بە بێلایەنی دەکەن، خەڵکی جەزیرە خوارج و لە دین دەرچوون، بەڵام خەڵکی شام تەنها گوێڕایەڵی معاویە و بنەماڵەی ئومەییەکانن، دژایەتی کردن و نەزانین بەسەریاندا زاڵە، مەکەو مەدینەش پەیڕەوی ڕێبازی ابوبکر و عمرن، بەڵام ئێوە دەبێت بایەخ بدەن بە خەڵکی ناوچەی خوراسان، لەوێ ژمارەی زۆر و دیار، سنگی پاك ودڵی بەتاڵ لە ئارەزوو، دوور لە پیسکەیی و پیسی، ئەو سەربازانە خاوەنی لەش و جەستە و باڵا و سمێڵ و دەنگی بەرزن، دەنگێکی گەورە لە قورگێکی بەهێزەوە دەردەچێت.

سەبارەت بە کورد بوونی ڕەچەڵەکی (ابو مسلم) هەندێك سەرچاوە ئاماژە بۆ کوردبوونی دەکەن، وەك: (تاريخ سيستان)[1]، هەروەها (ابودلامة)ی[2] شاعیریش لە سەردەمی (ابو مسلم الخُراساني) ژیاوە کاتێك کە لە چەند دێڕە شعرێك لۆمەی ابو مسلم دەکات و بە ناپاك ناوی دەبات و دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەر ڕەگەزی کورد و دەڵێت:

أبا مجرمٍ مـــــا غيرَ الله نعمتـهُ على عَبْدِه حتى يُغَيرِها العبدُ
ابا مجرمٍ خَوَفتَني القَتلُ فانتحي عليكَ بِما خَوَفتني الأسدُ الوردُ
أفي دولةَ المنصور حاولتَ غـــدرهُ ألا أنَ أهل الغَدرِ آباؤكَ الكُرْدُ. [3]

ابو مسلم الخوراسانی لە بەر بەهێزیی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی لە دەوڵەتی عەباسیدا بەچەندین شۆرەت و نازناوی جیاواز بانگکراوە، لەوانە: (ابن قتيبة) بە (صاحب الدولة) ناوی بردووە.[4] هەندێك مێژوونووسی تر بە (امين آل محمد) یاخود

---

[1] مؤلف مجهول: تاريخ سيستان، تصحيح محمد تقي بهار، انتشارات معين، ( طهران –1961 م)، ص 156 .

[2] ابو دلامە: نـاوی (زنـد بـن جـون)ە مـەوالی (بـن اسـد)ە، لـە کۆتاییـەکانی دەوڵـەتی ئومـەویی و سـەرەتای دەوڵـەتی عەباسیدا دەرکەوتووە، بەشداری لە کۆبونەوەکانی (ابو العباس السفاح)و (ابو جعفر المنصور) و (المهدی) کـردووە، بە درۆزن و زمان بەد ناسراوە، لە ساڵی 160ك/777ز مردووە، ابن قتيبة: الشعر و الشعراء، تحـ احمـد محمـد شـاكر، دار الحديث، (القاهرة – 2003 م)، جـ2/ ص764 " الاصبهاني: الاغاني، جـ 10/ ص ص 281 – 282 .

[3] مؤلف مجهول: اخبار الدولة العباسية وفيه اخبار العباس و ولده، تحـ عبدالعزيز الدوري و عبدالجبار المطلبي، دار صادر، بيروت، 1981 م ص 256 " ابن قتيبة: م، ن، جـ 2/ ص 766 ابن خلكان: وفيات الاعيان وأنباء ابناء الزمان، تحقيق أحسان عباس، دار صادر، بيروت، 1977.جـ3/ ص 55 " مؤلف مجهول: العيون والحدئق في أخبار الحقائق، مطبعة بريل، ليدن، 1871 م، جـ3/ص198 " كمال الدين الدميري: حياة الحيوان الكبرى، مكتبة مصطفى محمد، بيروت { د.ت}، جـ 1/ ص7 .

[4] الشعر والشعراء، جـ2،/ ص 766 .

به (سيف آل محمد) ناوی دەهێنن.[1] بەڵام ابن الاثير به (أمير آل محمد) ناوی هێناوه[2].

(ابن خلكان) دەڵێت:"اجل ملوك الارض ثلاثة، وهــم الـــذيـــن قامـــوا بنقل الدول: الاسكندر واردشيرو ابو مسلم الخراساني". [3] واته دیارترین پادشاکانی سەرزەوی سیانن، که دەوڵەتیان گواستۆتەوەو گۆڕیوه، ئەوانیش: ئەسکەندەری مەکـــــــدۆنی و ئەردەشێر کوڕی پاپکان و **ابو مسلم الخُراسانی**"ن.

ابو مسلم سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵەی که بەرپایکرد بۆ ئەوەی دەسەڵات بگوازێتەوه بۆ بنەماڵەی عەباسییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا به چاوی گومانەوه چاوەڕوانی پاداشتی خەلیفەکانی عەباسی بوو، هەمیشه دەیوت:" هەرچەنده من بۆ خۆپاراستن له ئاگری دۆزەخ و بۆ بەدەستهێنانی بەهەشت ئەم کارەم کردووه، بەڵام پشکۆیەکم له بنەماڵەی ئومەویی کوژاندەوه، ئـــاگرێکم بۆ بـــنەمـــاڵـــه عـــەباسییەکان پـــێ هـــەڵکرد، که له کۆتاییدا خـــۆم پێی دەسوتێم." [4]

(ابو جعفر المنصور) له ساڵانی نێوان (137–159ك/ 754–775ز) فەرمانڕەوایی کردووه.[5] دووەم خەلیفەی عەباسییەکان بوو، یەکەم کاری بریتی بوو له کوشتنی (ابو مسلم الخُراسانی) له ساڵی 137 ك.[6]

هەرچەنده شۆڕشەکەی (ابو مسلم الخُراسانی) لەلایەکەوه دژایەتی سیاسەتی چەوتی ئومەوییەکان بوو، لەلایەکـــی تریشەوه هاوکـــاری تـــەواوی گواستنەوەی دەســـــەڵات بـــوو لـــــه بنەماڵەی ئومەوییەکانەوه بۆ بنەماڵەی عەبباسییەکان، بەڵام له ناوەڕۆکدا گەشەسەندنی هێزی گەلانی ناعەرەب بوو. السيوطي له زمانی (ربيع بن يونس بن الحاجب) دەگێڕێتەوه که (ابوجعفرالمنصور) وتویەتی:" الخلفاء أربعة: ابوبكر، عمر، عثمـــــان وعلي، والملوك أربعه معاويه و عبدالملك و هشام وأنا". [7] واته: خەلیفەکان چوارن ابوبكر وعمرو عثمان وعلي، پاشاکانیش چوارن معاويه و عبدالملك و هشام و من. هەروەها (ابن الجوزي) له (سفيان الثوري)ەوه دەگێڕێتەوه:

---

(1) هلال بن المحسن الصابیء: رسوم دار الخلافة، تحـ مخائيل عواد، مطبعة العاني، ( بغداد– 1964 م)، ص105 .

(2) الكامل في التاريخ: جـ3/ ص 528 .

(3) وفيات الاعيان، جـ3/ ص147 .

(4) الاصبهاني: م.س، ص 88 .

(5) ستانلی لين بول: م.س، ص10 .

(6) ابن العبرى: تاريخ مختصر الدول، دار الكتب العلميه، ( بيروت–1997م)، ص107" السيوگی: م.س، ص309 .

(7) **تأريخ الخلفاو**، ص 312 .

"الخلفاء خمسة ابوبكر وعمر و عثمان و علي  وعمربن عبدالعزيز و ماكان سواهم فهم مفترون" [1]

واته خەلیفەکان پێنچن ئەبو بەکر وعمر و عوسمان و على وعمر بن عبدالعزیز، بێجگە لەمان هەموو ئەوانی تر درۆ دەکەن. ئەمەش سەلمێنەری ئەو راستییەیە ئەو سیستمە پادشایەتییەی، کە لە سەردەمی ئومەوییەکاندا بەرپابوو لە خەلافەتی ئیسلامیدا بەهەمان شێوە لە سەردەمی خەلافەتی عەباسییەکانیشدا بەردەوام بوو.عەباسییەکان لەسەرەتای شۆرشەکەیاندا لە ژێر ناوی (الدعوة الی الرضا من آل محمد) دەستیان پێ کرد، بێگومان ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە سەرجەم نەیارانی دژ بە ئومەوییەکان لە خۆیان کۆبکەنەوە، و بانگەوازی (العدل والمساواة)یان کرد و داوای (الحكم بكتاب الله و سنته رسوله)یان دەکرد، بۆ ئەوەی سەرجەم زانایان (الفقهاء) لە خۆیان کۆبکەنەوە دژی ئومەوییەکان.[2] خەلیفەکانی دەوڵەتی عەباسی بۆماوەی (524) ساڵ حوکمیان کرد، لە نێوان ساڵانی (132–656ك/750–1258ز). [3] لەو ماوەیەدا (37) خەلیفە هاتنە سەر تەختی دەسەلآت، شـــــاری بەغدادیـــــان لـــە ساڵی (145ك–762ز) کرد بە پایتەختی دەوڵەتەکەیان [4].

یەکـــــەم خەلیفەی عەباسی (ابوالعباس السفاح) (132–136ك/750–754ز) بوو کە سەردەمەکەی کۆمەڵێك رووداوی توند و تیژ لە سەردەمی ئەودا تێدا رووی دا، کە لە مێژوو کەم وێنە بوون بەتایبەتی لەگەڵ بنەماڵەی ئومەوییەکاندا. [5] (اليعقوبي) و (السيوطي) دەڵێن :" السفاح توند و تیژ بوو لە خوێن رشتندا، لەم کردەوەییەدا دارودەستەکەی لە خۆرهەلآت وخۆر ئاوا لاسایيان کردەوە. [6]

خەلیفەکانی عەبباسی پێیان وابوو کە خەلافەت تەنها بە بنەماڵەی" اهل البيت" رەوایەو بەرزکردنەوەی ئەم دروشمە جۆرە پیرۆزییەکی بەم بنەماڵەیە دەبەخشی لێرە ئەو بیرۆکەیە دروست بوو کە خەلیفەکانی عەباسی لەسەر راسپاردەی خوا حوکم

---

[1] صفه الصفوه، دار الكتب العلميه، ( بيروت – 2002 م)، مجـ 1/ ص80 .

[2] هاشم عبدالراضي محمد عيسى: قضايا و مواقف من التاريخ العباسي، دارالنشر للجامعات، (القاهرة-2001م)، ص80.

[3] محمد عزة الدروزة: مختصر تاريخ الاسلام، مطبعة السلفية، (مصر، 1924م)، ص جـ2/ ص21 .

[4] ستانلي لين بول: م.س، ص 10 .

[5] محمد الخضري بك: تاريخ الامم الاسلامية – الدولة العباسية، ص 10 .

[6] مشاكلة الناس لزمانهم، دارالكتاب الجديد، (بيروت 1962م),ص 22 " تاريخ الخلفاء، ص 307 .

دەکەن نەك لەسەر راسپاردەی خەڵك.[1] ئەم بۆچوونە بەتەواوی لە وتەکەی خەلیفە (ابو جعفر المنصور) دا دەرکەوت، کە دەڵێت:"یا ایها الناس انما انا سلطان الله في ارضه، اسوسُکم بتوفیقه و سُدادهِ، و خازنه علی فیئهِ اقسمه بإرادته و اعطیه بأذنه، و قد جعلني الله علیه قُفلاً:اذا شاء أن یُفتَحني فَتَحني لأعطاکم، و اذا شاء ان یقفلني علیه اقفلني، فارغبوا الی الله ایها الناس." [2] ئەم وتەیە ئەوەمان بۆ نیشان دەدات کە ئەم بۆچوونەی عەباسییەکان سەبارەت بە خەلافەت کەوتبونە ژێرکاریگەریی تیۆری"الحق الالهي المُقدس" کە لەنێو دراوسێ فارسەکانیدا باوبووە، چونکە پێیان وابووە هەر کەسێك بە رەچەڵەك نەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی پاشایەتی، ئەوا بە داگیرکەر تەماشا دەکرێت. [3]

ئەم بۆچوونەش پێچەوانەبوو لەگەڵ سەردەمی خەلیفەکانی راشدیندا، کە دەسەڵاتەکەیان بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە پێ ئەسپێردرا، بەبەراوورد بە وتەی خەلیفە ابو بکر، کە دەڵێت:"إن احسنت فأعینوني و إن اسأت فقوموني"[4] واتە ئەگەر کاری چاکەم کرد پشتم بگرن، بەڵام ئەگەر کاری خراپەم کرد ئەوا راستم بکەنەوە. خەلیفە عەباسییەکان هەوڵیاندەدا لە رێگەی کۆمەڵێك کردارەوە جۆرە پیرۆزییەك بۆ خەلافەت مسۆگەر بکەن، وەك لەبەرکردنی پۆشاکی پێغەمبەر، ئامادەبوونی خەلیفە لە بۆنە گشتییەکاندا، وەك نوێژی هەینی و سەپاندنی ناوهێنانی خەلیفە بە ئیمام بۆ راکێشانی سیفەتە ئایینیەکەی. [5]

خەلیفەکانـــی عەباسی هاوشێوەی ئومەوییەکان لەسەر سیستەمی پشتاو پشت فەرمانڕەواییان کرد، بەبێ رەچاوکردنی یاسا فقهییەکان، تەنانەت لە یەك کەس زیاتریان دەکرد بەجێنشین (ولایة العهد)، بۆ نـــمونە (ابو السفاح) بەڵێنی دا بـــە دانانی (ابوجعفر المنصور) و لە دوا ئەویـــش بـــرازاکەی بەنـــاوی (عیســـی بـــن موســـی). [6]

بە شێوەیەکی گشتی ململانێی رەگەزایەتی بە ئاشکرا بە کێشەی نێوان هەردوو خەلیفە (الأمین والمأمون)ەوە دیار بوو، چونکە هەریەکەیان دەیانویست سوود لە

---

[1] هاشـم عبدالراضـي: م.س، ص 82 " کـاظم حبیـب: الاسـتبداد و القـسوة في العـراق، مؤسـسة الحمـدي للطباعـة و النـشر، (السلیمانیة- 2005م)، ص79 .

[2] السیوطي: م.س، ص313 .

[3] احمد امین: فجر الاسلام، ص ص 164-165 .

[4] هاشم عبدالراضي محمد عیسی: م . س، ص 82 .

[5] ابراهیم احمد العدوي: تاریخ العالم الاسلامي، مکتبة الانجلو المصریة، (القاهرة -1986م)، ص 186 .

[6] ابن انجب الساعي: تاریخ الخلفاء العباسیین، طبعه مکتبة الاداب، (بغداد -1993 م)، ص ص 24 -29 .

ڕەگەزی دایکیان وەربگرن، خەلیفە (الأمین) دایکی عەرەب بوو ناوی (زبیدة بنت ابي جعفر) بوو، و خەلیفە (المأمون) دایکی فارس بوو ناوی (مراجل) بوو، بەڵام خەلیفە (المعتصم) (218–227ك/833–842ز) دایکی تورك بوو ناوی (ماردة) بوو. [1] خەلیفە (الأمین) هەموو لایەنگرانی لە ڕەگەزی عەرەب بوون، بەڵام خەلیفە (المأمون) لایەنگرانی لە ڕەگەزی فارس بوون، هەروەها خەلیفە (المعتصم) زۆربەی سوپاکەی تورك بوون، ململانێی ڕەگەزایەتی بە ئاشکرا بەدەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئەم سێ خەلیفەوە دیار بوو. [2]

## باسی حەوتەم
## بەعەرەبکردنی ڕەگەزی کـــــورد لـــــەلایەن مێژوونووسە عەرەبەکانەوە.

گەلی کورد یەکێك بوو لەو نەتەوانەی کەڕووبەڕووی عەرەبەموسوڵمانەکـــــان بووەوە، [3]

لەئەنجامدا بوون بە بەشێك لەپێکهاتەی کۆمەڵگای ئیسلامی.[4] بۆیە شتێکی سروشتی بوو، کە ببێتە جێگەی توێژینەوەی مێژوونوسە عەرەبەکان، ئەم هەوڵەش بۆ ڕاکێشان و نزیك کردنەوەی کورد بوو لە چوارچێوەی (نەتەوە– دەولەت)، دەرەنجامی ئەم خوێندنەوەیەش وابەستە بووە بە شوێن و پایەی کورد لە زانستی مێژوویی ئیسلامی (المعرفة التاریخیة الاسلامیة) بەرهەم هاتوو بەزمانی عەرەبی، کە بە دوو ئاقاردا ڕۆیشتوە، هەندێ جار ڕەگەزی ئەم نەتەوەیە بۆتە جێگەی نەفرەت لێکردن، بەڵام لە هەندێ کاتی تریشدا بۆتە جێگەی ستایش و پیاداهەڵدان. [5]

دەتوانین بڵێین نهێنیی بایەخدانی تایبەتی بە نەتەوەی کورد و هەوڵدانی مێژوونووسە موسڵمانەکان بۆ ناسینی ئەم نەتەوەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناوچە کوردنشینەکانی هەرێمی جەزیرە و باشووری خۆرئاوای هەرێمی چیا و شارەزوور، لە

---

(1) **الثعالبي**: لطائف المعارف، ص 125 " ابن قتيبة: م . س، ص 128 " احمد امين: ضحى الاسلام، جـ1/ص 19

(2) هاشم عبدالراضي محمد عيسى : م . س، ص 121-122 .

(3) البلاذري: م . س، ص ص 321 ,327 , 329 , 375 , 381 " قدامة بن جعفر: م . س، ص ص328، 378 .

(4) بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێرەوە بۆ سەر/ فائزة محمد عزت: الكرد في اقليم الجزيرة و شهرزور في صدر الاسلام، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة صلاح الدين، (اربيل – 1991 م)، ص ص 84-106 " احمد ميرزا: غربي اقليم الجبال في صدر الاسلام حتى 132 هـ/749م، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة صلاح الدين، (اربيل – 1995م)، ص ص78-107 .

(5) حيدر لشكري : م . س، ص 52 .

یەکەمینی ئەو ناوچانە بوون، کە راستەوخۆ لەگەڵ پرۆسەکانی فتوحاتی ئیسلامیدا لە دەساڵەی دووەمی سەدەی یەکەمی کۆچیدا رووبەڕوو بوونەوە. [1] لە لایەکی تریشەوە عەرەبەکان خۆیان یەکێکن لەو نەتەوانەی، کە بایەخی تایبەتی بـــە رەچەڵەك ناسی (النسابە) دەدەن، بۆیە لەپاش فەتحکردنی نەتەوەکانی دراوسێیان هەڵسەنگاندنی رەچەڵەکی ئەم نەتەوانەیان لەسەر بنەما و بۆچوونەکانی عەرەب بەرامبەر بە رەگەزی خۆیان کردووە، لەم هەوڵانەشدا هەندێك لە مێژوونوسەکانیان، کوردیان لە رووی رەگەزەوە گەڕاندۆتەوە بۆ سەر بنەڕەتێکی عەرەبی. [2]

بەرایی لێکۆڵینەوەی مێژوونوسە عەرەبەکان بەرامبەر بەڕەگەزی کورد بە (المسعودی) دەست پێدەکەین کە لەسەرەتادا ئاماژە دەکات بۆ بوونی بیرو رای جیاواز سەبارەت بە کورد و دەڵێت:"و أما أجناس الاکراد و أنواعهم فقد تنازع الناس في بدئهم". [3] واتە رەگەزەکانی کورد و جۆرەکانیان لەلایەن خەڵکیەوە بەشێوازی جۆراو جۆر لێکدەدرێتەوە. دواتر بیروراکانی بەم شێوەیە دارشتووە:

**یەکەم**: رەگەزی کورد لە بنەرەتدا دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر نەوەی (ربیعة بن نزار بن معد بن عدنان)، پێی وایە لە بنەڕەتدا لەبەر هەندی حاڵەتی تایبەت جیابوونەتەوە و لە شاخ و دوڵەکاندا نیشتەجێبوون، بوونەتە دراوسێی شارو ئاوەدانییەکانی فارس و عەجەمەکان و وازیان لە زمانی خۆیان هێناوە و زمانەکەیان بۆتە زمانێکی عەجەمی، و هەر جۆرێك لە کوردەکان زمانێکی تایبەت بەخۆیان هەیە" [4] لەئەنجامی وردبوونەوە و راڤەکردنی ئەم دەقەی المسعودی، دەتوانین چەند سەرنجێك دەستنیشان بکەین:

1- المسعودی ئەو مێژووەی دیارینەکردووە کە کوردەکان کۆچیان تیادا کردووە بۆ شاخ و دۆڵەکانی نزیك وڵاتی فارس.

2- بوونی جۆرە ئاڵۆزییەك سەبارەت بە هۆکارەکانی کۆچکردنی کورد، تەنها بەوە کۆتایی پێهێناوە کە دەڵێت: "إن الاحوال دعتهم الی ذلك ".

3- بوونە دراوسێی ئەو شارانەی کە عەجەمەکان و فارسەکان تێیاندا نیشتەجێ بوون ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە نەتەوەی کورد سەر بە رەگەزی فارس نییە.

---

(1) حکیم احمد مام بکر: م . س، ص 214 .

(2) زبیر بلال اسماعیل : م . س، ص 20 .

(3) المسعودی: م . س، جـ2/ ص99 .

(4) م،ن، جـ2/ص 99 .

4- هەر بەشێك لە كوردەكان خاوەنی جۆرە زاراوەیەكی تایبەت بە خۆیانن لە زمانی كوردیدا، ئەمەش ئەوە دەردەخات كە ئەم زمانە فراوانە و زمانێكی سەربەخۆیە.

**دووەم:** المسعودی رەگەزی كورد دەگەڕێنێتەوە سەر وەچەی (مضر بن نزار) كە لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە سەر نەوەی (كرد بن مرد بن صعصعة بن هوازن)، لە سەردەمی كۆندا لە ئەنجامی سەرهەڵدانی كێشەی خوێن لە نێوان ئەوان و هۆزی (غسان)دا، ناچاربوون ناوچەكەی خۆیان بە جێبهێڵن.[1] ئەگەر لەم دەقە وردببینەوە سێ سەرنجمان لەلا گەڵاڵە دەبێت :

1- هەوڵدانی (**المسعودی**)، بۆ گەڕاندنەوەی كورد بۆ ناوێكی ناسراو (إسم علم)، ئەویش (كرد بن مرد)، كە ئەمەش شتێكی باوبوو لەناو عەرەبدا بۆ ئەوەی رەچەڵەكی هۆزەكانیان بگەڕێننەوە بۆ سەر ناوێكی ناسراو تا پێی بناسرێن.[2]

2- دۆزینەوەی هۆكارێكی گونجاو بۆ جیابوونەوەی كورد كە ئەویش شەڕ و ناكۆكییە لەگەڵ هۆزی (غسان).

**سییەم** : كورد لە بنەڕەتدا دەگەرێتەوە سەر (ربیعة) و (مضر)ی عەرەبی، لەئەنجامی گەڕان بەدوای لەوەڕگاو ئاودا پەنایان بردۆتە بەر شاخەكان، بە تێپەربوونی رۆژگار زمانی بنەڕەتیی خۆیان (عەرەبی) لە بیر كردووە و زمانی نەتەوەكانی دراوسێیان فێربوون.[3]

ئەگەر لەم دەقە وردببینەوە ئەوا دەگەینە دوو سەرنجی جیاواز :

1- دیاریكردنی هۆكارێكی جیاواز لە هۆكارەكانی پێشووتر بۆ كۆچی كورد، ئەویش گەڕانە بەدوای لەوەڕگا و ئاودا.

2- وازهێنانی ئەم نەتەوەیە لە زمانی زگماكی خۆی كە ئەمەش جێگەی سەرسوڕمان و پرسیارە، چونكە هەموویان پێكەوە ژیاون، چۆن وا بەئاسانی زمانی خۆیان لەبیر دەكەن؟ مێژوونووسانی دوای المسعودی ئەم بۆچوونەیان هەڵوەشاندەوە ئەوەتا (الاصطخري) و لەدوای ئەویش (ابن حوقل)، رایەكی دژ بەم بۆچوونەی (المسعودی)یان هەیە، ئەوان پێیان وایە

---

[1] م. ن، جـ2/ ص99 .
[2] حكيم احمد مام بكر: م . س، ص 215 .
[3] المسعودي: م . س، جـ2/ ص 99 .

کـــــه هـــــەرێمـــــی جـــــەزیـــــرە هـــــەنـــــدێك هـۆزی سـەر بـە (ربیعـة) و (مضر)ی تێدا نیشتەجێ بوون، بە هیچ شێوەیەك بە بەشێك لە وڵاتی عـەرەب دانانرێـت، چـونکە ئـەم ناوچـەیە کـەوتبووە ژێـر فـەرمانڕەوایی فـارس و رۆمەکانـەوە، تەنانـەت هەنـدێك لـە هـۆزە عەرەبییـەکان بوونەتـە مەسـیحی وهاوئایین لەگەڵ رۆمەکاندا، وەك هۆزی (تغلب)ی سەربە (ربیعـة) لـە هـەرێمی جزیـرە، هۆزەکـانی (غـسان – بهـراء تنـوخ)ی یەمـەنی لـە وڵاتـی شـام.[1] سەرەڕای ئەوەی نیشتەجێبوونی هۆزە عەرەبەکان تـەنها لـە سـنووری چـەند گوند و شارێکی ئاوەدان لەناوچەیەکی فراواندا بوو.[2]

**چوارەم** : گەڕانەوەی رەچەڵەکی کورد بۆ سەر وەچەی کەنیزەکەکانی پێغەمبەر (سليمان بن داود) بە پێی رای (المسعودي) لەپاش داگیرکردنـــی تەختی پێغەمبەر (سلیمان) لەلایەن (الشیطان المعروف بالجسد) دەستدرێژی کرایە سەر کەنیزەکەکان، لەپاش گەڕاندنەوەی تەختی (سلیمان) لەلایەن خوداوە، کە پێغەمبەر (سلیمان) کەنیزەکەکانی بە ئاوسی بینی وتی:" أكردوهن الى الجبال و الاودية، فربتهم امهاتهم، و تناكحوا، و تناسلوا، فبذلك بدء نسب الاكراد:"[3]

ئەگەر بەراوردی ئەم بۆچوونەی المسعودی بکەین دەبینین کە رووداوە مێژووییەکە تێکەلاو بە جۆرێك کەلەپووری ئەفسانەیی (التراث الاسطوري) کراوە، و جۆرە شێوازێکی تیادا بەکارهێناوە، کە تێیدا هەقیقەت و خەیاڵ کۆکراونەتەوە، چونکە جووت بوونی ئینسان و جن لە راستیدا شتێکی مەحاڵەو جێگەی باوەڕ پێکردن نییە.لەلایەیەکی ترەوە ئەم رووداوە لەگەڵ پلەو پایەی پێغەمبەراندا ناگونجێت کە بەرین لە هەموو جۆرە زوڵم و ستەمێك، هەر ئەمەش وای لە بیرو بۆچوونەکانی المسعودی کردووە کە ببێتە جێگەی رەخنەی مێژوونوسانی دوای خۆی. ئەوەتا (ابن خلدون) دەڵێت:" وإن كان في كتب المسعودي و الواقدي من المطعن والمغمزماهو معروف عند الاثبات ومشهور بين الحفظة والثقاة، والناقد البصير قسطاس نفسه في تزييفهم فيما ينقلون اواعتبارهم"[4] واتە کتێبەکانی المسعودی و الواقـدی تانەو تـەشـــەر لـــەخۆ

---

[1] الاصطخري : م . س، ص 46

[2] ابن حوقل: م . س، ص 29 .

[3] المسعودي :م . س، جـ2/ ص 99 "هەروەها بڕوانە: المقريزي: المواعظ و الاعتبار بـذكر الخطـط و الاثـار المعـروف بـــ (خطط المقريزي)، جـ2/ ص232 .

[4] المقدمه، ص ص4–5 .

دەگرن لەلای خەڵکی شارەزا و بڕواپێکراو و زانراو و سەلمێنرا و چەسپاو، رەخنەگری وردبینی و دادوەری خۆیەتی لەو ساختەکارییەی، کە دەینوسێتەوە. لەلایەکی ترەوە المسعودی مێژوونوس برگەی (اكردوهّن الى الجبال)ی بەکارهێناوە، ئەگەر بەراورد بکرێت بەناوی کورد وەکو نەتەوە، وشەی (أكردوهّن) لەڕووی زمانیەو لە زمانی عەرەبیدا (کرّد) واتە (گرّد) کە بەواتای (اگردوهّن) واتە دەریانبکەن. [1] بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئایا پێغەمبەر (سليمان) عەرەب بووە؟ ئایا بە زمانی عەرەبی قسەی کردووە تا ئەم وشەیە بەکاربهێنێت؟ ئایا مەرجە سەرجەم وشەکان بنەرەتێکیان لە زمانی عەرەبیدا هەبێت؟

ئەمانە هەموویان جێگەی سەرنج و تێرامانن.[2]

**پێنجەم:** المسعودی دەڵێت:" الضحاك كەبە (ذو الافواه) ناسراوە فارس و عەرەب نازانن سەربە کام نەتەوەیانە، عەرەبە یا خود فارس بووە[*]، لەسەر هەردوو شانی دوومار دەرچوو بوون، خواردنیان تەنها مێشکی مرۆڤ بوو، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی فارس بوونە قوربانی، لەئەنجامدا خەڵکی راپەرین و بەیداخێکی لە پێست (کەوڵ) دروستکراویان بەرزکردەوە کە فارسەکان پێی دەڵێن (درفش كاويان) لە ئەنجامدا (افريدون) (الضحاك) دەستگیر دەکەن و لە کیوی (دنباوند) بەندی دەکەن. وەزیرەکەی (الضحاك) رۆژانە مێشکی بەرانێك و مرۆڤێکی تێکەڵ کردووە و دوومارەکەی سەرشانی پێ تێر کردووە، ئەو کەسەی کە لەبری بەرانەکە گلی داوەوەتەوە رەوانەی شاخی کردووە، لەوێ بەسەختی ژیاوە و وەچەیان خستۆتەوە، کوردەکان لەنەوەی ئەوانن، دواتر لق و تیرەی جیاوازیان لێ کەوتۆتەوە.[3]

ئەگەر سەرنج بدەین، المسعودی لێرەدا رەچەڵەکی کورد پەیوەست دەکات بە فارسەکانەوە، کورد بە دەشتەکیەکانی فارس دادەنێت، کە ئەمەش بۆخۆی جێگە

---

[1] ابن الفارس: معجم مقاييس اللغه، تحـ عبدالسلام محمد هارون، دار احياو الكتب العربيه، (القاهره – 1945م)، جـ5/ص176 " الجواليقي: م . س، ص 284 " المعجم الوسيط: قام باخراجه ابراهيم مصطفى وآخرون، دار الدعوة، استانبول – 1989م، جـ1/ ص 553 .

[2] حكيم احمد مام بكر: م . س، ص 217 .

[*] فیردەوسی پێی وایە کە چحاك کوری پاشایەکی عەرەبی بووە بە ناوی ( مرداس)، ئێرانییەکان بۆ رزگاربوون لە زۆرداریی پادشایەکی خویان بەناوی جەمشید پەنایان بوو بردووە، ئەوەش هەزار سال حوکمی وڵاتی ئێرانی کردوە/ الفيردوسى: الشاهنامه، مكتبه الاسدى، گهران، 1970م، المدخل، ص79.

[3] مروج الذهب، جـ2/ص ص 99–100 .

لــــه چـــیرۆکێکی کەلەپووری ئەفسانەیی هیچی تر نیە، چونکی المسعودی لەسەر میتۆدی گێڕانەوە و گواستنەوەی رووداوە مێژووییەکان بە شێوازی پێشینەکان کاری کردووە، بەبێ ئەوەی پەنابەرێتە بەر لێکدانەوەی هۆکاری رووداوەکان و دەرەنجامەکانی لە رووی لۆژیکی عەقڵەوە، واتە پەیوەست نەبووە بە پێوەرە زانستیەکانەوە بۆ جیاکردنەوە و لە بێژنگدانی رووداوەکان (غربلة الاحداث). البیرونی گومانی لـــە تـــۆمـــارە مێژوویە کۆنـــەکـــان و لاساییکردنەوەی نەوەکان هەبووە، تەنیا بەیەك دەنگی هەمووان رازی بووە، ئەگینا هەوڵەکانی بەنادروست و پڕوپوچ داناوە.[1] (ابن خلدون)یش پشتگیری قسەکان البیرونی دەکات و دەڵێت:"مێژوونووسان سەرنجی هۆکارەکانی ئەو رووداوانەیان نەداوە، حاڵ و بارودۆخەکەیان لەبەرچاو نەگرتوە و قسە پڕوپوچەکانیان بەرپەرچ نەداوەتەوە، هەواڵەکان هەڵەو ناتەوایی تێدایە،بریتین لە لاسایکردنەوەی مرۆڤ بۆ نەوەکانی کۆن"[2]

هەروەها **(ابن قتیبة)** (276ك/889ز) پێی وایە رەچەڵەکی کورد دەگەڕێتەوە سەر نەوەی فارسەکان، بەتایبەتی دەگەڕێنەوە سەر پاشماوەی رەچەڵەکی ئەو کەسانەی لە ئەنجامی زوڵم و ستەمی **(الضحاك)** روویان کردۆتە شاخ و نشێوەکان.[3] چەندین نوسەرومێژوونوسی تر هەمان بیرو بۆچوون و قسەکانی **(ابن قتیبە)** و (المسعودی) یان دووبارە کردۆتەوە و، رەچەڵەکی کوردیان بردۆتەوە سەرنەوەی فارسەکان، بردویاننەتەوە سەر رەچەڵەکی پاشماوی ئەو کەسانەی کە لەئەنجامی زوڵم و ستەمی (الضحاك) **(ئەژدەهاك) هەڵهاتوون** وەك: (الثعالبي) (429ك/ 1037ز). [4] **القلقشندیش** پێی وایە رەگەزی کورد دەگەڕێتەوە سەر نەوەی (ایران بن اشود بن سام بن نوح) و پێی وایە کە وڵاتی ئێران بەم ناوەوە ناو نراوە.[5]

**هەروەها** (الاصطخري) **هەمان** بۆچوونی **(المسعودی)** هەبوو سەبارەت بە گەڕاندوەی رەگەز و بنەڕەتی کورد بۆ سەر رەگەزی فارس[6]

---

[1] الآثار الباقیه ‌ فی القرون الخالیه، ص38 .

[2] المقدمة: ص 7 .

[3] المعارف، دار احياء التراث العربي، ( بيروت – 1970م)، ص270.

[4] الثعالبي: تاريخ غرر السير، ( باريس -1900م)، اعيد طبعه في مكتبة الاسدي-1963م، ص ص 17-26 .

[5] نهاية الارب في معرفة انساب العرب، تحـ ابراهيم الابياري، دار الكتاب اللبناني، (بيروت -1980م)، ص 28 .

[6] المسالك والممالك، ص 143.

لە کۆتاییدا (المسعودی) بڕیاردەدات کە تەنها بیرو بۆچونێك پەسەند بکات، ئەویش گەڕاندوەی ڕەچەڵەکی کورد بۆ (ربیعة بن نزار)، کە ئەو پێی وایە، ئەو ڕایەی لەناو خەڵکدا بڵاوە ئەوە بەناوبانگترە" الاشهر عند الناس"، هەر ئەمەش بۆتە هاندەر بۆ پەسەندکردنی ئەم ڕایە. [1]

لەلایەکی تریشەوە المسعودی دەڵێت: (الاكراد عند الفرس، من ولد كرد بن اسفنديار بن منوشهر)[2] ئەم گێڕانەوە دوورە لە ڕەهەندی ئەفسانەیی بە پێچەوانەی گێڕانەوەکانی تری، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین ناوی کوردی وەکو ڕەگەز بردۆتەوە سەر ناوێکی (تاکی ناسراو)ی خەیاڵی، ئەمەش هاوشێوەی بەراوردکردنی ناوی کوردە بە (کرد بن مرد بن صعصعه) کە ناوێکی عەرەبیە [3].

بەپێی بیروبۆچوونی المسعودی، مێژوونووسانی تر بنەڕەتی ڕەگەزی کورد دەکەوێتەناو چوارچێوەی ململانێی بەعەرەبکردنی کورد لەلایەك و بەفارسکردنی لەلایەکی ترەوە. بەڵام کاتێك القلقشندی ڕایەکی تر دەهێنێتە کایەوە و دەڵێت:" يقال في المسلمين : الكرد، و في الكفار: الكرج، حينئذ يكون الكرد و الكرج نسباً واحداً " [4] ئەوا ململانێکە دەچێتە چوارچێوەیەکی فراوانترەوە، سنووری بەعەرەب بوون و بەفارسی بوون تێدەپەڕێنیّ.

شانازیکردن بەڕەچەڵەك لەنێو عەرەبەکاندا وەکو سەرمایەیەکی مەعنەوی تەماشا دەکرا، هۆزەکان بۆ بەرەنگاربوونەوە و ململانێی یەکتر بەکاریاندەهێنا، هاوشێوەی چەکێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە نێو کۆمەڵگەی عەرەبیدا، بۆ ئەم مەبەستە ڕەچەڵەکناسان (النّسابون) لەهەردوو بەرەی (قحطان وعدنان) ڕەچەڵەکی جۆراوجۆریان دروستدەکرد و دادەڕشت بۆ گێرانەوەی نەتەوەکانی دەوروبەریان بۆ سەر ئەم دووبەرەیە، یەکێك لەو نەتەوانەش کوردە. [5]

ابن درید دەڵێت:"کورد باوکی ئەو نەتەوەیەیە کە(أكراد) یان پیّ دەڵێن." [6]

الجواليقي دەڵێت :" أبو اليقظانيی ڕەچەڵەکناس، کورد دەباتەوە سەر نەوەی، کرد بن

---

[1] مروج الذهب: ج2/ ص ص 99-100 .

[2] التنبيه و االاشراف، دار مكتبة الهلال، ( بيروت – 1981 م)، ص94 .

[3] حكيم احمد مام بكر: م . س، ص 219 .

[4] نهاية الأرب، ص 28 .

[5] حيدر لشكري: م . س، ص 87 .

[6] كتاب جمهرة اللغة: مطبعة دائرة المعارف العثمانية، حيدر آباد، (الدكن -1926م)، مجـ 2/ ص225 .

عمر و بن عامر بن ربيعه بن صعصعه،"و ئەم بۆچوونه به دێره شعرێك دەردەبڕێت و دەڵێت:

لعمرك ما الاكراد أبناء فارس و لكنه كرد بن عمرو بن عامر [1]

به پێی بۆچوونی (ابو اليقظان) كورد دەگەڕێتەوه بۆ سەر بەرەبابی (عدنان). بەڵام (ابن دريد) دەڵێت: (هشام بن محمد الكلبي) كورد دەباتەوه سەر نەوەی (كرد بن عمرو مزيقياء بن عامر بن ماء السماء). [2] له كاتێكدا كه (هشام بن محمد الكلبي) خۆی سەر به نەوەی (قحطان)ه [3]. هەروەها هەندێك مێژوونووسی تر وەكو ابن خلدون – المقريزی پشتگیری هەمان بۆچوونەكانی هشام بن محمد الكلبی سەبارەت به گەڕاندوەی رەگەزی كورد بۆ سەر بەرەبابی القحطان دەكەن. [4] هەندێك له مێژوونووسان لەسەر ئاستی سنوورێكی جوگراف دیاریكراو رەگەزی كورد پەیوەست دەكەن بەعەرەبەوه بۆ نموونه (الاصطخري) كاتێك كه باس له كوردەكانی فارس دەكات دەڵێت:" دانیشتوانه كوردەكەی ئەم هەرێمه له (500) هەزار رەشماڵنشین زیاترن، بەڵام ئەوانه خۆیان بەعەرەب دەزانن". [5] هەرچەند لێرەدا (الاصطخري) ئەوەی ئاشكرا نەكردووه كه ئەم كورددانه دەگەڕێنەوه سەر كام بەرەبابی عەرەب و هەروەها هۆكاری كۆچكردنییانی بۆ ئەم ناوچەیه دەست نیشان نەكردووه، تەنها بەوه كۆتایی پێ هێنانەوه كه وتویەتی:"يزعمون انهم من العرب" دەڵێن گوایا عەرەبن. [6] بەم شێوەیه (ابن حوقل) هەمان قسەكانی الاصطخري دووباره دەكاتەوه سەبارەت بەعەرەب بوونی بنەڕەتی كوردەكانی فارس، بەڵام لێرەدا (ابن حوقل) پشتگیری له بۆچوونەكانی (ابن دريد) دەكات، كه دەڵێت:" و ان اكثرهم من ولد بن كرد بن مرد بن عمرو بن عامر"و متمانەی تەواو دەدات به بیرو بۆچونەكانی (ابن دريد) (322ك/933ز) و به كەسێكی شارەزا ناوی دەبات. [7] بەهەمان شێوه الادريسی قسەكانی (ابن دريد) پەسەند دەكات كه

---

(1) المعرب: ص284 " ئەحمەد عوسمان ئەبو بەكر: كۆمەڵه وتارێكی مێژوویی، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی، (هەولێر–2005ز)، ل71 .

(2) كتاب الجمهرة: ص 225 " هەروەها بڕوانه ابن دريد: الاشتقاق، تحـ عبدالسلام محمد هارون، (القاهرة – 1958م)، ص 435

(3) الهمداني: الاكليل، تحــ محمد بن علي الاكوع، دار الحرية للطباعة، (بغداد -1983م)، جـ1/ ص84 .

(4) تاريخ ابن خلدون، جـ5/ ص326 " المواعظ و الاعتبار بذكر الخطط و الاثار، جـ2/ ص232 .

(5) المسالك و الممالك، ص 72 .

(6) م . ن، ص 72 .

(7) صورة الارض، ص 340.

دەڵێت:" أن أصل الكُرد يعود الى كرد بن مرد بن صعصعة". [1] هەروەها ابن حوقل لە شوێنێكی تردا دەڵێت:" كوردەكانی هەرێمی كرمان كە بە القفص (القبج) ناسراون خۆیان دەگێڕنەوە سەر ڕەچەڵەكی عەرەب". [2]

بەشێوەیەكی گشتی ئەگەر ئێمە بڕوانینە ئەم دەقانەی سەرەوە، لەوانەیە كە گەڕاندوەی ڕەگەزی كورد بۆ سەر ڕەگەزی عەرەب تەنها بۆ ئەو مەبەستە بووبێ كە كوردەكان بتوانن جێپێی خۆیان لە هەرێمی فارس قایم بكەن و جۆرە پیرۆزییەك بەدەست بهێنن، ئەویش لە ڕێگەی گەڕانەوەی بنەڕەتی خۆیان بۆ سەر ڕەگەزی عەرەبی، كە مەكۆ و هەڵسوڕێنەری خەلافەتی ئیسلامی بوو، سەرجەم دەسەڵات وپلەو پایەكانی لە ئایینەوە مسۆگەر كردبوو. [3] لەلایەكـــی تـــریشەوە ئـــەم بۆچوونانە دەچنە قاڵبی قسەو قسەلۆكەوە، چونكە وشەی (زعم) دەربارەی ڕەچەڵەك و نەژادی كورد بەكارهاتووە، كە ئەمەش پشتی پێ نابەسترێت و لەگەڵ ڕێبازی لێكۆڵینەوەی زانستـــی مـــێژوویی یەك ناگرێتەوە. هەروەها بەكارهێنانی گرییمان لەگەڵ ڕاستی مێژووییدا سەبارەت بەڕەچەڵەك و نەژادی گەل و نەتەوەكان ناكۆكن، لەبەرئەوە لاوازی و پڕوپووچی ئەم دەقانە بەئاشكرا دیارن , لەلایەكی تریشەوە مێژوونووسە عەرەبەكان نەك قسەكانیان لەگەڵ یەكتری ناكۆكن بەڵكو تەنانەت قسەكانیان لە سەرچاوەشدا ناكۆكن. [4] ئەمەش وادەكات كە متمانەی خۆیان لە دەست بدەن هەروەك محمد امین زەكی دەڵێت:" آثاری اسلام و روایات و حكایاتي كورد، بو حل كردنی مسئله ی أصل و فصلی ئەم قەومە، ئەوەندە بە كەڵك نایە" [5] هەروەها شەرفخانی بەدلیسی دەڵێت:" ڕیوایەتخوانان دەڵێن: قسەی جۆراو جۆر و ڕیوایەتی دژ بەیەك سەبارەت بە ڕەچەڵەكی كوردو ڕەگ و ڕیشەی تایەفەكانی هەن" [6] ڕەنگە هەندێك لەم بیرو ڕایانە لەلایەن كورد خۆیەوە دروستكرابێت، ئەوەتا حەسەن ئەرفەع دەڵێت:" لە هەموو وڵاتە ئیسلامییەكاندا بووە بەنەریت و خوو كە شانازی بەچوونەوە سەر ڕەچەڵەكی عەرەب بكرێ تا پەنجا ساڵ بەر لە ئێستاش" [7] لە كۆتاییدا دەگەینە ئەو باوەڕەی كە تەنها بیرو بۆچوونی مێژوونووسی بەناوبانگ (فضل الله العمري) (ت 749ك/ 1348ن) كە

---

(1) نزهة المشتاق في اختراق الافاق، (بورسعيد -1994 م)، جـ3/ ص419 .

(2) صورة الارض، ص 269 .

(3) حكيم احمد مام بكر: م . س، ص 220 .

(4) ئەحمەد عوسمان ئەبو بەكر: س، پ، ل 70 .

(5) محەمەد ئەمین زەكی: خولاصەیەكی تاریخی كورد و كوردستان لەزۆر قەدیمەوە تادەوری ئیمڕۆ، ئامادە كردنی ڕەفیق صالح، بنكەی چاپەمەنی ژین، ( سلێمانی – 2006ن)، ب 4/لا40.

(6) شەرەفنامە: وەرگێڕانی هەژارموكریانی، چاپخانەی نعمان، ( نجف –1972ن)، بەسەر پەرەشتی كۆڕی زانیاری كورد، ل ل 100– 1002 .

( 7) Arafa,The kurds , London ,p.6

لەنیوەی یەکەمی سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە بەبەڵگە وەربگرین، چونکە رایەکی پەسەندی دەبڕیوە کە دەڵێت:" وإن دخل في جنسهم من كل نوع فانهم جنس خاص من نوع عام"، "وهم خلائق لاتحصى و امم لاتحصر"[1].

## باسی هەشتەم
## گرنگترین دەرەنجامەکانی بەعەرەبکردنی رەگەزی کورد

1- ناوچە کوردنشینەکان بەشێك بوون لەو ناوچانەی کە لەئەنجامی هێرش و شاڵاوی عەرەبە موسوڵمانەکانەوە رووبەرووی گۆڕانکاری بوونەوە لەرووی پێکهاتەی نەتەوەییەوە (ئەتنوگرافی)، ئەوەتا (یاقوت الحموی) کە باس لە شاری هەولێر دەکات دەڵێت:"و اكثر اهلها اكراد قد استعربوا"[2]. ئەم دەقەی"یاقوت الحموی" ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ ئەو گۆرانکارییانەی کە لەڕووی رەگەزەوە لە ئەنجامی شاڵاوی عەرەبە موسوڵمانەکان روویداوە. هەروەها شاری مووسڵ لەپێش هاتنی شاڵاوەکانی فتوحاتی ئیسلامیدا بە (خولان) ناسرابوو،[3] زۆربەی دانیشتوانەکەشی لەناو شارو دەوروبەرەکەیدا کوردبوون،[4] بەڵام دوای هەڵکشانی هێرشەکانی عەرەبە موسوڵمانەکان بۆ ئەم ناوچەیە، هۆزەکانی وەك الخزرج و دواتریش هۆزەکانی (تمیم، تغلب، قیس، نمر، خزاعە، ربیع والازد)ی تێدانیشتەجێ بوون. گۆرانکاریەکی ئەتنۆگرافی گەورە بەسەر باردۆخی رەگەزە نیشتەجێ بووەکانی ناوچەکەدا هات و رەگەزی عەرەب بەسەر ناوچەکەدا باڵادەست بوو.[5]

[1] التعريف بالمصطلح الشريف، تحـ محمد حسن شمس الدين، دار الكتب العلمية، ( بيروت – 1988م)، ص58 .
[2] معجم البلدان، جـ1/ ص 138 .
[3] المقدسي: م. س، ص 123 .
[4] كي لسترنج: بلدان الخلافة الشرقية، نقله الى العربية ووضع فهارسه بشير فرنيس و كوركيس عواد، مطبعة الرابطة، (بغداد- 1954م)، ص 116 .
[5] القس سليمان الصائغ: تاريخ الموصل، المطبعة السلفية، (مصر-1923م)، جـ1/ ص ص 51 -59 "شێخ سدیق: پاکتاوکردنی رەگەزی کورد لە مێژوودا، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ، (هەولێر –2005ز)، ص 13 .

2– زۆرینەی مێژوونووسان و نووسەرانی عەرەبە موسوڵمانەکان وەك (المسعودی) و (ابن درید) و (ابن حوقل)[1] سەبارەت بە بنەڕەت و ڕەگەزی کورد تەنها پشتیان بە گوێگرتن و گواستنەوە بەستووە بە بێ لێکۆڵینەوە، [2] ئەمەش وای لێ کردوون کە بکەونە هەڵەوە، هەروەك (ابن خلدون) دەڵێت:" و كثيراً ما وقع للمؤرخين و المفسرين وإئمة النقل من المغالط في الحكايات و الوقائع، لأعتمادهم على مجرد النقل غثاً او سميناً و لم يعرضوها على اصولها و لاقاسوها باشباهها ولاسبروها بمعيار الحكمة." [3] واتە: زۆرینەی مێژوونووسان و لێکۆڵەرەوان و ئەو کەسانەی کە دەستیان بە وەرگێران و گواستنەوە کردووە سەبارەت بە چیرۆك و ڕووداوەکان کەوتوونەتە هەڵەوە، چونکە تەنها لە ڕێگەی گواستنەوەوە زانیارییەکانیان تۆمار کردوە، واتە بەپێوانەی ژیری و دانایی هەڵیان نەسەنگاندووە.

---

[1] مروج الذهب: جـ2/ص ص 99-100 " كتاب جمهرة اللغة، ص 255 " صورة الارض، ص 340 .
[2] زبير بلال اسماعيل : م . س، ص 20 .
[3] المقدمة، ص 10

## بەشـــــــــــــی دووەم

## بەعەرەبکردنی ناوی شـــوێن و شـــارەکانی وڵاتی کورد

یەکێك لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی کە لەئاکامی سەرهەڵدانی فتوحاتی ئیسلامی لە ناوچە کورد نشینەکاندا سەری هەڵدا گۆرینی ناوی هەندێك شارو شارۆچکەو شوێن بوو، دیارە ئەم گۆرانکاریانەش هەریەکەیان هۆیەکی تایبەتیان هەبوو، کە بە مەبەستی جیاواز لە یەکتر ئەنجام دەدران و لە گۆڕینی ناوی گوند، شار، رووبار، لوتکەی شاخ و دەشتاییەکاندا خۆی نواند.

## باسی یەکەم

## چەمکی بەعەرەبکردنی ناوی شوێن و شارەکانی وڵاتی کورد

بریتییە لە دەستکاریکردن و شێواندنی بنەرەتی ناوی گوند و شارو شوێنە کوردییەکان، یاخود ئەنجامدانی کۆمەڵێك گۆرانکاری لە شێوەی ئەو ناوانەدا، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەربرینی زمانی عەرەبیدا بگونجێت، چونکە ئەم ناوانە (أعجمی)ن ولە زمانی عەرەبیدا نامۆ دێنە بەرچاو، یاخود گەڕاندنەوەی ناوی شارەکان بۆ کەسایەتییەکی باوی نێو عەرەب، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ناوە لە چوارچێوەیەکی بەعەرەبکرندا سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە و بنەڕەتە کوردییەکەی خۆی لەدەست بدات، لە دەرەنجامدا دەبێتە هۆی گۆڕینی واقیعی جوگرافی و نەتەوەیی لە بەرژەوەندی نەتەوەی باڵادەست کە نەتەوەی عەرەبە.[1] هەندێ جار ئەم گۆرینە بە دەستکاری کردنی چەند پیتێکی ناوە بنەڕەتیەکە (أعجمی)یەکە ئەنجام دەدرێت، بە زیادکردن یان بە کەمکردن بێت، یاخود بەگۆڕینی هەندێك بڕگە یان پیت لە خودی وشە بیانییەکە کرداری بەعەرەبکردنی ناوەکە پێکدێت [2]. چونکە هەندێك وشە یان هەندێك دەنگ، لە زمانی کوردیدا هەیە و لە زمانی عەرەبیدا نیە، وەك: (پ، چ، ژ، ڤ، گ) ـ هەروەها هەردوو پیتی (ڵ) و (ڕ) [3]

کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێك ناو (ناو _فرمان) لەم وشانە دابڕێژرێت کە هەڵگری فۆنەتیکی جیاواز و سەربەخۆبن و لەزمانی عەرەبیدا بوونیان نەبێت.

---

(1) الجواليقي: م . س، ص ة، خليل محمد اسماعيل: م .س , ص 9، حيدر لشكري: م . س، ص ص 67ـ68 .

(2) الجواليقي: م.ن، ص 6، أدّي شير: معجم الالفاظ الفارسية المعّربة، مكتبة لبنان، (بيروت ـ 1980م)، ص 3 .

(3) نوزاد حسن احمد: تأثير اللغة العربية على اللغة الكردية، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى كلية الاداب ـ قسم اللغة العربية، جامعة بغداد، ( بغداد 1987م) ص 83 .

# باسی دووەم
# هۆکارەکانی

بێگومان لەپشت دەستکاریکردنی ناوی هەندێك شوێن و شارو وڵاتی کورد، هەندێ هۆکاری تایبەت بوونەتە هۆی بنیات نانی ئەم ناوانە وەك :

**یەکەم:** دارشتنی ناوی هەندێ شارو شوێنی وڵاتی کورد بەهۆی ڕووداوێکی تایبـەت و دیاریکراو وەك دارِشتنی ناوی جلولاء.[1]

لە ڕووداوی جەنگی نێوان عەرەبە موسوڵمانەکان و فارسەکاندا کە لە ساڵی (16ك) ڕوویدا.[2] ئەو کوشتارەی کە لە دەرەنجامی جەنگەگە کەوتەوە هێندە گەورەبوو پێی دەووترا (جلولاء الوقیعة) واتە کوشتاری گەورە.[3] یان (سمیت جلولاء لما تجللها من الشَّر والقتلی).[4] ناونرا " جەلەولا " چونکە ژمارەیەکی زۆری تێدا کوژرا. بەم شێوەیە لە ئەنجامی سەرهەڵدانی ئەم شەڕە ناوی جلولاء بەسەر ئەم ناوچەیەدا بڕا.

**دووەم/** دارِشتنی ناوی ژمارەیەك شوێن و شاری وڵاتی کورد لەسەر بنەمای هۆزایەتی، بەتایبەتی ئەو هۆزە عەرەبییانەی کە لە پێش ئیسلام لەسنورێکی بەرتەسکدا دواتر لەگەڵ فتوحاتی ئیسلامی بەشێوەیەکی فراوان لە ناوچەکانی هەرێمی جزیرە نیشتەجێبوون، هەر ئەم هۆکارەش بوو وای لە مێژوونوسانی سەردەمی ئیسلامی کرد، کە ئەم هەرێمە بە سێ هۆزی عەرەبی نیشتەجێبووی ناوچەکەدا بناسێنن، کە ئەوانیش هۆزەکانی (البکر و مضر وربیعة)ن.[5] کە دواتر ئەم هەرێمە

---

[1] شاری جلولاو: ئەم شارۆچکەیە دەکەوێتە سەر ڕێگەی بازرگانی بەناوبانگی خۆراسان ( طریق خراسان العظیم) چەندین گوند لەخۆ دەگرێت، گسوجـێکە ( ناحیەی ئەمرۆ) لە گسوجەکانی رەشەخاك ( ارض السواد)، تەنها حەوت فەرسەخ ( نزیکەی 42کم) لە رەشەخاکەوە دوورە، هەر لەم شوێنەدا جەنگی یەك لاکەرەوەکەی نێوان عەرەبە مسوڵمانەکان و فارسەکان ڕوویدا، بەشکستی فارسەکان کۆتایی هات لە ساڵی ( 16ك)/ خلیفة بن خیاط: تأریخ خلیفة بن خیاط، جـ 1/ص 128" البلاذري: م.س، ص ص 264 ـ274 " أبوالفداء: م.س، ص307 " حسام الدین علی غالب النقشبندي: الكرد فی الدینور و شهرزور، خلال القرن الرابع والخامس الهجریین، مقدمة الی كلیة الاداب ـ جامعة بغداد، ( بغداد ـ 1975 م) ص ص 10 ـ 12 .

[2] البلاذري: م.ن، ص ص 264 ـ 274 " یاقوت الحموي: م.س، جـ2/ص156 " لسترنج: م.س، ص123.

[3] البلاذري: م.ن، ص ص 264 ـ 265 " یاقوت الحموي: المشترك وضعاً والمفترق صقعاً: ( طوتنجن ـ 1864ز)، ص104" معجم البلدان، جـ2/ص156 .

[4] خلیفة بن خیاط: م.س، جـ1/ ص 128 " الذهبي ( ت 748هـ): الخلفاء الراشدون، تحـ حسام الدین القدسي، دار الجیل، (بیروت – 1992م)، ص 41 .

[5] الاصطخري: م.س، ص 53" ابن حوقل: م. س، ص 29 " المقدسي: م . س، ص 136 .

بەسەر سێ یەکەی جوگراف و هۆزایەتی دابەشکرا، کە ئەوانیش دیاربکر (جێنشینی بەکر) ـ دیارمضّر (جێ نشینی موزەڕ) ـ دیار ربیعه (جێ نشینی ربیعه).[1]

ئەم ناولێنانە بۆ دەڤەرەکانی هەرێمی جزیرە شیاو نییە، چونکە بەهیچ شێوەیەك بارودۆخی سروشتی و جوگراف و مرۆیی ئەم هەرێمە رەچاو نەکراوە.[2] سەرەڕای ئەوەی لەڕووی مرۆیی و پێکهاتەی دانیشتوانەوە زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی جەزیرە کوردن.

(ابن حوقل) ( 367ك) زۆر بە وردی سەرنجی لەم بابەتە داوەو دەڵێت:"وقد سكَنَتْ طوائف من العرب من ربيعة ومضر، الجزيرة حتى صارت لهم بها ديار ومراع، ولم أر أحداً عزا الجزيرة الى ديار العرب لأن نزولهم بها وهى ديار لفارس والرَّوم فى اضعاف قرى معمورة ومدن لها أعمال عريضة، فنزلوا على خفارة فارس والرَّوم حتى ان بعضهم تَنَصر ودانَ بدين النصرانية مع الرّوم، مثل تغلب من ربيعة بارض الجزيرة وغسّان وبهراء وتنّوخ من اليمن بأرض الشام" [3].

بەکورتی (ابن حوقل) پێی وایە کە نیشتەجێ بوونی چەند تیرەیەك لە هەردوو هۆزی (ربيعة) و (مضّر) تەنها لە سنووری چەند گوندێکی کەم لە ناوچەیەکی فراوان بوون، ئەم هۆزە لە ژێر فەرمانڕەوای حوکمی فارس و رۆمدا بوون، تەنانەت هەندێکیان بە دینی رۆمەکانەوە پەیوەست بوون، وەکو (تغلب) لە هۆزی ربیعە، لە دەڤەری جەزیرە، غسان بهراء و تنوخ لە یەمەن لە ولاّتی شام. هەروەها گێرانەوەی ناوی شارۆچکەی (أسد آباذ) [4] بۆ (أسد ذي السَّرو الحميري) گوایە کاتێك لەگەڵ هۆزی (تبّع) بەرەو (بلاد الهياطلة) چووە، ئەم شارۆچکەیەی ئاوەدان کردۆتەوە،[5] بەلاّم ئەم بیروڕایەی (یاقوت الحموی) هەڵەیە، راستترین را ئەوەیە، کە ئەم ناوە لە (شێراو)ی کوردی وەرگیراوە و

---

( 1 ) المقدسي: م.ن، ص 136"ابن شداد، م.س، ق 1، جـ 3/ ص ص4 ـ 5" أبوالفداء:م.س، ص 273 " لسترنج: م. س، ص142

( 2 ) حكيم احمد مام بكر: م . س، ص 88.

( 3 ) صورة الارض، ص 29 .

( 4 ) أسد آباذ (شێراوە): ئەم شارە دەکەوێتە نزیك هەمەدان، 7 فرسخ واتە نزیکەی (42کلم) لێی دوورە، هەروەها 4 فرسەخ نزیکەی (24کلم) لە (قصر اللصوص) کەنگاوەر دوورە، لە ئیستادا شارێکی ئاوەدانە، أيوان كسرى (کۆشکی کیسری)ی لێوە نزیکە، تەنها 1 فرسەخ ( 6 کلم) لێی دوورە/ الاصطخري: م . س، ص 115 " المقدسي: م . س، ص 393 " ابن حوقل: م . س، ص 307 " ابو الفداء: م . س، ص 417.

( 5 ) ياقوت الحموي: المشترك، ص 22 " معجم البلدان، جـ 1/ ص 176.

دواتر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و[1] بەعەرەبکردنی ناوی (کسمادران) و کورتکردنەوەی بۆ (ماذران)ی[2] عەرەبی.[3]

هەروەها ناونانی یەکێك لە لوتکە شاخەکانی پشتی شاری قرمیسین (کرماشان) بە (سن سمیرە)[4] ئەم ناوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئافرەتێکی عەرەب لە کۆچکەرەکان (المهاجرات)ی سەر بە (بني معاوية بن كعب بن ثعلبة بن سعد بن ضبة) ددانێکی زیادی لە ریزی پێشەوە هەبوو.[5] لە کاتی تێپەڕبوونی سوپای عەرەبە موسوڵمانەکان بۆ فەتحکردنی شاری نەهاوەند، یەکێك لە سەربازەکان وتی:" كأنها سن سميرة... فسماّ ذلك الجبل سن سميرة ".[6]

**سێیەم/** هۆکارێکی تر بریتیە لە گۆڕینی پیتێك، یان بڕگەیەك لە ناوێك، یان وشەیەکی کوردی، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەربڕینی (تهجئە) زمانی عەرەبیدا بگونجێت، چونکە وەك ئاماژەی پێدرا هەندێك دەنگ، یان پیت لە زمانی کوردیدا هەن، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا نییە، بۆ گونجاندن و دەربڕینی ئەم وشەیە بەزمانی عەرەبی پێویستە ئەم وشە کوردییە، کە گواستراوەتەوە بۆ نێو زمانی عەرەبی، کۆمەڵێك گۆڕانکاری بەسەردا دێت،[7] هەروەها بە کارهێنانی (الفتحة– الضمّة– الكسرة) لە زمانی عەرەبیدا لە جیاتی

---

(1) حكيم احمد مام بكر: م . س، ص151 .

(2) ماذران: (کسمادران): ئەم شارۆچکەیە دەکەوێتە نێوان هەمەدان و قصر اللصوص (کەنگاوەر)، لە هەمەدانەوە 4 فرسخ نزیکی (24کم) دوورە و لە قصر اللصوص (کەنگاوەر)ەوە 7 فرسخ نزیکەی (42کم) دوورە، لە (الدینور) 4فرسخ نزیکەی (24کم)ە/الاصطخري: م. س، ص 115" ابن حوقل، م. س، ص ص 306 ـ 307 " ياقوت الحموي: م . ن، جـ 5/ ص 33.

(3) ابن حوقل: م.س، ص307" ياقوت الحموي، م.ن، ج5/ص33

(4) چیای (سن سمیرە ): ئەم چیایە دەکەوێتە نێوان دینەوەر و حولوان، چیایەکی بەرزە دەڕوانێتە سەر لای چەپی ڕێگای رۆیشتوو بۆ خۆراسان، دواتر بە نێوان قرمیسین و دینەوەر دا درێژ دەبێتەوە/ مسعر بن مهلهل: م . س، ص 14 " سهراب: عجائب الاقاليم السبعه الى نهايه العماره: (فينا ـ 1929 م)، ص 14 " ياقوت الحموى: م . س، جـ 3/ ص 269 " لسترنج، م.س، ص223" حسام الدين النقشبندى: م . س، ص 6 .

(5) البلاذري: م . س، ص 305 " ابن حزم الاندلسي: جمهرة انساب العرب: تحـ عبدالسلام هارون، دار المعارف (مصر ـ 1962 م) ص 313 .

(6) ياقوت الحموي: م . س، جـ 3/ ص 269 .

(7) نوزاد حسن احمد: م . س، ص 78 " بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر بەکارهێنانی ئەم پیتانە لە زمانی عەرەبیدا بگەڕێوە سەر کتێبی (عادات ورسومات نامةى أكرادية) کە لەلایەن (ملامحمود البايزيدي) لە ساڵی (1274 هـ/ 1859 م) نووسراوە .

پیتەکانی (ھ، و، ی) لە زمانی کوردیدا [1] بۆنموونە گۆڕینی ناوی شاری کنجە (طةنجە) [2] بۆ " جَنزة " لەلایەن عەرەبە موسوڵمانەکان و مێژوونوسانەوە [3].

بە عەرەبیکردنی ناوی (بردعە)[4] ئەویش بە گۆڕینی پیتی (د) بۆ (ژ) واتە گۆڕینی ناوەکە بۆ (برذعة)[5]. هەروەها وەرگرتنی ناوی شاری (بردعە) لە بنەڕەتێکی فارسی (بەردەدار) واتە شوێنی بەندکردنی دیلکراوەکان. [6] هەروەها گۆڕینی ناوی ئاستانی (داراب کرد)[7] بۆ (دارابجرد)ی[8]عەرەبی بۆ ئەوەی لەگەڵ دەربڕین و فۆنەتیکی (دەنگ) زمانی عەرەبیدا بگونجێت.

لەبەرئەوەی زۆربەی کات لە جیاتی پیتی (گ–ك)ی کوردی کە ناوەکە دەگوێزرێتەوە بۆ نێو زمانی عەرەبی، پیتی (ج) بەکاردێت [9].

---

(1) نوزاد حسن احمد: م . ن، ص 78 .

(2) جنزە ( گەنجە): یەکێکە لە شارە بەناوبانگەکانی هەرێمی ئەڕان و بەبنکەی ئەم هەرێمە دادەنرێت، دەکەوێتە نێوان " شروان" وأذربیجان، (16) فرسخ واتە نزیکەی (95 کم) لە شاری بردعە دوورە، باخ و بێستانی زۆرە، بە بەرهەمهێنانی هەنجیر بەناوبانگە، لەلای گشت خەڵك بە " گەنجە" ناسراوە، ئیستا پێی دەوتریت یلیسا و تیول (الیزابیث بول) سەر بە ئەرمینیایە/ ابن حوقل: م.س، ص287 " المقدسي: م . س، ص 374 " یاقوت الحموي: المشترك: ص 376: معجم البلدان، جـ 2/ ص171 " ابو الفداء: م .س، ص 405 " أبن عبدالحق: مراصد الاطلاع على اسماء الامكنة والبقاع، دار أحیاء الكتب العربیة، (القاهرة ـ 1954م)، جـ 1/ ص 351 " القلقشندي: م . س، ج4/ص363 .

(3) یاقوت الحموي: م . ن، ص 367 " م . ن، جـ 2/ ص 171 " ابي الفداء: م . ن، ص 405 " اسماعیل شكور: الشدادیون فی بلاد آران، مطبعة وزارة التربیة، ( اربیل 2002م)، ص29.

(4) برذعة (بەردەعە): بەردەدار: بنكەی هەرێمی أرآن (ئەڕان) ە، شارێكی گەورەیە، ودەڵێن لەلایەن (قباذ الاكبر) بنیات نراوە، سێ فرسخ، نزیكی (18 كلم) لە رووباری (الكرّ) دوورە، دەروازەی ئەم شارە بە (باب الاكراد) ناسراوە واتە (دەرگای كورددان)، شارێكی خۆش و بەپیتە و بەرهەمی دانەوێڵە و بێستانی زۆرە، بازارێكی گەورەی تێدایە كە بە (الكركی) ناسراوە لە رۆژی یەك شەممەدا سازدەكرێت، لە بەردەعە وە بۆ دەربەند (باب الابواب) نزیكەی (165كلم)، بۆ دوین (دبیل) 100كلم، ئێستا پێی دەوترێت پاتراڤ ( Patrav) سەر بە كوماری ئەزەربیجانە/الهمذاني: صفة جزیرة العرب، تح محمد بن علي الاكوع، (صنعاء ـ 1983 م) ص 286 " الاصطخري: م . س، ص 109 " ابن حوقل: م .س، ص 291 " المقدسي: م . س، ص 375 " یاقوت الحموي: م . ن، جـ 1/ ص 379 " ابو الفداء " م . ن، ص 403 " القلقشندی: م . س، جـ 4/ ص 361 .

(5) الاصطخري: م . ن، ص 109" ابن حوقل: م . ن، ص 291 " المقدسي: م . ن، ص 375.

(6) یاقوت الحموي: م . س، جـ 1/ ص 379 .

(7) دارا بجرد (داراب كرد): كورەیەكە لە هەرێمی فارس، شوێنی حەوانەوەی پادشاكانی ساسانی بووە، ئاوو هەواكەی سازگار بووە، بەشوورە و خەندەقێكی ئاو دەوردراوە، لە دوو وشە پێكهاتووە " داراب " ئەو كەسەی كە دروستی كردووە، " كرد " بەمانای بنیاتنان/ الهمداني: (ت 310 ە): م.س، ص 422 " الاصطخري: م . س، ص 70 " ابن حوقل: م . س، ص 247 " المقدسي: م . س، ص421 " یاقوت الحموي: م . ن، جـ2/ ص 446 " القزویني: م . س، ص 188 " ابي الفداء: م . س، ص 331.

(8) الهمداني: م . ن، ص 422 " الاصطخري: م . ن، ص 70 .

(9) یاقوت الحموی: م . س، جـ 2/ ص446 " شوان عوسمان: م . س، ص 59 (پەراوێزی چوارەم).

**چوارەم/** ناونانی چەندین ناوچە و شاری کورد بەپێی بارودۆخی کارگێری هەرێمەکانی سەردەمی ئیسلامی، بەتایبەتی بەپێی کۆکردنەوەی باج و خەراجی ناوچەکانی وڵاتی کورد، ئاڕاستەکردنی یان ناردنی بۆ مەڵبەندە سەرەکییەکانی لەشکرکێشیی عەرەبە موسوڵمانەکان لەسەرەتای فتوحاتی ئیسلامیدا، بۆ نموونە ناونانی شاری (نەهاوەند) بە (ماه [1] البصره).[2] الهمدانی دەڵێت: (نهاوند) لەلایەن خەڵکی کوفەوە فەتحکرا، بەڵام " الدینور" لەلایەن خەڵکی شاری بەصرەوە فەتحکرا، بەڵام لەبەر نزیکی شاری (نهاوند) لە (أصبهان)ەوە گەڕێنرایەوە بۆ خەڵکی شاری بەصرە، سەرجەم باج و خەراجەکەی درا بە شاری بەصرە، لەبەرئەوە بە (ماه البصره) ناسرا، بەڵام (الدینور)[3] بەپێچەوانەوە درا بە خەڵکی کوفە و باج و خەراجەکەی درا بە شاری (کوفە) بۆیە بە (ماه الکوفه) ناسرا، ئەمەش لەسەردەمی (معاویە بن ابی سفیان) دا. [4] بەڵام راسترین بۆ چوون سەبارەت بە ناوی (الدینور)، بنەڕەتی ناوی ئەم شارە دەگەڕێنێتەوە بۆ ناوی (دینهور).[5] یاخود بۆ ناوی (دیناوران)، هەروەك (یاقوت الحموی) دەڵێت: "لان اهلها تلقوا دین زردشت بالقبول."[6] واتە خەلکی ئەم شارە بە رەزامەندی خویان ئایینی زەدەشتیان قبوول کرد.

---

(1) ماه: وشەیەکی فارسییە بەمانای مەڵبەندی وڵات ( قصبه البلد)، یاخود لە ناوی ( مادەی) فارسی وەگیراوە بە مانەی ئەو شارە کە دەکەویتە نیوەندی وڵاتی ماد، ئەمەش راسترین بۆ چوونە/ البكري: (ت 487 ە) معجم استعجم من اسماء البلاد والمواضيع، ( القاهرة ـ 1949م)، ج4/ ص1177" ياقوت الحموي: م . س، جـ 5/ ص 48 " النقشبندي: م. س، ص ص 14-15.

(2) ماه البصره: ئەم مەڵبەندە سێ شاری سەرەکی لە خۆ گرتووە کە ئەوانیش (نهاوند و بروجرد و قم)، بنکەی سەرەکی ئەم هەرێمە شاری (نهاوند) ە، هەرلەبەرئەمەیە بە شاری نهاوند دەڵێن (ماة البصرة)/ ابن خرداذية/ المسالك والممالك: دار أحياء التراث العربي، ( بيروت - 1988م)، ص32" ياقوت الحموي: م . ن، جـ 5/ ص 48 .

(3) الدینور ( دینەوەر): یەکێکە لە شارەکانی هەرێمی چیا، کە بە ( ماه الکوفه) ناسراوە، چونکە سەرجەم داهاتەکەی رەوانەی شاری ( کوفە) دەکرا، دانیشتوانەکەی پێکدێن لە عەرەب و عەجەم ( کوردو فارس)، بێگومان رەگەزی عەرەب لە دوای فتوحاتی ئیسلامییەوە لەم شارە نیشتەجێ بوون، الدینور (دینەوەر) دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای شاری هەمەدان، بیست فرسخ ( دەوروبەری 120 کلم) لێی دوورە، چوار قۆناغ لە شارەزوور دوورە، کشتوکاڵ و ئاوی زۆرە/ اليعقوبي: كتاب البلدان: مطبعة الحيدرية، النجف ( 1957م)، ص 40 " الاصطخري: م . س، ص 117" ياقوت الحموي: م . ن، جـ 2/ ص545" ابو الفداء: م . س، ص 415 "النقشبندي، م.س، ص19.

(4) ابن الفقيه: م . س، ص 259" المقدسي: م . س، ص 386 " البكري: م . س، جـ 4/ ص 1412 " ياقوت الحموي: م . ن، جـ5/ ص 48 .

(5) شترك: دائرة المعارف الاسلامية ( مادة دينور)، ج9/ص372.

(6) معجم البلدان، جـ5/ص49 " النقشبندي: م. س، ص19.

**پێنجەم/** دارشتنی ناوی هەندێك قەڵاو شارۆچكەی سنووری (الثغورية) بەپێی ناوی ئەو خەلیفەیەی كە ئەو شارەی بینات ناوە، یاخود دووبارە ئاوەدان كردنەوەی پاش وێرانكردنی لەلایەن دوژمنەوە، بۆ نموونە بنیاتنانی شاری (الهارونیە)[1] لەلایەن خەلیفە (هارون الرشید) دواتر ناوبردنی ئەم شارە بەناوی هەمان خەلیفەوە بە (الهارونیە)[2].

## باسی سێیەم
## شێوازەكانی.

ئەو گۆڕانكارییانەی لە سەردەمی ئیسلامیدا لەناوی شوێن و شارەكانی وڵاتی كورددا سەریان هەڵدا، بەچەندین شێوازی جۆربەجۆر ئەنجام دراون و هەر شێوازێكیان لەوانی دیكە جیاوازە كە بریتین لە:

**یەكەم/** گۆڕینی ناوی هەندێك لە ناوچەكانی وڵاتی كورد بەپێی بارودۆخی سروشتی ناوچەكە، بۆ نموونە گۆڕینی ناوی (كوهستان)[3] بۆ (بلاد الجبل)[4] دیارە ئەم گۆڕانكارییەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی سەختی ناوچەكە كە لە زنجیرە شاخی سەخت پێكهاتووە[5].

---

(1) الهارونیە: شارێكی بچوكە نزیك مرعش (مەرعەش)، كەوتۆتە ناوچە كەلێنی یەكانی لەلای چیای (اللكام)، دووشورەو دەرگایەكی ئاسنی هەیە ـ دواتر رۆمەكان تێكیان دایەوە، بەڵام خەلیفە هارون الرشید لە ساڵی (183ك) بنیاتی نایە وە، هێزێكی شەڕكەری تێدا دانا، لەبەرئەمەیە كەبەناوی خەلیفە (هارون الرشید) بە (الهارونیە) ناسرا، هەندێك دەڵێن لەسەردەمی باوكی هارون الرشید واتە خەلیفە (المهدی) دەست كراوە بە بنیات نانی بەڵام لەسەردەمی( هارون الرشید)ی كوڕی تەواو بووە، لە ساڵی(348 ك/ 959 ز) دووبارە لەلایەن رۆمەكانەوە داگیركرا، 1500 كەس لە دانیشتوانەكەی لە منالّ و ئافرەت و پیاو تالآن كران/ یاقوت: م . ن، جـ 5/ ص 388.

(2) یاقوت الحموی: المشترك، ص 437.

(3) قوهستان (قهستان): ئەم ناوە بەفارسی پێی دەوترێت (كوهستان) لە دووبڕگە پێك دێت كوه: بەمانای شاخ، ستان: بەمانای ناوچە یان وڵات، واتە (ناوچەیەكی شاخاوی)، لە بەرئەوە ئەم ناوە راستەوخۆ لە وشەی (كوهستان) وەرگێراوە كەلە زمانی كوردی دا بە (كوێستان) ناسراوە/ یاقوت الحموی، م. س، ج4/ص 416 "

(4) القزوینی: م . س، ص 34 " جمال رشید احمد: لێكۆڵینەوەی زمان دەربارەی وڵاتی كوردەواری، دار الحریە، (بغداد ـ 1988)، لا 64 .

(5) ابن حوقل: م.س، ص 315 " زرار صدیق: الكرد فی العصر العباسي الاول حتى مجيء البويهيين، رسالة ماجستير مقدمة الى قسم التأريخ فی كلية الاداب ـ جامعة صلاح الدين، (أربيل ـ 1993م)، ص 15 .

هەروەها گۆڕینی ناوی شاخی هەورامان بۆ (جبل شعران)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چڕی دارستانەکانی ئەم زنجیرە شاخە هەروەك (یاقوت الحموی) دەڵێت: "کأنما سمّاَ بذلك على التشبيهه بشعر الرأس لكثرة نباته". [1]

**دووەم/** زیادکردنی (ال)ی ناساندن (التعریف) بۆ سەر هەندێ ناوی دیاریکراو، وەك زیادکردنی (ال) بۆ سەرناوی (فرات)، و گۆڕینی بۆ (الفرات) لە کاتێکدا ناوی (دجلە) وەکو خۆی دەمێنێتەوە (ال) ناساندن وەرناگرێت، ئەم یاسایە تەنها ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە بە پێی (علم الصرف)ی عەرەبی (ال) ناساندن وەردەگرن، بەڵام ناوی رووباری فورات شازە. [2]

**سێیەم/** هەوڵدان بۆ رۆچوون بەقووڵایی میژوودا و دۆزینەوەی رەگێکی مێژوویی بۆ ناوی بەشێکی زۆر شوێن و شاری وڵاتی کورد و هەرێمەکانی، بۆنموونە گرێدانی ناوی هەندێك شارو ناوچە بەناو کەسایەتییەکی مێژوویی ناسراوەوە بەتایبەتی ئەو پێغەمبەرانەی کەبوون بە باوکی بەشێکی زۆری نەوەکانی مرۆڤایەتی یاخود نەوەکانی ئەو پێغەمبەرانە وەك : شاری نهاوند (نەهاوەند) کە لە دووبڕگە پێکهاتووە: نوح: ناوی پێغەمبەرە، ێوند : واتە ئاوەدانی کردۆتەوە. [3] لەکاتی بەکارهێناندا پیتی (حاو) گۆڕاوە بۆ (هاو)، ناوەکە بۆتە (نهاوند) بۆ ئاسانی دەربڕین. [4] بەڵام ئەم بیرو رایە لە رووی زانستییەوە لاوازە، رایەکی تر دەڵێت پێشتر ناوی نەهاوەند بووە، بەڵام راسترین بیروڕا بووچوونەکەی (یاقوت الحموی)یە، کە دەڵێت:"اصلها نیوهاوند، فاختصروا منها ومعناه الخير المضاعف" واتە شاریکی پڕ لە خێر[5].

گەڕاندنەوەی ناوی شاری همذان [6] بۆ سەر یەکێك لە نەوەکانی (نوح) پێغەمبەر بە ناوی (همذان بن الفلوج بن سام بن نوح)، [7] هەروەها گێڕانەوەی ناوی شاری (اصبهان)

---

(1) یاقوت الحموي: م . س، جـ 3/ 346 .

(2) یاقوت الحموي: م. ن، ج2/ص440 " لسترنج: م . س، ص 37 .

(3) ابن الفقية الهمداني: م . س، ص 258 " القزويني: م .س، ص 471، ابو الفداء، م.س، ص417.

(4) ابو الفداء: م . س، ص 417 " ياقوت الحموي: م.س، ج313/5" القلقشندي: م . س، جـ 4/ ص 369 .

(5) ياقوت الحموى، م.ن، ج49/5" النقشبندي، م.س، ص16.

(6) همذان ( هەمەدان): یەکێکە لە شارەکانی هەرێمی چیا کە دەکەوێتە ناوەندی هەرێمەکە، ( 67) فرسخ نزیکی (405کلم) لە حُلوان دوورە، و بەچیا دەورەدراوە بەفارسی بە المحبوبە (خۆشەویست) ناسراوە، ئاوێکی سازگار و هەوایەکی پاك و خاوێنی هەیە، لە ساڵی (24ك) لە سەردەستی (المغيرە بن شعبە) فەتحکراوە/ ياقوت الحموي: م . ن: جـ 5/ ص 410 " ابو الفداء الايوبي: م . س، ص 417" القزويني: م . س، ص 483 .

(7) ابن الفقيه: م . س، ص 217 " المقدسي: م . س، ص 386 .

بۆ (اصبهان بن فلوج بن لمطي بن يافث بن نوح) [1] بەڵام رایەکی تر دەڵێت دەگەڕێتەوە سەر (اصبهان بن فلوج بن سام بن نوح) [2] هەندێك سەرچاوە کۆکن لەسەر ئەوەی کە (همذان و أصبهان) برا بوون. [3]

لەلایەکی تریشەوە ناونانی شارەکان بە ناوی کەسایەتیە ناسراوە عەرەبییەکانەوەیە جا چ لە پێش سەردەمی ئیسلامی یان لە سەردەمی ئیسلامیدا بێت، وەك گەڕاندوەی ناوی شاری حولوان بۆ (حلوان بن عمران بن الحاف بن قضاعة)، گوایە یەکێك لە پاشاکانی فارس پێی بە خشیوە [4]

بەڵام (البکری) دەڵێت: " سميت حلوان لان معناه حد السهل لان حلون اول العراق واخر حد الجبل" [5] کە ئەمەش دروستترین بیرو رایە دەربارەی ناوی ئەم شارە.

**چوارەم/** وەرگێڕانی ناوی کوردی چەند شارێکی کوردنشین راستەوخۆ بۆ زمانی عەرەبی، واتە بە عەرەبکردنیان. وەك گۆڕینی ناوی گوندی هەشتایین[6] بۆ ناوی (الثمانين)ی عەرەبی، [7] ئەوەی جێگەی سەرنجە تا رۆژگاری ئەمرۆش هەر ژیانی تێدا بەردەوامە.[8] هەروەها وەرگێڕان و داڕشتنەوەی ناوی شاری (رأس العين) [1] لە ناوی

---

(1) البكري: م. س، ج1/ ص161 " ياقوت الحموي: م . ن، جـ 1/ ص 206 .

(2) ابن الفقية: م . س، 261 "ياقوت الحموي: م . ن، جـ 1/ ص 206 .

(3) ياقوت الحموي: م . ن، جـ 1/ ص 410 " القزويني: م . س، ص 163 .

(4) الزمخشري: كتاب الجبال والامكنة والمياه، مطبعة السعدون (بغداد ـ 1968 م)، ص 76 " البكري: م . س، جـ 2/ ص 463 " ياقوت الحموي: م . س، جـ 2/ ص 335 " ابن عبدالحق البغدادي: م . س، جـ 1/ ص 418 .

(5) معجم ما استعجم من اسماء البلاد والمواضع، ج2/ص463.

(6) گوندی هەشتایین: دەکەوێتە بناری چیای الجودی، ودەڕوانێتە سەر (جزيره ابن عمر) لە رووی خۆرهەڵاتەوە، زۆربەی مێژونووس و گەڕیدە عەرەبە مسوڵمانەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە یەکەم گوندە لە دوای لافاوەکەی نوح پێغەمبەر ئاوەدان کراوەتەوە، ناوەکەشی لە ژمارەی ئەو کەسانە وەرگیراوە کە هەشتا کەس بوون لەگەڵ حەزرەتی نوح ئەم شوێنەیان ئاوەدان کردۆتەوە پاش رزگاربوونیان لە لافاوەکە، کوردەکان لە کۆنەوە لەم ناوچەیە نیشتەجێ بوون/ الهمژانی: صفه جزيره العرب، ص 247 " الاصگخری: م . س، ص 55 " ابن حوقل: م . س، ص 206 " یاقوت: م . س، جـ 2/ ص 84 .

(7) ابن قتيبة، م. س، ج1/ص ص 214-215" ابن رستة: الاعلاق النفيسة، مطبعة بريل، ( ليدن ـ 1891 م)، ص 195 " المقدسي/ م . س، ص 134 " الاصطخري: كتاب الاقاليم، ص 44 " ابن الجوزي: تلقيح فهوم أهل الاثر فى عيون التاريخ والسير، ص 337 .

(8) ئەم گوندە ئێستا بە (هشتيان) بە ناوبانگە، سەر بە قەزای (شەرناخ)ی کوردستانی ترکیایە/ بگەڕێوە سەر: سلام حسن گه: جزيره ابن عمر، لا32 " عبدالرقيب يوسف:حچاره الدوله الروستكيه، مگبعه الحوادپ، ( بغداد– 1975م)، ج1/ ص 17 " فائزه محمد عزت: م . س، ص ص 45 ـ 36، شوان عوسمان: م . س، لا 26 .

سەروكانی كوردییەوە.[2] هەروەها بەعەرەبكردنی ناوی شارۆچكەی (نەوكرد) — نویَ كرد– و گۆڕینی ناوەكەی بۆ (الحديثة)ی [3]عەرەبی لە سەردەمی (مروان بن محمد) دوا خەلیفەی ئومەوی، كاتێك سەردانی ئەم شوێنەی كرد كە تەنها پاشماوە وێرانەكەی مابوو، پرسیاری ناوەكەی كرد پێیان وت (نەوكرد) ە، ئەویش فەرمانی دا ناوەكەی بگۆڕن بە (ال حديثة).[4] بەلام لەگەل ئەوەشدا هەندێك لەناوی ناوچە كوردییەكان وەك خۆیان مانەوە، وەكو: زۆزان، سبسر، شارەزوور...هتد.

پێنجەم/ وەرگرتنی هەندێ ناوی یۆنانی بەتایبەتی ئەو شارانەی كە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ هەرێمی جەزیرە[5] لە ژێر دەسەلاتی رۆمەكاندا بوون، بە عەرەبكردنی ناوەكانیان، ئەویش بە هەندێ گۆڕانكارییەوە وەك: ناوی شاری (حصن كيفا)[6] لە ناوی (كیفس) (Kiphas) یان (كیفی) (Caphe) رۆمی [7] و زیادكردنی

---

(1) رأس العين: ئەم شارە لە زەوییەكی تەخت و یەكساندایە، زیاترلە300 سەرچاوەی ئاوی سازگاری لیَ هەلّدەقولێت، لە دەرەنجامدا رووباری (خابووری) لیَ پێكدێت كە روودەكاتە شاری (قرقيسيا)، ئەم رووبارە 300 كم درێژە، باخ و بێستان و كشتوكالّی ئەو ناوچەیە ئاو دەدات لەبەر ئەوە ئەم شارە هەندیَ جار (عين الوردە) ( كانی گولّانیشی) پیَ دەوترێت . ئەم شارە سەر بە ( ديار ربيعە) یە، دوو رۆژە ریَ لە شاری (حرّان) دوورە، لەسەردەمی ئەمرۆدا قەزایەكە لە پارێزگای حەسەكەی (الحسكە) سوریا/ الاصگخری: المسالك والممالك، ص 5 " ابن حوقل: م . س، ص 200 " ياقوت: م . س، جـ3/ ص14 " ابو الفداو: م . س، ص 279 " ازاد ديركی: مدن كرديە، (بيروت 1988 م)، ص 175 .

(2) ازاد ديركی: م . ن، ص 175 " حيدرلشكري: م . س، ص 68 .

(3) الحديپە ( نو كرد): ئەم شارە كەوتوتە كەناری خورهەلّاتی رووباری دیجلەوە نزیك بە زێی گەورە، سەر بەشاری مۆصلە، تەنانەت بە بنكەی شاری مووسلˇ دا دەنرا، بە ( حديثة الموصل) ناسراوە بۆ ئەوەی لە ( حديپە الفرات) جیا بكریتەوە/ ابن الفقيه الهمداني: م.س، ص131 " ياقوت الحموي، المشترك، ص123" ابو الفداء: م.س، ص387.

(4) ياقوت الحموي: م.س، ج2/ص230" القلقشندي: م.س، ج4/ص323" شوان عوسمان: م.س، ل36.

(5) هەرێمی جەزیرە: ئەم هەرێمە دابەش دەبێت بەسەر (ديار ربيعة ـ دياربكر ـ ديارمُضَر) گرنگترین شارەكانی بریتین لە: (أمد ـ ميافارقين ـ موصل ـ ماردين ـ سنجار ـ حرّان ـ الرّها ( اورفة)ـ الرَقّة ـ رأس العين ـ نصيبين)، بەلّام الاصطخري دەلّێت: شارەكانی خۆرهەلّاتی زێی دیجلەش سەر بەم هەرێمەن/ المسالك والممالك، ص 340 " ابن حوقل: م . س، ص ص 190 ـ 205، البكري: م . س، جـ 2/ ص 381 " ياقوت الحموي: المشترك، ص 102 .

(6) حسنكيف (حصن كيفا): ئەم شارە دەكەوێتە سەر رووباری دیجلە لە نێوان هەردوو شاری (ميافارقين) و (جزيره ابن عمر) دا، قەلّایەكی بەرزی تێدایە، لە سیَ لاوە بەبەرزایی دەورەدراوە، لەسەر زێی دیجلە گەورەترین پرد (قنطرە) دروست كراوە/ السمعانی: الانساب، دار الفكر، (بيروت ـ 1988 م)، جـ 2/ ص 227" ياقوت الحموی: م . س، جـ 2/ ص 265 " ابو الفداو: م. س، ص 281 " شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفخان، وەرگێڕانی هەژار موكریانی، چاپخانە النعمان (النجف الاشرف– 1972م)/ ص ص 326 ـ 327 . میجەرسۆنیش دەلّێت دانیشتوانی ئەم شارە هەردەم كوردبوون/ رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين: مطابع الجمهورية، ( بغداد ـ 1970 م)، ص 106 .

(7) لسترنج: م . س، ص ص 144 ـ 145 .

وشەی (حصن)ی عەرەبی بۆی، بەڵام هەندێ مێژونووس بە (کیبا) ناوی دەهێنن و پێیان وایە ئەم ناوە لە بنەڕەتدا ئەعجەمیە.[1]

## باسی چوارەم
## بەعەرەبکردنی ناوی شوێن و شارەکان لە هەرێمەکانی وڵاتی کورد

بێگومان سەرهەڵدانی بەعەرەبکردنی ناوی شوێن و شارەکانی وڵاتی کورد، تەنها تایبەت نییە بە ناوچەیەك یان شارێکی تایبەت، بەڵکو ئەم گۆڕانکارییە لە پێکهاتەی ناوەکە یان بردنەوەی بۆ سەر بنەڕەتێکی عەرەبیی سەرجەم ناوچەکان و هەرێمەکانی وڵاتی کوردی گرتۆتەوە بە گوند و شارۆچکە و شاری گەورەوە، تەنانەت کانی و زێ و رووبار و پێدەشت و لوتکەی شاخەکانیش بێ بەش نەبوون، ئەم هەوڵ و تەقەلای بەعەرەبکردنە بۆ ناوچەو هەرێمە جیاوازەکانی وڵاتی کورد ئەگەرچی زۆربەی کات وەکو دەرهاویشتەی ئەو بارودۆخەی کە لە ئاکامی فتوحاتی ئیسلامی بۆ ناوچەکانی وڵاتی کورد هاتە ئاراوە، بەڵام هەندێ کاتیش مەبەستی تایبەتی لە پشتەوە بووە. بۆ زیاتر سەرنجدان و رۆشنایی خستنەسەر ئەم باسە پێویستە، بەوردی لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ئەو گۆڕانکارییانە ئەنجام بدەین کە بەسەر ناوی شوێن و شارەکانی وڵاتی کورددا هاتووە، بەشێوەیەکی ئەکادیمی سەرجەم لایەنە شاراوەکانی دەربخەین، بەقووڵایی بابەتەکەدا شۆڕببینەوە تا راستییەکان بەتەواوی بخەینەڕوو.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە پێویستە هەرێمەکان بە جیاوازی دیراسە بکرێن، تا مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەمان بەدەست بهێنین.

**1– هەرێمی جەزیرە:**

بەشێوەیەکی راستەوخۆ رووبەڕووی ئەم جۆرە بەعەرەبکردنە بۆتەوە، تەنانەت ناوبردنی ئەم هەرێمە بە (اقلیم الجزیره)[2] یان (الجزیرة الفراتیة)[3].

(1) السمعانی: م . س، جـ 2/ ص 227 " یاقوت الحموی: م . س، جـ 2/ ص 265 .

(2) بۆیە پێی دەوترێت (جەزیرە) چونکە دەکەوێتە نێوان هەردوو زێی دیجلە و فوراتەوە، بەتایبەتی بەشی سەرەوەی کەلە (تکریت)ەوە تاسەرچاوەکانی هەردوو زێیەکە دەگرێتەوە/ ابن قتیبة الدینوري: م. س، ج1/ص214" ابن الفقهیه الهمداني: م. س، ص 128 " ابو الفداء: م . س، ص 273.

(3) القلقشندی: م . س، جـ 4/ ص 314 .

له كاتێكدا پێش ناونانی ئەم هەرێمە بە جەزیرە، بە (اقليم آثور) [1] یان (آقور) [2] ناسراو بوو، شاری (الموصل) لەپێش فەتحكردنی لەلایەن عەرەبە موسوڵمانەكانەوە بەسەركردایيەتی (عتبة بن فرقد السُّلمي) لە ساڵی (20 ك). [3] ناوێكی دیكەی هەبوو هەروەك المقدسی دەڵێت: "كان أسم الموصل خولان فلما وصل العرب بها عمارتهم ومصروها سُميت الموصل" [4] هەندێك لە مێژونووسان پێيان وایە ناوی شاری (الموصل) لە وشەی (الوصل) واتە (بەستنەوە) یان (گەیاندن) هاتووە، بۆ نموونە یاخود گەیاندنی هەرێمی جەزیرە بە عێراقەوە. [5] یان بەستنەوەی هەرێمی جەزیرە بە وڵاتی شامەوە. [6] یاخود ئەو كەسەی بنیاتی ناوە ناوی (الموصل) بووە. [7]

پێش هاتنی عەرەبە موسوڵمانەكان بۆ هەرێمی جەزیرە، ناوچەكانی بەشی باكووری ئەم هەرێمە لە ژێر دەسەڵاتی رۆمە بێزەنتیەكاندا بوو، ناوی شارەكانی رۆمانی بوون، بەڵام دوای فتوحات تەعریب كران، وەك: ناوبردنی ناوی شاری (آمد) لە ناوی (آمدا) (Amida)ی رۆمانی[8] بیروڕایەكی راستتر هەیە گوایە پێشتر لەسەردەمی ئاشوورییەكاندا بەم شارە دەوترا (آمد) (Amad). [9] لە دوای فەتحكردنی، ناوی ئەم شارە گۆڕا بۆ (دیار بكر)،[10] ئەم ناوەش لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ناوی هۆزی (البكر)ی عەرەبی. [11]

هەروەها شاری (قرقيساء).[12] ناوێكی بەعەرەبكراوە، لە كركيسا (كركيس)ی رۆمی وەرگێراوە بەمانای ئەو شوێنەی ئەسپی لێ راگیردەكرێت كە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت (الحلبة). [1]

---

(1) ياقوت الحموي: م . س، جـ 1/ ص 92 " ابن شداد: الاعلاق الخطيرة: ق1، جـ3/ ص 4 .

(2) المقدسي: م. س، ص 136 " ياقوت الحموي: المشترك، ص102" معجم البلدان: جـ 1/ ص 283 .

(3) البلاذري: م . س، ص 273 " ابن الفقيه: م . س، ص 128 .

(4) المقدسي: م . س، ص 123 .

(5) ياقوت الحموي: م . ن، جـ 5/ ص 223 " ابن عبدالحق: م . س: جـ 3/ ص 173 .

(6) ابن الفقيه: م . س، ص ص 26 ـ 27 .

(7) ياقوت الحموي: م . س، جـ 5/ ص 223" ابن عبدالحق: م . س: جـ 3/ ص 173 .

(8) لسترنج: م . س، ص144 .

(9) عبدالرقيب يوسف: م. س،، جـ 1/ ص 73 .

(10) دیار بكر: ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ ( بكر بن وائل بن قاسط بن ربيعة بن نزار بن معد بن عدنان)

(11) الاصطخري، م.س، ص53" ابن حوقل م.س، ص29" لسترنج، م.س، ص 140.

(12) قرقيساو: يەكێكە لەشارەكانی (ديار مضَّر) دەكەوێتە خۆرهەڵاتی رووباری فوراتەوە، زێی خاپوور كەلە رأس عين (سەروكانی) سەرچاوە دەگرێت لێوەی نزيكە: الاصطخري/ م . ن، ص 54 " البكري: م . س، ج3/ ص 1066 " ابن حوقل: م . س، ص 204.

**هەروەها وەرگرتنی ناوی شاری (نصيبين)[2] لە ناوی (نسيبيس)ی رۆمانی (Nasibis).[3]**

**وەرگرتنی ناوی (ميافارقين)ی[4] عەرەبی لە ناوی (ميفركت) (Maypharkath)ی ئارامی يان (موفركن)ی ئەرمەنی، لە كاتێكدا یۆنانييەكان بە (مارتيروپوليس) (Martyropolis) ناويان بردووە[5] سەرەڕای ئەمە چەندين بيروڕای جياوازتر سەبارەت بە ناوی (ميافارقين) هەيە، هەندێك مێژوونووس دەڵێن: (ميا) ناوی ئەو ئافرەتەيە كە بنياتی ناوە، (فارقين) بە واتای (خەندەق) كە لە وشەی (بارجين)ی فارسييەوە وەرگيراوە[6] بەڵام ابن شداد دەڵێت (ميا) ناوی دۆڵە و (فارقين) ناوی ئافرەتە، واتە (دۆڵی فارقين)،[7] الانصاری (شيخ الربوة) پێی وايە (ميافارقين) لە بنەڕەتدا ناوێكی بە عەرەبكراوە و لە وشەی (فارقين) وەرگيراوە.[8]**

**ئەوليا چەلەبی پێی وايە ئەم ناوە لە (ماو فارقين) وەرگيراوە، چونكە دەكەوێتە نێوان رووباری ديجلە و بەتمان صو (ساتيدما).[9] ياقوت جارێكی تر دەڵێت: لەوشەی**

---

(1) ياقوت الحموي: م . س، جـ 4/ ص 328 .

(2) نصيبين (نەسيبين): ئەم شارە بەبنكەی سەرەكی (ديار ربيعە) دادەنرێت، كەدەكەوێتە باكووری شاری سنجار (شنگال)، بە دووری 9 فرسخ (نزيكی 54 كلم)، رووباری هەرماس بەتەنيشت شوورەی ئەم شارەدا تێدەپەڕێت، چيای جودی كەدەكەوێتە باكووری ئەم شارە، كەشتييەكەی (نوح) پێغەمبەری لێ گيرساوەتەوە، شاری نصيبين لە مێژوودا بە دوپشكی كوشندە بەناوبانگە، هۆزی ( الشيبان)ی عەرەبی لەگەڵ كورد لەم شارە نيشتەجێن/ الهمذاني: صفة جزيرة العرب، ص 247 " ابن حوقل: م . ن، ص 191 " ياقوت الحموي: المشترك، ص 283" القلقشندي: م . س، جـ 4/ ص ص 321 ـ 322 .

(3) لسترنج: م . س، 124.

(4) ميافارقين (فارقين): بنكەی سەرەكی (ديار بكر) ە، دەكەوێتە نێوان هەرێمی جزيرەو وڵاتی (أرمينيا)، ورێگەی نێوان موصل و ميافارقين بە (حصن كيفا) دا شەش رۆژە رێيە، هەمان رێ بە شاری (ماردين) دا هەشت رۆژ رێيە، ابن حوقل دەڵێت: "شارێكی گەورەيە شوورەكەی بەبەرد بنياتنراوە، وخەندەقێكی قووڵی هەبوو". هەر لەكۆنەوە كوردی تێدا نيشتەجێ بووە بەتايبەتی كە بە ( الاكراد الشاميە) ناسراو بوون/ صورة الارض، ص 202 " ياقوت الحموي: م . س، جـ 5/ ص 236 " ابو الفداء: م. س، ص 279" القلقشندي: م . س، جـ4/ص32.

(5) لسترنج: م . س، ص 143 " محمود شيت خطاب: بلاد الجزيرة قبل الفتح الاسلامي وفی ايامە: مجلة المجمع العلمی العراقي، مج 36، سنة 1985، ص 57 .

(6) الجواليقي: المعرّب، ص 321" ياقوت الحموي: م . س، جـ5/ ص ص 236 ـ 237 .

(7) الاعلاق الخطيرة: ق 1، ج3/ ص 16 .

(8) نخبة الدهر فی عجائب البرّ والبحر، اعادت طبعە بالاوفيست مكتبة ( المثنی ـ بغداد)عن طبعة ( لايبزك ـ1923م)، ص 191

(9) سياحەت نامە: وەرگێڕانی سەعيد ناكام، چاپخانەی كۆڕی زانياری كورد، ( بغداد– 1979 ز)، لا87 .

(مدور صالا) واتە شاری شەهیدان وەرگیراوە بە درێژایی رۆژگار بەعەرەبکراوە و بۆتە میافارقین.[1]

هەروەها گۆڕینی ناوی شارەدێی (هەفتون) بۆ (حبتون)،[2] وەك لە سەرچاوە مێژووییەکاندا ناوی هاتووە، سەر بە ئوستانی مووسڵە،[3] هەروەها دارشتنی ناوی سعرد (سیرت)،[4] لە ناوی (سێ عەرد)ی کوردییەوە (الارض المثلثة)[5] هەندێك بۆچوونی تر هەیە دەڵێت ئەم شارە دووجار وێران بووە، بۆ جاری سێیەم بنیات نراوەتەوە.[6] سەبارەت بە ناوی (ملطية) (مەلاتیە)[7] عەجەمەکان بەم شارەیان دەووت (ئەسپوران)، تورکمانەکان ناویان نابوو (ماڵ ئاتیە) عەرەبە موسوڵمانەکانیش ئەم ناوەیان تەعریب کردو و کردیان بە (ملطية) (مەلاتیە).[8]

---

(1) معجم البلدان: جـ 5/ ص 273 .

(2) حبتون (هەفتون): یەکێکە لە شارۆچکەکانی أربیل ( هەولێر)، سەربە ئوستانی مووسڵە، کاروانەکان کە بۆ (اژربیجان) دەچن لە رۆژی دووەم لەوێ لادەدەن، دەکەوێتە نێوەندی شاخەکان، بازاڕێکی باش و فراوانی تێدایە، زۆربەی خانووەکانی خەڵکەکەی لەسەر گردێکی بەرز دروستکراون، هاوشێوەی قەلایەك وایە، رووبارێکی بە تەنیشتدا دەڕوات، دانیشتوانەکەی سەرجەم کوردن/ یاقوت الحموی: م.ن، جـ 2/ ص 45 " فائزه محمد عزت: م . س، ص 56 " احمد عبدالعزیز محمود: الاماره الهڑبانیه، الکرد فی اژربیجان وأربیل والجزیره الفراتیه، مؤسسه موکریانی، (أربیل ـ 2000م)، ص 38.

(3) البلاذري: م . س، ص 327 " ابن خرداذبة: م . س، ص 85 " ابن الفقيه: م . س، ص 131 .

(4) سعرد (سیرت): ناوی ئەم شارە بە چەندین شێوەی جیاواز لەسەرچاوە ئیسلامیەکاندا هاتووە، ( إسعِرد) و (سِعرت) و (ساعرد) و (سِعرد)، دەکەوێتە بەشی سەرەوەی زێی دیجلە بەلای باکووری خۆرهەلاتیدا، نزیکەی رۆژ ونیوێك لەلای (میاه فارقین) دوورە و لە شاری ئامد (ئامەد) چوار رۆژە رێ دوورە لێی لە باکوورییەوە هەڵکەوتووە/ الاصطخري: الاقاليم، ص 43 " ابو الفداء :م . س، ص 289 " حمدالله المستوفي: نزهة القلوب، باهتمام وتصحيح كي لسترنج، چابخانەی ارمغان، تهران، 1343هـ.ش/ 1964م، ص 123 " الشابشتي: الديارات، تحـ كوركيس عواد، ( بغداد ـ 1958م)، ص 127، لسترنج: م.س، ص ص 145-146 .

(5) فائزة محمد عزت: م . س، ص 42 .

(6) الشابشتي: الديارات، ص 127، هامش ( رقم 2) .

(7) مَلَطْيَة (مەلاتیە): ئەم شارە کۆنەو لەسەر دەستی ئەسکەندەری مەکدۆنی بنیات نراوە، یەکێکە لە شارە کەلێنییەکانی وڵاتی رۆم هاوتخوبی شامەو بەدەست موسوڵمانەکانەوەیە، سێ رۆژە رێ لە شاری (سمیساگ) دوورە، لەسەرچاوە مێژووییەکاندا لەگەڵ فتوحاتی هەرێمی جەزیرە ناوی هاتووە، لە روژانی ئیمرۆدا، شارێکی گەورەیە دەکەویتە کوردستانی تورکیا، لە سەر زێی فورات / البلاذري: م . س، ص 189 " الواقدي: فتوح الشام، ط 1، (بیروت ـ 1966م)، جـ 2/ ص ص 97 ـ 172 " اليعقوبي: كتاب البلدان، ص ص 120 ـ 121 . الاصطخري: م . س، ص 53 " ياقوت الحموي: م . س، جـ 5/ ص ص 192 ـ 193،

(8) ئەولیا چەلەبی: م . س، لا 16 .

گۆڕینی ناوی زنجیره چیای سنووری باشووری وڵاتی کورد له (بارمّا)وه[1] بۆ (حمرین)،[2] بێگومان ئه‌م ناوه له بنه‌ڕه‌تدا هه‌روه‌ك (جمال بابان) ده‌ڵێت: ((مأخوذ من حمر تربتة)) واته له سووری ره‌نگی چیاكه ئه‌م ناوه وه‌رگیراوه.[3]

## 2- له هه‌رێمی چیا:

ئه‌م هه‌رێمه له‌لایه‌ن هه‌ندێك مێژونووسه‌وه به (اقلیم الجبال) هه‌رێمی چیا ناوی هاتووه[4] به‌ڵام هه‌ندێك مێژوونووسی تر به (العراق العجمی) ناوی ده‌به‌ن[5] هه‌رچه‌ند پێشتریش هه‌ندێك مێژونووس ئه‌م هه‌رێمه‌یان به (بلاد البهلویین) ناو بردووه[6] كه‌ئه‌م ناوه‌ش له مێژووی كۆنی وڵاتی ئێرانه‌وه هاتۆته نێو مێژووی ئیسلامی،[7] نه‌ته‌وه‌ی كورد به‌شێكی گه‌وره‌ی پێكهاته‌ی دانیشتوانی (هه‌رێمی چیا) پێكده‌هێنن، ئه‌وه‌تا (الیعقوبی) كاتێك باسی هه‌رێمی چیا ده‌كات به (دارالاكراد) ناوی ده‌بات.[8] كورده‌كان له ناوچه‌كانی ناوه‌ڕاست و خۆرئاوای هه‌رێمی چیا نیشته‌جێ بوون، به‌تایبه‌تی له شێوازی كۆمه‌ڵ و هۆزی كۆچه‌ردا له نێو ده‌شت و چیاكاندا كۆچی هاوینه‌و زستانه‌یان ده‌كرد[9] دیاره له نێو شوێن و شاره‌كانی هه‌رێمی چیا هه‌ندێكیان كه‌وتوونه‌ته به‌ر گۆڕانكاری له رووی ناوه‌كانیانه‌وه كه بریتین له:

---

(1) حمرین (بارّما): ئه‌م چیایه ده‌كه‌وێته نێوان تكریت و موصڵ، له‌سه‌رده‌می ئیسلامیدا به‌چیای (بارمّا) ناسراوه، رووباری دیجله به‌نێو هه‌ردوو رۆخی ئه‌م چیایه‌دا گوزه‌ر ده‌كات له‌و شوێنه‌ی كه‌به شاری (السن) ناسراوه كه ده‌كه‌وێته خۆرهه‌ڵاتی زێی دیجله‌وه ( ئیستا پێی ده‌وترێت الفتحه)، له نێو ئاوی زێیه‌كه‌دا سه‌رچاوه‌ی (قیر) و (نه‌وت)ی تێدایه، ئه‌م زنجیره چیایه له ناوه‌راستی (جزیره) وه له خۆرئاواوه تا خۆرهه‌ڵات بۆ ناوچه‌ی (كرمان) درێژ ده‌بێته‌وه، له وێدا به چیای (ماسبذان) ناسراوه/ الهمذاني: م.س، ص 247"إ الاصطخري: م . س، ص 53 " ابن حوقل: م .س، ص 203"یاقوت الحموي: م . س، جـ 1/ ص 320 . ابن خلدون: المقدمة، ص70".

(2) اسماء المدن و المواقع العراقیة: مطبعة المجمع العلمي الكردي، (بغداد ـ 1976م)، جـ 1/ ص ص 148 ـ 149 .

(3) ابن خلدون به ( جبال الاكراد) ناوی ده‌بات، له‌به‌ر ئه‌وه جێنشینی كورد بووه/ ابن خلدون: م .س، ص ص/70- 74 .

(4) المقدسي: م . س، ص 384 " یاقوت الحموي: م . س، جـ 2/ ص 99 " القزویني: اثار البلاد، ص 341 " ابن عبدالحق: م . س، جـ 1/ ص 306 .

(5) ابو الفداء: م . س، ص 44 "القلقشندي: م . س، جـ 4/ ص 365 .

(6) ابن خرداذبة: م .س، ص 85 " ابن الفقیه: م . س، ص 209 .

(7) نیشتمان بشیر: الاحوال السیاسیة والاجتماعیة والاقتصادیة لغربي اقلیم الجبال خلال القرنین (4 ـ 5) الهجریین، ص 15 " زرار صدیق: م . س، ص 15 .

(8) كتاب البلدان، ص 6 .

(9) زرار صدیق: م . س، ص 17 .

بەعەرەبکردن و گۆڕینی ناوی نهاوند (نەهاوەند) لە کاتی فتوحاتی ئیسلامیدا، و ناوبردنی بە (ماە دینار).[1] چونکە بە پێی قسەکانی مێژوونووسانی سەردەمی ئیسلامی، ئەو کەسەی کە دانوستانی (ووتووێژ) لەگەڵ عەرەبە موسوڵمانەکاندا کرد ناوی (دینار) بوو، بەڵێنی دا بەرامبەر پاراستنی شارەکەو شوورەکەی و خەڵکەکەی و سامان و خانووەکانیان، خەراج و جزیە (سەرانە) بدات، لەبەرئەوە شارەکە لەلایەن عەرەبە موسوڵمانەکانەوە ناونرا بە (ماە دینار).[2] و بەعەرەبکردنی ناوی شاری (ماە سەبەتان) و گۆڕینی ناوەکەی بۆ (ماسبذان)ی عەرەبی، ئەم ناوە لە بنەڕەتدا لە دوو وشە پێکهاتووە، یەکەمیان وشەی (ماە) بە واتەی شار، دووەمیان: (سبذان) بە واتای سەبەتە دێت، چونکە ئەم شارە بە بەرهەم هێنانی سەبەتەی لە پەلکەدار دروست کراو ناوبانگی دەرکردبوو.[3] هەروەهـــــا بە بەعەرەبکردنی ناوی شاری (مەندەلی) [4] و گۆڕینی ناوەکەی لە (وندنیکان)ەوە بۆ (البندنیجین)،[5] ئەویش بە گۆڕینی پیتی (واو) بۆ (باو) و گۆڕینی پیتی (کاف) بۆ پیتی (جیم) کە ئەمەش جۆرێکی بە عەرەبکردن عەرەبەکان وایانزانیوە (البندنیجان) بەجوری جوتە (تپنیە) لە حاڵتی (رەفع دایە)، لە بەر ئەوە گوڕا بۆ (البندنیجین).[6] شارە دێی (الکرج) [7] کە پاشماوەیەکی وێرانە بوو

---

(1) البكري: معجم مااستعجم: جـ 4/ هامش ص 1177 " ياقوت الحموي: م . س، جـ 5/ ص 49 .

(2) البلاذري :م . س، ص 303" ابن الفقية: م . س، ص 258ـ 259" ياقوت الحموي: م. ن، ج5/ص49 .

(3) محمد التونجي: المعجم الذهيي، قاموس فارسي -عربي، دار العلم للملايين، 1969م، ص329" النقشبندي، الكرد في الدينور وشهرزور، ص ص 26-27.

(4) البندنيجين (مەندەلی): یەکێکە لە شارەکانی سەر بە کورەی (حُلوان) لە هەرێمی عێراق، شارێکی کۆنە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەی ساسانی، لەگەڵ شەڕی جلولاء لە ساڵی (16 ك) ناوی هاتووە، دەکەوێتە باشووری رێگەی خۆراسانی بەناوبانگ، ئێستا مەرکەزی قەزایە سەر بە پارێگای دیالەیە بە دووری 115کم، دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی بەغداوە/ البلاذري: م . س، ص 264 " المقدسي: م .س، ص 115 " ابو الفداء: م . س، ص 210 " جمال بابان: م . س، جـ 1/ ص 316 " حسام الدين النقشبندي: مدن كردية في شمالي العراق خلال العصر الاسلامي، مجلة هزارميرد، وزارة الثقافة فى اقليم كردستان، ع 25، ص 178.

(5) ياقوت الحموي: م . س، جـ 5/ ص 49 "

(6) البلاذري: م . س، ص 264 " ياقوت الحموي: م . س، جـ 1/ ص 449 .

(7) كَرَجْ ابو دَلف: ئەم شارە لە بنەڕەتدا پێی دەڵێن (كرُّه)، دەکەوێتە نێوان هەردوو شاری همذان (هەمەدان) و أصبهان (ئەسفەهان)، بەلای هەمەداندا نزیکترە، لەسەردەستی (أبو دُلف القاسم بن عيسى العجلي) ئاوەدان کراوەتەوەو کراوەتە جێ نشینگەی ئەم بنەماڵەیە، دواتر بە (كَرَجْ ابو دُلف) ناسرا کە سەرکردەی خەلیفەی عەباسی (المأمون) بوو/ البلاذري: م . ن، ص 310 " ابن رستة: الاعلاق النفسية، ص 207 " ابن الفقيه: م . س، ص 261 " ياقوت الحموي: المشترك، م . س، ص 368 " معجم البلدان: جـ 4/ ص 446 "جهينة على: الكلمات الفارسية فى المعاجم العربية، دارالطلاس، (دمشق- 2003)، ص 296 .

پاش ئەوەی بنەماڵەی (آل ابي دُلف) سەرلەنوێ ئاوەدانیان کردەوەو ناوەکەی گۆرا بە (کَرجْ أبي دَلف). [1]

بەعەرەبکردنی ناوی شاری (کرماشان)و گۆڕینی لە (کرمان شاهان)ەوە[2] بۆ (قرماسین یان قرمیسین).[3] بەڵام (ابن الفقیه) و (البکری) دەڵێن: (کرمان شاهان) بەناو یەکێك لەسەرکردەکانی ساسانیەوە نراوە بەناوی (کرمان) کە نازناوی (شاه)ی هەبوو، دواتر بەعەرەبکراوە بە گۆڕینی پیتی (کاف) بۆ (قاف)، و پیتی (شین) بۆ (سین) بەپێی ڕێنماییەکانی بەعەرەبکرنی ناو، بۆتە (قرماسین)، پاشانیش بۆتە (قرمسین).[4]

هەروەها ناونانی قەڵای ماژران بە ناوی (قلعه النَّسیر) واتە بە ناوی (النسیر بن دیسم بن ثور العجلي) بوو کە ئەم قەڵایەی فەتحکردووە [5].

بەعەرەبکردن و گۆڕینی ناوی شارۆچکەی (دربایکان ـ کربازکان)[6] بۆ (جرباذقان)ی عەرەبی[7] ئەویش بەگۆڕینی یەکەم پیتی سەرەتای ناوەکە پیتی (کاف) بۆ پیتی (جیم) و گۆڕینی پیتی (کاف) لە ناوەڕاستدا بۆ پیتی (قاف). بێگومان ئەم بەعەرەبکردنەش بۆ ئەوەیە ئەم ناوە لەگەڵ دەربڕینی زمانی عەرەبیدا بگونجێت.

بەعەرەبکردنی ناوی شاری (زنجان)[8] و گۆڕینی بنەڕەتەکەی لە ناوی (زنگان)ەوە بۆ زنجان، ئەویش بە گۆڕینی پیتی (گاف) بۆ (جیم) لە زمانی عەرەبیدا.[1]

---

(1) البلاذري: م . ن، ص 310 " ابن رستة: م . ن، ص 207 " الاصطخري/ م.س، ص 117، الهمذاني: م . س، ص 261 " یاقوت الحموي: م . س، ص 368 " معجم البلدان، جـ 4/ ص 446 . القلقشندي: م . س، جـ 4/ ص 372 " نیشتمان بشیر محمد: م . س، ص 85 .

(2) کرمان شاهان ( قرمسین): یەکێکە لە شارەکانی هەرێمی چیا، دەکەوێتە نێوان هەردوو شاری همژان ( هەمەدان) و حولوان، لە شاری هەمەدان، 30 فرسخ نزیکەی ( 180کلم) دوورە، هەروەها لە شاری دینور (دەینەوەر) نزیکە دەکەوێتە سەر ڕێگای کاروانی حاجییەکان، شارێکی جوانە، زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد و فارسن/ الیعقوبي: کتاب البلدان، ص 37 " ابن الفقیه: م . س، ص 210 " البکري: م . س، جـ 3/ ص 1066 " یاقوت الحموي: م . ن، جـ 4/ ص ـ 33 " القزویني: م . س، ص 433 " ابي الفداء: م . س، ص 413 " القلقشندي: م . ن، جـ 4/ ص 368 " لسترنج: م . س، ص 222 .

(3) المقدسي: م.س، ص 393 " یاقوت الحموي: م . ن، جـ 4/ ص 330 " القزویني: م. ن، ص 433 .

(4) مختصر کتاب البلدان، ص 211 " معجم ماإستعجم، جـ 3/ ص 1066، النقشبندي، الکرد في الدینور وشهرزور، ص22

(5) یاقوت الحموي: م . س، جـ 5/ ص 33.

(6) جرباذقان (دربایکان ـ کرباذقان): ئەم شارە دەکەوێتە نزیکی شاری (همدان) هەروەها دەکەوێتە نێوان شارۆچکەی الکَرْج وأصبهان کە شارێکی گەورە و ناسراوە/ یاقوت الحموي: م. ن، جـ 2/ ص 118، ابو الفداء: م.س، ص 419 .

(7) یاقوت الحموي: م . ن، جـ 2/ ص 118 " ابو الفداء: م . ن، ص 419 " لسترنج: م . س، ص 244 .

(8) زنجان (زنگان): شارێکی گەورەیە دەکەوێتە نێوان هەرێمی چیا و ئەزەربیجان ( أذربیجان) هەندێك لە مێژونووسان (یاقوت الحموی ـ القلقشندی) پێیان وایە سەر بە هەرێمی چیایە، بەڵام الاصطخري جیای دەکاتەوە دەیداتە پاڵ

هەروەها بەعەرەبکردنی ناوی شارۆچکەی (سی سەر)[2] و داڕشتنەوەی بەهەمان دەقی کوردی بەڵام بە نووسینی عەرەبی (سێسر)، وناوونانی ئەم شارە بەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی هەڵکەوتەی ئەم شارە کە بە سێ لوتکە شاخ دەورە دراوە، هەروەها (سێسر) بە (صدخانیە) ناسرا بوو، واتە خاوەنی سەد سەرچاوەی ئاو بوو.[3] بەعەرەبکردنی ناوی عێراق و گۆڕینی ناوەکەی لە (ایران شهر)ەوە بۆ عێراق.[4] لەبەرئەوەی لە زمانی فارسیدا بە ناوچە کەناراوییەکان دەوترێت (أیراه)، لەدوای بەعەرەبکردنیشی پیتی (ق) لە بری (هاو) دانراوە، لەبەرئەوەی ئەم وڵاتەش ناوچەیەکی کەناراویە ناونراوە عێراق.[5] هەروەها گۆڕینی ناوی وڵاتی رەشەخاك لە (دڵ یرانشهر)[6] (قلب أیرانشهر) بۆ (ارض السواد) لەلایەن عەرەبە موسوڵمانەکانەوە، چونکە لە دوورەوە رەش دەنوێنێت، لەبەرئەوەی کشتوکاڵ و درەخت و دارخورمای زۆرە سەرەڕای ئەوەی کە لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا کشتوکاڵ و سەوزایی بەو رووبەرە فراوانە نەبووە، کاتێك عەرەبە موسڵمانەکان لە دوورەوە سەرنجی ئەم ناوچەیان دا بەم ناوە ناویان هێنا [7].

---

بلاد الدیلم ( وڵاتی دەیلەم)، شاری آبهر (أبهَر) دەکەوێتە باشورییەوە، وەشاری قەزوین دەکەوێتە باکورییەوە/ الاصطخري: م . س، ص 115 " یاقوت الحموي: م . ن، جـ 3/ ص 152 " ابو الفداء: م . ن، ص 417 " القلقشندي: م . س، جـ 4/ ص ص 368 ـ 369.

(1) یاقوت الحموي: م . ن، جـ 3/ ص 152.

(2) سیسر (سی سەر): ئەم شارە سەر بە هەرێمی چیایە، هاو سنوری نێوان هەمەدان و دینەوەر، شارەکەو شورەکەی لەسەردەمی خەلیفە ( الامین) بنیاتنراوە، شارەکەو دەوروبەری لەوەڕگای مەڕ و ماڵاتی کوردەکان بوو، لە کاتی فتوحاتی ئیسلامیدا لەگەڵ فەتحی (هەمەدان)دا ناوی هاتووە/ البلاذري: م . س، ص 307 " ابن الفقیە: م . س، ص 239 " الاصطخري: م . س، ص 117 " یاقوت الحموي: م . ن، جـ 3/ ص 297 .

(3) البلاذري: م . ن، ص 307 " ابن الفقیة: م . ن، ص 239 "یاقوت الحموي: م . ن، ج3/ص297.

(4) الجوالیقي: المعرب، ص 231 .

(5) یاقوت الحموي: م . ن، جـ 4/ ص 94 .

(6) دل أیرانشهر (قلب أیرانشهر): لە سەردەمی دەوڵەتی ساسانی دا بەناوچەی رەشەخاکیان وتوە، چونکە ئەم هەرێمە دەکەوێتە نێوەندی هەرێمەکانی دەوڵەتی ساسانی، وخەڵکەکەی بیرو باوەڕیان دروست و پاك بووە، ناوچەیەکی بەپێز و ئاودار بووە، هەردوو زێی دیجلە و فوراتی تێڕژاوە وە بەرهەمی زۆر بووە . خاکەکەی بە پیت بووە، ئاو هەواکەی مام ناوەندی و سازگار بووە، بۆیە بەدڵی مەملەکەتەکە ناویان بردووە/یاقوت الحموی:م.ن، جـ 3/ص273 .

(7) یاقوت الحموی: م . ن، جـ 3/ ص 273 " ابن منظور، لسان العرب، ج7/ص164.

**3- لە هەرێمی خوزستان (الأهواز)**

ئەم هەرێمە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی خاکی رەشەخاك (أرض السواد) و، حەوت ئوستان (کورە) لە خۆ دەگرێت،[1] کە ئەوانیش بریتین لە (سوس و جندیسابور و تستر و عسکرمکرم و الاهواز و رامهرمز و الدورق)ە[2] لە ئوستانە جیاوازەکانی ئەم هەرێمە نەتەوەی کوردی تێدا ژیاوە، لەکاتی فتوحاتی ئیسلامیدا کوردەکان چەندین شەڕی گەورەیان لەگەڵ سوپای عەرەبە موسوڵمانەکاندا کردووە.[3] ئەم هەرێمە وڵاتی عێراق و فارس پێکەوە دەبەستێتەوە.[4]

یەکەم بەعەرەبکردن لە ناوی خودی هەرێمەکەدا کراوە، ئەویش بە گۆڕینی ناوی هەرێمەکە لە (خوزستان)ەوە بۆ (الاحواز)[5] ئەم گۆڕانکارییەش لەسەردەمی ئیسلامیدا روویداوە، ناوەکەش ناوێکی عەرەبییە[6] بە عەرەبیکردنی ناوی (سوق الاهواز) وەرگرتنی ئەم ناوە لە ناوی (هرمز دادشاپور)، گوایە (شاپوور) دوو شاری بنیات ناوە یەکێکیان بە ناوی خۆیەوە ناوناوە و ئەوی دیکەش بەناوی خواوەند، دواتر هەردووکیانی کۆکردۆتەوە لە ژێر ناوی (هرمز داد شاپور) واتە (بەخشینی خودا بۆ شاپور)، دواتر عەرەبە موسوڵمانەکان ناوەکەیان گۆڕی بۆ (سوق الاهواز).[7]

بەڵام (یاقوت الحموی) پێی وایە کەناوی (سوق الاهواز) لە بنەڕەتدا بەزمانی فارسی پێی ووتراوە (هرمشیر) دواتر بۆتە (هرمز أردشیر)، چونکە لەسەر دەستی (أردشیر) بنیات نراوە، لە سەردەمی عەرەبە موسوڵمانەکانیشدا ناوەکە گۆڕاوە بۆ (سوق الاهواز)[8] بەعەرەبکردنی ناوی شاری (السوس)[9] و گۆڕینی ناوەکە لە (الشوش)ەوە

---

(1) الیعقوبی: کتاب البلدان، ص 39 .

(2) المقدسی: م . س، ص 402 .

(3) البلاذری: م . س، ص ص 370 ـ 378 " قدامه بن جعفر: م . س، ص 383 "احمد زینی بن دحلان: الفتوحات الاسلامیه بعد مجی الفتوحات النبویه، المکتبه التجاریه، القاهره، ( 1354هـ/1935م)، ص 137 .

(4) المقدسی: م . س، ص 402" یاقوت الحموی: م . س، جـ 1/ ص 285.

(5) الاهواز: بەتاکی پێی دەوترێت (هوز) کەلە بنەڕەتدا لە وشەی (حوز) وەرگیراوە، لەبەرئەوەی لە زمانی فارسیدا پیتی (حاو) بە (هاو) دەردەبڕێت، بۆ نموونە ناوی (محمد) بە (مهمد) وە (حسن) بە ( هسن) ناودەبرێت/ یاقوت الحموی: م . ن، ج1/ ص 284.

(6) الجوالیقی: المعرب، ص 37، المقدسی: م . س، ص 406 " یاقوت الحموی: م . ن، ج1/ص284.

(7) المقدسی: م . ن، ص 406 " یاقوت الحموی: م . ن، ج1/ ص 285.

(8) یاقوت الحموی: م . ن، جـ 5/ ص 403 .

(9) السوس (الشوش): ئەم شارە سەربە هەرێمی ئەهوازە، هاوسنووری عێراقە، نزیك بە هەرێمی چیایە، بەبەرهەمهێنانی برنج و قامیشی شەکر، هەروەها لەکاتی فتوحاتی ئیسلامیدا باس لە رووبەڕووبونەوی کوردەکانی

بۆ (السوس)[1] ئەویش بە گۆڕینی پیتی (شین) بۆ (سین) کە لەبنەڕەتدا ناوەکە بەواتای (جوان و پاك و خاوێن) دێت،[2] هەروەها

بەعەرەبکردنی ناوی شاری (شوشتر)[3] گۆڕینی ناوەکەی بۆ تستر (تستەر)، (یاقوت) دەڵێت: " الشوشتر تعريب شوش، ومعناه النزة والحسن والطيب واللطيف، إن زيادة التاء والراء تأتي بمعنى أفعل فأنهم يقولون للكبير بُزرك، فأن أرادوا أكبَرَ قالوا بزركتر، فكانهم يقولون أنزه واطيب وأحسن"[4] واتە الشوشتر بەعەرەبکراوی ناوی (شوش)ە، بەمانای خاوێن و باش و چاك، دواتر پیتی (راء) و (تاء)ی بۆ زیادکراوە ئەمەش بۆ نیشاندانی پلەی بەراوردی باڵا، تاوەکو واتای ناوەکە بێتە خاوێنتر و چاکتر و باشتر، بۆ نموونە چۆن دەوترێت گەورە ــ گەورەتر.

بەعەرەبکردنی ناوی شاری (رستم کواد) و گۆڕینی ناوەکە بۆ (رستقباذ) (عسکر مکرم)[5] ئەم شارە لە سەرەتای فتوحاتی ئیسلامیدا لەلایەن عەرەبە موسوڵمانەکانەوە خاپوورکرا، دواتر لەسەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا لەلایەن (الحجاج بن يوسف الثقفي) بۆ سەرکوت کردنی یاخی بوونی (خرزاد بن باس) کە لەیەکێك لە قەڵاکانی شاری (أيذج) خۆی قایم کردبوو، یەکێك لەسەرکردە سەربازییەکانی کە ناوی (مکرم) بوو لەسەر پاشماوەکانی شاری (رستم کواد) بناغەی شارێکی نوێی دامەزراند، کە لەسەرەتادا بارەگای سوپا بوو، لەبەرئەوە ناویان نا (عسکر مکرم)، بەڵام گەڕیدە موسوڵمانەکان

---

سوس و تستر و عەرەبە مسوڵمانەکان کراوە لەلایەن مێژونووسە عەرەبەکانەوە/ البلاذري: م . س، ص ص 371 ـ 375 " الثعالبي: م. س، ص 174 "المقدسي: م . س، ص 405 " ياقوت الحموي: م . ن، جـ 3/ ص 280 .

(1) ياقوت الحموي: م . ن، جـ 3/ ص 280 .

(2) ياقوت الحموي: المشترك، ص 278 .

(3) تستر (شوشتەر): شارێکی بە ناوبانگە مەڵبەندی دەڤەری ( الاهواز) ە، رووبارێك لە نزیك ئەم شارەیە کە بە ناوی شارەکە ناو نراوە، لەسەر ئەم رووبارە بەربەستی (شاژروان) لەلایەن پادشا شاپورەوە بنیات نراوە تاوەکو ئاوەکە بۆ ئاستی شارەکە بەرز بێتەوە، هەندێك لە پادشاکانی دەوڵەتی ساسانی پاش تاڵانکردنی وڵاتی رۆم کۆیلەکانیان بۆ شاری تستر گواستەوە/ المقدسي: م . س، ص 405 " الثعالبي: م . س، ص 174 "ياقوت الحموي: م . س، جـ 2/ ص 29 "القزويني: آثار البلاد واخبار العباد، ص 170 ـ 171 .

(4) معجم البلدان، جـ 2/ ص 29 .

(5) ( عسكر مكرم) (رستقباذ): یەکێکە لە شارەکانی هەرێمی خوزستان، شارێکی خاوێنەو بەرهەمی زۆرە، بازاڕەکەی دەوڵەمەندە، خەڵکی هەڵکەوتوو و زانای زۆرە، زۆربەیان (معتزلە) ن، ئەم شارە بە ناوبانگە چاکترین جۆری شەکری لێ بەرهەم دێت/ المقدسي: م . س، ص ص 409 ـ 410 " الثعالبي: م.س، ص 174" ياقوت الحموي: م . ن، جـ 4/ ص 123 "

به چەند شێوازێك ناوی ئەم سەرکردەیەیان هێناوە، لەلایەن (یاقوت الحموی) بە ناوی (مكرم بن معزاء بن الحارث) ناوی هاتووە.[1]

لەلایەن (البلاذري) و (البكری) بە "مكرم بن الفرز احد بنی جعونه بن الحارپ بن نمیر" ناوی هاتووە.[2] هەروەها (المقدسی) بە (مكرم) ناوی بردووە بەبێ ئەوەی دیاری بكات كام (مكرم)ەیە،[3] بەڵام (القزوینی) بە " مكرم بن معاوية بن الحارث بن تميم" ناوی هێناوە.[4]

بەعەرەبكردنی ناوی شاری (جندیسابور)[5] و وەرگرتنی ناوەكەی لە (جندیشاپور) ەوە، دیارە دارِشتنی ئەم ناوە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە گواستنەوەی ئەو تاڵانیەوە (كۆیلە) هەیە كە (شاپوور بن أردشير) لە وڵاتی رۆمەوە گواستیەوە بۆ شاری (جندیسابور) و لەگەڵ كۆمەڵێك لە سەربازەكانی خۆی لەم شارە نیشتەجێی كردن[6].

هەروەها گۆڕینی ناوی رووباری (كارون) بۆ (دجیل) واتە دیجلەی بچوك ناوبردنی بە (دجیل الاهواز) بۆ جیاكردنەوەی لە رووباری (دجیل) لە باكوری شاری بە غدا[7].

## 4- لە هەرێمی فارس

زۆربەی گەڕیدەو مێژوونووسان كۆكن لەسەرئەوەی كە ئەم هەرێمە بە پێی هەڵكەوتەی جوگرافی لە خۆرئاواوە لەگەڵ هەرێمی خوزستان و لە خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ هەرێمی كرمان ولە باكوورەوە لەگەڵ ئەو ناوچەیەی كە دەكەوێتە نێوان خۆراسان و اصفهانەوە و لە باشوورەوە بە دەریای فارس (كەنداوی فارس) هاوسنوورە.[8]

---

(1) معجم البلدان، جـ 4/ ص 123 "

(2) فتوح البلدان، ص 378 " معجم ما إستعجم، جـ 4/ ص 341 .

(3) أحسن التقاسيم، ص 409 .

(4) آثار البلاد واخبار العباد، ص 222 .

(5) جندیسابور: یەكێكە لە شارەئاوەدانەكانی هەرێمی خوزستان، لەلایەن (شاپوور بن أردشير) بناغەی دانراوە، بە مەڵبەندی هەرێمەكە دادەنرێت، المقدسی دەڵێ: ( والآن وقد إختلت وغلبَ عليها الاكراد)، واتە لەسەردەمی ئەودا كورد زۆرینەوی ئەم شارەی پێكهێناوە، ناوچەیەكی بەپیتەو بەرهەمی زۆرە، رووباری تیژی پێدا تێدەپەڕێت/ الاصطخري: م. س، ص 65"المقدسي: م . س، ص 408" ياقوت الحموي: م. س، جـ 2/ ص 170 "القزويني: م .ن، ص200 .

(6) ياقوت الحموي: م . ن، جـ 2/ ص 170 .

(7) لسترنج: م . س، ص 19 .

(8) الاصطخري: م . س، ص 67 "ابن حوقل: م . س، ص 234 "المقدسي: م . س، ص 420 "ياقوت الحموي: م . س، جـ 4/ ص 226 "زرار صديق: م . س، ص 40 .

له بەناوبانگترین کوورەکانی[1] (ئوستانەکانی) پێنج کوورەن کەبریتین لە : (کورە أصطخر، کورە أردشیر خرە، کورە دارابجرد، کورە ارجان، کورە سابوور)[2] بەعەرەبکردنی ناوی هەرێمی فارس و گۆڕینی ناوەکەی لە (پارس)ەوە بۆ فارس هەروەك یاقوت دەڵێت: "والعجم لایقولون لهذا البلد الابارس" [3] یاخود گێڕانەوەی ئەم ناوە بۆ باوکێکی مێژوویی بەناوی (فارس بن طهمورث)، گوایە سەرجەم نەوەی فارس دەگەڕێتەوە سەر ئەم ڕەگەزە.[4]

لە هەرێمی فارس گەلێك ناوچەو شارەدێ و شاری گەورە یان رووبار هاوشێوەی هەرێمەکانی تر ناوەکانیان روەبەڕووی بەعەرەبکردن بۆتەوە. وەك گۆڕینی و بەعەرەبکردنی ناوی (دار ابجرد) لە (داراب کرد) ەوە. [5] ئەم ناوە وشەیەکی لێکدراوە لە دوو وشە پێکدێت، (داراب) واتە ناوی ئەو کەسەی کە دروستی کردووە، (کرد) بەمانای بنیاتنان، بەڵام عەرەبەکان وەك پێشینەی خۆیان راهاتوون لەسەر گۆڕینی پیتی (ك) بۆ پیتی(ج)، لەئەنجامی بەعەرەبکردن، ناوەکە گۆڕاوە بۆ (دارابجرد)[6].

هەروەها بەعەرەبکردنی ناوی شاری (جور)[7] و گۆڕینی ناوەکەی لە بنەڕەتێکی فارسییەوە بەناوی (کور) (گۆڕ) بۆ ناوی (جور)ی عەرەبی ئەویش پاش گۆڕینی پیتی (ك) بۆ پیتی (ج). [8]

---

(1) کورە (ئوستان): بە ناوچەیەك دەوترێت کە دەیان گوندی لەخۆگرتووە، مەڵبەندێکی سەرەکی هەیە، ئەم ووشەیە ناوێکی فارسی پەتییە، بەڵام پاش وەرگرتنی لەلایەن عەرەبە مسوڵمانەکانەوە وشەی (کوورە)ی لە جیاتی بەکارهات، ناوی هەموو کوورەیەك بەناوی مەڵبەندەکەیەوە بانگ دەکرێت/ یاقوت الحموي: م . ن، جـ 1/ ص 36.

(2) الاصطخري: م . س، ص 67 " ابن حوقل: م . س، ص ص 234 ـ 238 " یاقوت الحموي: م . ن، جـ 4/ ص226 .

(3) یاقوت: م . ن، جـ 4/ ص 226 .

(4) ابن الفقیه: م . س، ص 195 " یاقوت الحموي: م . ن، جـ 4/ ص 226 .

(5) المقدسي: م . س، ص 422 " یاقوت الحموي: م . ن، جـ 4/ ص 446 " القزویني: م . س، ص 188 " ابو الفداء: م . س، ص 331 .

(6) الاصطخري: م . س، ص 76 " المقدسي: م . ن، ص 422 " الجوالیقی: م . س، ص 153 " یاقوت الحموي: م .ن، جـ 2/ص 446 "القلقشندي: م . س، جـ 4/ ص 347 "شوان عوسمان: س، ث، لا 59 . پەراوێزی چوارەم.

(7) جور (گۆڕ): ئەم شارە مەڵبەندی سەرەکی کوورەی (اردشیرخرە)، یە لە هەرێمی فارس، چونکە (اردشیر) بنیاتی ناوە بۆتە بنکەی مەملەکەتەکەی، 20 فرسخ نزیکە (120کلم) لە شاری شیرازەوە دوورە، لە رووی فراوانییەوە هاوشانی دارابجرد و اصگخر و سابوورە/ الاصطخري: م . ن، ص ص 67 ـ 76 " ابن حوقل: م . س، ص 238 " المقدسي: م . ن، ص 432" یاقوت الحموي: م . ن، جـ 2/ ص 181 .

(8) المقدسي: م . ن، ص 242 " یاقوت الحموي: م . ن، جـ 2/ ص 181 "م . ن، جـ 4/ ص 283 .

بەڵام لە سەردەمی (عضد الدولة)ی بوەیهی کاتێك فەرمانڕەوایی ئەم هەرێمەی لەژێر دەستا بوو، زۆرجار بۆ خۆشگوزەرانی سەردانی ئەم شوێنەی دەکرد، خەڵکی دەیانوت (الملك بكور رفت) واتە مەلیك چوو بۆ گۆڕ.[1] لەبەرئەوە (عضد الدولة) هەڵسا بە گۆڕینی ناوی (جور) بۆ (فیروز آباد) بەعەرەبی واتە (اتم دولَتَهُ)[2] بە کوردی مانای (دەوڵەتەکەی تەواوکرد) دەگەیەنێت.

بەعەرەبکردنی ناوی شاری (بسا)[3] و گۆڕینی ناوەکەی بۆ (فسا)، واتە بە گۆڕینی پیتی(با ء) بۆ (فا ء) لەسەرەتای ناوەکەدا.[4] ئەم گۆڕانکارییەش زیاتر دەچێتە چوارچێوەی (بەعەرەبکردنی دەربڕین)ەوە (بۆ ئەوەی لەگەڵ زمانی عەرەبی دا بگونجێت.

بەعەرەبکردنی ناوی شاری (البیضاء)و[5] گۆڕینی ناوەکەی لە فارسییەوە بۆ عەرەبی

ناوی ئەم شارە لە بنەڕەتدا لەلای اصطخري ناوی (نَشاَتك) بووە[6] و لەلای ابن حوقل ناوی (نسايك) بووە،[7] بەڵام القلقشندی بە (نشانك) ناوی دەبات[8] (لسترنج) پێی وایە کە ناوی بنەڕەتی ئەم شارە (نشانك)ە، پشتگیری رایەکەی القلقشندی دەکات[9] بەعەرەبکردن و ناونانی ئەم شارە بەناوێکی عەرەبی، دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەیەکی

(1) المقدسي: م . ن، ص 432 " ياقوت الحموي: م . ن، جـ 2/ ص 181 .
(2) المقدسي: م . ن، ص 432 " ياقوت الحموي: م . ن، جـ 4/ ص 283 .
(3) فسا (بسا): یەکێکە لە شارەکانی کورەی (ئوستانی) دارابجرد، لە رووی فراوانی یەوە هاوتای شاری شیرازە، بەڵکو لە رووی ئاوەدانییەوە گەورەترە، ئاو و هەواکەشی سازگارە، ناوی ئەم شارە (بسا) لە بنەڕەتدا أعجمیيە بە مانای (بای باکور) دێت، البساسیری: کەتوانی خەلیفەی عەباسی (القائم بالله) لە شاری بەغداد دەربکات، ووتار بەناوی خەلیفەکانی فاگمی یەوە لە میصر بدات، خەڵکی شاری فسا (بسا) بوو/ الاصطخري: م . س، ص 67 " ابن حوقل: م . س، ص 2467 " ياقوت الحموي: م . ن، جـ 4/ ص 260 " ابو الفداء: م . س، ص 331 " القلقشندي: م . س، جـ 4/ ص 347 " لسترنج: م . س، ص 327 .
(4) ياقوت الحموي: م . ن، جـ 4/ ص 260 " ابو الفداء: م . ن، ص 331 "القلقشندي: م . ن، جـ 4/ ص 347 " لسترنج: م . ن، ص 327 .
(5) البیضاء (نشاتك): یەکێکە لە شارە گەورەکانی کورەی (اصطخر)، لە کاتی فتوحاتی ئیسلامیدا بۆ هەرێمی فارس بارەگای عەرەبە مسوڵمانەکان بووە، لە وێوە هێرشیان کردۆتە سەر شاری (اصطخر) بۆ فەتحکردنی، لە رووی فراوانییەوە هاوتای شاری (اصطخر)، شارێکی پڕ ئاوەدانی بووە، زۆربەی خانووەکانی لە قوڕ دروستکراون/ الاصطخري: م . س، ص 77 " ابن حوقل: م . س، ص 247 .
(6) المسالك والمالك: ص 77 .
(7) صورة الارض، ص 247 .
(8) صبح الاعشى فى صناعة الانشاء: جـ 4/ ص 345 .
(9) بلدان الخلافة الشرقية، ص 280 .

**سروشتی تایبەت بەم شارە، چونکە قەڵایەکی تێدایە کە لە دوورەوە تەماشای دەکەی بە رەنگی سپی خۆی دەنوێنیّ، لە بەرئەوە عەرەبە موسوڵمانەکان ناویان لێنا (البیضاء).** [1]

**بەعەرەبکردنی ناوی شار (کومس)**[2] **و گۆڕینی ناوەکەی بۆ (قومس) ئەم بە عەرەبی کردنەش بە گۆڕینی پیتی (کاف) بۆ پیتی (قاف) ئەنجام دراوە**[3] **هەروەها بە عەرەبی کردن و ناونانی شاری (کازەروون)**[4] **بە (دمیاط الاعاجم)، ئەم ناوەش لە ئەنجامی بەراوردکردنی شاری کازەروون بە شاری (دمیاط)ی مصر، چونکە هەردوو شار کەتانیان لێبەرهەم دەهێنرێت کە بۆ دروستکردنی جۆرە جلوبەرگێك بەکاردێت، هاوشێوەی جلوبەرگی رۆمەکان ناسراوە** [5].

**بەعەرەبکردنی ناوی کەندی (شیو) (عقبة الجارود)و ناونانی بە ناوی (الجارود العبدي)، ئەمەش کاتێك روویدا کە (الجارود) لەلایەن خەلیفە (عمر بن الخطاب) لە ساڵی (22ك) رەوانەی هەرێمی فارس کرا بۆ فەتحکردنی قەڵاکانی ئەو ناوچەیە، کاتێك گەیشتە ناوچەی نێوان هەردوو شاری (جرَّە) (جره) و شیراز، لەبەرەبەیاندا بۆ هەندێ کاری پێویست لە هاوەڵەکانی، لە ئەنجامدا لەلایەن کوردەکانەوە پەلامار درا وکوژرا، بۆیە ئەو کەندە ناونرا بە (عقبە الجارود).** [6]

---

(1) الاصطخري: م . س، ص 77" ابن حوقل: م . س، ص 247 " القلقشندي: م . س، ج4/ ص 345 .

(2) **قومس (کومس): یەکێکە لە ناوچەکانی هەرێمی فارس، بە زمانی عەرەبی بە شوێنێك دەوترێت کەئاوی تێدا کۆبێتەوە (مواچع الماو)، بەڵام بە زمانی فارسی بە (کومیش) ناودەبرێت، کەواتای رێگوزەری ئاژەڵ (سکە الماشیە) دەگەیەنێت/** البکري: معجم مااستعجم: جـ 3/ ص 1103 .

(3) القلقشندي: م . س، جـ4/ ص 88 .

(4) **کازرون (کازەرون): یەکێکە لە شارەکانی سەر بە کوورەی سابوور (شاپوور) لە هەرێمی فارس، لە شاری سابوور گەورەترە، بەڵام ئاو هەواکەی سازگار و خاکەکەی بە پیتترە لەسەرجەم ناوچەکانی هەرێمی فارس، بەرهەمی زۆرە بەلای راست و باکووری دا باخی میوە و دارخورما درێژ بوونەتەوە، دانیشتوانە کوردەکەی هێندە زۆرن لە ژمارە نایەن، لە شاری ( توج)ە وە نزیکە/** الاصطخري: م . س، ص 67 ـ 78" ابن حوقل: م . س، ص ص 240 ـ 241 " المقدسي: م . س، ص ص 433 ـ 434 " یاقوت الحموي: م . س، جـ 2/ ص 65 " القزویني: م . س، ص 244 .

(5) المقدسي: م . س، ص ص 233 ـ 234 " القزویني: م . ن، ص 244.

(6) البلاذري: م . س، ص 381 .

## 5– له هەرێمی الرحاب (أذربیجان ـ أرانّ ـ أرمینیا)

ئەم هەرێمە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت کە ئەوانیش: أذربیجان (ئازەربایجان)، أرانّ (ئەڕان)، أرمینیە (ئەمەنستان )[1] هەندێك لە مێژوونووسان کە باس لەم هەرێمە دەکەن، پێکەوە باسی ئەم سێ ناوچەیە دەکەن بەبێ ئەوەی ناوێکی دیاری کراو، یان تایبەت لەم ناوچەیە بنێن، تەنها (المقدسی) نەبێت کە ئەم هەرێمەی بە (اقلیم الرحاب) ناو بردووە.[2]

یاقوت الحموی کە باس لە (اقلیم الرحاب) دەکات دەڵێت: (ناوچەی أذربیجان و دربند (دەربەند) و زۆربەی أرمینیا (ئەمەنستان ) دەگرێتەوە.[3]

دیارە ناونانی ئەم هەرێمە بە (اقلیم الرحاب) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیسلامی[4] ناوەکەش وشەیەکی عەرەبی پەتییە، بە مانای شوێنێك یان (هەرێمێکی دلگیر) دێت و ناونانی ئەم هەرێمەش دەگەڕێتەوە بۆ جوانی و خۆشی ئەم ناوچەیە، بەرهەمی زۆری میوەهات و ترێ و دارستانی چڕو پڕ و زنجیرە شاخەکانی کە کانگای بەرهەمهێنانی هەنگوینین، سەرەڕای هەرزانی شتومەکی بازاڕەکانی.[5]

## یەکەم: ئازەربایجان (أذربیجان):

بەعەرەبکردنی ناوی (أذربیجان)[6] و گۆڕینی ناوەکەی بە چەند شێوازێکی جیاواز:

1. خاوەنی کتێبی (حدود العالم) (کە لە ساڵی 372 ك دا دانراوە) پێی وایە (أَزَربیجان) لە بنەڕەتدا ناوەکەی (آذربادطان) بووە.[7] بە هەمان شێوە

---

(1) الاصطخري: م . س، ص 108 "ابن حوقل: م . س، ص 285 "المقدسي: م . س، ص 374 .

(2) المقدسي: م . س، ص 373 .

(3) معجم البلدان: م . س، ج3/ ص 3 .

(4) ئەم سێ دەڤەرە لەسەرەتای ئیسلامدا، لەسەردەمی خەلیفەکانی راشدین و ئومەوی و عەبباسییەکان تاوەکو سەردەمی خەلافەتی (هارون الرشید) پێکهاتوون لەیەك هەرێم، یەك والی بە رێوەی دەبردن، بەڵام لە دواییدا ئەم سێ دەڤەرە بوونە سێ هەرێمی سەربەخۆ . سێ والی بەڕێوەیان دەبردن/ النقشبندي: م . س، ص 38 .

(5) المقدسي: م . س، ص 373 .

(6) أَزَربیجان: ناوچەیەکی فراوانە، شاری تبریَز (تەورێز) مەڵبەندەکەیەتی، کۆمەڵێك شار و گوند و چیا و رووباری زۆری لە خۆگرتووە، لە خۆرهەڵاتەوە هەردوو وڵاتی دەیلەم و چیا سنوورەکەیەتی، و لە خۆرئاواوە ئەمەنستان و بەشێك لە هەرێمی جەزیرەدا، و لەباکوورەوە بە هەرێمی ئەڕان و لە باشوورەوە بە هەرێمی چیا دەورە دراوە، بە ناوبانگترین شارەکانی بریتین لە: (أردبیل، تبریز، المراغە، خوی، سلماس، أرُمیە، مرند)/ یاقوت الحموي: م . س، جـ 1/ ص 128 "القزويني: م . س، ص 284 .

(7) Hudud Al – Alam Translated by V . Minorsky (London), 1973, p. 142 .

(الخوارزمی) بە (آذربادطان) ناوی بردووە، بە مانای (مهب ريح الشمال) واتە (رووکاری بای باکور) لێکیداوەتەوە، چونکە (آذر) یەکێکە لە مانگەکانی وەرزی زستان و (باد) واتە (با)، دواتر وشەکە تەعریبکراوە بۆ (أَذربيجان).[1] (إبن الفقيه) و هەروەها لە دوای ئەویش (المقدسی) پێیان وایە کە ناوی (أَزَربيجان) دەگەڕێتەوە سەر (ازرباد بن بيوراسف بن الاسود بن سام بن نوح).[2]

2. (استرابون) پێی وایە ناوی (أذَربيجان) لە ناوی (اتروپاتس– Atropat) سەرکردەوە وەرگیراوە، کە لەکاتی هێرشەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ سەر وڵاتی فارس توانی (وڵاتی میدیای بچوك) بپارێزێت، کە کەوتبووە باکوری خۆرئاوای ئێرانەوە، دواتر بە ناوچەکە وتراوە (آتروثاتطان) واتە وڵاتی سەرکردە (آتروثات)[3] و گۆڕاوە بۆ (آذربادطان) دواتر بۆتە (أَذربيجان)[4]

3. یاقوت الحموی دەڵێت: دروستترین بیروڕا سەبارەت بە ناوی (أَزَربيجان) ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا لە ناوی (آذر) واتە (ئاگر) و (بايگان) واتە (پارێزەر یان کۆگا) دێت، واتە وشەکە بە مانای (بيت النار) (ئاتەشگە)، یان (خازن النار) (کۆگای ئاکر) دێت، بەبەڵگەی ئەوەی ناوچەی (بيت النار) (ئاتەشگە)ی زەردەشتی زۆری تێدا بوو.[5]

ئەم بۆچوونەی (یاقوت الحموی) سەلمێنەری ئەو راستییە کە ناوی (أَزَربيجان) لە بنەڕەتدا لە (آتروثاتطان) دواتر (آذربادطان) وەرگیراوە، لە سەردەمی ئیسلامیدا بەعەرەبکراوە بۆ اذربايجان و أذربيجان.[6] هەروەها بەعەرەبکردنی ناوی شاری (مراغە)[7] و گۆڕینی ناوەکەی لە بنەڕەتێکی فارسییەوە بەناوی (افراز هروذ).[1]

---

(1) مفاتيح العلوم، مطبعة الشرق القاهرة، 1342 هـ/ 1923 م، ص 71 .

(2) مختصر كتاب البلدان، ص 284، أحسن التقاسيم، ص 375 .

(3) شترك: دائرة المعارف الاسلامية، (طهران ـ 1931 م)، مادة أذربيجان جـ 1/ ص 564 .

(4) حسام علي غالب النقشبندي: أذربيجان (420 هـ ـ 654 هـ)، أطروحة دكتوراة مقدمة الى قسم التاريخ فى كلية الاداب/ جامعة بغداد، بغداد، (1405 ـ 1984 م)، ص 36 .

(5) معجم البلدان، جـ 1/ ص 128 .

(6) النقشبندي: م . س، ص 37 .

(7) مراغە: یەکێکە لە شارە بەناوبانگەکای ناوچەی أزربيجان، زۆر بە پیت و پاك و خاوێنە، دەکەوێتە خۆرئاوای شاری (تبریز)، تەنها 17 فرسخ (112کم) لێی دوورە، ونزیکەی 40 فرسخ (240 کم) لە شاری (أردبيل) دوورەو، 30 فرسخ (190 کم) لە شاری أدرمیە (ورمێ) دوورە، لە دوای أردبيل بە دووەمین گەورە شاری ناوچەی ئەزەربيجان

(أفرازهروذ)[2] یان (أفررا هروز)[3] ئەم بە عەرەبکردنە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی، کاتێك (مروان بن محمد) والی (أَذَربیجان) و (أرمینیا) بوو خەریکی دەست بەسەراگرتنی ناوچەکانی (جیلان) و (موقان) بوو، لەم ناوچەیە بارەگای خۆی خست، لەئەنجامی بڵاوبوونەوەی ئاژەڵەکانیان لەم ناوچەیە، ناوی (قریە المراغە)، واتە (گوندی ئاژەڵی بەرەڵا)ی بەسەردا بڕی، دوارتر وشەی (قریە) لابرا تەنها ناوی (المراغە) مایەوە کە ناوێکی عەرەبی رووتە.[4]

گورینی ناوی چیا (سولان)ی[5] کوردی و بەعەربکردنی ناوەکەی و گورینی بۆ (السبلان)ی عەرەبی.[6]

هەروەها بە عەرەبکردن و ناونانی شاری (میانە)[7] و گۆڕینی ناوەکەی بۆ (مَیانَج)[8] دیارە ئەم گۆڕانکارییەش بە گۆڕینی پیتی کۆتایی ناوەکە ئەنجام دراوە کە، بریتییە لە گۆڕینی پیتی (هاء) بۆ پیتی (جیم).

## دووەم/ أرّان (ئەڕان) :

ناوچەیەکی گەورە و بەرفراوانە،[9] دەکەوێتە نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا (ئەمەنستان ).[1] سێیەکی هەرێمی (الرحاب) پێکدێنێت، شاری (برذعة) (بەرزەعە) بە

---

دادەنرێت، رەز و باخی فراوانە، ئاوی زۆرە/ الاصطخري: م . س، ص 113" ابن حوقل: م . س، ص 288" المقدسي: م . س، ص 377 " یاقوت الحموي: المشترك، ص 394" القلقشندي: م . س، جـ 4/ ص ص 359 ـ 360

(1) یاقوت الحموي: م . س، جـ 5/ ص 93 "لسترنج: م . س، ص 198 .

(2) ابن الفقیە: م . س، ص 284 .

(3) البلاژری: م . س، ص 325 .

(4) الاصگخری: م . س، ص 108 "البلاژری: م . ن، ص 325 "ابن الفقیە: م . س، ص 284 "ابو الفداو: م . س، ص 399 "القلقشندی: م . س، جـ 4/ ص 358 .

(5) چیای سولان: ئەم چیایە دەکەوێتە خورئاوای شاری ( اردبیل) بە دووری ( 12کلم)، نزیکەی ( 3820م) بەرزە. زووربەی دانیشتوانەکەی کوردن لە کاتی فتوحاتدا ناوی هاتووە/ البلاژری: م.س، ص321" النقشبندی، م.س، ص ص 57–60" شوان عوسمان: س. پ، لالا62–63.

(6) شترك: دائرە المعارف الاسلامیە، مادە اژربیجان، جـ1/ص564. .

(7) مێانج ( میانە): یەکێکە لە شارەکانی ئازەربیجان، نزیکەی دوو رۆژە رێ لە شاری مراغە (مەراغە) دوورە، هەروەها دەکەوێتە نێوەندی هەردوو شاری مەراغە و تبریز (تەورێز) لەهەریەکەیان 20 فرسخ (120 کم)دورە، لە کاتی فتوحاتی ئیسلامیدا ناوی ئەم شارە هاتووە/ البلاژری: م . س، ص 326 "یاقوت الحموی: م . س، جـ 5/ ص240" ابو الفداو: م. س، ص401"القلقشندی: م . س، جـ 4/ ص 360 " النقشبندی: م.س، ص ص65–66.

(8) البلاژری: م . ن، ص 326 "یاقوت الحموی: المشترك، ص 411 "ابو الفداو: م . ن، ص 401 "القلقشندی: م . ن، جـ 4/ ص 360 .

(9) یاقوت الحموی: م . س، جـ 1/ ص 136 .

مەڵبەندی ئەم ناوچەیە دادەنرێت، لە گرنگترین شارەکانی (تفليس، القلعه، حنان، شمكور، جنزة (طةنجة)، برديج، الشماخية، شروان، باكويه، الشابروان، باب الابواب، الابخاز، قبلة، شكي، ملاذكردو، هەروەها (البيلقان).[2] لەسەردەمی ئیغریقییەکاندا بەم ناوچەیە وتراوە (أريان)، بەڵام لەلایەن سریانییەکانەوە بەناوی (أرّان) ناوبراوە[3] عەرەبە موسوڵمانەکان بە دوو شێواز ناوی ئەم ناوچەیان بردووە، هەندێکیان بە شێوازی (الرّان) ناویان بردوە،[4] بەڵام هەندێکی تریان بە (أرّان) ناویان هێناوە.[5] ئەگەر سەرنج بدەین ناوی (أرّان)، ناوێکی بە عەرەبی کراوە، لە ناوی (أريان)ی یۆنانی وەرگیراوە، بەڵام پیتی (ياء) لە ناوەڕاستی ناوەکە لابراوە بۆ ئاسانی دەربڕین.

بە عەرەبکردن و ناونانی شاری (باب الابواب)[6] و گۆڕینی ناوەکەی لە وشەی (دربند خوزان)ەوە بۆ (باب الابواب)[7] بەڵام ياقوت الحموی بە (دربند شروان) ناوی دەهێنێت،[8] ابو الفداء پێی دەڵێت (باب الحديد) لەسەردەمی خۆیدا کە سەدەی هەشتەمی کۆچییە.[9] بە بەعەرەبکردنی ناوی ئەم شارە لە ژێر هەر ناوێك یاخود لە کاتێکی جیاواز لە یەکتر بێت، گرنگ ئەوەیە کە بنەڕەتی ناوەکە کوردییە و لە وشەی دەربەندی کوردەوە وەرگیراوە.[10] هەروەها بە بەعەرەبکردنی ناوی شاری (شروان)[1]

---

(1) ياقوت الحموی: المشترك،، ص 19 .

(2) المقدسي: م.س، ص 374 "ياقوت الحموي: م . س، جـ 1/ ص 136 "ابو الفداء: م . س، ص 405 "القلقشندي: م . س، جـ 4/ ص 363 .

(3) جمال رشيد احمد: لقاء الكرد واللان فى بلاد الباب وشروان، (أربيل ـ 2001 م)، ص ص 47 ـ 51.

(4) الاصطخري: م . س، ص 108 "ابن حوقل: م . س، ص 286 .

(5) ياقوت الحموي: م . س، جـ1/ ص 136 "القلقشندي: م . س، جـ 4/ص 360 " لسترنج :م . س، ص 211، بۆزانیاریی زیاتر بطةڕێوة سةرنامةی ماستةری: كوثر اسماعيل احمد: الحياة الاقتصادية والاجتماعية لأقليمي أذربيجان وأران خلال القرنين الرابع والخامس الهجريين، ص 11 .

(6) باب الابواب (دەربەند): يەکێکە لە شارەکانی دەڤەری ئەڕان، کە کەوتۆتە سەردەریای گبرستان (خەزەری ئێستا)، لە شاری دبيل ( دوێك) گەورەترە، كشتوكاڵی زۆرەو بەرهەمی کەمە، بناغەی ئەم شارە لە لایەن (نوشروان کوڕی شاقوباد) بنيات نراوە، نێوانيان لەگەڵ شاری (برژعە) نزيكەی (165كم) بووە/ البلاذري: م . س، ص 168 "الاصطخري: م . س، ص 110 " ابن حوقل: م . س، ص 291 "ياقوت الحموي: م . س، جـ 1/ ص 303 "القزويني: م . س، ص ص 506 ـ 512 "ابو الفداء: م . س، ص 405 "القلقشندي: م . ن، جـ 4/ ص405 .

(7) ابو الفداء: م . ن، ص 405 "القلقشندي: م . ن، جـ 4/ ص 405 .

(8) ياقوت الحموي: م . س، جـ 1/ ص 303 .

(9) ابو الفداء: م . س، ص 405 .

(10) ياقوت الحموي: م . س، جـ 2/ ص 499، لسترنج: م . س، ص 312، اسماعيل شكور: م . س، ص 41 .

**(شروان)[1] ئەم شارە لە لایەن (کیسری نوشروان)ەوە دروستکراوە، هەر بەناوی (نوشروان) خۆیەوە ناونرا، بەڵام کاتێك فتوحاتی ئیسلامی گەیشتە ئەم ناوچەیە، ئەم ناوە بڕگەی پێشەوەی واتە (نو) لابرا و ناوەکە بوو بە (شروان)، ئەم بە عەرەبکردنەش لە پێناوی ئاسان دەربڕینی ناوەکە ئەنجام درا.[2] هەروەها بە عەرەبکردنی ناوی شاری (شمکور) گۆڕینی بە (المتوکلیە).[3]**

**به بەعەرەبکردنی ناوی شاری بردعە (بەردەعە)و گۆڕینی بۆ (برذعة)، ئەم گۆڕانکارییەش بە گۆڕینی پیتی (دال) بۆ پیتی (ذال) دەکرێت.[4]**

**هەروەها بە عەرەبکردنی ناوی شاری (نەخچوان)[5] گۆڕینی ناوەکەی بۆ (نقجوان)[6] دواتر بەعەرەبکردنێکی بنەڕەتی بۆ ناوەکە لەلایەن گەڕیدە موسوڵمانەکانەوە و گۆڕینی ناوەکەی بۆ (نشوی).[7]**

**به بەعەرەبکردنی ناوی شاری (کنجە) گەنجە و گۆڕینی بۆ (جنزە)، ئەویش بە گۆڕینی پیتی (گ)ی کوردی (جیم)ی عەرەبی.[8] هەروەها بەعەرەبکردنی ناوی شاری (البیلقان)[9] و گۆڕینی ناوەکەی لە بنەڕەتێکی ئەرمەنییەوە بەناوی (فیداکاران).[1]**

---

(1) شروان (شێروان) ئەم شارە سەربە دەڤەری أران (ئەڕان)ە، بە دەربەندە ناسراوە لەبەرئەوە بە (دربند شروان) ناودەبرێت، شارێکە گەورەیەو لە دەشتێکی فراواندایە، رووبارێك بە ناویدا تێدەپەڕێت/ ابن الفقیه: =

=م . س، ص 289 " الاصطخري: م . س، ص 110 " ابن حوقل: م . س، ص 294 " المقدسي: م . س، ص 376 "ابو الفداء: م . س، ص 397.

(2) یاقوت الحموي: م . س، جـ 3/ ص 339 "ابو الفداء: م . ن، ص 397 "القلقشندي: م . س، جـ 4/ 364 .

(3) بگەڕێوە بۆ هۆکارەکانی بەعەرەبکردنی ناوی شوێن و شارەکانی وڵاتی کورد، خاڵی شەشەم، ل 124.

(4) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر بە عەرەبکردنی ناوی شاری بردعە ( بەردەعە) بگەڕێوە سەر خاڵی چوارەم لە هۆکارەکانی بەعەرەبکردنی ناوی شوێن و شارەکانی وڵاتی کورد، ل ل 121–122.

(5) نقجوان ( نخچوان ـ نەخشوان): ئەم شارە سەر بەوڵاتی ئەڕانە، دەکەوێتە ناوچەیەکی سنووری لەگەڵ ئەرمینیا و أذربیجان دراوسییە، دەکەوێتە خۆرهەڵاتی هەرێمی ( أرّان)ەوە، 6 فرسخ واتە نزیکەی ( 36کم) لە شاری تبریز (تەورێز) دوورە، بەکامڵترین دەڤەری ساسانی دادەنرا/ ابن الفقیه: م . س، ص 210 "یاقوت الحموي: م . س، جـ 5/ ص 276 "ابو الفداء: م . س، ص 399" القلقشندي: م . س، جـ 4/ ص 362" اسماعیل شکر رسول: م.س، ص 41

(6) یاقوت الحموي: م . ن، جـ 5/ ص 298، ابو الفداء: م . ن، ص 399 .

(7) یاقوت الحموي: م . ن، جـ 5/ ص 286 "ابو الفداء: م . ن، ص 399 "القلقشندي: م . س، جـ 4/ ص 362 " لسترنج: م . س، ص 201 .

(8) بگەڕێوە سەر خاڵی چوارەم لە هۆکارەکانی بە عەرەبی کردنی ناوی شوێن و شارەکانی وڵاتی کورد، ل 121 .

(9) البێیلقان: (فیداکاران): یەکێکە لە شارەکانی وڵاتی أرّان ( ئەڕان)، مێژوونوسان پێیان وایە ئەم شارە لەسەردەستی (بیلقان بن ارمینی بن لنگی بن یونان) بنیات نراوە، دەکەوێتە خواروی (برذعة) بە دووری 14 فرسخ واتە نزیکەی (82 کلم)، و تەنها 6 فرسخ واتە نزیکەی ( 36 کلم) دوورە لە شاری (ورثان) کە دەکەوێتە باشووری بیلقان،

اسماعیل شکر پێی وایە: ئەم ناوە وشەیەکی لێکدراوی کوردییە لە دوو بڕگە پێکهاتووە (فیداکار) بەمای خۆبەختکەرو، پاشگری کۆی (ان)ی بۆ زیادکراوە و، پێی وایە ئەم ناوە لەگەڵ مێژووی کوردی ئەو دەڤەرە دەگونجێ، لەوانەیە (ئەرمەنەکان) ئەم ناوەیان لە کوردەکانەوە وەرگرتبێت.[2]

## سێیەم: أرمینیا:

ناوی (أرمینیە) گێڕراوەتەوە بۆ باوکێکی مێژوویی بە ناوی (أرمیني بن منظر بن یافث بن نوح).[3] بەڵام یاقوت دەڵێت: (أرمینیە بەناوی أرمینیا بن لنطا بن اومر بن یافث بن نوح) ناونراوە[4].

هەروەها بەعەرەبکردنی ناوی شاری (خرتبرت)، (خربوت).[5] عەرەبە موسوڵمانەکان ئەم ناوەیان گۆڕی بۆ (حصن الزیاد).[6] بەعەرەبکردنی ناوی (دەریاچەی أرجیش)[7] (أرزش) یاخود (دەریاچەی وان) بۆ (بحیرة الطریخ).[8] دیارە ناوهێنانی ئەم دەریاچەیە بە (الطریخ) دەگەڕێتەوە بۆ ناوی ئەو جۆرە ماسییەی کە لێی راوکراوە بەهەمان شێوە بە(سمك الطریخ) ناسراوە لە جۆرێکی باش و زۆر بەناوبانگ بووە رەوانەی ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە و عێراق و وڵاتی شام کراوە.[9] لەبەر بایەخی داهاتی ئابووریی ئەم دەریاچەیە کاتێك (محمد بن مروان بن الحکم) بوو بە والی (أرمینیە) و (هەرێمی جزیرە)، راوکردنی قەدەغەکرد و ساڵانە بە پارە دەیدا بە خەڵك.[10]

---

شارێکی بە پیت و بەرهەمی زۆرە/ الاصطخري: م . س، ص 110 " ابن حوقل: م . س، ص 294 "ابو الفداء :م . س، ص 405 "القلقشندي: م . س، جـ 4/ ص 363 "کو ثر اسماعیل: م . س، ص26 .

(1) لسترنج: م . س، ص 212 .

(2) اسماعیل شکر: م.س، ص40.

(3) المقدسي: م . س، ص 374 .

(4) یاقوت الحموي: م . س، جـ 1/ ص 160 .

(5) خرتبرت (خەرپووت): یەکێکە لە شارەکانی سەر بە دەڤەری أرمینیە (ئەمەنستان ) لە رۆژانی ئیمرۆدا، ئەکەوێتە رۆژهەڵاتی تورکیا، نزیك سەرچاوەی زێی دجلە، ئەکەوێتە نێوان هەردوو شاری ملگیە (مەڵاتیە) و ئـَمد (ئامەد)، دوو رۆژە رێ لە شاری مەڵاتییە دوورە، لەسەردەمی ئەمڕۆدا بە خەرپووت ناسراوە/ یاقوت الحموي: م . ن، جـ 2/ ص 355 لسترنج: م . س، ص 149 .

(6) القلقشندي: م . س، جـ 4/ ص ص 355 ـ 356 " لسترنج: م . ن، ص 149 .

(7) دەریاچەی أرجیش (دەریاچەی وان): دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری (خلاط)ەوە، درێژییەکەی لە خۆرئاواوە بۆ خۆرهەڵات کەمێك بەلای باشوریدا چوار قۆناغە، بەڵام پانیەکەی تەنها یەك قۆناغە/ الاصطخري: م . س، ص 111 " ابوالفداء: م . س، ص 395 .

(8) البلاذري: م . س، ص 203 "لسترنج: م . س، ص 340 .

(9) ابن حوقل: م . س، ص 297 " ابو الفداء: م . س، ص 395 .

(10) البلاذري: م . س، ص 203 .

بەعەرەبکردنی ناوی زنجیرە شاخی (ئارارات)،[1] گۆڕینی ناوەکەی لە بنەڕەتێکی کوردییەوە بۆ ناوی دوو کەسایەتی عەرەبی، ئەم زنجیرە شاخە کە لە دوو بەش پێکدێت ئاراراتی گەورە و ئاراراتی بچووک.[2] ناوهێنانی زنجیرە شاخی ئاراراتی گەورە بە ناوی (الحارث) کە دەگەڕێتەوە بۆ (الحارث بن عمر والغنويين) ناوهێنانی ئاراراتی بچووك بە ناوی (الحويرث) کە دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتیی (الحويرث بن عقبة)، ئەم دوو کەسایەتییە لەگەڵ سەرکردە (سلمان بن ربیعە) یەکەم کەس بوون لەکاتی فتوحاتدا چوونە نێو ئەم چیایانە بۆیە بە ناوی ئەم دوو کەسایەتییەوە ناونران: (الحارث والحويرث).[3]

بنیاتنانی (قلعة الحدث)[4] بەعەرەبکردنی ناوەکەی، بنەماڵەی ئومەوییەکان بەم قەڵایەیان دەووت (السلامة الطيرة)، چونکە موسوڵمانەکان لەم شوێنەدا تووشی ڕووداوێکی سەخت هاتبوون، هەندێك تر دەڵێن: موسوڵمانەکان لەم شوێنەدا ڕووبەڕووی گەنجێکی هەرزەکار (غلامٌ حدث) بوونەوە، بۆیە ئەم دەروازەیە ناونرا (درب الحدث).[5]

## ئەنجامەکانی بەعەرەبکردنی ناوی شوێن و شارەکانی وڵاتی کورد.

1. لەگەڵ هاتنی لە شکرکێشیی عەرەبە موسوڵمانەکان بۆ ناوچەکانی دەرەوەی نیمچە دوورگەی عەرەبی، عەرەبە موسوڵمانەکان ناوی هەندێك لە ناوچەکانیان گواستەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە فەتحکران و تێیدا نیشتەجێ

( 1) الحارث والحويرث (ئارارات): ئەم دوو زنجیرە شاخە دەکەونە نزیك شاری دبیل (دوین) مەڵبەندی سەرەکی أرمينيە (ئەمەنستان )، لەبەر بەرزی و سەختی ڕێگاکەی کەس ناتوانێت بگاتە لوتکە بەرزەکانی، بەدرێژایی ساڵ بەفری لەسەرە، سەرچاوەی ئاو وسوتەمەنیی و ڕاوشکاری ناوچەکەیە، بەرزترین چیای دەڤەری ئەمەنستان یە، گۆڕی پادشانی ئەمەنستان ی لەسەرە/ الاصطخري: م . س، ص 112، ابن حوقل: م . س، ص 297 " ياقوت الحموي: م . س، جـ 2/ ص 205 .

( 2) لسترنج: م . ن، ص 217 .

( 3) ياقوت الحموي: م . س، جـ 2/ ص 205 " لسترنج: م ز، ص 217 .

( 4) الحدث: قەڵایەکی سەخت بوو لە نێوان مەڵاتیە (ملطية) و سمیساگ و مرعش لە ناوچە کەلێنییەکاندا، لەلایەن (حبيب بن مسلمة)ەوە فەتحکرا کە یەکیك بوو لە سەرکردەکانی (عياض بن غنم)، لە سەردەمی خەلیفە عومەردا بۆ ئەم ناوچەیە ڕەوانە کرابوون/ البلاذري: م . س، ص 193 " ياقوت الحموي: م . ن، جـ 2/ ص228 .

( 5) ياقوت الحموي: م . ن، جـ 2/ ص 228 " اسماعيل شكر رسول :م .س، ص 36 .

بوون، ئەم ناوانەیان سەپاند بەسەر گوند و شارەدێ و شاری گەورە و قەڵا و لوتکەی شاخ و رووبار و دەشتەکاندا.[1]

2. هەوەها سەپاندنی ناوی هۆزەکانیان یاخود هەندێك لە تیرەکانیان بەسەر ئەو ناوچانەدا کە تێیدا نیشتەجێ بوون، ئەگەر مەبەستیان لە بنەڕەتدا ئەوە بووبێ وەکو ئامڕازێك بەکاری بهێنن بۆ بەستنەوەی ئەم ناوچە تازە فەتحکراوانە بە ناوچە ئەسڵییەکانی خۆیانەوە، لەلایەکی تریشەوە بۆ دڵنەوایی کردنی خۆیان بۆ ئەوەی وا هەست بکەن کە لە نێو کەسوکار و کۆمەڵگەی عەرەبی خۆیاندا دەژین.[2]

3. سەرجەم ئەم گۆڕانکارییانە لە ناوی ناوچەکانی وڵاتی کورددا وایکرد کە رێژەیەك ناوی عەرەبی بەیەکجاری جێگەی ناوە کوردیەکان بگرێتەوە و تا ئەمڕۆش هەر بەکار بهێنرێن و ببنە ناوی فەرمی شوێنەکان.

(1) ناجی معروف: عروبة العلماء المنسوبين الى البلدان الاعجمية فى المشرق الاسلامي، ص 81 .

(2) ناجی معروف: م . ن، ص 81 .

## بەندی سێیەم

## بە عەرەبكردنی جوگرافی لە هەرێمە كورد نشینەكاندا

بەشی یەكەم
نیشتەجێبوونی هۆزە عەرەبەكان لە ناوچەكانی وڵاتی كورددا پێش ئیسلام و فاكتـــــــــەرەكانی نیشتەجـــــێبوونیان لە سەردەمی ئیسلامیدا.
125

بەشی دووەم
نیشتەجێ بوونی هۆزە عەرەبەكان لەهەرێمە كوردنشینەكان و گرنگترین دەرەنجامەكانی
133

# بەشی یەکەم
# نیشتەجێبوونی هۆزە عەرەبەکانی پێش ئیسلام لە ناوچەکانی وڵاتی کورددا و فاکتەرەکانی نیشتەجێبوونیان لە سەردەمی ئیسلامیدا

## باسی یەکەم :
## نیشتەجێبوونی هۆزە عەرەبەکانی پێش ئیسلام لە ناوچەکانی وڵاتی کورددا

ئەگەر چاوێك بە مێژووی نیشتەجێبوونی هۆزە عەرەبییەکاندا بگێڕین لە پێش ئیسلامدا، دەبینین، کە وڵاتی بنەڕەتیی نەتەوەی عەرەبی تەنها نیمچە دوورگەی عەرەبی بووە، تا هاتنی ئایینی ئیسلام لەوێ مابوونەوە، کەناری خۆرئاوای زێی فورات کە دەکاتە باشووری خۆرئاوای عێراق دوا سنووریان بووە.[1] واتە لە بەری خۆرهەڵاتی زێی دیجلەوە هیچ بوونیان نەبووە، کەناری خۆرئاوای ئەم زێیە دواسنووریان بووە.[2] تا هەزارەی یەکەمی پێش زایین هیچ بەڵگەیەك لە سەر سنووری عەرەب لە عێرا قدا نییە، لەسەدەی (9)ی پێش زاییندا بۆ یەکەم جار ناوی عەرەب لە نووسینە ئاشوورییەکاندا بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەرچاو دەکەوێت، ئەویش بەمانای شێخ نیشنی بیابانی سەر سنووری سوریا دێت.[3]

یەکەم نیشتەجێ بوونی رەگەزی عەرەبی لە وڵاتی عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پادشای کلدانی (بخَتنَصر) کە لەلایەن عەرەبەکانەوە بە (نَبوخذ نَصَّر)ی بابلی ناسراوە. سەردەمی فەرمانڕەواییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نێوان (605–562پ.ز)، ئەم هەنگاوەش لەلایەن خودی (بختنصر) خۆیەوە ئەنجام درا ئەمەش بۆ مەبەستی نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبییەکانی بیابانی خۆرئاوا و قایمکردنی سنووری خۆرئاوای دەوڵەتەکەی بوو، بۆ ئەم مەبەستە هۆزە عەرەبە کۆچەرەکان لە کەناری

---

(1) عەبدوڵڵا غەفور: جوگرافیای کوردستان، چـ2، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (سلێمانی –2000ز)، ل 187 .

(2) خلیل اسماعیل محمد: م.س، ص12 .

(3) د. احمد سوسه: تاريخ حضارة وادي الرافدين، دار الحرية للطباعة و النشر، (بغداد-1986م)، جـ2/ص125 " کارل بروکلمان: م.س، ص ص15–16، جەزا توفیق تالیب: بایەخی جیۆپۆلەتییکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، (سلێمانی – 2000ز)، ل134 .

خۆرئاوای زێی فورات کۆکردەوە و نیشتەجێی کردن، کە دواتر بەشاری " الانبار " ناسرا. [1]

لەپاش رووخانی بەنداوی (مـأرب) لـە باشووری نیمچە دوورگـەی عـەرەبی بـە هـۆی لافاوەوە ژمارەیەك لـە هۆزەکـانی نیـشتەجێی ناوچـەکانی باشـووری نیمچە دوورگـەی عەرەبی بەرەو ناوەڕاست و باکوور هەڵکشان، هەندێك لەم هۆزانە لەشارەکانی مەککە و مەدینە نیشتەجێ بوون کە بە (دیـار عـدنان) ناسـرا، بەشـێکی تـر لـەم هۆزانـە روویـان کردە وڵاتی شـام و عێـراق، لەوانـە (جفنـە بـن عمـرو) ونـەوەکانی لەدەوروبـەری ئـاوی (غسانا) نیشتەجێ بوون لە وڵاتی شام کە دواتر بە (الغساسنە) ناسران هەروەها هـۆزی (لخَم بن عَديَ) لەشاری (حيرە) لـە وڵاتـی عێراقـدا نیـشتەجێ بـوون، کـە دواتـر بناغـەی میرنیشنی (المناذرة)یان دامەزراند لە عێراقدا. [2]

ئەم هۆزە عەرەبییانە لە چوارچێوەی دوو دەوڵەتۆکـەی بـچووکدا فەرمانڕەواییـەکی ناوچەییان پێ سـپێرا، هەریەکـەیان لەلایـەن زلهێزێکـەوە هاوکـاری دارایـی و سـەربازی دەکران، کاروباری ژیانیان بۆ ئاسان دەکـرا، لەلایـەکی تریـشەوە ئیمپراتـۆری بێزەنتـی دەوڵەتی الغـساسنەی وەکـو پاسـەوانی سـنوورەکانی نێـوان خـۆی و نیمـچە دوورگـەی عـەرەبی بـەکاردەهێنا، هـەروها ئیمپراتۆریـەتی ساسـانی دەوڵـەتی (المنـاذرة) کردبـووە پاســەوانی ســنوورەکانی خــۆی لەگــەڵ نیمــچە دوورگــەری عەرەبیــدا. [3] لەگــەڵ دەستپێکردنی هەزارەی یەکەمی زاییندا هەڵکشانی هۆزە عەرەبییـەکان بـۆ ناوچـەکانی عێراق بەردەوام بووە تا کار گەیـشتە ئـەوەی، کـە لەسـەدەی سـێیەمی زاییـندا بتـوانن شـاری (الحـضر)، [4] بخەنـە ژێـر دەسـتی خۆیانـەوە، سـنووری فەرمانڕەواییەکـەی لـە باکوورەوە لەبەرزاییەکانی سەرووی شاری سنجارەوە تا دەروازەکانی شـاری" المـدائن " لەباشوورەوە درێژ ببۆوە، هەروەها زێـی دیجلـە لـە خۆرهەڵاتـەوە و زێـی فـورات لـە

---

[1] الآثار الباقية عن القرون الخالية، و بذيله ( الاخبار القويمة عن الحوادث القديمة)لأبـو الفـداء صـاحب حمـاه، مطبعـة محمـد محمد مطر، (مصر -1919م)، ص ص399-400" احمد سوسة: م.س، جـ1/ ص 416 .

[2] رفائيل ابو اسحاق: تاريخ نصارى العراق منذ انتشار النصرانية في الاقطار العراقية الى أيامنـا، مطبعـة منـصور، (بغـداد-1948م)، ص 53 " حنا الفاخوري: الجامع في تاريخ الادب العربي، مطبعة شريعت، طهران، 1380 هـ .ش / 1975م، جـ1/ ص ص 74-75 .

[3] طه حسين: إسلاميات، دارالعلم للملايين، (بيروت -1984م) ص 9.

[4] شاری الحجر: ئەم شارە لەلایەن دەوڵەتی (فرثيیە)وە لەسەدەییەکەمی پێش زانییندا دروست کرا، کـەوتبووە سـەر رێگای بازرگانی نێوان سلوقیەی پایتەختی دەوڵەتی ( فرثي) و سـنجارو لەوێـشەوە بـۆ شـاری ( انطاکیـة)، تائێـستاش پاشماوەکەی ماوە، دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای شـاری موصـل بـە دووری ( 140)کـم، لەلایـەن یۆنانییەکانـەوە بـە هەترا ( Hatra) ناوبراوە" احمد سوسة: م.س، جـ1/ ص189.

خۆرئاواوه درێژ بووەوە.[1] بەم شێوەیە نیمچە دوورگەری عەرەب ببووە کانگای هەڵکشانی هۆزە عەرەبەکان بەرەو عێراق لەوانە هۆزی (أیاد) کە لەسەرەتادا لە کوفەوە دواتر لەناوچەکانی تکریت و موصل و جەزیرەی (أبن عمر) دا نیشتەجێ بوون.[2] بەهۆی سەرهەڵدانی کێشە لەنێوان سوپای ساسانی و هۆزی (أیاد)، شاپووری دووەم، (309–379ز) هێرشی کردە سەر ئەم هۆزە، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆریان بەرەو وڵاتی رۆم هەڵهاتن، ئەوانەش، کە مانەوە ناچار ملیان بۆ دەوڵەتی ساسانی کەچ کرد، بەڵام ئەو عەرەبانەی کە دەست بەسەرکران (شاپووری دووەم) باڵی لەبنەوە دەرهێنان لەبەر ئەم رووداوە لە مێژوودا بە (سابورذوالاکتاف)[3] ناسراوە، یەکێکی تر لەو هۆزانەی کە لە پێش ئیسلامدا لە هەرێمی جەزیرەدا نیشتەجێ بوون هۆزی (بنو تغلب) بوو، تاوەکو سەردەمی ئیسلامیش لەناوچەکەدا مانەوە، پاش فەتحکردنی هەرێمی جەزیرە لەلایەن سەرکردە (عیاض بن غَنْم) لە ساڵی (18ك).[4] سەرجەم هۆزەکانی ئەو ناوچەیە ملکەچیی خۆیان بۆ سوپای عەرەبی ئیسلامی دەربڕی تەنها هۆزی (بنو تَغلبْ) نەبێت، کە لەسەر ئایینی مەسیحی بوون، زۆربەیان سەریان نەوی نەکردوو رووەوە وڵاتی رۆم کۆچیان کرد، لەبەر ئەوەی رازی نەبوون (جزیة) سەرانە بدەن، بەڵام پاش ئەوەی خەلیفە عمر دەستی خستە ناو کێشەکە بۆڕاگرتنی تەرازووی هێز لەناوچەکەدا بڕیاری دا تەنها (صدقة) یان لێوەربگرێت.[5] بەم شێوەیە دەبینین بەرلەوەی عەرەبەکان لە سایەی فتوحاتی ئیسلامیدا لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا لە وڵاتی عێراقدا نیشتەجێ ببن، نیمچە دوورگەی عەرەبی بە شێوەیەکی هەمیشەیی کانگایەك بووە، کە خێڵ و هۆزەکانی عەرەبیان بۆ عێراق ناردووە، ئەم خێڵ و هۆزانەش جار بەجار دزەی ئاشتییانەیان دەکردە ناو خاکی عێراق و جاربەجاریش بە زۆری زۆردارەکی هەڵیان دەکوتایە سەری و لەو ناوچانەدا نیشتەجێ دەبوون.[6]

---

(1) القس سليمان الصائغ: م.س، جـ1/ ص50 "خليل اسماعيل محمد: م.س، ص12.

(2) عمر رضا كحالة: معجم قبائل العرب القديمة و الحديثة، المطبعة الهاشمية، (دمشق -1949م)، جـ1/ ص52 " خليل اسماعيل محمد: م.ن، ص 12 .

(3) الدينوري: م.س، ص49 " ابن قتيبة الدينوري: المعارف، ص ص 285-287 " محمد بن قاسم الاسكندراني :، الالمام فيما جرت به الاحكام و الامور المقضية في وقعة الاسكندرية، تحـ آتين كاسب و عزيز سوريال ,حيدر آباد، (الدكن -1968م)، جـ1/ ص 52 "المسعودي: م.س، جـ1/ ص88 " البكري: م.س، جـ1/ص26.

(4) البلاذري: م . س، ص 176 " ابن الفقيه:/.س، ص 132 .

(5) البلاذري: م . ن, ص ص 185-187 " الأزدي: م.س، ص 326 " عمر رضا كحالة: م.س، ص122.

(6) شیخ صدیق :پاکتاوکردنی رەگەزی کورد لە مێژوودا، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ، (هەولێر – 2005ز)، ل13" خلیل ئیسماعیل محمد: رەهەندە مێژووییەکانی دابەش بوونی جوگرافیی عەرەب لە عێراقدا، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژ(3)، ساڵی سێهەم، 1994، ل 58 .

## باسی دووەم

## فاكتـــــــــــــەرەكانی نیشتەجـــــێبوونیان لە سەردەمی ئیسلامیدا.

یەكێك لە گرنگترین دەرەنجامەكانی فتوحاتی ئیسلامی كۆچكردنی چەندین هۆزی گەورە و بەرەباب و هەزارەها خێزانی عەرەبییە بەرەو ناوچەكانی دەرەوەی نیمچە دوورگەی عەرەبی نیشتەجێ بوونیان لە هەرێمە فەتحكراوەكاندا، ئەگەر سەرنج بدەین هەریمەكانی ولاّتی كورد دراوسێی نیمچە دوورگەری عەرەبین، ئەم هەرێمانە بە دەروازەی هەڵكشانی سوپای ئیسلامی دادەنرێن، لەبەرئەوە ژمارەیەكی زۆر لە خێڵ و هۆزەكانی عەرەب لەم ناوچانەدا نیشتەجێ بوون، ئەو فاكتەرانەی كە بوونە هۆكار بۆ نیشتەجێ بوونی ئەم هۆزانە لە شارو ناوچە جیاوازەكانی ولاّتی كورددا جۆراو جۆرن و بە پێی تێپەربوونی كاتیش گۆرانكارییان بەسەردا هاتووە، گرنگترین ئەو فاكتەرانە بریتین لە:

### یەكەم : فاكتەری ئایینی:

هۆكاری ئایین بە فاكتەری بنەڕەتی دادەنرێت بۆ سەرهەڵدانی فتوحات و كۆچكردنی دەیان هۆز و تیرەی عەرەبی بۆ ناوچە كوردنشینەكان، چونكە دوای چەسپاندنی ئیسلام لە كۆمەڵگەی عەرەبیدا، ئایینی ئیسلام بەجۆرێ موسوڵمانەكانی پەروەردە كردبوو، كە لە پێناوی بەدەست هێنانی رۆژی دواییدا ئەم ئایینە بگەیەننە ناوچە جیاوازەكانی سەر رووی زەوی.[1]

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت ﴿ و مَن يُهاجر في سَبيل اللهِ يَجْد في الارضِ مُراغماً كَثيراً وَسَعةً و مَنْ يَخرُجْ مِن بَيته مهَاجراً الى اللهِ و رَسولهِ ثم يُدرِكَهُ المَوتُ فَقَدْ وَقَعَ أجْرُهُ عَلى اللهِ و كانَ الله غَفَوراً رَحيماً ﴾.[2] واتە : هەر كەسێك لە پێناوی خوادا كۆچ بكات لەسەر زەوی پیت و بەرەكەتی زۆرو فراوانی چنگ دەكەوێ، هەر كەسێك لەماڵی خۆیەوە لە پێناوی خوداو پێغەمبەرەكەیدا كۆچ بكات، پاشان بمرێت ئەوا پاداشتەكەی لای خودایە و خواش زۆر بەخشندەو زۆر بە سۆزە.

هەروەها خەلیفە (عمر بن الخطاب) موسوڵمانەكانی هان دا تاوەكو بە سەرزەویدا بلاّوببنەوە و ووتی:" ليس الحجاز لكم بدار الا على النجعة... سيروا في الارض التي وعدكم الله في الكتاب، اي يورثكهما"[3] واتە ئێوە ناتوانن لە حیجازدا نیشتەجێ ببن تەنها

---

[1] جرجي زيدان: م. س، جـ1/ ص ص 71-73 .

[2] سورة النساء، آية 100 .

[3] ابن الاثير: م.س، جـ2/ ص 187 " جرجي زيدان: م. س، جـ4/ ص 39.

لەکاتی پێویستیدا نەبێت... بڵاوببنەوە بەسەر ئەو زەوییەی کە خوا لە قورئاندا بەڵێنی پێداون تاکو بیکاتە موڵکی ئێوە.

## **دووەم** : **فاکتەری ئابووری**:

ئەگەر مەبەستی سەرەکی بەشداربوونی عەرەبە موسوڵمانەکان لە فتوحاتدا وەکو کۆچکردنیان بە خۆیان و خێزانەکانیانەوە بریتی بوو بێت لە بەدەست هێنانی رەزامەندی خودا و مسۆگەرکردنی رۆژیی دوایی، ئەوا بە روویەکی تردا ئەنجامێکی تری لێکەوتەوە کە بریتی بوو لە بەدەست هێنانی دەستکەوتی ئابووری (الغنیمە).[1]

بەشێك لەو هۆزانەی کە لە فتوحاتی ئیسلامیدا بەشدارییان کرد دەشتەکی بوون، بەتەواوی ئایینی ئیسلامی لە دڵیاندا نەچەسپیبوو، مەبەستی سەرەکییان بریتی بوو لە بەدەستهێنانی تاڵانی و دەستکەوتی جەنگ، سەرەڕای ئەوەی ناوچەکانی خۆیان بریتی بوو لە بیابانێکی وشکی بێ ئاو، لە کاتێکدا ناوچەکانی دەوروبەریان وەك (عێراق و شام و میسر) بریتی بوون لە ناوچەیەکی ئاوداری بەپیتی خاوەن بەرهەمی زۆر.[2]

(البلاذري) زۆر راشکاوانە دەڵێت :" لما فرغ ابو بكر من امر أهل الرَّدة رأى توجيه الجيوش للجهاد الى الشام فكتب الى اهل مكة، و الطائف، و اليمن، و جميع العرب بنجد والحجاز ويستنفرهم للجهاد و يرغبهم فيه و في غنائم الرّوم، فسارع الناس اليه من بين محتسب و طامع و اتوا المدينة من كل أوبْ).[3] واتە دوای ئەوەی خەلیفە ابوبکر لە جەنگی هەڵگەڕاوەکان دەستی بەتاڵ بوو، بریاریدا سوپاکە رووبکاتە شام، بۆ شارەکانی مەککە و طائیف و یەمەن و سەرجەم عەرەبەکانی نجدو حیجازی نووسی، هانی دان بەشداری لە جیهاددا بکەن و سوود لە دەسکەوت (الغنیمە)ی رۆمەکان وەربگرن، خەڵکی لە هەموو لایەکەوە لە نێواندا تەماعکاران روویان لە شاری مەدینە کرد. لە شوێنێکی تر دا دەڵێت:" فأقبل أبو عبيد [4] لايّمر بقوم و من العرب الا رغَّبهم في الجهاد و الغنائم."[5] واتە ابو عبید تووشی هەر یەکێك لە هۆزەکانی عەرەب ببووایە داوای لا

---

[1] فليب حتي: تأريخ العرب المطول. دار الكشاف للنشر و الطباعة، الطبعة الثالثة، بيروت، 1958م، جـ1/ص 169 " احمد ميرزا: م,س، ص ص 36-37.

[2] جرجي زيدان: م.س، جـ1/ ص ص 71-73 " عمر رضا كحالة: م.س، ص 203 .

[3] فتوح البلدان، ص 115 .

[4] ابو عبید: مەبەستمانی لێی (باوکی مختار بن ابي عبيد الثقفي)یە، ناوی تەواوی (أبا عبيد بن عمرو بن عمير بن عوف بن عقده بن غيره بن عوف بن ثقيف)ە.

[5] البلاذري: م، ن، ص215 .

دەکردن بەشداری لە جەنگەکاندا بکەن بە مەبەستی جیهادکردن و سوود وەرگرتن لە تالانی دەسکەوت (الغنیمە) تەنانەت هەندێ جاریش لەسەر دابەشکردنی (الغنیمە) کێشە لەنێوان خەلیفە و هاوەڵەکانیدا سەری هەڵدەدا، لەدوای فەتحکردنی عێراق وڵاتی شام (بلال بن رَّباح) و (الزبیر بن العوام) هەروەها (عبدالرحمن بن عوف) پشتگیری دەکردن، داوایان دەکرد کە زەوی و زارەکانی عێراق و شام هاوشێوەی دەستکەوتەکانی تری جەنگ (الغنیمە) دابەشبکرێ، بەڵام خەلیفە (عمر) بەم پێشنیارە رازی نەبوو، دەیووت:" اللهم أكفني بلالاً و أصحابهُ". [1]

## سێیەم : فاکتەری کارگێڕی:

نیشتەجێکردنی هۆزەکانی عەرەبی لەو شارو هەرێمانەی کە فەتحکرابوون، ئەمەش بۆ مەبەستی جێگیرکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەت لە رووی رامیاری و کارگێڕییەوە، چونکە زۆربەی ئەرکەکانی بەرێوەبردن و کارگێڕی و سەربازی لەژێردەستی رەگەزی عەرەبیدا بوو.[2] سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەت پشتی پێ دەبەستن بۆ کۆکردنەوەی باج و خەراج و داهاتی ئابووریی هەرێمەکان.[3]

## (چوارەم: فاکتەری سەربازی:

بەکارهێنانی هۆزە عەرەبییەکان نیشتەجێ بووەکان وەك ئۆردوویەکی سەربازی هەمیشەیی (حامیە عسکریە دائمە) لە هەرێمەکان و شارە کوردنشینەکاندا، بۆ مەبەستی روو بەروو بوونەوەی هەر مەترسییەك و هەڕەشەیەکی چاوەروانکراو.[4]

هەروەها نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبەکان لە ناوچە کەڵێنییەکاندا (المناطق الثغورية) بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە بەرامبەر دوژمن بوون، وەکو ناوچە کەڵێنییەکان بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی دوژمن.[5]

---

[1] ابو يوسف يعقوب بن ابراهيم: كتاب الخراج، المطبعة السلفية،، القاهرة – 1396هـ-1949ز)، ص ص 25-29 " الحنفي: مفتاح الملوك و فقه الرتاج المرصد على خزانة كتاب الخراج، تحقيق د . احمد عبيد الكبيسي، مطبعة الارشاد، بغداد، 1973 م، ج1/ص ص 191 -209 .

[2] د. حسن مروة: النزعات المادية في الفلسفة العربية الاسلامية، دار الفارابي، ( بيروت -1985م)، جـ1/ص421 .

[3] البلاذري: م, س، ص 327 " صالح احمد العلي: دراسات في الادارة في العهود الاسلامية، ص127.

[4] البلاذري: م. س، ص ص180-182 " ابن الأثير: م.س، جـ2/ ص 149 .

[5] البلاذري: م. س، ص ص187-196" جرجي زيدان: م.س، جـ4/ ص ص 50-51 .

## پێنجەم : فاکتەری رامیاری:

ئەم فاکتەرە بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت بۆ نیشتەجێبوونی ژمارەیەکی زۆر لە گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دژ بە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی، (المسعودی) کەباسی ناوچەکانی نیشتەجێبوونی گرووپەکانی خەوارج دەکات ئاماژە بە ناوچە کوردنیشنەکان دەکات، وەك (دیار ربیعە)* و ناوچەکانی (السن) و (سنجار) و (تل اعفر) لە جێنشینی ربیعە (دیار ربیعە) و ناوچەکانی السن و البوازیج و الحدیثة لەدەوروبەری مووسڵ و لە داقوقدا، هەروەها ئەو خەوارجانەی کە لەهەرێمی ئازەربایجان نیشتەجێبوون بە (الشراە) ناسرابوون.[1]

هەروەها هەندێك لە خەوارجەکان بە سەرکردایەتی (فروة بن نوفل الاشجعي) کە ژمارەیان زیاتر لە (500) کەس بوو لە شارەزوور خۆیان قایمکرد.[2]

پاش تێکشکانی بنەماڵەی ئومەوییەکان لە شەڕی زابدا، لە دوای سەرکەوتنی عەبباسییەکان ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەی ئومەوییەکان روویان کردە ناوچە چیاییەکانی وڵاتی هەکاری، لە ترسی عەبباسییەکان، نیشتەجێبوونی گرووپە سیاسییەکانی دژ بە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بۆرناوچەرکوردنشینەکان دەگەڕێتەوە بۆ بارووددۆخی (تۆبۆگراف) واتە پێکهاتەی سروشتی ناوچە کورد نیشنەکان کە لەناوچەی شاخاوی سەخت پێکهاتوون، ئەمەش رێگە بۆ خۆ حەشاردان دەرەخسێنێ، هەروەها دووریی ئەم ناوچانە لە ناوەندی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامییەوە. لەلایەکی ترەوە ئەوە نیشان دەدات کە کوردەکان هەمیشە پشتگیریی ئەو هێز و بزاڤانەیان کردووە، کە دژ بە دەسەڵاتەدارەکانی خەلافەتی ئیسلامی تێکۆشاون، سەرەڕای ئەوەی، کە سروشتی کۆمەلایەتیی نەتەوەی کورد دەخاتە روو کە بە میوان دۆستی و رێزگرتن لە خەڵکانی لێقەوماو ناسراون.

---

* دیار ربیعة: ناوەکەی ئەگەڕیتەوە بۆ: ربیعة بن نزار بن معد بن عدنان.

[1] مروج الذهب و معاون الجوهر: جـ3/ ص 100 ,

[2] الدینوري: م. س، ص 210 " ئارشاك پولاند یان: کورد لە سێبەری خەلافەتی ئیسلامیدا، ل 18.

# بەشی دووەم
# نیشتەجێ بوونی هۆزە عەرەبەکان لە هەرێمە کوردنشینەکان و گرنگترین دەرەنجامەکانی

## باسی یەکەم :
## نیشتەجێ بوونی هۆزە عەرەبییەکان لە هەرێمەکانی جێنیشنی وڵاتی کورددا

لەگەڵ هـــێرش کردنی سوپـــای عەرەبـــی ئیـــسلامی بۆناوچەکانی دەرەوەی نیمچە دوورگەی عەرەبی بەمەبەستی فەتحکردنی دەڤەرە جیاوازەکان، ژمارەیەکی زۆر لە هۆزە عەرەبەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی بە ناوچە جیاوازەکاندا بڵاوبوونەوە.[1]

کشانی هۆزە عەرەبەکان لەسایەی فتوحاتی ئیسلامدا شان بە شانی لەشکرکێشی عەرەبە موسوڵمانەکان لە سەدەی حەوتەمی زاییندا، گەورەترین رووداوبوو لەپێکهاتەی دانیشتوانی هەرێمە دەست بەسەراگیراوەکاندا، بەتایەتیش دانیشتوانی عێراق هاوسنووری نیمچە دوورگەی عەرەبە.[2] هاوکات بەشێك لە شارو شارۆچکەکانی هاوسێی بەشەکانی تری پارچەکانی کوردستانی ئەمرۆیە، ئەم بەعەرەبکردنەش وەنەبێت لە تەنها هەرێمێکدا بەشێوەیەکی سنووردار بووبێت، بەڵکو زۆربەی شارو شارۆچکەکانی هەرێمە کوردنشینەکان، هۆزەکان و بەرەبابی عەرەبییان تیادا نیشتەجێ بوون.[3] ئەگەرچی نیشتەجێ بوونی هۆزە عەرەبەکان لە سەرەتادا لەسەر داوای خەلیفە عومەر، دەبوو لە شوێنێکدا نیشتەجێ ببوونایە، کە رووبارو پرد نەکەوێتە نێوان خەلیفە و موسوڵمانەکان و پێویستە ئەو شوێنە هاوسنووری بیابان بێت.[4] بەڵام بەهۆی هەڵکشانی فتوحاتی ئیسلامی و فراوانبوونی سنوورەکانی

---

(1) البلاذري: : م . س، ص ص182-184 " قدامة بن جعفر: : م . س، ص 315 .

( 2) خليل محمد اسماعيل: اقليم كردستان العراق، ( بيروت – 1999م)، ص 82"جەزا توفيق تالب: بايەخى جيۆپۆلۆتيكى دانيشتوانى هەرێمى كوردستان، ( سلێمانى –1999ز)، ل177 "شيخ سديق: : س.پ، ل12 .

(3) شوان عوسمان: س، ث، ل212 .

(4) ابن الاثير: م . س، جـ2/ ص150" ابـن الجـوزي: المنـتظم في اخبـار الملـوك و الامـم، تحـــ محمـد عبـدالقادرعطا – مـصطفى عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، (بيروت -1995م) جـ4/ ص213 .

دەوڵەتی خەلافەت، هۆزە عەرەبەکان بە هەرێمە جیاوازەکاندا بلاوبوونەوە، لەم قۆناغەشدا خەلیفە عمر بڕیاری دا کە نابێت عەرەبە موسوڵمانەکان خۆیان بە کشتوکاڵ کردنەوە خەریك بکەن، ئەمەش بەپشت بەستن بەو فەرموودەیەی پێغەمبەر: (السكةُ مادَخلتْ دارَ قومٍ إلا دَخلتْ الذُلّ).[1] واتە گاسن (ئامێری زەوی کێڵان) لەناو هەر نەتەوەیەکدا بڵاوبێتەوە دەبێتە هۆی سست بوونیان، دیارە ئەم بڕیارەش بۆ ئەوەبوو کە موسوڵمانەکان تەنها خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام و فتوحات تەرخان بکەن.[2] بەڵام دواتر ئەم مەبەستە وەلا نرا، هۆزە عەرەبەکان کە کاکڵەی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام بوون بۆ مەبەستی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، لە دەڤەرە جیاوازەکاندا نیشتەجێ بوون. [3] نیشتەجێبوونی هۆزە عەرەبەکان تەنها لە یەك هەرێم یاخود لە شارێکی دیاریکراودا نەبوو، بەڵکو لەسەرجەم هەرێمەکانی جێنشینی وڵاتی کورد و زۆربەی شارەکاندا نیشتەجێ بوون.

**یەکەم:** نیشتەجێبوونی هۆزە عەرەبەکان لە هەرێمی جەزیرە.

هەرێمی جەزیرە یەکێکە لەو هەرێمانەی کە زۆرترین ژمارەی عەرەبی موسوڵمانی تێدا نیشتەجێ بوون، بەتایبەتی شاری مووسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری بوونە کانگای نیشتەجێبوونی خێڵەکانی عەرەب، ئەم هەنگاوەش بووە هۆی زەرەرمەندبوونی کوردەکان کمە دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە بوون.[4] شاری مووسڵ لە پێش ئیسلامدا تەنها لە سێ گەرەك پێکهاتبوو، یەکەم گەرەکی زەردەشتییەکان کە کورد بوون، دووەمیان گەرەکی مەسیحییەکان، سێیەمیان گەرەکییەهوودییەکان.[5] سەرەڕای بوونی رەگەزیکی تر بەناوی (الجرامقه) [6]. [7] هیچ شوێنەوارێکی عەرەبی لا نەبوو تا هاتنی فتوحاتی ئیسلامی.

---

(1) ابن خلدون:تاريخ ابن خلدون، مجـ2، جـ1/ص119 " جرجی زیدان: : م . س، جـ4/ص 48 .

(2) قحطان عبدالستار الحديثي: الدولة العربية في العصور العباسية المتأخرة، مطبعة جامعة البصرة، (البصرة –1987م)، ص 157.

( 3) ادريس محمد حسن: هَمَدان من الفتح الأسلامي الى سقوطها بيد المغول، (اربيل –2006م)، ص ص 168–169.

(4) ارشاك بولانديان: الكرد فی ڤل الخلافه الاسلاميه، (اربيل –2003م)، ص107.

(5) القس سليمان الصائغ:: م . س، جـ1/ ص51 .

(6) الجرامقه: ئەم رەگەزە لەبنەڕەتدا ئارامی بوون، لە ژێر پاڵەپەستۆی ئاشوورییەکاندا بەرەو ناوچەکانی وڵاتی فارس کۆچیان کرد، لە ناوچەیەکدا نیشتەجێبوون کەبە (الجرمق) ناسرابوو، پاش گەڕانەوەیان بۆمووصڵ ئەم ناوەیان بەسەردا بڕا/ سليمان الصائغ: م . س، جـ1/ص 45 "المگران غريغورس صليبا: ( الآراميون فی العراق)، مجله التراپ الشعبی، العدد ێژار و نيسان – 1971م، ص90 .

(7) الجواليقی: المعّرب، ص 9، هامش 5 .

بەڵام لەپاش فەتحکردنی لەلایەن عەرەبە موسوڵمانەکانەوە بەسەرکردایەتیی (عیاض بن غَنْم) لە ساڵی (18ك) لە سەردەمی (عمر بن الخطاب)،[1] ایەکی تر دەڵێت: " لە ساڵی 20ك لەسەردەستی سەرکردە (عُتبە بن فرقد السلمی) فەتحکراوە.[2] هۆزە عەرەبەکان روویان لەم شارە کردو تێیدا نیشتەجێبوون.

(البلاذري) و بەدوای ئەویشدا (ابن الفقیە) دەڵێن :" اول من أختط الموصل و اسكنها العرب و مصّرها هَرْثُمة بن عرفجة البارقي"[3] واتە ئەمە یەکەم کەس بووە کە بناغەی شاری مووسڵی داڕشتبێت و عەرەبی تێدا نیشتەجێ کردبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لە پێش ئیسلامدا عەرەب لەم شارە بوونی نەبووە.لەگەڵ پرۆسەی لەشکر کێشی عەرەبە موسوڵمانەکان بۆسەر شاری مووسڵ لە ساڵی (20ك) یەکەم هۆزی عەرەبی بەناوی (الخزرج) لەم شارەدا نیشتەجێ بوون، مزگەوتێکیان دروست کرد بەناوی خۆیانەوە ناسرا بە (جامع الخزرج)و تا ئێستاش ماوە، هەروەها خانووبەرەو ئاوەدانی فراوانیان بنیاتنا وگەڕەکەکەیان بەناوی (المحله الخزرجیه) ناودەبرێت.[4] دەتوانین بڵێین لە ئەنجامی فتوحاتی ئیسلامی ژمارەیەك هۆزی عەرەبی لە هەردوو رەچەڵەکی (عدنان) و (قحطان) لە شاری مووسڵدا نیشتەجێ بوون.[5] شان بەشانی هۆزی (الخزرج) بەرەبابەکانی هۆزی (الازد)یش لەم شارەدا نیشتەجێ بوون،[6]کە ئەوانیش پێکهاتبوون لە تیرەکانی (نصر بن زهران واليحمد وبنو الحارث ومعولة وبنو مخلد)، هەروەها (الطمثانیون) و (بنوثعلبة) و (بنو رَويم).[7] هەروەها نیشتەجێبوونی (بنو تمیم) و هاتنیان بۆ شاری مووسڵ لەگەڵ سوپای ئیسلامیدا لەسەرەتای فەتحکردنیدا، تاکو ئێستاش کاریگەریی زاراوەی ئەم هۆزە بەسەر دانیشتوانە عەرەبەکەی شاری مووسڵەوە ماوە.[8]

---

(1) خليفة بن خياط:: م . س، جـ1، ص 110.

(2) البلاذري: م . س، ص327 " ابن الفقيه: م . س، ص129 " ابن الاثير :م . س، جـ2/ص524 .

(3) فتوح البلدان: ص 327 " مختصر كتاب البلدان، ص129 .

(4) القس سليمان الصائغ: م . س، جـ1/ص 51 " احمد بن علي الصوفي :م . س، جـ1/ص ص 7-8.

(5) د . فيصل السامر: الدولة الحمدانية في الموصل وحلب، مطبعة الايمان، ( بغداد-1970م)، جـ1/ص 177 .

(6) الازدي: تاريخ الموصل، تحـ علي حبيبة، ( القاهرة -1977م)، جـ2/ص ص 77-78.

(7) عبدالماجد احمد سلمان: الموصل في العهدين الراشدين والاموي، مطبعة جامعة الموصل، ( الموصل- 1985م)، ص39.

(8) سليمان الصائغ: م . س، جـ1/ص 51 .

نیشتەجێکردنی هۆزی (طي) لەشاری مووسڵ لەلایەن خەلیفە (عثمان بن عفان)ەوە.[1] لەوانە (بنو احمد بن الحارث بن ثمامة بن مالك بن جدعاء) کە بە یەکەم کەس دادەنرێت لە پێش ئیسلامدا بە (احمد) ناوبرا بێت.[2]

یەکێك لە پیاوەکانی هۆزی (طي) شانازیی بە زۆریی ژمارەیان دەکات و دەڵێت:"

وبصرة الازد منا و العراق لنا والموصلان و منا مصر و الحرم.[3]

نیشتەجێکردنی هەردوو هۆزی (کندە) و (عبدالقیس)یش لە شاری مووسڵدا لەلایەن خەلیفە (عثمان بن عفان)ەوە، بەم شێوەیە ژمارەی ئەوانەی کە خەلیفە (عثمان) لە هۆزەکانی (الازد) و (طي) و (کندە) و (عبدالقیس) لە شاری مووسڵدا نیشتەجێی کردن گەیشتە چوار هەزار کەس کە بەشێك بوون لە سوپاکەی (هرثمة بن عرفجة البارقي).[4]

سەبارەت بە ئەو هۆزانەی کە سەر بە رەچەڵەکی (عدنان) بوون و لە شاری مووسڵدا نیشتەجێبوون بریتی بوون لە هۆزەکانی (بنو تغلب وبنو اياد وبنونمير)، لە دوای فەتحکردنی شاری مووسڵ لەلایەن لەشکری عەرەبە موسوڵمانەکانەوە لەم شارەدا نیشتەجێبوون.[5] نیشتەجێبوونی (بنو عبادە بن عقیل) لە شاری مووسڵ لەدوای فەتحکردنی، کە لە بنەڕەتدا تیرەیەکن لە (عقیل بن كعب) و گەڕەکەکەیان بە (محلة تل بنو عبادة) ناسراوە کە دەکەوێتە خۆرئاوای مووسڵەوە.[6] هەروەها نیشتەجێبوونی هۆزی (سلیمة) بەسەرۆکایەتی (جابر بن جبلة) لە شاری مووسڵ لە ناوچەی (السكة الكبيرة)، هەروەها نەوەکانی بەناوی (نفیل) و (سلیمان) و (وهب) لەگەڵ خۆیدا نیشتەجێبوون.[7] هەر لەم هۆزە، تیرەکانی (بنو الحشاش) و (بنو ابي سرداح) نیشتەجێبوون.[8]

نەوەکانی (مالك بن فهم) لە مووسڵ نیشتەجێبوون. لەوانە (بنو رواد بن مالك بن فهم)، کە پاشتر لەدوای فەتحکردنی هەرێمی ئازەربایجاندا لە ناوچەیەکی ئەم دەڤەرە نیشتەجێبوون و شاری مووسڵیان بەجێهێشت، هەروەها شان بەشانی ئەمان (بنو

---

[1] عبدالماجد احمد سلمان: م . س، ص41 .
[2] ابن حزم الاندلسي: جمهرة انساب العرب، ص400 .
[3] الازدي: م . س، جـ2/ص 227.
[4] سعيد الديوه جي: تاريخ الموصل، مطبعة المجمع العلمي العراقي، ( بغداد-1982م)، جـ1/ص 20.
[5] الطبري: م . س، جـ4/ص220 " ابن الاثير: م . س، جـ2/ص146.
[6] سعيد الديوه جي: م . س، جـ1/ ص 20.
[7] الازدي: م . س، ص 81 .
[8] الازدي: م . ن، ص91.

فراهیدبن مالك بن فهم)یش نیشتەجێبوون, هەروەهانەوەکانی (عمرو بن مالك بن فهم) یش لەشاری مووسڵ دا نیشتەجێبوون، بەڵام دواتر پاشماوەیان نەما.[1] (بنو بریضة)ش کە تیرەیەك بوون لەهۆزی (الازد) خاوەنی جەزیرەی مووسڵ بوون، بەڵام (هشام بن عبدالملك بن مروان) بە حەفتا هەزار درهەم لێی کڕین.[2]

(ابن حوقل) کە باس لە دانیشتوانی شاری مووسڵ دەکات دەڵێت:" أهلها عرب و لهم بها خطط واكثرهم ناقلة البصرة والكوفة".[3] واتە زۆربەی دانیشتوانەکەی عەرەبن و لە هەردوو شاری کوفەو بەصرەوە گواستراونەتەوە بۆ ئەم شارە. هەروەها لە دەوروبەری ئەم شارە دۆڵ و نشێو و ئاوەدانی تێدایە، کە هاوینەهەوارو زستانە هەواری هۆزە عەرەبەکانی (ربيعة و مضر واليمن)ن، جێنشینی هۆزە کوردەکانی (هەزبانی و حەمیدی ولاری)ە.[4]

(ابن حوقل) ئاماژە دەکات بەوەی کە هۆزە عەرەبەکان توانییان دەسەڵاتی خۆیان بچەسپێنن و ماڵ و سامان پێکەوەبنێن، وەکو هۆزەکانی (بنو فهد) و (بنو عمران)، کە سەر بەهۆزی (الأزد)ن و دەگەڕێنەوە سەر خانەوادەکانی وڵاتی یەمەن، (بنو شخاج، بنوأود، بنوزبيد، بنو جارود، بنو ابيخداش، الصداميين، العمريين و بنوهاشم) کە دواتر ئەم هۆزانە لەژێر زەبرو پاڵەپەستۆی حەمدانیەکاندابلاوەیانکرد.[5] نیشتەجێبوونی (بنوشيبان)یش کە تیرەیەکە لە هۆزی (بكر بن وائل) لەناو شاری مووسڵ بەتایبەتی بەشی سەرەوەی.[6] بەشێکی تری ئەم هۆزە لەسەرەتای ئیسلامدا (صدر الاسلام) لەبەری خۆرهەڵاتی زێی دیجلەدا نیشتەجێبوون،[7] بەتایبەتی لەنێوان هەر دوو زێدا کە سوودیان لە لەوەڕگا و دەشتە بەپیتەکانی ئەم ناوچەیە وەردەگرت، چونکە مەڵبەندی زستانەی کوردە هەزبانییەکان و لەوەڕگای هاوینەی (بنوشيبان) بوو.[8]

---

(1) الازدي: م .ن، ص 92 .

(2) الازدي: م .ن، ص 312.

(3) صورة الارض، ص195 .

(4) م . ن، ص 195 .

(5) م.ن، ص195 .

(6) فيصل السامر: م . س، جـ1/ ص 177 " محمد جاسم حمّادي الجزيرة الفراتية والموصل (دراسة التأريخ السياسي والاداري (127 – 218 هـ/ 744 – 833)، دار الرسالة للطباعة والنشر، بغداد، 1979 م .، ص168.

(7) القلقشندي: نهاية الارب في معرفة انساب العرب، تحـ ابراهيم الأيباري، ( القاهرة-1959م) ص309.

(8) ابن حوقل: م . س، ص205 .

بەرەبابێکی تری ئەم هۆزە بەناوی (بنو سعد بن لؤي) لەشاری مووسڵدا نیشتەجێبوون، کە لەلایەن خەلیفە (عثمان بن عفان)ەوە رەچەڵەکیان گەڕێنرایەوە سەر هۆزی قورەیش.[1]

هەروەها بەشێکی تری (بنو شیبان) لە ناوچەی (الربض الاعلی) لە شاری مووسڵدا نیشتەجێبوون، پاش ئەوەی کە (القطران بن اكمة الشيباني) لە ساڵی (128ك) لە لایەن خەلیفەی ئومەویی (مروان بن محمد) وەکو والی مووسڵ دەستنیشان کرا ، گەڕەك و مزگەوتی تایبەت بەخۆیان بنیاتنا.[2] لەڕاستیدا (الهَمْداني) هەندێك زیادەڕەوی لەناوچەکانی نیشتەجێبوونی (بنو شیبان)دا دەکات کە پێی وایە چیای (گور و ناوچەکانی دیار بکر) مەڵبەندی نیشتەجێبوونی (بنوشیبان)ن، تاوەکو خۆراسان درێژ دەبێتەوە تەنها کوردەکان لەگەڵ (بنو شیبان) تێکەڵن.[3]

شاری نەوگرد (الحديثة) کە لەدوای شاری مووسڵ لە لایەن (هرثمة بن عرفجة اليارقي)ەوە عەرەبی تێدا نیشتەجێ کرا، تەنانەت ناوەکەشی گۆڕا.[4] بەڵام سەرچاوەکـان ئەوەیان دەستنیشان نەکردووە ئەو عەرەبانە سەر بەکـام هۆزی عەرەبن. پاش فەتحکردنی شاری سنجار (شنگال) لەلایەن (عیـاض بـن غَنْـم)، راستەوخۆ کۆمەڵێك عەرەبی لـەم شـارەدا نیشتەجێکرد، بەمەبەستی پاراستنی، کە ئەوانیش پیکهاتبوون لە هۆزەکانی (بنو قشير، بنو نمير، بنو عقيل و بنو كِلاب).[5] هەروەها نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبەکان، شاری (جزیرە ابن عمر)یشی گرتەوە، تیرەکانی (بنو ربیعە) و (بنو عجیل)ی سەر بە هۆزی (آل بشّار) لەم شارەدا نیشتەجێکران، سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی تریان لە (چیای جودی) نیشتەجێبوون.[6]

(الاصطخري) کاتێك باس لە نیشتەجێبوونی عەرەب لە هەرێمی جەزیرە دەکات دەڵێت:"وبالجزيرة مفاوز [7] تسكنها قبائل من ربيعة و مضّر اهل خيل وغنم، والابل عندهم

---

[1] البلاذري :انساب الاشراف، تحـ محمود الفردوس العظم، ( دمشق -1977م)، جـ1/ص ص 51-52 .

[2] الازدي: م . س، جـ2/ص 68.

[3] الهمداني: صفة جزيرة العرب، ص133 .

[4] البلاذري: م . س، ص328 " ياقوت الحموي: م . س، جـ2،، ص230.

[5] ابن حوقل: م . س، ص199 "البلاذري: م . ن، ص 182

[6] الهمداني: م . س، ص133 " ابن الاثير: الباهر في الدولة الاتابكية، تحـ عبدالقادر طليمات،(القاهرة -1963م)، ص ص8-10.

[7] مفاوز: كۆی (المفازه)یە واتە بیابان (صحراو) .

اقل منها بالبادية".[1] واته له هەرێمی جەزیرەدا، هەندێ دەروازەی تێدایە کە هۆزەکانی سەر بە (ربیعة) و (مضر)ی تێدا نیشتەجێن، کە خاوەنی ئەسپ و مەڕو ماڵاتن، کەمتر لە بیابان وشتر بەخێو دەکەن. (البلاذري) دەڵێت:" کاتێك معاویە وڵاتی شام و هەرێمی جەزیرەی بۆ خەلیفە (عثمان بن عفان) بەرێوە دەبرد، فەرمانی پێدرا کە عەرەبەکان لەو شوێنانە نیشتەجێکات کە دوورن لە شار و گوندەکان، بواریشی پێدان ئەو زەوییانە بەکاربهێنن کە ماف کەسیان بەسەرەوە نییە، بۆ ئەم مەبەستە (بنو تمیم)ی لە (دیار مضر) و هەردوو هۆزی (بنو قیس) و (بنو أسد)ی لەشاری خێلات (اخلاط) نیشتەجێ کرد.[2] دیارە مەبەستی خەلیفە لەم هەنگاوە ئەوە بووە کە ئەم هۆزانە تەنها خۆیان بۆ کاروباری سەربازی تەرخان بکەن و دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی لەو هەرێمە بپارێزن.

هۆزی (عنزە) کە تیرەیەکە لـــە هۆزی (الأزد)ی گەورە، لەناوچەکانی خۆرهەلاتی شاری مووسڵ لە نێوان هەردوو زێی گەورەو بچووکدا نیشتەجێبوون.[3] ئەم هۆزە لە ڕووداو و شەڕەکاندا هەمیشە هاوپەیمان و هاوکاری هۆزی (شیبان) بوون.[4] لەدوای فەتحکردنی شاری (رأس العین) سەروکانی لەلایەن (عمیر بن سعد) والی هەرێمی جەزیرە لە سەردەمی خەلیفە (عمر بن الخطاب) بە زۆرداری ئەو زەوی و زارەی کە دانیشتوانی شارەکە بەجێیان هێشتبوو لەلایەن عەرەبە موسڵمانەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا بە شێوەی (اقطاع) بەرهەمیان دەهێنا.[5] هەروەها هۆزی (النمر بن قاسط) لەم شارەدا نیشتەجێبوون.[6]

شارۆچکەی (أذرمة) کە سەر بە (دیار ربیعە) بوو پاشماوەیەکی وێرانەبوو لە لایەن (الحسن بن عمر بن الخطاب التغلبي) ئاوەدانکرایەوە و کۆشکێك و شوورایەکی بەدەوری شارەکەدا بنیاتنا، (کفرتوثا) لەلایەن نەوەکانی (ابو رمثة) ئاوەدانکرایەوە و شووری بۆ دروست کرا.[7]

---

[1] المسالك و الممالك، ص54 .
[2] البلاذري: م . س، ص182 .
[3] الأزدي: م . س، ص 313 " سعيد الديوه جي: م . س، ص21.
[4] الأزدي: م . ن، ص 315 " فيصل السامر: م . س، ص166.
[5] البلاذري: م . س، ص181 .
[6] فيصل ثامر: م . س، ص ص 174-175 .
[7] البلاذري: م . س، ص 184 .

هەروەها شاری الرَّها (أورفا) لەکاتی لەشکرکێشی سوپای ئیسلامیدا لە سەرەتای فتوحاتدا کرا بە پێگەی سەربازیی ئوردووی عەرەبەموسوڵمانەکان و بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەکانی دەوربەری بەکاردەهێنرا، کە ئەمەش رێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی ژمارەیەك عەرەب لەم شارەدا نیشتەجێبن.[1]

کۆمەڵێك لە ئومەوییەکانیش لە (حصن مسلمە) نیشتەجێبوون، هەروەها بنەماڵەی (عباس بن عمرو بن الغنوی) لە (تل بنی سیّار) دا نیشتەجێبوون و.[2] شاری ئامەد (آمد) دوای ئەوەی فەرمانڕەوایەتییەکەی درایە (صعصعە العبدی) ئەویش پێنج سەد کەسی لە خزم و ئامۆزا و هاوەڵەکانی لەگەڵ خۆی لەم شارەدا نیشتەجێ کرد.[3]

خەلیفە (ابو جعفر المنصور) چوار هەزار سەربازی لەشاری مەڵاتیە (مَلَطية) نیشتەجێ کردبە بیانوی ئەوەی کە ئەم شارە ناوچەیەکی کەلێنییە لەگەڵ رۆمەکاندا، بۆڕازی کردنی سەربازەکان برِیاریدا لەهەموو بەخششێکدا 10 دینار وهاوکاری سەد دینار بداتە هەر جەنگاوەرێك، هەروەها زەویوزارە کشتوکاڵییەکانی بەسەر سەربازەکاندا دابەشکرد.[4]

لە جەزیرەی و بۆتان (جزیرە ابن عمر)یشدا دا، چەندین هۆز و بنەماڵەی عەرەب نیشتەجێبوون، لەوانە (قبیلە تغلب)، کە چەندین والی و سەرکردەی تیادا هەڵکەوت، یەکێك لەوانە (حسن بن عمر بن الخطاب التغلبي) بوو کە لە ساڵی (197ك) لەلایەن خەلیفە (الأمين) کرایە والی شاری مووسڵ و دەروبەری.[5] دووبارە شاری (جزیرە ابن عمر)ی ئاوەدان کردەوە و لە ساڵی (197–250ك) (812 – 864ز) خانەوادەکەی تێدا نیشتەجێ کرد.[6]

هەروەها بەشێك لە هۆزی (بنوشیبان) لەم شارەدا نیشتەجێبوون بەتایبەتی خێزانی مێژوونوسی بەناوبانگ (ابن الاثیر)، بەڵام دواتر لە ساڵی (579ك) بەرەو شاری مووسڵ

---

(1) البلاذري: م . ن، ص 179" ابن الاثير: الكامل في التاريخ، جـ2/ص154.
(2) الاصطخري: م . س، ص ص 54 - 55 .
(3) شوان عوسمان: س، ث، ل 213 .
(4) البلاذري: م . س، ص191 "ياقوت الحموي: م . س، جـ5/ ص ص192-193 .
(5) الازدي: م . س، ص326" ابن شداد، م . س، قـ 1، جـ3/ ص216 .
(6) ياقوت الحموي :م . س، جـ2/ ص156 .

کۆچیان کرد.[1] هەر لەم شارەدا بنەماڵەی عەرەبی (بنو وهبان)ی نیشتەجێبوون، کە رۆڵێکی خراپیان بینی لە پارێزگاریکردنی ئەم شارە لە هێرشی دەرەکی.[2]

**دووەم/ لەناوچە کوردنشینەکانی هەرێمی ئازەربایجان و ئەڕان و ئەمەنستان :**

1- لەناوچە کورد نشینەکانی ئازەربایجان:

هەرێمی ئازەربایجان یەکێکە لەو هەرێمانەی کە لەپاش فەتحکردنی، ژمارەیەك هۆزی عەرەبی تێدا نیشتەجێ کران، بە تێپەڕبوونی کات بوون بە بەشێکی سەرەکی لە پێکهاتەی دانیشتوانی ناوچەکە.[3]

لە دوای فەتحکردنی ئەم هەرێمە لەسەر دەستی والی شاری کوفە (المغيره بن شعبه) بە تۆبزی (عنوةً) لە ساڵی (22ك).[4] دووبارە دانیشتوانی ئەم هەرێمە لەدژی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە ساڵی (25ك) راپەڕین، لەبەرئەوە خەلیفە (عثمان بن عفان) بۆ ملکەچکردنەوەی دانیشتوانی ئەم هەرێمە (عُتبة بن فرقد السلمي) لاداو (الوليد بن عقبة بن ابي معيط) کرد بە والی ئازەربایجان، هاوکات سوپایەکی شاری کوفە بە سەرکردایەتی (الاشعث بن قيس الكندي)ی بۆ هاوکاری (الوليد بن عقبة) نارد، توانییان سەرلەنوێ دانیشتوانی راپەڕیوی ئەم هەرێمە بخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی.[5]

لێرە بەدواوە خەلافەتی ئیسلامی بیری لە جۆرە ستراتیژێکی نوێ کردەوە ئەویش بریتی بوو لە نیشتەجێ کردنی کۆمەڵێك لە هۆزە عەرەبەکان لە هەرێمە فەتحکراوەکاندا، لەوانەش هەرێمی ئازەربایجان، البلاذري دەڵێت:" اسكن الوليد بن عقبة أذربيجان ناساً من العرب من اهل العطاء و الديوان وأمرهم بدعاء الناس الى الاسلام".[6] واتە (الوليد بن عقبة) کۆمەڵێك خەڵکی سەربە بەخشش و دیوانی لە هەرێمی ئازەربایجاندا نیشتەجێ کرد ، داوای لێکردن خەڵکی بانگ بکەن بۆ سەر ئایینی ئیسلام.

---

[1] ابن الاثير: التاريخ الباهر في الدولة الاتابكية، ص ص 8-10 .

[2] سلام حسن طه: م . س،، ص36 .

[3] كوثر اسماعيل حسين: الحياة الاقتصادية و الاجتماعية في أقليمي أزربيجان و آرّان خلال القرنين الرابع و الخامس الهجريين، رسالة ماجستير قدمت الى كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، (اربيل — 2001م)، ص 117 .

[4] ابن الفقيه: م . س، ص284 .

[5] البلاذري: م . س، ص323 " النقشبندي: م . س، ص ص 85-87.

[6] فتوح البلدان، م . ن، ص324 .

(البلاذري) و بەدوای ئەویشدا (ابن الفقيه) بەئاشكرا دەڵێن:" ان العرب لمّا نزلت أذربيجان نزحت اليها عشائُرها من المصريين — البصرة و الكوفة- و الشام و غَلَبَ كل قَومٍ على ما أمكَنهم و أبتاع بعضهم من العجم الارضين، فصار اهلها مزارعين لهم".[1] واتە عەرەبە موسوڵمانەكان كاتێك دەستيان بەسەر ئازەربايجاندا گرت، هۆزە عەرەبەكانی هەردوو شاری بەصرە و كوفە و وڵاتی شاميان بۆ ئەم هەرێمە گواستەوە، هەر هۆزێك دەستی گرت بەسەر چەند ناوچەيەكدا، لەلايەكی تريشەوە زەوی و زارە كشتوكاڵييەكانيان لە ئەعجەمەكان كڕی، خەڵكی ناوچەكە بوونە جووتياری عەرەبە موسوڵمانەكان

ديارە خۆخەريكنەكردنی عەرەبە موسوڵمانەكانيش بە كشتوكاڵ كردنەوە بەشێك بووە لە ڕێنماييەكانی خەلافەتی ئيسلامی بۆ ئەوەی پابەند نەبن بە زەوی و زارەوە، هەميشە لە ئامادەباشيدا بن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێكی دەرەكی، بەتايبەتی دەڤەری ئازەربايجان كە هاوسنووری نەتەوەكانی (الكَرج) و (الأرمن) بوو، هەروەها يەكێكە لەناوچە كەلێنييەكانی دەوڵەتی خەلافەتی ئيسلامی، نيشتەجێ كردنی هۆزە عەرەبەكانيش لەم دەڤەرە بۆ مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی عەرەبە موسوڵمانەكان بووە.[2]

بێجگە لەم هۆزە عەرەبە نيشتەجێ كراوانە، ئۆردوويەكی لەشكری عەرەبە موسوڵمانەكان بەشێوەيەكی بەدەروام لەم هەرێمەدا نيشتەجێ دەكران، سەرەڕای ئۆردووی شاری كوفە كە نزيكەی چل هەزار سەربازی تێدا بوو، هەموو ساڵێك جارێك پەلاماری ئەم هەرێمەيان دەدا.[3]

لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەويدا نيشتەجێ كردنی هۆزە عەرەبەكان لەم هەرێمەدا بەردەوام بوو، شاری (مەراغە)[4] پاشماوەيەكی كۆن بوو بەناوی (أفرا هروز) كاتێك كە (مروان بن محمد بن مروان بن الحكم) والی ئازەربايجان و ئەمەنستان بوو لە كۆتاييەكانی فەرمانڕاوەيی خەلافەتی ئومەوييەكاندا (114–126ك)/ (722–743ز) ژمارەيەك لە

---

[1] فتوح البلدان، ص 324 " مختصر كتاب البلدان، ص284 .

[2] النقشبندي: م . س، ص 88 .

[3] الطبري: م . س، جـ5/ص ص 89-90 " ابن الاثير: الكامل في التاريخ، جـ2/ ص ص 231-234 .

[4] مەراغە: يەكێكە لە شارە بەناوبانگەكانی هەرێمی ئەزەربيجان،، دەكەوێتەباشووری خۆئاوای شاری تەورێز بەدووری (85)كم، وە ( 40) فرسخ نزيكەی ( 240)كم لەشاری (أردبيل)ەوە دوورە، و ( 30) فرسخ واتە نزيكەی ( 190)كم لەشاری (ورمێ) وە دوورە، بەدووەمين گەورە شاری هەرێمی ئەزەربيجان دادەنرێت/ الاصگخری: م .س، ص 111 " ابن حوقل: م.س، ص 228 " المقدسي: م .س، ص377 " ياقوت الحموي: المشترك، ص 394 .

بریکاری خۆی لەم شارەدا نیشتەجێ کردووە، دواتر کەسوکارەکانیان لە دەوروبەریان کۆبوونەوە، ئاوەدانی شارەکە فراوانتربوو، ناوەکەشی گــۆڕا بــۆ (المراغە)، لەدوای هەرەس هێنانی خەلافەتی ئومەویی موڵکەکانی خەلیفە (مروان بن محمد) دوا خەلیفەی ئومەوییەکان کەوتنە بندەستی بنەماڵەی عەبباسیەکان بەشێك لەوانەیش شاری (المراغە) بوو، کە درا بە یەکێك لە کچەکانی خەلیفە (هارون الرشید).[1]

دیارە کۆکردنەوەی دانیشتوان و ئاوەدانکردنەوەی ئەم شارە لەژێر دەسەڵاتی عەرەبە موسوڵمانەکاندا مەبەستی سەرەکی لێی پاراستن و بەهێزکردن و مانەوەی فەرمانڕەوایی عەرەبی ئیسلامی بووە لەناوچەکەدا.[2] هەروەهاشاری (وریان)[3] بەهەمان شێوەی شـــــاری (المراغە) لەلایەن خەلیفە (مــروان بــن مـحـمـد) ئاوەدانکرایەوە و زەویوزارە کشتوکاڵییەکانی زیندوو کرانەوە، بوونە مــوڵکـــــی خەلیفە، بەڵام لەپاش لەناوچوونی بنەماڵەی ئومەوییەکان بەخشران بە (أم جعفر زبيدة بنت جعفر بن المنصور).[4]

لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا هاتنی هۆزە عەرەبەکان بۆ هەرێمی ئازەربایجان بەردەوام بوو تەنانەت لە سنوورێکی فراوانتردا، ئەگەر بەراورد بکرێ بەوردی لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا جێبەجێ کرا، چونکە هاتنی هۆزە عەرەبەکان بۆ ئەم هەرێمە تەنها لە سنوورێکی دیاریکراودا بوو وەپەیوەست بوو بە بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامەوە، بەڵام لە سەردەمی عەبباسیدا نیشتەجێ بوونی هۆزە عەرەبەکان، لەهەرێمی ئازەربایجان بەتایبەتی وسەرجەم هەرێمە کوردنیشنەکان بە گشتی، پەیوەست بوو بەسەر هەڵدانی رووداو ویاخیبوون و شۆرشی دژ بە خەلافەتی عەبباسی لەلایەك، وبەرێوەبردنی هەرێمەکان لەلایەکی ترەوە.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین زۆربەی هۆزە عەرەبەکان لە ئازەربایجاندا سەر بە رەچەڵەکی یەمەنیین. (اليعقوبى) لە رووداوەکانی ساڵی (142ك) ئاماژە دەکات بەوەی

---

[1] البلاذري: م . س، ص 325" ابن الفقيه: م.س، ص285 " ياقوت الحموي :م .س، جـ5/ص93 .

[2] البلاذري: م.ن، ص 325 " النقشبندي: م، س، ص 89.

[3] وریان: ئەم شارە دەکەوێتە دوا سنووری هەرێمی ئەزەربیجان لە باکورەوە، ( 2)فرسخ واتە نزیکەی ( 12)کم لە دۆڵی (الرّس) دوورە، و نێوانیان لەگەڵ شاری ( بیلقان) 7 فرسخ واتە نزیکەی 42کم/ یاقوت الحموي: م.س، جـ5/ص ص 370 -371 .

[4] البلاذري: م . ن، س 325 " ابن الفقيه: م. س، ص 284 " النقشبندي: م .ن، ص 89.

که (يزيد بن حاتم المهليي الازدي)، هۆزەکانی (اليمانی) واتە یەمەنی لەشاری بەصرەوە بەرەو دەڤەری ئازەربایجان گواستەوە و لەناوچە جیاوازەکاندا نیشتەجێی کردن.[1]

هەروەها (الازدی)ش کاتێك سەرگوزشتەی رووداوەکان ساڵی (212ك)/ (727ز) دەگێڕێتەوە، دەڵێت:"وكانت أزربيجان او اكثرها في يد اليمانية".[2] واتە سەرجەم ئازەربایجان یان زۆرینەی ناوچـــەکانی لە ژێر دەســــتی هــــۆزە یەمـــەنیەکاندا بـــوون. دیارە لە نێو هۆزە یەمەنییەکانیشدا هۆزی (الازد) لە هەموویان بەهێزتر بوون، هەر ئەمەش وای لە عەبباسیەکان کرد لە کاتی پێویستیدا پشت بەم هۆزە ببەستن.[3] گرنگترین ئەو هۆزانەی کە سەر بە رەچەڵەکی اليمانی بوون، لە هەرێمی ئازەربایجان نیشتەجێ بوون بریتین لە:

أ. هۆزی (الأزد):

(الرَّواد بن مثنى الأزدي) خۆی و وەچەکانی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفە (ابو جعفر المنصور) لە شاری مووسڵەوە بەرەو دەڤەری ئازەربایجان کۆچیان کرد.[4] و لە شاری تەورێز مەڵبەندی سەرەکی ئەم هەرێمە نیشتەجێ بوون.[5] بەدوای (الرّوَاد) کوڕەکەی بەناوی (الوجناء بن الرواد الأزدي) جێگەی گرتەوە، شارەکەی شوورەدار کرد و خەڵکی لەشارەکە نیشتەجێ بوون ئاوەدانییەکەی فراوانتربوو.[6]

سەبارەت بە سەردەمی نیشتەجێبوونی (بنوالرَّواد) لە دەڤەری ئازەربایجاندا، بە پێی بۆچوونی (الأزدي) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (129ك).[7] بەڵام (ياقوت الحموي) پێی وایە کە نیشتەجێ بوونی (بنو روّاد الأزدي) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفە (المتوكل) واتە لە ساڵی (232–247ك).[8] ئەگەر سەرنج بدەین بۆ چوونەکەی (الأزدي) پەسەندترە چونکە یاقوت بەهەڵەدا چووە. لەو سەردەمەی کە ئەو

(1) تاريخ اليعقوبي، جـ2/ ص259 .
(2) تاريخ الموصل، ص 384 "النقشبندي، م . س. ص 89.
(3) محمد جسم حمّادي، م.س، ص 164 .
(4) اليعقوبي، م، س، جـ2/ ص259 " الأزدي، م، س، ص 92 .
(5) ابن الفقيه، م.س ص285.
(6) البلاذري: م . س، ص 326 " ابن خردازبة: م.س، ص 106 " ياقوت الحموي: م.س، جـ2/ ص13 .
(7) تاريخ الموصل : ص92 .
(8) معجم البلدان، جـ2/ ص13 .

دەستنیشانی کردووە (الرواد بن المثنى الأزدي) لە ژیاندا نەماوە واتە لە سەردەمی خەلیفە (المتوكل) لە ساڵی (232ك).[1]

هەروەها (الشبل بن المثنى الأزدي) بووەتە خاوەنی دەسەڵات لە رستاقی (السراه) (سراب یان سەراو)، (ابن الندیم) کەباس لە شۆڕشەکەی (بابك الخرّمی) دەکات دەڵێت:" و أشتغل عنده بابك الخرّمي في صباه).[2] واتە بابەکی خوڕەمی لەتاق هەرزەکاریدا لەلای (شبل بن المثنى الأزدي) کاری کردووە.

بەهەمان شێوە لە دەڤەری ئازەربایجان (صدقة بن علي بن صدقة بن دینار) مەوالی سەر بە هۆزی (الأزد) ناسراو بە (زریق) لە شاری مووسڵەوە بەرەو ئەم دەڤەرە کۆچیکرد، بەتایبەتی لە سەردەمی (ابو جعفر المنصور) بەسەرکردایەتی سوپایەکی گەورەوە رووی لە شاری ورمێ (أُورمیه) کرد، توانی یاخیبوونی دانیشتوانەکەی سەرکوت بکات، خۆی و براکانی لە شارەکەدا نیشتەجێ بوون کۆشك و تەلاری فراوانیان بنیاتنا.[3]

مەرەند (مَرَنْد) گوندێکی بچوك بوو لە ژێر دەسەڵاتی (البعیث بن حلبث)دا بوو، دواتر کەوتە بندەستی کوڕەکەی بەناوی (محمد بن البعیث) کۆشکێکی تیادا دروست کرد.[4] لەدوای (الرّواد بن مثنى الأزدي) کوڕەکەی بەناوی (الوجناو بن الرّواد) جێگەی گرتەوە، دواتر بەهاوکاری (صدقة بن علي) خاوەنی شاری ورمێ (أورمیه) دژ بە فەرمانڕەوایی خەلافەتی عەبباسی راپەڕین، خەلیفە (هارون الرشید) بۆ مەبەستی چارەسەکردنی ئەم بارودۆخە نوێیە (خزیمة بن خازم)ی کرد بە والی هەر دوو دەڤەری ئەمەنستان و ئازەربایجان، ئەویش بە سوپایەکی گەورەوە رووی کردە شاری (المراغه) و شوورەی بۆ شارەکە دروستکرد و قایمی کرد و ئاوەدانییەکەی فراوانتر کرد، ژمارەیەکی زۆر سەربازی لەم شارەدا نیشتەجێ کرد.[5] لەدوای ئەو رووداوە (الوجناء بن رّواد) لەقەڵای (شاهی) کە کەوتۆتە نێو دەریاچـــەی ورمـــێ

---

[1] النقشبندي: م.س، ص91 .

[2] الفهرست، ص465 .

[3] البلاذري: م . س، ص 326 " ابن الفقيه: م.س، ص285 " التقشبندي: م.س، ص96 .

[4] البلاذري: م . ن، ص 325 " ابن الفقيه: م.ن، ص285 " النقشبندي: م.ن، ص89.

[5] البلاذری: م . ن، ص 325 " ابن الفقيه: م.ن، ص285.

نیشتەجـێبوو و کردیە بنکەیەك بۆ تـالآنکردنی ناوچەکـــانی دەوروبەری. [1] هەروەها لە شاری (تبریز) وەچەی (مسعود بن عمرو بن الأشرف الأزدي) نیشتەجێ بوون. [2]

ب. هۆزی هەمەدان (بنو هَمْدان):

یەکێکە لە هۆزەیە مەنییەکان، کە روویان کردە دەڤەری ئازەربایجان ولە هەردوو شارۆچکەی میانج (میانە سەراب) و (خلباپا) نیشتەجێ بوون. [3] لەسەردەستی (عبدالله بن جعفر الهّمدانی) فراوان کران و مزگەوت و سەکۆی (منبر) تیادا بنیات نان، کەئەمەش مانای نیشتەجێ بوونی ژمارەیەکی زۆری ئەم هۆزەیە لەشارەکەدا. [4] هەروەها (محمد بن حمید الهمدانی) یەکێك بوو لە سەرکردەکانی سەربەهۆزی (هّمدان) کە لە سەردەمی خەلیفە (مأمون) دا لە ساڵی (198ك) لە ئازەربایجان نیشتەجێ بوو. [5]

ج. هۆزی کندە (بنو کندە):

ئەم هۆزە سەرەتای هاتنیان بۆ دەڤەری ئازەربایجان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفە (علي بن ابي طالب)، کاتێك (الأشعث بن قیس الکندي)ی بە والی لەسەر هەرێمی ئازەربایجان دامەزراند، پاشماوە و وەچەکانی ئەو عەرەبە مسوڵمانانەی کە لەگەڵ (الأشعث بن قیس) بوون، لەشاری (سَراب) (سەراو) نیشتەجێ بوون [6]

د. هۆزی تەی (بنو طَيْ):

یەکێکە لەو هۆزانەی کە لە مووسڵەوە بەرەو هەرێمی ئازەربایجان کۆچیان کرد، بەتایبەتی بەرەبابی (مرّ بن عمرو الموصلي الطائي) و نەوەکانی روویانکردە نەریز (نَریز) کە ئەو کاتە بریتی بوو لە گوندێکی بچووك، کۆشکێکی داڕووخاوی تێدابوو، ئاوەدانییەکەیان فراوانکرد و تێیدا نیشتەجێ بوون، کۆشکێکی گەورەیان تێدا دروستکرد، هەروەها بازاڕی (جابروان)یان دروستکرد و فراوانیان کرد، بە پێی فەرمانی خەلیفە ئەم هۆزە شاری (نریز)یان بەبێ فەرمانڕەوایی ئازەربایجان دەبرد بەڕێوە. [7] لە

---

[1] القزويني: آثار البلاد و اخبار العباد، ص494 " النقشبندي، م.س، ص92 .

[2] ابن حزم الاندلسي :م . س، ص 370 .

[3] البلاذري: م . س، ص 326 " ابن الفقيه: م.س، ص285 .

[4] النقشبندي: م.س، ص ص 101-102 .

[5] اليعقوبي: م.س، جـ2/ ص312 .

[6] البلاذري: م . س، ص 326 " ابن الفقية: م . س، ص 285 " النقشبندي: م. س، ص102 .

[7] البلاذري: م . ن، ص 326 " ابن خرداذية: م.س، ص 106 " ابن الفقيه، م. ن، ص285 .

سەردەمی فەرمانڕەوایی (عمرو بن علي بن مرّ الطائي)دا کە ناسراو بوو بە (أبو الرّدینی) دەسەڵاتی ئەم بنەماڵەیە ناوچەکانی (جابروان و تبریز و أشنه - شنۆ-)ی گرتەوە.[1] بەڵام لە سەردەمی (ابن حوقل)دا، کە هاتۆتە ئەم ناوچەیە دەنگ و باسی ئەم بنەماڵەیە کەم بۆتەوە و دەڵێت:" وكان آلرّديني من العرب فأتي عليهم الدهرومشى فيهم الزمان بالُغلبة و القهر، فعفى آثارهم و ترك اليسير من اخبارهم." [2]

ئەم بۆچوونەی (ابن حوقل) ئەوە دەگەیەنێ کە فەرمانڕەوایی ئەم بنەماڵەیە لە سەردەمی ئەمدا کۆتایی پێ هاتووە، تەنانەت لە رووی نەتەوایەتیشەوە وەکو عەرەب لەنێو دانیشتوانی ناوچەکە تواونەتەوە. بێجگە لە هۆزە یەمەنییەکان ژمارەیەك لە هۆزەکانی (النزاریه) لەهەرێمی ئازەربایجان نیشتەجێ بوون، لەو هۆزانەش:

### أ. هۆزی (الأود):

ئەم هۆزە کاتێك روویان کردە دەڤەری ئازەربایجان لە دەوروبەری بەرزەعە (برذعة) نیشتەجێ بوون.[3] یەکێك لە کەسایەتییەکانی ئەم هۆزە توانی خەڵکی لەخۆی کۆبکاتەوە و قەڵایەك بنیات بنێ، دواتر ئەم ئاوەدانییە بووە مەڵبەندی ناوچەکە، لە ساڵی (239ك) لەشاری (برزعە) سەرەڕای ناڕازی بوونی هۆزی (الأود)، مینبەری لەم شارەدا بنیاتنا.[4] بوونی مینبەر لەهەر شوێنێکدا ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوشوێنە بۆتە بارەگای والیی ئەو هەرێمە، کەئەمەش دەچووە چوارچێوەی ململانێی هۆزی (الأود)ەوە.[5]

### ب. هۆزی تەمیم (بنو تميم):

ئەم هۆزە یەکێکە لەو بەرەبابانەی کە لە دەڤەری ئازەربایجان نیشتەجێ بوون بەتایبەتی یەکێك لەسەرکردەکانی (بنو تميم) بەناوی (مهلهل التميمي)، توانی بەشێکی ئازەربایجان بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە و خەڵکێکی زۆری لەدەوری خۆی کۆکردەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە خەلیفە (هارون الرشيد) سوپایەکی دوازدە هەزار

---

[1] الاصطخري: م.س، ص108 .
[2] ابن حوقل: م، س، ص 290" النقشبندي: م.س، ص100 .
[3] ابن الفقيه: م.س، ص 285 .
[4] البلاذري: م . س، ص 326 .
[5] النقشبندي: م، س، ص106 .

کەسی بەسەرکردایەتی (يحي الحرشي) نارده سەری لەئەنجامدا (يحی الحرشی) لە ساڵی (189ك/805ز) توانی (مهلهل التميمی) تێکبشکێنیێ.[1]

### ج. هۆزی عُتبە (بنو عُتبە):

ئەم هۆزە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفە (ابو جعفر المنصور)دا لە دەڤەری ئازەربایجانا لەشاری (مَرَند) بە پێشەوایەتی باپیرە گەورەیان (حلبس بن ابو البعيث) نیشتەجێ بوون.[2] دوای ئەویش (البعيث)ی کوڕی شـــارەکـەی شـــوورەدار کـــرد، دواتر (مـــحـــمـــد بـــن البعيث) چەندین کۆشکی لەم شارەدا بنیاتنا.[3] ئەم بەرەبابە واتە (حلبس بن البعيث) دەگەڕێنەوە سەر (بنو عُتبة) کە ئەمیش دەگەڕێتەوە سەر هۆزی (الأسدي) بەرەچەڵەك (النزاري).[4]

### 2. نیشتەجێ بوونی هۆزەعەرەبەکان لەناوچە کوردنشینەکانی هەردوو هەرێمی ئەڕان و ئەمەنستان :

ئەو سیاسەتەی کە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی سەبارەت بە نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبەکان لە هەرێمی ئازەربایجاندا پەیڕەوی کرد، لە هەرێمی ئەڕانیشدا هەمان سیاسەتی پیادەکردەوە، ئەم سیاسەتەش بە پێی بەرنامەیەکی دیاریکراو بوو، لەگەڵ دەستپێکردنی فتوحاتی ئیسلامی لە هەرێمی ئەڕاندا بەسەرکردایەتی (سلمان بن ربيعة الباهلي) لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفە (عثمان بن عفان) دا.[5]

دیارە ئەم سیاسەتەش بۆ ئەو مەبەستە بوو کە بوونی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی لە رووی ئایینی و سیاسی و سەربازی و کارگێڕییەوە پارێزراو بێت، بۆیە رێگە خۆشکرا بۆ هاتنی هۆزە عەرەبەکان بەتایبەتیش ئەو هۆزانەی بە رەچەڵەك (اليمانی) و (القيسی) بوون لەشارەکانی وەك (برذعة) و (باب الأبواب) و شارەکانی تری هەرێمی ئەڕان نیشتەجێ کران.[6] هەروەها (بنو باهلة) یەکێکە لەو هۆزانەی کە

---

[1] اليعقوبي: م.س، جـ2/ ص299 .
[2] البلاذري: م . س، ص 325 .
[3] ابن خرداذبة: م.س، ص106 " ابن الفقيه: م.س، ص285 .
[4] البلاذري: م . س، ص 326 "ياقوت الحموي: م.س، جـ5/ص110.
[5] البلاذري: م . ن، ص 201 .
[6] كوثر اسماعيل :م.س، ص119.

لەسەرەتای فەتحکردنی هەرێمی ئەڕاندا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفە (عثمان بن عفان)دا بەسەرکردایەتی (سلمان بن ربيعة الباهلي) ناسراو بە (سلمان الخيل)، بەشدارییان کرد، لەشاری کوفەوە بەرەو ئەم دەڤەرە کۆچیان کرد.[1] لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفە (معاوية بن ابي سفيان)یشدا (عبدالله بن حاتم بن النعمان بن عمرو الباهلي) کرایە فەرمانڕەوای ناوچەکە، لەدوای مردنی (عبدالله بن حاتم) کوڕەکە بەناوی (عبدالعزيز بن عبدالله بن حاتم) جێگەی گرتەوە و شاری دبيل (دوێن)ی بنیاتنا و قەڵایەکی تێدا دروستکرد و مزگەوتەکەی گەورە کرد، شاری نشوی (نقجوان)ی ئاوەدانکردەوە، هەر دوو شاری (برذعة) و (البيلقان)ی نوێکردەوە.[2]

هەروەها خەلیفە (سليمان بن عبدالملك) (96–99ک)/ (714–717ز) دانانی (عدي بن عميرة الكندي) وەکو والی لەسەر هەر دوو هەرێمی (ئەرمینە و ئەڕان) ، ئەویش خۆی و هۆزەکەی لە شاری (البيلقان) نیشتەجێ بوون، تەنانەت یەکێك لە رووبارەکانی ئەم شارە بەناوی ئەم کەسایەتییەوە ناونراوە بە (نهر عدي)، لە سەردەمی خەلیفە (عمربن عبدالعزيز) یشدا فەرمانڕەواییەکەی لە هەرێمی ئەڕان بەردەوام بوو.[3]

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفە (يزيد بن عبد الملك) (101–105ک)/ (719–723ز)دا، بەشێك لە هۆزی (بنو الحكم) کە دەگەڕێنەوە سەر (بنو أمية) بەسەرکردایەتیی (الجراح بن عبدالله بن الحكمي) روویان کردە هەرێمی ئەڕان و لەشاری (برذعة) نیشتەجێ بوون.[4]

لە سەردەمی خەلیفە (هشام بن عبدالملك بن مروان)یشدا (105–125ک)/ (723–742ز)، (مسلمە بن عبدالملك)ی برای، بەوالی لەسەر ئەمەنستان و ئەڕان دانا، ئەویش بەمەبەستی بەهێزکردنی فەرمانڕەوای ئیسلامی لەناوچەکەدا، هەستا وبیستوچوار هەزار کەسی لە دانیشتوانی وڵاتی شام گواستەوە بۆ دەڤەری ئەڕان و لەشاری (برزعە) نیشتەجێی کردن، کە مەڵبەندی هەرێمی (ئەڕان)ە.[5] دیارە نیشتەجێ کردنی ئەم هەموو عەرەبە لەم شارە مەبەستی تایبەتی لە پشتەوە بووە، کە دیارترینیان بەهێزکردن وپاراستنی شارەکەیە لە دوژمنە دەرەکییەکان. شاری (برزعە) کرا بە چوار

---

[1] البلاذري: م . س، ص 201.
[2] م . ن. ص 207" خليفة بن خياط، م.س، جـ2/ص311 " ابن الفقيه: م . س، ص292 .
[3] البلاذري: م . ن، ص 208.
[4] م . ن، ص208 .
[5] م . ن، ص 209 .

بەشەوە، لە بەشێکیدا خەڵکی شاری دیمەشق و لە بەشێکی تریدا خەڵکی شاری (حمص)ی تێدا نیشتەجێ کرا، لە دوو نیوەکەی تریدا خەڵکی (فلسطین) و شام و جەزیرەی تێدا نیشتەجێ کرا. [1]

لە سەردەمی دەوڵەتی عەبباسیدا نیشتەجێ کردنی هۆزە عەرەبەکان لە دەڤەری ئەڕان، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفە (أبوجعفرالمنصور) بەشێك لە هۆزی (طي) بەسەرکردایەتیی (حسن بن قحطبة الطائي) لە هەردوو شاری (البيلقان) و (برزعه)دا نیشتەجێ بوون، تەنانەت یەکێك لە رووبارەکانی شاری (البيلقان) بەناوی ئەم والییەوە بە (نهر الحسن) ناونرا، هەروەها لەشاری (برزعه) باخ و بێستانی هەبوو کە بە (باخ الحسن) ناوی دەرکردبوو، موڵکەکانیشی بە (الحسنيه) ناسرابوون. [2]

کاتێك هەر سەرکردەیەك یان والییەك لە شارێکدا نیشتەجێ دەبوون، خزم و کەسوکارە نزیکەکانیشی لەگەڵ خۆیدا نیشتەجێ دەکرد، کاتێك (شماخ بن شجاع) لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (سعيد بن سالم الباهلي) لەساڵی (181ك) و لە سەردەمی خەلیفە (هارون الرشيد) لەشاری (الشماخية) لە دەڤەری ئەڕان نیشتەجێ بوو، هۆزەکەیشی (بنو باهله) لەگەڵ خۆیدا نیشتەجێ کرد، تەنانەت شارەکەش بەناوی خۆیەوە بە (الشماخيه) ناوی دەرکرد. [3]

یەکێکی تر لەو هۆزانەی کە لە هەرێمی ئەڕاندا نیشتەجێ بوون هۆزی (بنو شيبان)ە بەسەرکردایەتی (يزيد بن مزيد الشيباني). [4]

لەشاری (تفليس) یەکێك لە والییەکان دەولەتی ئومەویی بەناوی (إسحاق بن اسماعيل) نیشتەجێ بوو، شوورەی شارەکەی قایم کرد و، هەندێك هۆزی عەرەبیش لەم شارە نیش تەجێ بوون، چونکە یەکێکە لەشارە کەلێنیەکان. [5]

بەم شێوەیە زۆرینەی پێکهاتەی دانیشتوانی هەردوو هەرێمی ئەڕان و ئەمەنستان لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا بێجگە لە خەڵکی ئەسڵیی ناوچەکە رەگەزی عەرەبی بەشێکی سەرەکی دانیشتوانەکەی بوو، کە بە زۆری لە شارەکانی وەك (دبيل – قاليقلا – برزعه – تفليس) نیشتەجێ بوون، هەروەها بەشێك لە هۆزی (بنو قيس)یش لە

---

[1] ابن اعثم الكوفي: كتاب الفتوح، دار الندوة الجديدة، (بيروت-1975م) جـ8/ص69.

[2] البلاذري: م . س، ص212 " ابن الفقيه: م.س، ص294 .

[3] البلاذري: م . ن، ص212 .

[4] كوثر اسماعيل: م . س، ص 120 .

[5] القزويني: آثار البلاد: ص518.

دەڤەری (باجوناس)ی سەر بە مەڵبەندی (ملاذجرد) (مەلازگرد)ی هەریمی ئەمەنستان نیشتەجێ بوون.[1]

سێیەم : نیشتەجێ بوونی هۆزە عەرەبەکان لە ناوچە کورد نشینەکانی باشوور و خۆرئاوای هەرێمی چیا.

یەکێك لەو هەرێمانەی کە عەرەبە موسوڵمانەکان تێیدا نیشتەجێ بوون ناوچە کورد نشینەکانی سەر بە هەرێمی چیایە، هەرچەندە ئەم ناوچانە لە رووی جوگرافیایی و سروشتی و تۆبۆگرافیەوە لەبار نەبوو بۆ نیشتەجێ بوون، چونکە هۆز و بەرەبابە عەرەبەکان زیاتر لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بوون کە مەرجەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و چالاکیی بازرگانییان بە ئاسانی تیادا ئەنجام دەدران، ئەگەر ناوچە کوردنشینەکانی باشوور و خۆرئاوای هەرێمی چیا بەراورد بکەین بەهەرێمە کورد نشینەکانی تر ئەوا دەبینین کە ئەم ناوچانە پێکهاتوون لە کۆمەڵێك زنجیرە شاخی سەخت کە هاتووچۆکردن و چالاکی بازرگانی تێیاندا سست و گرانە، زەویوزاری کشتوکاڵیشیان کەمە.[2]

لەکاتێکدا ناوچە کوردنشینەکانی وەکو ئازەربایجان و ئەڕان و هەرێمی جەزیرە پێکهاتوون لە کۆمەڵێك ناوچەی کشتوکاڵی بەپیت و رێگای هاتووچۆکردن تێیاندا ئاسان بوو، هەروەها ئاووهەواشیان مامناوەندی بوو، بە پێچەوانەی ناوچە کوردنشنیەکانی باشوور و خۆرئاوای هەرێمی چیاوە، کە ئاووهەواکەیان زۆر سەخت بوو.[3] لەگەڵ بوونی ئەم کۆسپانەشدا کۆمەڵێك لە تیرە و هۆزی عەرەب لە خۆرئاوای هەرێمی چیادا نیشتەجێ بوون، بەتایبەتی پاش سەرکەوتنی عەرەبە موسوڵمانەکان لە شەڕی نەهاوەند ساڵی (20ك)،[4] ئیدی دەرگا واڵاکرا لەبەردەم هاتن و نیشتەجێ بوونی بەلێشاوی هۆزە عەرەبەکان لەم هەرێمەدا.[5]

سەرەڕای جیاوازیی بارودۆخی شارەکانی باشوورو خۆرئاوای هەرێمی چیا بەبەراورد لەگەڵ بارودۆخی ئاوهەوای نیمچە دورگەی عەرەبی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

---

[1] شترك: دائرة المعارف الاسلامية، مادة ارمينية، انتشارات جيهان، ( طهران-1933م)، مجـ5/ ص ص 224-325 .

[2] احمد ميرزا ميرزا: م.س، ص ص 36-37.

[3] بۆ زانیاریی زیاتر بۆ ئەم بابەتە بگەڕێرەوە سەر/ النقشبندي :م . س، ص 88 " كوثر اسماعيل: م.س، ص117"فائزة محمد عزت: م . س، ص ص 32 -33.

[4] البلاذري: م . س، ص 300" ابن الفقيه: م.س، ص 258 .

[5] د. فاروق عمر، د.مرتضى حسن النقيب: تاريخ إيران ( دراسة في التاريخ السياسي لبلاد فارس خلال العصور الاسلامية الوسطية)، منشورات بيت الحكمة، (بغداد -1989م)، ص 23 .

کۆمەڵێك تیرەو هۆزە عەرەبەکان لە شارە کوردنشینەکانی هەرێمی چیادا نیشتەجێ بوون و بوونە خاوەنی موڵك و زەویوزاری کشتوکاڵی و گوندی تایبەت بە خۆیان.[1] بۆ نموونە لەپاش فەتحکردنی شاری (حُلوان) لەلایەن (جریر بن عبدالله البجلي)ەوە کوڕەکان و وەچەکانی ئەم کەسایەتیە لەم شارەدا نیشتەجێ بوون، تا سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچی پاشماوەیان هەر مابوو.[2]

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفە (یزید بن معاویة بن ابي سفیان) (60–64ك)/ (680–684ز)، کاتێك (کثیر بن شهاب) والی خەلیفە (یزید) بوو لە شاری (ماسَبَذان) خۆی و بنەماڵەکەی لەم شارەدا نیشتەجێ بوون، لەلایەن خەلیفەوە موڵك و زەویوزارێکی زۆری پێ بەخشرا، هەروەها لە شاری (ماسبذان)دا کۆشکێکی بنیاتنا، کە بە (قصـــر کثـــیر) نـــاسرابـــوو.[3]

(آل خشارمة) کە تیرەیەکن لە هۆزی (الأسد)، لە کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایی خەلافەتی ئومەوییدا لە شاری کوفەوە بۆ شاری (ماسبذان) کۆچیان کرد و تێیدا نیشتەجێ بوون.[4]

پێش فەتحکردنی شاری (نەهاوەند) بەشێك لە سوپای عەرەبە موسوڵمانەکان بەسەرکردایەتی (النسیر بن ثور العجلي)، ئابڵووقەی (ماذران) دا.[5] پاش فەتحکردنی قەڵاکە، هەر دوو هۆزی (العجلی) و (حنفی) لە قەڵاکەدا نیشتەجێ بوون، هەروەك (الطبري) دەڵێت:"لم تشهد نهاوند عجليُ ولاحنفي اقاموا مع النّسیرعلىالقـــلعـــة".[6] واتە هەردوو هۆزی (العجلی) و (حنفی) لە فەتحکردنی شاری نەهاوەندا بەشدارییان نەکرد لەگەڵ النّسیردا لەسەر قەڵای (مازران) نیشتەجێ بوون.

شاری سیسەر (سیسَر) کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفە (المهدی) (158–169ك)/ (775–785ز) بنیات نرا، و (ماینهرج)ی سەر بە (دینور)ی خرایە سەر، فەرمانڕەواییەکی سەربەخۆی بۆ دانرا لەبەر زۆر بوونی دز و ڕێگر لەم ناوچەیەدا لە

---

[1] نیشتمان بشیر محمد: الأحوال السیاسیة و الاجتماعیة و الاقتصادیة في غربي اقلیم الجبال في ( القرنین الرابع و الخامس الهجریین)، رسالة ماجستیر مقدمة الى کلیة الآداب، جامعة صلاح الدین، (اربیل –1994م)، ص83 .

[2] البلاذري: م . ن، ص 299 " قدامة بن جعفر، م . س، ص 370 "یاقوت الحموي، م . س، جـ2/ص 291 .

[3] البلاذري:م . س، ص 305"ابن سعد:الطبقات الکبری، دار بیروت للطباعة والنشر، ( بیروت – 1985م)، جـ6/ص149.

[4] البلاذري: م .ن، ص305 .

[5] ابن الاثیر: م.س، جـ2/ص 187 .

[6] تاریخ الرسل و الملوك، جـ5/ ص 23.

سەردەمی خەلیفە (هارون الرشید) بڕیاردرا بە نوێکردنەوەی شارەکە و (خاقان الخادم السغدي) و هەزار کەس لە نزیکەکانی تێدا نیشتەجێکران.[1]

لە کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایی خەلیفە (هارون الرشید) هۆزی (بنو العجل) بەسەرکردایەتیی (مرّة بن ابي مرة الرديني العجلي) لە شاری (سیسر) نیشتەجێ بوون، و پاش ململانێکردنی لەگەڵ هۆزی (الأود) بەسەرکردایەتی (عثمان الأود)ی توانییان فەرمانڕەوایی شاری (سیسر) و دەوروبەری تەنانەت بەشێکیش لە هەرێمی ئازەربایجان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.[2]

بالادەستیی ئەم بنەماڵەیە لە سەردەمی خەلیفە (الامین) لەم ناوچەیەدا بەردەوام بوو، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی کێشەی نێوان هەر دوو برا (الامین) و (المأمون)، لە سەردەمی خەلیفە (المأمون)دا، کاتێك (عاصم بن مُرّة) فەرمانڕەوای ئەم ناوچەیە بوو زەویوزار و موڵکەکانی ئەم ناوچەیە گەڕایەوە ژێر دەستی خەلافەتی ئیسلامی.[3]

هەروەها شاری (همدان) و دەوروبەری ئەگەرچی لە رووی ئاووهەواو بارودۆخی ژینگەییەوە لەگەڵ ئاووهەواو ژینگەی نمیچە دوورگەی عەرەبیدا جیاواز بوو، چونکە یەکەمیان: بریتی بوو لە ناوچەیەکی کوێستانی ساردی بە چیا دەورەدراو، بەڵام دووەمیان: بریتی بوو لە ناوچەیەکی بیابانی وشکی گەرم، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەك تیرەو بەرەبابی عەرەبی تێدا نیشتەجێ بوون، یەکێك لە شاعیرەکان بەناوی (ابو عبيدالله بن حسين خالويه) لە هۆنراوەیەکدا دەڵێت:

إذا همذان اعتراها القّر و انقضى — برغمك أيلول و أنت مُقيــــم
فعينك عمشاء و أنفك سائــــل — ووجهك مسود البياض بهيــم
و أنت أسير البُردِ تمشي بعلـــةٍ — على السبق تحبو مرة و تقــوم
بلادٌ إذا ما الصيفُ اقبل جنــةً — و لكنها عند الشتاء جحيــمُ.[4]

واتە:

ئەگەر سەرما شاری هەمەدان داپۆشێ و لە مانگی ئەیلولدا لەم شارەدا نیشتەجێ بیت، چــاوت سڕ ئەبێت، ئاو بەلووتتدا دێتـــــە خوارێ و رووت وەکو ئاژەڵ رەش و سپی بێت، بووی بە کۆیلەی سەرما و ئەڕۆی بەکزی و جارێك بە پێشدا دەکەویت و

[1] البلاذري: م . س، ص 307 "ابن الفقيه: م، س، ص ص 239-240.
[2] البلاذري: م . س، ص 307 .
[3] ابن الفقيه: م، س، ص240 .
[4] الثعاليبي: يتمية الدهر في محاسن أهل العصر، دار الكتب العلمية، ( بيروت -2000م)، مجـ1/ص136.

جارێکیش قیت دەبێتەوە. ولاتیکە کە هاوین هات بەهەشت دەنوێنیٚ بەلام لە زستاندا دۆزەخ لەگەلٚ خۆی دێنێت.

**هەروەها** (أبو عبدالله بن مبارك) دەلٚێت:

النارُ في همذان يبردُ حرُّها          و البرد في همذان داءٌ مستقيمُ.[1]

واتە: ئاگر لە هەمەدان نایمێنیٚ تینی گەرما لەهەمەدان وەك نەخۆشی بەردەوام دەبێت سەرما.

عەرەبێکی دەشتەکی لە شاری (همدان) نیشتەجیٚ دەبێت، سەرنج دەدات ئـــاووهەوا و باردۆخی سروشتی ناوچەکە جیاوازە لەگەل ولاتەکەی خۆی لە هۆنراوەیەکدا دەلٚێت:

و كيف أجيب داعيكم و دوني          جبال الثلج مشرفة الرعانِ

بلادُ شكلها من غير شكلـــي          و ألسنها مخالفة لسانـــي[2]

واتە (چۆن وەلامی پرسیاری ئێوە بدەمەوە شاخە سەهۆلبەندانەکان بەسەرماندا ئەڕوانن. ولاتێکە شیوەکەی جیاوازە لە شیوەی خۆم زمانیشی جیاوازە لە زمانی خۆم.

یەکێك لەو بنەمالانەی کە لە دەوروبەری شاری (همدان) نیشتەجیٚ بوون بنەمالٚەی (أل أبي دلف العجلي)،[3] کە لە گوندی (مس) گیرسانەوە، توانییان زەویزار و مولٚك پێکەوەبنێن بەتایبەتی لە سەردەمی خەلیفەی ئومەوی (هشام بن عبدالملك) (105-125/724-743ز) دا.[4]

بەلام هەلٚکشانی دەسەلاتی بنەمالٚەی (آل ابي دلف) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلافەتی عەباسی بەتایبەتی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفە (المهدى) (158-169ك-775-785ز)دا، کاتێك (عيسى بن ادريس بن معقل بن عمرو بن الخزاعي العجلي) شارۆچکەی (الكرج)ی ئاوەدانکردەوە، خۆی و کوڕەکانی لە ناوچەکانی دەوروبەری (أصبهان) خەریکی چەتەیی و ڕێگری بوون، بەلام دواتر وازیانهێنا و شارۆچکەی (الكرج)یان ئاوەدان کردەوە، ئیدی خۆیان و هۆزەکەیان لەم شارەدا نیشتەجیٚ بوون.[5] شارەکەش بەناوی بنەمالٚەکەوە ناونرا بە (كرج أبي دلف).[6] لە دواییدا (عیسی

---

(1) ابن الفقيه: م، س، ص229.

(2) ياقوت الحموي: م . س، جـ5/ ص415 .

(3) (آل ابي دلف): تيرەكە لە هۆزى گەورەى (بكر بن وائل) دەگەرێتەوە سـەر رەچـەلەکی (العنانيـة)." القلقـشندي: نهايـة الارب في معرفة انساب العرب، ص28.

(4) البلاذري: م . س، ص 310 " ابن الفقيه: م.س، ص216 .

(5) السمعاني: الانساب، دار الفكر، (بيروت – 1988م)، جـ5/ ص 46 .

(6) ياقوت الحموي: م.س، جـ4/ ص 446" ابو الفداء: م .س، ص 423 "القلقشندي: صبح الاعشى، جـ4/ ص372 .

بن ادريس) كوڕەكەی بەناوی (أبو دلف القاسم عيسى بن ادريس) كە بە (أمير الكرج) ناسرا بوو جيگەی گرتەوە، لە شيعرێكدا دەڵێت:

اني امرؤ كسروي الفعال اصيف الجبال و أشتو العراق

واتە: من كەسێكم رەفتارم وەك كيسراكانە لە زستاندا لە عێراقم لە هاويندا شوێنم چياكانە. لەوانەيە مەبەستی لەم شيعرە ئەوە بووبێت، كە لە زستاندا لە عێراق نيشتەجێ بێت بۆ ئەوەی لەسەرما و سۆڵە و بەفرو زريانی وەرزی زستان خۆی بپارێزێت و بە پێچەوانەشەوە لەهاويندا رووبكاتە ناوچە شاخاوييەكان، بۆ ئەوەی لە گڕەو گەرمای هاوين و مێشوولە و مێروو ئاوی گەرمی ئەم وەرزە بەدوور بێت.[1] (ابن حزم) كە دێتە سەر باسی رەچەڵەكی ئەم بنەماڵەيە ئاماژە بەوە دەكات، كە (عبدالعزيز ابي دلف) لە أصفهان فەرمانڕەوايی گرتەدەست، دواتر كوڕەكانی بەناوی (دلف بن عبدالعزيز) فەرمانڕەواييان كردووە، تێكڕايی فەرمانڕەواييەكەيان سی وسیٚ ساڵ بووە.[2] هەروەها هەندێك لە هۆزەكانی وەك (ربيعە) و (بنو هلال) لەشاری (همدان) دا نيشتەجێ بوون.[3]

بەشێك لە وەچەكانی (الحسين بن علي بن ابي طالب) لە شاری (همدان) نيشتەجێ بوون بۆ نموونە دايكی (ابو الصادق الحسن) خەڵكی شاری (همدان) بوو.[4]

دەتوانين بڵێين كە نيشتەجێ بوونی عەلەوييەكـــــان (العلويــــون) لەشاری (همدان) دەگەڕێتەوە بۆ دژايەتی كردنی ئەم گرووپە بۆ فەرمانڕەوايی خەلافەتی ئومەوی و عەبباسييەكان، كە ناكۆكييان لەسەر مەسەلەی بەڕێوەبردنی خەلافەت سەری هەڵدا، لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەيەش لەلايەك دوور و سەخت بوو، بووە جێگەی نيشتەجێ بوونی عەلەوييەكان.[5] بەتايبەتی لە سەردەمی خەليفە (ابو جعفر المنصور) بەدواوە، چونكە لە سەردەمی فەرمانڕەوايی ئەم خەليفەيەدا دۆستايەتيی نێوان هەر دوو وەچەی (علي بن ابي طالب) و (عباس بن عبدالمطلب) لێكترازا.[6]

---

(1) السمعاني: م.س، جـ5/ ص48 " ياقوت الحموي: م.ن، جـ2/ ص99 .

(2) جمهرة انساب العرب، ص313 .

(3) **Ency. I. ,Art-Hamadan.Vol.III,p.105**

(4) صبري احمد لافي الغريري: الحركة الفكرية العربية في اصفهان في القرون الستة الاولى في تاريخ الاسلام، مطبعة الخلود، (بغداد-1990م)، ص6

(5) ادريس محمد حسن الدوسكي: م.س، ص169.

(6) السيوطي: م.س، ص320.

